مەملەکەتی شەیتان

کتێبی دووەم



ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

نوسینی: ماکوان کەریم

٢٠١٨

کتێبی ژمارە(١٤) لەبڵاوکراوەکانی بزاقی نوێ

مەملەکەتی شەیتان

کتێبی دووەم

نوسینی: ماکوان کەریم

چاپی یەکەم: ٢٠١٨

ناوی پەرتوك:
مەملەكەتی شەیتان - كتێبی دووەم
نوسەر: ماكوان كەریم
پێداچونەوە: شەوبۆ جەلال
دیزاینەر: چاپك
چاپخانە: كەمال
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەكەم: ٢٠١٨
ژمارەی سپاردن:
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە
گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (١٨٨٤)ی
ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.

ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

وویســـتن بەتەنهایی هیچ کارێکت بۆ ناباتە پێشەوە
وویســـتن دەبێت لەگەڵیـدا هەنـگاو هەڵبێنیتەوە

بەناوی خوای کارزان و کاربەجێ

بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم للهم صلى و سلم و بارك على سيدنا محمد رسول الله و على آله و صحبه أجمعين

پێشەکی

ئەم ڕوداوانەی کە لە شـێوەی نۆڤیل دا نوسـراوەتەوە کار لەسـەر چوار تەوەری سیحر و جـادو دەکات، ئەوانیش ئەوانەن کە چۆن بزانین سـیحرمان لێکـراوە و چۆن ئەیدۆزینەوە و خۆمانی لێ ڕزگار دەکەین.

جادوی یەکەم:

هەر کات ئافرەتێك چووە چێشتخانەی ماڵەکەی و هەستی بە تەمەڵی و لاشەی لاواز کردو زەوقی نەبوو لەگەڵ خواردن دروسـت کردندا دوای دروسـتکردنی چێشـت ونانەکەی بۆماوەی ڕۆژێك تا سـی ڕۆژ لەسەر جێگادا دەمێنێتەوە و ماندوو دەبێیت، ئەشێت لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا جۆرە کرم و قالۆنچەیەکی زۆر ببینرێت، یاخود شـارە مێرولە لەناو چێشـتخانەکەدا هەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر بوونی سیحر

جادوی دووەم

زیاتر لە پیاو روو ئەدات لە ناو ماڵەکەی خۆیدا ژیانی قورسەو زۆر نا ئارامەو هەست بە دڵ تەنگی دەکات، بەهیچ شێوەیەك حەز بە هاتنەوەی ناکات بۆ ماڵەکەی خۆی. پێچەوانەکەشی ئەوەیە لەدەرەوەی ماڵی خۆیدا زۆر ئارام و لە خۆشـی و شـادیدایە وەك ئەوە وایە هیچ رووی نەدابێت، ئەمەش جۆرێکی ترە لە جادوی جادوبازان، بۆ ئافرەتیشـە بە هەمان شـێوە واتا لە ماڵـی خۆیدا هەمیشـە لە خەمۆکـی و کەئابەو نارەحەتیدایە هەموو ماڵەکـە بەچواردەوریدا دەسـوڕێتەوە، لەدەرەوەی ئەوماڵەی کەتێدا نیشـتە جێیە هیچ خەمۆکیەك تۆشی نابێت و زۆر ئاسای و دڵ خۆشە.

جادوی سێیەم

لە وڵاتی ئێمەدا کەم ڕوودەدات، مەگەر جادو بازو ســاحیرە ئێرانییەکان بیکەن، ئەویش ئەوەیە لە ناو خانەوادەکەتدا شتی سەیرو سەمەرە ڕوودەدات، لەپڕ تارمایەك دەبینی رادەکات، دەنگی قابلەمە و قاپ وقاچاخ دێت یان ماڵ پاك دەکەیتەوە و ماڵەکەت پیس دەبێتەوە، یاخود جلی ماڵەکەت هەڵ دەڕێژرێت، ناتوانیت ماڵەکەت کۆکەیتەوە هەمیشە پرژو بڵاوە.

جادوی چوارەم

کاتــی گەڕانەوەت بۆ ناو ماڵەکەت هەســت بە بۆنی ناخــۆش دەکەیت، یاخود لە پڕ بۆنی دووکەڵ یان ســوتاوی دێت و بەپەلە رادەکەیت تەماشــای ژورەکان و غازو بۆر یو نەوت زۆپاو.. هتد دەکەیت هیچ رووی نەداوە یاخود لە ژوورێکدا دەخەویت هەمیشە خەوی ناخۆش دەبینیت کە جێگاکەت دەگۆڕیت هیچ کێشەت نامنێت، یاخود ژوورەکە دەگۆڕیت ئاسای دەبێتەوە،ئەوەش مانای وایە سیحر لەو ماڵە کراوە.

جا بۆ ئەوەی خوێنەر تووشــی ترس و دڵە ڕاوکێ نەبێت، لەدوای خوێندنەوەی پێشــەکی و جۆرەکانــی ســیحر، بۆیە لێرەدا چارەســەریش باس دەکەین تا تۆی خوێنــەر ئەگەر هاتوو، نیشانەکانی سیحر وجادو کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە بینی لەخۆت یاخود یەکێك لە نزیکان و ئەندامانــی خێزانەکــەت بتوانیت خۆت ســیحرەکە بەتاڵ بکەیتــەوە، ئەویش بە خوێندنی ئایەتەکانی بەتاڵ کردنەوەی سیحر.

سورەتی ئەعراف:

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ١١٧

ئێمەش نیگامان نارد بۆ موسا کە دارعەساکەت فڕێ بدە، جا دەستبەجێ (هەر کە فڕێیدا) ئەو فڕو فێڵەی کە دەیانکرد هەمووی هەڵلووشی.

فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ١١٨

ئەوسا ئیتر حەق چەسپاو دەرکەوت و پووچەڵیش بوەوە ئەوەی ئەوان دەیانکرد.

فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ ١١٩

ئیتر لەو گۆڕەپانەدا (فیرعەون و دارودەســتەکەی) شکســتیان پێهێنراو بەســەر شۆڕیی و شەرمەزاری گەڕانەوە.

وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ ١٢٠

(کاتێـــك دڵنیابوون ئـــەوە موعجیزەیەو لەدەســـەڵاتی ئادەمیزادا نیـــە) جادووگەران خران بەروودا سوژدەبەر بوون بۆ خوا.

سورەتی یونس

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيم ٧٩

(ئینجا فیرعەون فەرمانی داو) وتی: ئادەی هەرچی جادوگەری زاناو شارەزا هەیە بۆم بێنن و بۆم کۆ بکەنەوە.

فَلَمَّا جَاء السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُوسَى أَلْقُواْ مَا أَنتُم مُلْقُونَ ٨٠

کاتـــێ کـــە جادوگەران هاتن و (بڕیاردرا جادوگەریی خۆیان بنوێنن و (معجزة)ی حەزرەتی موسا بەتاڵ بکەنەوە) موسا پێی وتن: دەی چیتان هەیە بیخەنە ڕوو!

فَلَمَّا أَلْقَواْ قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللّهَ لاَ يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ ٨١

ئەوســا (جادوگەران، جادووی خۆیان نواند) موســا وتی هەرچی کردوتانەو نیشــانی ئەو خەڵکەتــان داوە هەمووی جادوەو هیچی تر، بێگومــان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی خراپکاران چاك و سەرکەوتوو ناکات.

وَيُحِقُّ اللّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ ٨٢

بەڵکو خوا حەق و ڕاســتی دەچەســپێنێت بە فەرمان و ویستی خۆی هەرچەندە تاوانکارو تاوانباران پێیان ناخۆش بێت.

لە کۆتاییدا سورەتی طه

قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى ٦٥

(ئەوســا جادووگەران) وتیان: ئەی موســا یا تۆ دەستبەکاربەو (گۆچانی خۆت فڕێ بدە) یا ئێمە سەرەتا دەست پێ دەکەین؟

قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى ٦٦

(موســا) وتی: (نەخێر) ئێوە دەســت پێ بکەن، (کە دەســتیان پێ کرد) پەت و گوریس و گۆچانەکان لەبەرچاویان کەوتنە جووڵە (وەك مار).

فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى ٦٧

موسا لەدڵی خۆیدا (کەمێك) ترس دایگرت.

قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ الْأَعْلَى ٦٨

(نیگامان بۆ کردو) وتمان: مەترسەو دڵنیابە کە هەر تۆ بەرزو بڵندو سەرکەوتوو دەبی.

وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى ٦٩

ئەوەی کە لە دەسـتی ڕاسـتایە (واتە گۆچانەکەت) فڕێی بـدە، هەرچی ئەوانە کردوویانە دەیماشـێتەوەو قوتـی دەدات، چونکـە ئـەوەی کە کردوویانــە فێڵ و تەڵەکـەی جادووگەرە، جادووگەریش بۆ هەرکوێ بچێت و (هەرچی بکات) سەرکەوتوو نابێت.

ئەگەر کرا بە ئاو بپرژێنە بە ماڵەکەدا و بەو ژورانەی کە گومانی سیحری لێدەکرێت بە پشتیوانی خوا، بە ئەمری پەروەردگار بە تاڵ دەبێتەوە.

ئەمە پوختەیەك بوو لە کتێبی دووەمی مەملەکەتی شەیتان.

جێگای خۆشـییەتی لێرەوە سوپاسی ئەو ستافە بەڕێزە بکەم کە هاوکارم بوون لەکاتی لە چاپدانو کۆکردنەوەو بڵاوکردنـەوەو دیزاینی، بەتایبەت کاك جوتیارو بنەماڵە بەڕێزەکەیانو کاك سەردار، کاك ڕێکان، کاك ڕێباز، کاك حەیدەر و کاك کۆویست، کاك فەرمایش.

هەروەها لەسـەر ئەرکی خۆشـکی بەڕێزمان هەتاو عادل گۆران لە چاپدراوە، خوای گەورە بیخاتە سەر تەرازوی چاکەکانی.

پاییزی ٢٠١٨

فرێدریکستاد - نەرویج

ماکوان کەریم

سەرەتایەکی ترسناک

دوای ئـــەوەی ماوەیەکـــی زۆر ئـــارام بوبومەوە لـــەو بارە گرژییەی کە بۆم دروســـت بوبوو لەلایەن حەزقیل و سەســـیل و بنەماڵەی کاك عەبدوڵا و ئەو هەموو نارِەحەتی و کارەســـاتای کە بینمو بەسەرمدا هات لە مردنی هێرۆ و کاك مستەفا، هەروەها ئازاردانی خۆم و فرِاندنی حەزقیل کە تا ئەم کاتەش نازانم لە کوێیە.

ئەوەندە نەبێت کە سەسیل وتی: حەزقیل لەلایەن ئەوانەوە لە ناو براوە!

لەرِاســـتیدا زۆر برِوام بە قســـەی سەســـیل نییە، چونکە وەك پێشـــتریش ئاماژەم پێدابوو سروشـــتی جنۆکە وایە کە زۆر درۆزنن، ئەوەی راســـتی بێت نایڵێن، عەلی یەمەنی ئەوەی بۆ باس کردبووم!

ماوەیەکی زۆر بوو هیچ دەنگوباســـیان نەبوو، بەردەوام بووم لە ژیانی ئاســـایی خۆم، لەپرِ لەلایەن عەبدوڵا هەولێری و ئازیزەوە پەیوەندیم پێوە کرا.

عەبدوڵا هەولێری ووتی: برا دێین بۆ ماڵتان.

ماکوان: یاخوا بەخێرێبن.

کە هاتن ژنێکی خەڵکی کەرکوکیان لەگەڵدا بوو، ناوی روناك بوو.

دوای دانیشتن و قسە کردن کاکە عەبەی هەولێری کەوتە قسە و ووتی: ماکوانی برام ئەم ئافرەتە توشی کێشەیەك بووە بەڵکو بۆی چارەسەر بکەیت.

وامزانی باسی طەڵاق و جیابوونەوەیە کارێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام وانەبوو. عەبدوڵا کەوتە قســـە کردن باش نەیدەزانی بیگێرِێتەوە، بۆیە رووی کردە روناك خان ووتی: خۆت بۆی باس بکە!

رِوناك خان باسی شتێکی زۆر سەیری کرد!

باســـی ئەوەی کرد کە خاوەنی چوار منداڵە، منداڵەکانی لە کوردســـتان بوون و پۆلیســـی نەرویجی بۆی هێناوەتەوە بۆ نەرویج!

ماکوان: ئەی هاوسەرەکەت؟

روناك: جیابوینەتەوەو لە کەرکوکە نەهاتۆتەوە لایەنی دەروونی ئەویش تەواو نییە.

ماکوان: لەسەر چی جیابونەتەوە؟

ڕونـــاك: لـــەدوای ئـــەوەی بڕیارماندا بگەڕێینەوە کوردســـتان، هەســـتم کرد کەواخەســـوم خۆشـــحاڵنەبوو بەبونی ئێمە لەوێ، چونکە خانویەکمان هەبوو پێشـــتر خەســـومی تێدا دەژیا لە قاتی یەکەم و قاتی دووەمیش درا بوو بەکرێ ئەو پارەکەی وەردەگرت و مەســـروفی خۆی پێدەکرد.

دوای ماوەیـــەك لەگەڕانەوەمان بۆ کوردســـتان، ژیانی ئاســـایمان بەڕێدەکـــرد. ئاگام لێبوو خەســـوم شـــتی زۆر سەیری دەکرد و خوێنی مریشکی دەگرت و دەیکرد بە حەوشەو دەرگاکەدا و هەمیشە ئێسقانی حەیوان و مریشکی بڵاودەکردەوە، زۆر پیس و چەپەڵی بڵاودەکردەوە.

لەبەر دڵی هاوسەرەکەشم هیچم نەدەوت، هەرچی جارە حەوشە و خوێن و پیسیەکانم پاك دەکردەوە، بەڵام خەسوم تورە دەبوو لێم ودەیووت بۆ لایان دەبەیت؟

ئەوە بۆ هاوڕێکانمم داناوە!

ڕۆژێك بەهاوسەرەکەمم ووت کەوا دایکت شتێکی وادەکات.

هاوسەرەکەم چوبوو پێی ووتبو.

دایکی لە وەلامدا پێی وتبوو ئەوە بۆ سەید و پیاوچاکەکانە خێر دەکەم.

سەڵاحی هاوسەرم: واز لە دایکم بێنە ژنێکی سادەیە، ئەوە خێرە دەیکات با دڵی نەشکێنین.

منیش لەبەر دڵی سەڵاح هیچم نەووت.

کچە گەورەکەم تەمەنی ١٩ ســـاڵە، شـــەوێکیان هاواری کرد ووتی: دایکە فریامکەوە خەریکە دەمخنکێنن، بەپەلە من و باوکی چووینە ســـەری تەماشـــامان کرد هیچ نییە. دوای ئەوەی کە ئارامامان کردەوە هاتینەوە ژووری خۆمان.

لەو ژوورەی کچەکەمی لێ بوو دوو خوشـــکەکەی لەگەڵی بوون، بەتەنها نەبوو لە ژوورەك. کەمێکـــی تـــری پێچوو دیســـان کچە گەورەکەم هـــاواری کرد دایکە باوکە فریـــام کەون خنکام، وامزانی شـــەڕیانە لەگەڵ خوشـــکەکانی تریدا کەچوون گڵۆپ هەڵکرابوو هەردوو خوشـــکەکەی تریشی بەدیاریەوە دانیشتبوون. باوکی ووتی با بە پەلە بیبەین بۆ نەخۆشخانە.

کچەکەم ناوی ڕۆشنا یە، هەرچی لێم پرسی ڕۆشنا چییە؟ چی بووە کچم؟

لەوەڵامدا ووتی: دایە نابینی ئەو ژنە چۆن قژی لەملم ئاڵاندووەو خەریکە دەمخنکێنێت!

ئێمەش هیچمان نەدەبینی، بە سەڵاح-م ووت بابیبینە نەخۆشخانە.

ســـەڵاح: باشـــە با بیبەین، بەڵام بڵێین چییەتی! چیان پێ بڵێین لەوێ، باشـــترە چاوەڕێ

بکەین.

منیش قسەکەیم بەهەند وەرگرت، ئەو شەوە خۆم چومە لای کچەکەم خەوتوم وەك سەرمای بێت هەڵدەلەرزی. زۆر بەزەیم پێداهاتەوە، بەڵام بۆ بەیانی ئاسایی بووەیەوە.

پاش چەند ڕۆژێك لەو ڕووداوە میوانمان هات، منیش خەریکی چا تێکردن بووم، لەپڕ لەبەردەممدا پیرێژنێکی پرچ ڕەشی باڵا بەرزی زۆر ناشرین سەری ئەیدا لە سەقفی ماڵەکەمان لەبەردەممدا بوو، یاری بە قژی دەکرد.

دەستم کرد بەهاوار کردن و ووتم ئەها ئەوەتا، ئێوەش دەیبینن؟

سەلاح هات لەجیاتی ئەوەی هاوکاریم بکات کەچی زلەیەکی لێدام و بێهۆش بووم بردبوویانم بۆ نەخۆشخانە.

لەدوای ئەو ڕووداوە ژیانم لێ تاڵ بوو، توشی نارەحەتی و سەرئێشەو هەرکات بچوومایەتەوە ماڵی خۆمان ئەو ژنە لەوێ بوو. منداڵەکانیشم بەتایبەت کچە گەورەکەم وەك منی لێهاتبوو. باوکیشیان ئازاری کچەکانی ئەدا بەتایبەت گەورەکەم، ئەی ووت تۆ وەك دایکت شێتی.

ماڵم بەجێ هێشت و بە سەلاح-م ووت: نایەمەوە بەو ماڵەدا یان تەلاقم بدە یان با بگەڕێینەوە بۆ نەرویج. نەمدەتوانی لەوێ بژیم ئەو ژنە لە هەموو سوچێکی ژوورەکاندا ئامادەبوو، جاری واهەبوو دەبورامەوە یان خۆم پیس دەکرد. کاك ماکوان ئیتر با زیاتر سەرت نەیەشێنم ئەوە گوزەرانم بوو.

سەلاح تەلاقی دام، منیش گەڕامەوە بۆ نەرویج، لێرە پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کرد و ووتم کەلە هاوسەرەکەم جیابومەتەوەو مناڵەکانم لای باوکیانە و باوکیان زۆر ئازاریان دەدات. لێرەوە پۆلیسی نەرویجی چووبون بە نهێنی قسەیان لەگەڵ منداڵەکانم کردبوون و هێنانیانەوە، بەڵام ئەو سەرئێشەو بورانەوەیەم لەگەڵدایە زۆر وەزعم خراپە.

ئازیزو کاك عەبدوڵا باسی جەنابتیان کردووە لەگەڵ کوڕێکی یەمەنی ناوی عەلی- یە، خێرتان دەگات بەڵکو هاوکاریمان بکەن.

ماکوان: ڕوناك خان ئەوەی بە من بکرێت لەخزمەتاندام، بەڵام من نازانم عەلی-م بۆ ئەدۆزرێتەوە ئێستا.

هەوڵ ئەیەم پەیوەندی پێوە بکەم بزانم چی دەڵێت.

تەلەفونم کرد بۆ یەمەن بۆ ژمارەکە عەلی، وەڵامی درایەوە بەڵام خێزانەکەی بوو. بەنەرویجی قسەم لەگەڵ کرد ووتم: دەمەوێت قسە لەگەڵ علی بکەم.

ووتی: فرۆکەی سعودی بۆردومانی کردووە عەلی بریندارە و برینەکەی زۆر سەختە، عەلی لەسەرەمەرگدایە دوعای بۆ بکە!

بەتەواوەتی خەفەت دایگرتم بە جۆرێك کە نەمتوانی وەڵامی ئەوان بدەمەوە تا چەند خولەکێك، لەدڵی خۆمدا ووتم ئەوەی پێم دەکرێت بۆ ئەم ژنە دەیکەم.

ڕووم کردە ڕوناك خان و پێم ووت: بەنیسبەتی سەرئێشەو بورانەوەکەت ئەگەر هۆکارەکەی سیحرو جادووی جنۆکە بێت چارەسەر دەبێت. هەوڵ بدەن خۆت و کچەکەت لێرە ئامادە بن لەکاتیکدا کە نوێژتان لەسەرە واتە (لەعادەتی مانگانەدا) نەبن، بەڵام لەگەڵ مەحرەمی خۆتاندا.

ئێستا بەبیستنی ئەو هەواڵەی علی توانای هیچم نییە، وەك فێریان کردووم کاتی بەتاڵکردنەوەی سیحرەکە دەبێت زمانم بەڕۆژووبێت و مانگی ١٣ و ١٤و١٥ عەرەبی بێت زۆر باشە.

رازی بووین بەوەی کە هەفتەیەکی تر دووبارە لەخزمەتیاندا بم و کارەکەیان بۆ بکەم.

ئەو ماوەیە لەگەڵ خێزانی عەلی یەمەنیدا هەر لە پەیوەندیدا بووم بزانم عەلی تەندروستی چۆنە رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو.

عەلی هەندێك شتی فێر کردبووم، بەڵام پێویستم بەهاوکاری ئەو بوو کە ڕێنمایم بکات.

عەلی زۆر بەتوانا بوو لەبواری جنۆکە و جادو سیحردا.

ئەو کاتەی کە دیاریمان کردبوو بۆ دووبارە یەکتر بینینەوەو بەتاڵکردنەوەی سیحرەکە، تەواو بوو، ئەوان هاتنەوە لام. پەیوەندیم کرد بە مامۆستایەکی ئاینی خاوەن بیرو باوەڕێکی پاك کە هاوکاریم بکات، ئەویش هات هەرچەندە ووتی لێی نازانم، بەڵام هەر حەزم دەکرد کەسێکی ترم لەگەڵدابێت.

دەستم کرد بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو ئایەتەکانی زەجر ئەوانەی کە باسی قیامەت و ترساندن لە قیامەت دەکەن، پاشان ئەو فەرمودانەی کە راستن وهاتوون لەو بارەیەوە هەموویم خوێندو دەستم پێکرد.

أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ: مِنْ نَفْخِهِ، وَنَفْثِهِ، وَهَمْزِهِ (نَفْثُهُ: الشِّعْرُ، وَنَفْخُهُ: الْكِبْرُ، وَهَمْزُهُ: الْمُوتَةُ (يظهر: أن همزات الشياطين إذا أُفردت دخل فيها جميع إصابتهم لابن آدم، وإذا قُرنت بالنفخ والنفث كان نوعاً خاصاً). إغاثة اللهفان، ١/ ١٥٤- ١٥٥.

اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَدْمِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ التَّرَدِّي، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْغَرَقِ، وَالْحَرَقِ، وَالْهَرَمِ، وَأَعُوذُ بِكَ

أَنْ يَتَخَبَّطَنِـيَ الشَّيْطَـانُ عِنْـدَ الْمَوْتِ، وَأَعُـوذُ بِـكَ أَنْ أَمُـوتَ فِي سَبِيلِكَ مُدْبِـرًا، وَأَعُوذُ بِـكَ أَنْ أَمُـوتَ لَدِيغًا.
أخرجـه أبو داود، واللفظ له، كتاب الوتر، باب في الاستعاذة، برقم ١٥٥٢، والنسائي، كتاب الاستعاذة، باب الاستعـاذة من الـتردي والهدم، برقم ٥٥٤٦، والنسائي في الكـبرى، ٤/ ٤٦٧، برقم ٧٩١٨، وأحمد، ١٤/ ٣٠٣، برقـم ٨٦٦٧، والطبراني في الكبـير، ١٩/ ١٧٠، وصححه الألباني في صحيـح النسائي، ٣/١١٢٣، وصحيح سنن أبي داود، ٥/ ٢٧٥.

خەریکـی خوێندنی ئایەتەکان و ئەو فەرموودانە بووم کـە لەوبارەیەوە هاتوون، ئەوەندەم نەزانی کچەکەی روناك خان (ڕۆشنا) پەلاماریدام نینۆکی تیژ بوو دەستی لە قورگم گیرکردبوو، خوێنی هێنا لە ملم، تا لێمکردووە زۆری پێچوو، بەتەواوەتی خۆی نوساندبوو بەمنەوە بەهیچ لەیم نەدەبوەوە. تەنانەت بەلێدانو پێداکێشـانیش، هەرچۆنێك بوو دەسـتیم لە ملم کردەوە تا وام لێکرد شـل بوو، بەتەواوەتی ئازارم پێگەیاند ئینجا دوورکەوتەوە خۆشـم باش هیلاك بووبوم. پاشان بەردەوام بووم لە خوێندی قورئان و نزاکان، ئەمجارەیان ڕوناك خان پەلاماری دام، هاوارم کرد عەبە فریام کەوە، عەبدوڵا ڕوناك خانی گرت دیسـان کچەکەی پەلاماری دام. هاوارم کرد لە و مامۆستایەی کە لەگەڵمدابوو فریام کەوە ژن کوشتمی. بەخوا ڕۆشنا پەلاماری مامۆستای دا سەروچاوی مامۆستای هەموو هێنایە خوارەوە بە چڕنوك.

هەسـتم کرد خوێن زۆر لە قورگم دەچۆڕێت هەموو چواردەورم تاریك بوو، ئەوکەسـانەی لەدەوروپشتم بوون هیچیان دیار نەمان، تەنانەت خێزانو ماڵو منداڵ و ئەو مامۆستا ئاینییەی کـە بانگم کردبوو، کەس نەما هاوارم دەکرد چیتان لێهات کەس وەڵامی نەدەدامەوە، دەمزانی من ماوم نەمردوم لەگەڵ ئەوەشـدا ئاگام لە مێشـك و هەستو بوونی خۆم بوو، بەڵام نە جێگا ئەو جێگایە بوو نە خەڵکیش ئەو خەڵکە بوون لەگەڵیاندابووم تەنانەت زەمەنیش ئەو زەمەنە بوو کە تێیدا دەژیام، هەمووی گۆڕا!

چواردەورم ڕەش بوو بوو لەپڕ کەسـێکم بینی بەرەو ڕووم هات، هەتا لێم نزیك دەبوەوە هەستم دەکرد ئەو کەسە دەناسم تازیاتر نزیك بوویەوە تەماشام کرد ئەوکەسە خۆمم، هەتا توانی زلەیەکی لێدام و بوورامەوە.

جنۆکە لە لاشەمدا یاری دەکات

لەدوای ئەوەی کە بوورامەوە ئاگام لە خۆمم نەما، کە هۆشـم هاتەوە پێڵوی چاوم هەڵنە دەهات، سـەرم قورس بوو سەرئێشـەیەکم گرتبوو هەروەك كارەبا بیدات لەسـەرم ئازارەکەی ئەوەنـدە بـە خێرای دەهاتو دەڕۆیشـت، هاوارم دەکرد فریام کەون سـەرم تەقی کەلەم تەقی. گوێم لەکەس نەبووچاوم کەسی نەدەبینی، تەنها ئەوەندە نەبێت خێزانم هات پەڕۆیەکی تەڕی فێنکی خستە سەر نێوچاوانم کەزانیم ئەوە ئارام بوومەوە و دووبارە بێهۆش کەوتمەوە.

ئەمجارەیان کە بەخەبەر هاتمەوە سەرم هەڵبڕی و چاوم کردەوە لە نەخۆشخانەم، قوڕگم لەزگەی پێوەیە و کەسیش لە ژوورەکەمدا نەبوو!

هەڵسـام تۆزێـك ئـاوم خواردەوە خەریـك بوو دەخنكام هەناسـەم قورس بوبـوو، بەرەو پەنجەرەکە ڕۆشتم بیکەمەوە تا هەناسە هەڵمژم، هیچ توانای کردنەوەی پەنجەرەکەشم نەبوو. هەرچۆنێك بوو کردمەوە، دەنگێك دەهاتو دەچوو لە مێشکمدا دەیووت خۆت بکوژە ئەوە کەی ژیانە تۆی تێدای!

خۆت فڕێدەرە خوارەوە لەو پەنجەرەوە، ئەو نەخۆشـخانەش منی لێبوم شـەش نهۆم بوو، منیان لە نهۆمی چوارەم خەواندبوو. چەند جارێك وویستم خۆم فڕێبدەم. بیری فەرمودەکەی پێغەمبـەر (ﷺ)م کەوتـەوە کەدەفەرموێت: (من قتل نفســه بشــيء في الدنيــا عذب به يوم القيامة) رواه البخاري ٥٧٠٠ ومسلم ١١٠

واتـا: هەرکەسـێك لەدنیادا بە چی خـۆی بکوژێت لـە قیامەتدا بەوە ئـازار ئەدریتەوە. ئەو فەرمودەیەشـم بیرکەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (كان فيمن كان قبلكم رجل به جـرح فجزع فأخذ سـكينا فحز بها يده فما رقأ الـدم حتى مات. قال الله تعالى: بادرني عبدي بنفسه حرمت عليه الجنة) رواه البخاري ٣٢٧٦ومسلم ١١٣

واتـا: پێـش ئێوە خەڵکانیك یاخود هەر کەسـێك بە چەقۆ یان هەرشـتێك خۆی بکوژێت بەهەشتی لەسەر حەرام دەبێت.

ئەنجا هەستم کرد سوپاس بۆ خوا من موسوڵمانم، سەیری دەرەوەم کرد نەمزانی کاتژمێر چەندە دنیا شـەو بوو خەیاڵـم لای نویژەکانم بوو چوومـە دەرەوەی ژورەکە کە تێیدا بووم، کەسـم نەدی ڕۆشـتمە خوارەوەی نهۆمەکان تـا نهۆمی یەکەم چووم تەنها یەك کەسـم بینی

پرسیارم لێکرد کە کاتژمێر چەندە؟

ووتی: ٣:٢٨ دەقیقەی شەوە.

دەستم کرد بە گیرفانمدا تەلەفونێك پارەیەك شتێك بدۆزمەوە هیچم پێنەبوو. هاتمە دەرەوەی نەخۆشخانەکە بە پێ کەوتمە ڕێ بەرەوە ماڵەوە، باری دەرونیم ئاسای بوو هیچ ئازارێکیشم نەبوو زۆر بەئاسانی گەڕامەوە ماڵەوە لە دەرگام دا خێزانم ووتی: کێیە؟

ووتم: ماکوانم بیکەرەوە.

دەرگای کردەوە بە پێکەنینەوە ووتی: چۆن بەم شەوە ئیزنیان داویت؟

ماکوان: وەڵا کەس ئیزنی نەداوم خۆم هاتومەتەوە، ئەرێ بەڕاست چی بووە؟ بۆ لە نەخۆشخانە بووم؟

خێزانم (باران): ئەی تۆ سێ ڕۆژە لە نەخۆشخانەیت.

ماکوان: بەڕاستە.

باران: بەڵێ لەدوای ئەوەی ئەو ئافرەتانە پەلاماریاندایت و تۆ بووریاتەوە، حاڵت زۆر خراپ بوو هاواری سەرت دەکرد لە کاتێکدا ئەوان تەنها بەنینۆکیان تۆزێك ملی تۆیان بریندار کرد بەڵام تۆ ئەو ڕوناك خانە فقیرەت ووێران کرد.

ماکوان: بۆ چیم کرد بۆ خاتری خوا.

باران: چۆن چیت کرد، ئەوەندەت بۆکز کێشا بەسەریدا تا بورانتەوە تۆش یەکسەر بورایتەوە لەگەڵ بورانەوەی ئەودا!

ماکوان: بۆخاتری خوا چۆن شتی وا دەبێت.

باران: ماکوان بیکە بەخاتری خوا واز لەم جنۆکەو شتانە بینە شتێکت لێدەکەن.
ماکوان: باشە بەسەر چاو، بەس سەیرە بەلامەوە من ئاگام لەم شتانە نەبووە!

دەستم کرد بە استغفرالله و کاتی بانگی بەیانی بوو چووم دەستنوێژ بگرم و نوێژی بەیانی بکەم و نوێژەکانی ترم قەزا بەکەمەوە.

هەڵسام کەچووم تەوالێتەکە دیسان سەرئێشەیەکم بۆ هات ئەوەندە ئازارم هەبوو لەبەر منداڵ و خێزانم دانم بەخۆمدا گرت دەنا ئەوەندە ماندوی کردم لە تەوالێتەکدا پاڵکەوتم.

خێزانم بانگی کردم ماکوان کێشەت نییە؟ ووتم نا ئێستا دێمە دەرەوە.. چارەکێك زیاد مامەوە هەستم دەکرد شتێك دێت بەناو لاشەمدا یاری دەکات لە پەنجەی پێمەوە دەهاتو دەچوو تا تەوقی سەرم. دەستنوێژم گرت هەر ئەوەندی ووتم: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلاّ الله

وحْدَه لا شَرِيكَ لَهُ، وأَشْهدُ أَنَّ مُحمَّدًا عبْدُهُ وَرسُولُه، اللَّهُمَّ اجْعلْني مِن التَّوَّابِينَ واجْعلْني مِنَ المُتَطَهِّرِينَ.
ئیتر وەك ئەوەی بە چەکوش بکێشن بەسنگمدا.

ئەمەویست هاوار بکەم، لەبەر خێزانم و منداڵەکانم نەمدەوێرا هاوار بکەم، بەڵام کەوتمە سەر زەوی و لەتاو ئازار کراسەکەی خۆمم کرد بەدەممدا بۆ ئەوەی هاوار نەکەم.

شتێك لە مێشکمدا دەیووت کوفر بکە قسە بەخوا بڵێ چاك دەبیت، ماکوان قسە بە خوا و محمد وقورئان بڵێ چاك دەبیتەوە، ئەوە ئەوانن وات لێدەکەن.

ئەوەنــدە مانــدوی کــردم عارەقی زۆرم کرد، هەموو گیانم لەســەر ئاو بــوو خێزانم هەر دەیووت ماکوان باشــی؟ ئەوە تەلەفونم کردووە بۆ ئامبولانس ئێستا دێن وئەت بەن تەحمولت بێت. منیش لەتاو ئازار هیچم بۆ نەدەکرا هەرچی دەممویست سبحان الله بکەم یان الحمد الله بکەم زیاتر ئازار دەهات بە سەرمدا. ئینجا بیرم کەوتەوە کە ئەمە نەخۆشی نییە ئەمە (صرع) ە خۆم ناتوانم پێویستە کەسێك بیخوێنیت، ئەمویست بە خێزانم بڵێم پێویستم بە ئەمبولانس نییە، پێویستم بەتۆیە دوام بۆ بخوێنە بەئاو بەسەرمدا بپرژێنە. هیچ نەمدەتوانی خێزانیشم شــڵەژابوو، ئاگام لێبوو ئانای کچیشــم دەگریا تەنها لەبەر ئەوان هاوارم نەدەکرد کراســەکەم خســتبووە دەمم، دوو کەس هاتنەماڵەوە منیان بە پەلە خســتە ناو سەیارەی ئامبولانسەکەو ئۆکسجینیان کرد بەدەممدا و بێهۆش کەووتم.

کەهۆشم هاتەوە لەهەمان ژووردا بووم، زۆر ئاسای بووم هیچ کێشەیەکم نەبوو وەك ئەوەی هیــچ رووی نەدابێــت، بەڵام ئەوەی روویدابوو لەگەڵ خێزانــم ماڵی خۆماندا هەموویم بەبیر هاتەوە، بەڵام ئەم جارە خێزانم لابوو.

ووتم: چییە؟

باران: بە پێکەنینەوە شکور باشبوویت؟

ماکوان: سوپاس بۆ خوا عەیبم نییە، هەرکە ووتم سوپاس بۆ خوا عەیبم نییە دیسان وەك تریشقەی هەور هاتەوە بەسەرمدا و پاڵی خستمەوە لەسەر سەرینەکەم.

باران: رایکرد بانگی دکتۆرو بکات.

بانگم کرد ووتم: وەرە کەس بانگ مەکە باش بووم.

باران: بۆ وات لێهاتووە؟ چی بووە؟

ماکــوان: شــتێکت پــێ دەڵێم نێوانی خۆم و خــۆت بێت نابێت بە کــەس بڵێیت، وەعدم نەدەیتێ؟

باران: وەعد بیت ئەگەر گیانی خۆشم بێت!

ماکـوان: لێـرەوە دەچینەوە بۆ ماڵەوە ئەم بەسـیتەوە، منداڵەکان بنێـرە بۆ ماڵی باوکت. تەحەمولم بکە ئەوەی پێت دەڵێم بیکە، باشە؟

باران: بۆ خاتری خوا نەکو نەخۆش بیت من چۆن شتی وا دەکەم.

ماکوان: من نە نەخۆشم نە هیچ، بەڵکو من جنۆکە چۆتە لاشەمەوە هەست دەکەم سیحرم لێکـراوە، بەهــەر حاڵ تەلەفونێکم بۆ بکە بۆ عەلــی یەمەنی بەڵکو باش بووبێت وەزعی منی تێبگەیەنەو بەخێزانی بڵێ بەڵکو هاوکاریت بکات.

باران: تەلەفونی کرد بۆ ژمارەکەی عەلی یەمەنی ژنەکەی هەڵیگرت، هەواڵی عەلی پرسی.

خێزانی علی: سێ رۆژە وەفاتی کردووە خوای گەورە بە شەهید وەریگرێت.

زۆر خەفەتم خوارد دەستمان کرد بە گریان هەردووکمان، چارەم نەما وهیچ هیوایەکم نەما بۆ فێربوون چی بکەم، بەلاَم یەك پلانی ترم لە مێشکدا بوو نەمدەویست دەریبڕم بە خێزانم ووت با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، بەلاَم پێش من بەدایکت بڵێ با منداڵەکان بەرێت بۆ ماڵی خۆیان.

پێش من ڕۆشتەوە منداڵەکانی نارد بۆ ماڵی خەسووم..

لەدوای چونەوەمان بۆ ماڵەوە بۆم نوســی بە زمانی نەرویجی وا بم بەسەرەوە کە نەتوانم بجوڵێم، بەلاَم بەدەنگ هیچم پێ نەووت. پاشان بۆم نوسییەوە بۆ ئەوەی خۆم و ئەویش دڵنیا بکەم کە وا بم بەسەرەوە کە نەتوانم خۆم بکەمەوە ئەگەر چی خۆشم زۆر بجوڵێنم وپەلەقاژە بکەم، چونکە هەستم دەکرد ئەگەر قسە بکەم جنۆکەکان دەزانن ناهێڵن پلانەکەم سەر بگرێت، لە خێزانیشــم دەترسام کە بچنە لاشــەی ئەوەوە. خوای گەورە خستیە دڵم کە نەکو لە ترسی خێزانم کە من ببینێ ترسەکەی زۆر بێت و ئەوانیش فورسەت وەرگرن لە ترسەکەی خێزانم و ئەویش وەك منی لێ بێت، چونکە ترســیش بەشــێکە لە وهۆکارەی کە جنۆکە بچێتە لاشەی مرۆڤەکانەوە.

خێزانم بەدوای شتێکدا دەگەڕا من ببەستێتەوە، ئاگام لێی بوو دڵی نەدەهات.

بە تووڕەییەوە پێم ووت ئەگەر دەتەوێت من چاك ببمەوە ئەوەی کە بۆم نوسیویت بیکە.

هەندێك شــتی باشــی پەیدا کرد وابەستمیەوە ئازارم پێگەیشــت، دوای بەستننەوە ووتم: کتێبەکەی عەبدولواحید عبدوســەلام باڵی بخە سەر لاپەڕە ٣٤ و قورئانەکەم لەبەر دەم دابنێ بیکەرەوە و بیخەرە ســەر ســورەتی بقرە بە دەنگی غامدی و برۆ دەرەوە درگا داخە، لەم ناوە نەوەســتیت، تەلەفونەکەشــم بۆ بخە سەرژمارەی خۆت لە نزیك دەستمەوە دایبنێ خۆم ئەگەر

پێوویســتم بوو لەپشــتمەوە دایبنی تەلەفونت بۆ دەکەم. ئەزانم قورســە، بەڵام بەقسەم بکە، تەنها ئەوە چارەســەری منە. بەزەییت پیاما نەیەتەوە برۆ لەم ناوە نەوەســتیت خێرا، ئەوەی پێم ووت کردی بەڵام پێش ئەوەی بمبەستێتەوە چووم بە پەلە دەستنوێژم گرت هیچ زکرێکم نەخوێندو خێزانم ئەوەی پێم ووت بە تەواوەتی کردی.

قورئان لەســەر بوو خۆشــم بە زمانم لاپەڕەی قورئانەکەم هەڵئەداوە تا ئایەتی ٣٠ دیسان سەرئێشــەم بۆ هات ئەم جارە وەك ئەوەی کەلەم بە بزمارو چەکوش داکوتن هەســتم دەکرد بە بلۆك دەکێشن بەسەرمدا. هاوارم دەکرد، بەدڵم دا هات لەگەڵ هاوارەکەدا یادی خوا بکەم.

هــەر زریکەیەکــی ئازارم بۆ دەهات هاوارم دەکرد الله اکبر و ســبحان الله، الحمدالله، پاش کەمێکی تر خوای گەورە خستیە دڵم هاوارم دەکرد سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله اکبــر.. ئازارەکەم باش بوو تۆزێك، پاشــان زۆرم تینوو بوو بیرم چووبو داوای ئاو بکەم، بەڵام گوێم پێنەداو بەردەوام قورئانەکە دەخوێنرا و لەپڕ پیاوێکی ســپی پێســتی جل ســپی هاتەوە بەرچاوم ووتم ئەم کەسە دەناسم لەدڵی خۆمدا، کە بیرم کەوتەوە زانیم سەسیلە.

بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی: ماکوان بەباشی کەوتیتە بەردەستم، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ماکوان: مەلعون بۆ لای خوای خۆم دەڕۆم، من خوام هەیە تۆ کێت هەیە؟

سەسیل: کەلەت رەقە پێیان بڵێم سێ چوار بەردی پیا بکێشن؟

دەستم کرد بە پێکەنین و ووتم کەلەیەك لەپێناوی خوادا پیای نەکێشن بۆ شکاندن باشە.

سەسیل: بۆنایتە ناومان نەجاتت بێت، بۆ دەبێت تاماویت شێت بیتو بە شێتیەوە بتکوژم.

ماکوان: حەدت چییە، ئەوە تۆنیت من بکوژیت؟ شــێت بوونم لە پێناوی خواو دینەکەمدا سەربەرزیە بۆم، تەحمولی لەسەر دەکەم تا ببمە کۆیلەو کافری وەك تۆ؟ ئەی سەسیلی مەلعونی سەگ باب!

ئەوەنــدەم زانی ئــازار بە گیانمدا هــات، ئەوەندە ئازارم پێگەیشــت تەنانەت خەریك بوو میزم دەکرد بە خۆمدا، بەڵام لەشەرمی قورئانەکە هیچم بۆ نەدەکرا و خۆمڕاگرت. لەجوڵەی زۆریشــم هەســتم دەکرد ئەو حەبلانەی منی پێبەسترا بوومەوە وورده وورده شل دەبوونەوە، عارەقیش بەگیانمدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام هەر هاوارم دەکرد سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله اکبر.

ئەو سەسیلە هیچوپوچە بەسەرمەوە دەگەڕا جێی نەدەهێشتم.

لەدڵی خۆشمدا لام سەیر بوو قورئان خراوتەوە سەر، خۆم زیکر دەخوێنم و پاشان قورئانم

لایە، چۆن ئەوەندە بە توانان ئاوا توانای خۆیان بەسەر مندا سەپاندوە ئەو مەتەڵەم بۆ حەل نەدەکرا. خوای گەورە بۆی ئاسـان کردم ئەوەندەم زانی روخسـارێکی جوانی ناسك خۆی کرد بـەژوردا رێـك لە باوکم دەچوو. ووتی ناتوانیت هیچ لەو کوڕە بکەیت و ئەگەر جێی نەهێڵیت ئێستا لەناوت دەبەین.

هەر ئەوەندە کە وای ووت هاتە نزیکم و دەسـتی خسـتە سـەر سـنگم و دیار نەما، بەڵام هەسـتم کرد چووە ناو لاشـەی من، وەك سـەهۆڵاوێك بکەن بەلاشـمەدا وام لێهات و کەمێکی پێچوو من ئارام بوومەوە. تەماشـام کرد هەمان پیاوە کە لە کاتی ماسـی گرتنەکەدا بینیبووم زانیم حەزقیلە.

ماکوان: حەزە گیان ئەوە لەکوێیت خۆ ووتیان تۆ مردوویت؟

عەبدوڕەحمـان حەزقیـل: ماکوان گیان درۆیـان کردبوو لای مامۆسـتاکەم بووم خەریکی خوێندنی علومی شـەرعی بووم، ئاگاداریان کردینەوە کە سـیحرت لێکراوە، بە ئارەزوی خۆیان هەموو شەیتانەکان دێنو دەچن و ماڵەکەشتان پڕبووە لە شەیتان.

ماکوان: بەس من هیچی وام نەکردووە کە ئەوان ئەو هێزەیان هەبێت.

حەزقیل: ئەو ڕۆژەی کە میوانەکانت هاتوون سیحرێکیان خستۆتە ناو ناوکەفی پێڵاوەکانت هەتا ئەوە بەتاڵ نەکەیتەوە ئەوان هەر دەتوانن بێنە ناو لەشەت هیچ شتێك کاریگەری نابێت.

ماکوان: حەزە گیان بە جێم مەهێڵە تا تەلەفونێك دەکەم بۆ خێزانم.

حەزقیـل: با خێزانت نەزانێ خۆت چارە سـەری بکە، بەڵام هاوڕێکانمان بۆیان باسـکردم کە تۆ غیرەتێکی باشـت هەبووە و توانیوتە بەسـەر ئەو ئازارانەی خۆتدا سەرکەویت. ئەوەش سوپاسی خوای دەوێت.

ماکوان: دە حەزقیلی برام ئەو پەتەی دەستم شل بکەرەوە با بەیەکەوە بەتاڵی بکەینەوە.

هەروام ووت دیار نەما، بەڵام ئاگام لە دەسـتم بوو ووردە ووردە پەتەکەی شـل بوو خۆمم کـردەوە. قورئانەکەم هەلگرتو خسـتمە شـوێنێکی بەرزو چوومە تەوالیـتو دوایش تێرو پڕ ئاوم خواردەوە هەسـتم بە سوکی لاشـەم کرد کەچووم لای پێڵاوەکانم تەماشای ناوکەفەکەیم کرد حەزقیل راسـتی کرد لەهەردوو تاکە پێڵاوەکەمدا سـیحری تێدا بوو دەرمهێناو ئاوڕمداوە حەزقیل لەسەر پلیکانەکانەی ماڵەکمان دانیشتووە پێدەکەنێت.

سیحر و جادوی ژەنیار (المعازیف) نیکرۆنۆمیکۆن(Necronomicon)

ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتیەم بینی و چەشت، خوای گەورە فریام کەوت لە هەمان کاتدا حەزقیلی کردە هاوکارم و هۆکارێکیش بۆ ئەوەی زیاتر بە غیرەت تر بم.

کە ئاگاداری کردمەوە لەناو پێڵاوەکانمدا سـیحری تێدایە، چووم تەماشای پێڵاوەکانم کرد ڕاست بوو لە هەردوو تاکە پێڵاوەکانمدا دوو نوسینی جیاوازی تێدابوو کە شێوەکەی لە نوسین و وێنە پێکهاتبوو. ئاوڕمداوە حەزقیل لەسـەر پلیکانەی ماڵەکەمان دانیشتوە تەماشام دەکات و پێدەکەنێت.

ماکوان: من هیچ لەمە تێناگەم، ئەمە چییە حەزقیل-ی برام.

حەزقیل: ئەوە سیحری مردووەکانە!

ماکوان: حەزقیل بۆ خاتری خوا سیحری مردووەکان چییە؟

حەزقیل: ئەوە سـیحرێکی زۆر گەورەیە، لە دێر زەمانەوە هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جادوبازەکانی فیرعەون!

ماکوان: جا کەسیان لەسەر ئەم زەویە نەدۆزیەوە ماکوان نەبێت سیحری لێبکەن؟

حەزقیل: بۆ تۆ خۆتت پێکەمە؟

ماکوان: ئەرێ وەڵڵا زۆریش خۆم بەکەم دەزانم لەئاستی موسوڵمانانو پیاوچاکاندا.

حەزقیل: دە سـوێند بەو الله ی سـوێندی پێدەخۆیت لە کەسـی وا کراوە ئەوەندە سادەیە تەنانەت لە گەڕەکی خۆشیاندا کەس نایناسێت، تۆ دەزانیت شەیتان ئارەزوومەندە بەوەی ئازار بگەینێت بە ئێوەی موسوڵمان؟

ماکوان: بەس ئایا تۆ پێت وانییە دەچنە لاشـەیی خەڵکی بێدینیشـەوە؟ ئەی ئەو خۆ بە قورئان ئایەتە دەرەوە لەوانییە هەر نەزانێت قورئان چییە، خەڵکانێك هەیە دەڵێن بە ئینجیل چارەسەری دەکرێت بۆ ئەمە چی دەڵێیت حەزقیلی برا؟

حەزقیل: شـتێك هەیە بیزانە ئەگەر هەموو جۆرەکانی جنۆکە بیانەوێت بچنە ناو لاشەی هەر کەسـێك دەتوانێت بچێت، چونکە ئەوە خوای پەروەردگار ئەو هێزەی بە ئێمە بەخشیوە، ئێوەش هیچ دەسەڵاتێکتان نییە.

ماکوان: واتا هەر وا بە ئاسانی ئەچنە ناوە لاشەی خەڵکەوە؟

حەزقیـــل: بەڵێ زۆر بە ئاســانی، ئێمە راســـتە مەخلوقی خـــوای پەروەردگارین وەك ئێوە هەریەکێك لەم دوو دروستکراوانەی پەروەردگار تایبەت مەندی هەیە. بۆ نمونە ئێوە زیرەکن و توانای ئاوەدانکردنەوە و جێنیشنکردنو بەندایەتی زیاترتان هەیە، بەڵام ئێمە توانای جێنیشن کردنو ئاوەدانیمان نییە، بەڵام توانای فڕینو گەڕانی خێراو ئاشـکرا کردنی هەندێك نهێنیمان هەیە. هۆکارەکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێوە خاوەن لاشـەن ئێمە خاوەن ووزەین، ئەوە جیاوازیمانە. هێزی ئەقڵی بیرکردنەوەی ئێوە لە ئێمە بەهێزترە.

ئێمە زانسـت و زانیاری و تەنانەت زیرەکەش وەردەگرین، ئەوەی فێریش دەبین لە دین و لە هەندێك بواری تری ژیان لە ئێوەی مرۆڤەوە فێردەبین. چوونیشـمان بۆ ناو لاشــەی ئێوە هــەر وەك ئــەوە وایە من بەناو دیوارێکدا رەتدەبم یاخود دەچمە ناو ئاو یان دەچمە بۆشـایی ئاسمان، ڕوونە ماکوان-ی برام؟

ماکـوان: نــە بەزاتی خــوا زۆر روون نییە، تــۆ پێم بڵێ ئەگەر دەتوانن بچنە ناو لاشــەی هەمووکــەس، ئــەی ئیتر ئەم هەموو هاتو هاوارەتان لەچیە؟ سەسـیلی بێقیمەت چی دەوێت لەمن بۆ ناچێتە ناو لاشەم و ئەوەندە شەرمان پێنەفرۆشێت؟

حەزقیل: چونە ناو لاشە ئاسانە، دەتوانین بە ناو دەزولەی خوێنتانادا بڕۆین و دەمارەکانتان بە کیلۆمەتر تێپەڕێنین، بەڵام ئەمە نە ئازاری ئێوە ئەدات نە هیچ تەنها دەتوانین وەسەسەتان بــۆ دروس بکەیــن لە ڕێگای ئەو کارەبایەی کە لە ناو دڵەوە ئاراســتەی مێشــك دەکرێت. هەر ئەوەندەیە ئەویش لە کاتی تەرکیز کردنتاندایە بۆ نوێژ یاخود ئافرەتی جوان و بیرخستنەوەی خۆتان زیاتر دەروژێنین بۆ حەزە شەهوانیو سێکسیەکان و بەگشتی حەزەکانی خۆتان.

ماکوان: ئەی ئەوە چییە کە دەچنە ناو لاشەی خەڵك و قسە دەکەن لە جیاتی ئەو کەسە؟ لەشەرعدا ناونراوە بە مەسسی جنۆکە گوایە رقیان لە قورئانو دینداریو ناوی خوای دەبێتەوە، کە جنە هیچوپوچی کافرەکان دەچنە ناولاشەی مرۆڤەکان؟

حەزقیـــل: ماکوان گیان وەك ووتم چونە ناو لاشــە نییە، بەڵکــو بەهۆکاری لاوازی ئیمانو کەســایەتی ئەوکەســـەیە کە هەموو مێشکی داگیر دەکرێتو دەســت دەگیرێت بەسەر مێشکیدا وئاراستەی دەگۆڕێت بەو شتەی کە جنۆکەکە دەیەوێت.

ماکوان: واتا ئیتر ئەو تەحەکوم دەکات وەك کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن؟

حەزقیل: بەڵی وەك سوکانی سەیارەش.. بە پێکەنینەوە.

ماکوان: باشە ئەی من چی بکەم ئێستا؟

حەزقیل: دەبێت سیحرەکە بەتاڵ بکەینەوە.

ماکوان: جا ئەوە ئاسانە ئێستا بەتاڵی دەکەمەوە، عەلی یەمەنی خوا عەفوی بکات فێری کردووم.

حەزقیل: نا ئەمە ئەو جۆرە جادوانە نییە بەشێکی تری ماوە دەبێت ئەویشی لەگەڵدا بەتاڵ بکەیتەوە کە لای ساحیرەکە ماوە.

ماکوان: جا من چوزانم ساحیرە کە کێیە؟

حەزقیل: ئاسانە هەموو سیحرێك جنۆکەیەکی شەیتان یان عیفریتێك دەیگرێتە ئەستۆی خۆی، بە بۆنەکەیدا ئەدۆزرێتەوە.

ماکوان: بۆ ئەم سیحرە چییە؟ ئەوەندە گرنگە؟

حەزقیل: بۆ کەسێك نەیزانێت بە دڵنیاییەوە گرنگە.

ماکوان: ئەی بە ئایەت و قورئان بەتاڵ ناکرێتەوە؟

حەزقیل: نا، تەنها بە قورئان بەتاڵ ناکرێتەوە.

ماکوان: تورە بووم ووتم چۆن وادەڵێیت قورئان کەلامی خوایە، قورئان هەمووی بەتاڵ دەکاتەوە.

حەزقیل: ماکوان گیان کاتێك کە سیحرلە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا، فریشتەکان چوون بەشەکەی تری سیحرەکەیان هێنا لە بیرێکی ئاودا دانرا بوو، وابوو؟

ماکوان: بەڵێ، بەڵێ

حەزقیل: ئەمە مانای وانییە کوفر بێت، بەڵکو - بۆیە ئەو حاڵەتە بەسەر محمد (ﷺ) پێغەمبەری ئاخر زەمان و فەخری عالما کراوە بۆ ئەوەی ئەگەر ئێمەش شتێکی وامان بەسەر هات بە قورئان و سونەت خۆمان چارەسەر بکەین!

ماکوان: راستەکەیت من تورە بوونەکەم لە جێگای خۆیدا نەبوو، چەندجار خۆم ئەوفەرموودەیەم شەرح کردووە، ئێستا بیرم کەوتەوە.

حەزقیل: ئاسایە ماکوانی برام، تۆ فەزڵت هەیە بەسەر زۆرێك لە منو هاورێکانمەوە. جا لەبەر ئەوە هەرچی بڵێیت ئێمە خۆشمان دەوێیت و هاوکاریشت دەکەین.

ماکوان: بەخوا رۆحی حەزە گیان، بەس پێم بڵێ چۆن بەتاڵی بکەمەوە ئەم سیحرە چیەو ناوی چیە بۆ لە من کراوە؟

حەزقیل: چەند سەد ساڵێك بەر لە ئێستا پیاوێکی ساحیر ئەم سیحرەی نوسیوەتەوە بەناوی

المعزیف دوای کراوە بە زمانی لاتینی و زۆرێك لە قەشەو راهیبە جولەکەو مەسیحیەکان بەکاری دێنن، لە ئەوروپادا زۆر بڵاوە. ئێستا شیعەکانی ئێران و فارسەکانیش کردویانە بەفارسی، بەتایبەت زەردەشتیەکان بەکاری دێنن لە هیندستان و لە ئێران و لە کوردستانیش چەند کەسێك دەیزانێت، ئەو کەسەی کە کردویەتی لە کەرکوك-ە.

ماکوان: واتا دەبێت بچم بۆ کەرکوك؟

حەزقیل: بەڵێ

ماکوان: بەڕاستی قورسە.

حەزقیل: دەشێت سەسیل و هاوکارەکانی بێنەوە بۆلات، ئەو دیاریەی کە پێم دابوویت یەکەم جار هەڵیگرە با پێت بێت. ئیتر ئەوان ناتوانن بینە ناو لاشەتەوە، بەڵام دەتوانن بتبین و بێنە لات. لە زیکرو وویردو قورئان خوێند بەردەوام بە تا سیحرەکە بەتاڵ دەکەینەوە بە پشتیوانی خوا پەروەردگار.

ماکوان: جا حەزقیلی برام ئەو دیاریەی تۆ ئەوەندە گرنگە کە هەڵیبگرم، قورئانو سوننەت گەورە ترە، هەست دەکەم ئەگەر ئەوە هەڵبگرم ببێتە شرك.

حەزقیل: نا ماکوانی برام نابێتە شرك، چونکە تۆ پشتیوانت بە خوایە موتعالە، چۆن کەسێك ئەنفلۆنزا دەگرێت حەبێك دەخوات یان سەرئێشەیەك دەگرێت دەرزیەك ئەدا لە خۆی، ئایا دەرمان دەبێتە شرك؟

ماکوان: نا ئەگەر وەك وەسیلە بەکار بێت ئاساییە.

حەزقیل: ئەوەی کە من داومە پێت ئەو جۆرەیە کە هیچ ڤایرۆسێکی سیحرو جنۆکەی سیحربازەکان نایەن بەلای ئەو دیاریەی منداو لێی دەترسن، چونکە توشی جۆرە دەردێکیان دەکات لە ناو ئێوەی مرۆڤدا نییە، گەڕو گولیان دەکات و دەیان دەپۆکێنێتەوە و دەیانسوتێنێت.

ماکوان: ئەی تۆی چۆن نەسوتاند مەگەر تۆ جنۆکە نیت حەزقیلی برام.

حەزقیل: من هەڵمنەگرتوە، بەڵکو کاتی خۆی من زانیاریم دایتێ وەك دیاریەك پێم ووتی و پێشم وتی بۆچی باشە. عەلی یەمەنیش بۆی باسکردی بیرتە؟ ئەوکاتە هەمان پرسیارت کرد لە عەلی یەمەنی، ئەویش وەڵامی دایتەوە ووتی: ئەوە زانیاریە ئەوان داویانە بە ئێمە دژی خۆیانە، بەڵام موسوڵمانەکانی بۆ پاراستین ئێمە ئەمان دەنێ بۆ ئەوەی دوربین لە خراپەی شەیتانە جنۆکەکەنان

ماکوان: باشە برا خوا پاداشتان بداتەوە، ئێستا چی بکەین؟

کەوام ووت دەموچاوی حەزقیل تێك چوو نەما وەك تەشویشی تەلەفزیۆنی لێهات و دیار

ئەما، منیش ترسـام رامکرد دیاریەکەی ئەوم خسـتە گیرفانم، لەترساندا دەرم هێناو خستمە ناو دەستم توند گوشیم. هەستم دەکرد کە سەسیل و حەزقیل لە شەڕدان.

ئەوەندەم زانی سەسـیل بە ناشرینی خۆی دەرکەوتەوە ووتی: ماکوان کارێکت بەسەر دێنم لەم نەرویجەدا سجن بکرێت و نەڕۆیتەوە لە ژیانتا بۆ کوردستان.

ماکوان: منیش توڕە بووم ووتم دە کەرە کەر چیت لەدەست دێت بڕۆ بیکە، مادەم هەڕەشە دەکەیت تۆش فشە دەرچویت، لەدڵی خۆمدا وام دانابوو جنسیەکەم ئەباتو ئەیشارێتەوە.

مانگێـک بـەر ئەو ڕوداوانەدا تێپەڕی و بەردەوام بووم لە ژیانی ئاسـایی خۆم هیچ ڕووی نەدا نە حەزقیل نە سەسـیل دەنگیان نەبوو، شەوێك لە کار گەڕامەوە سەسیل لەسەر سوچی کۆڵەنەکەماندا وەسـتابوو، منیش سـەیارەم پێبوو خێرامکرد وویستیم لێبدەم کەچی هاتە ناو سەیارەکەم ئەو هیچ پوچە خەریك بوو دڵم بوەستێت.

سەسیل: ئەم شەو وەعدەکەی خۆم دەبەمە سەر ناهێڵم لەم وڵاتەدا دەرچیت.

خێرا ئایتە لکورسیم خوێندو بەدەم زیکرەوە چوومەماڵەوە، وەك ڕۆژانی ئاسای دەستنوێژم گرت نوێژم کرد و نانم خوارد و خەوتم.

کاتژمێـر ٥:٣٠ی بەیانـی لـەدەرگای ماڵمـان درا، منیش وامزانی دراوسـێکەمانە، کەچی بەدەنگ ی بەرز ووتی بیکەرەوە ئێمە موخابەراتی نەرویجین ئەگەر نەیکەیتەوە دەیشـکێنین دەرگاکە، تا پێنج چرکە دەژمێرین.

دەستگیرکردنم لەلایەن موخابەراتەوە

دوای ئـەوەی لـە دەرگا دراو دەرگام کـردەوە، ووتیان ئێمە موخابەراتـی نەرویجین و بە فەرمانـی حوکومەتـی ئیتالی دەسـتگیرت دەکەین، چونکە تۆ لە دوای مەلا کرێکار کەسێکی سـەنترالی لە ڕێکخراوەکەی مەلا کرێکاردا. واتا کەسـی دووەمم لە ڕێکخراوەکەیدا، وویستومە کاری تەقینەوە لە وڵاتی ئیتالیادا بکەم.

لەبەردەمـی دەرگاکـەدا کەلەبچە کرام هیچ دەسـەڵاتێکم نەبوو، بەپەلە چەند کەسێك چوونە ژوورەوە، تەنها مەجالی ئەوەیان دام کە خۆم بگۆڕم و هەموو شـتەکانیان لە گیرفانم دەرهێناو سواری سەیارەیەك کرام بە کەلەبچەکراوی بردمیان بەرەوە ئۆسلۆ.

منیش دەسـتم کرد بە نوێژی بەیانی لەناو سـەیارەکەدا. ووتم کارەکـەم ئاگادار بکەنەوە کـە من لەگـەڵ ئێـوەدام ووتیان ئەو کارەت بـۆ دەکەیـن، دوای یەك کاتژمێـر چووینە ناو فەرمانگـەی مەرکـەزی پۆلیـس لـە ئۆسـلۆ، بردمیانـە ژورێك و یەکسـەر زیندانـی کرام. زیندانکـە ٢ مەتـر بە ٢ مەتر بوو تا چەند کاتژمێرێك وازیـان لێهنام و دوای ئەوە دەرگایان کردەوە لێم و بردیانم بۆ پشکنینی دی ئێن ئەی.

دوای تـەواو بـوون، گەڕامـەوە بۆ زیندانـە ئینفرادیەکەم. ژورە کە تەنها سـەکۆیەك و دۆشەکێکی زەردی چەرمی چڵکنی تێدابوو، دوای ئەوە ووتیان خۆت ئامادەکە بۆ لێکۆڵینەوە.

لـەدوای ئـەوەی هەمان ڕۆژ بردیانـم بۆ لێکۆڵینـەوە لەگەڵ موخابەراتدا ئەم پرسـیارە سەخیفانەم لێکرا.

- ساڵی ١٩٩٩ چۆن هاتوویت بۆ نەرویج؟

وەڵامم داوە.

- ناوی خۆت و خێزان و منداڵ و ئیشوکارت چییە؟

وەڵامم داوە.

- ئایـا ڕێگەمـان پێئەدەیـت بچینە ناو تەلەفون و پاڵتاك و فەیسـبوك و ئیمەیلو شـتە تایبەتەکانت؟

وەڵامم داوە بۆ هەمووی ئازادن و ئەوەیشـی ئێوە نایزانن و ناوتان نەبردوە نەوانیشـمدانێ لە ڤایبەرو سکایپ هەرچی ترم هەبوو.

- پەیوەندی من بە مامۆستا کرێکارەوە چی بووە؟

وەڵامــم دانــاوە کە لەگــەڵ جەنابیان پەیوەندیەکــی توندو تۆڵ و برایانەو ئیســلامیانەو خۆشەویستیانەم هەبوو زیاتر من بۆ کاری رۆژنامەوانی و ئاینی سودم لەوپیاوە وەرگرتووە.

- ئایا من لە ڕێکخراوەکەیدا بوونم هەبوو بەناوی ڕەوتی شاخ؟

لە وەڵامدا ئەوەم پێڕاگەیاندن بە ڕاشــکاوانە ئەوەندەی کە من مامۆســتام ناسیوە خاوەنی هیچ ڕێکخراوو دەستەو گروپێك نەبووە، ماوەی چەند ساڵێك دەبێت من دوور کەوتومەتەوە بە هەندێك هۆکاری تایبەتی لەو پیاوە، ئیتر لەوماوەیەدا نازانم هیچ ڕێکخراوێکی دروستکردبێت ئەویش موستەحیلە چونکە هەر لە زینداندا بووە.

- ئایا تۆ لەنەرویجدا شەریعەت و خیلافەت دادەمەزرێنیت؟

لەوەڵامدا ووتم: نەرویج وڵاتی موسوڵمانان نییە تا من خیلافەت و شەریعەتی تێدا بەرپا بکەم، ئەوە خەڵکی وڵات و هەڵیدەبژێرن نەك من بڕیار بدەم.

- هەندێك پرســیاری تر لەوەی چەند کتێبم نووســیوە و باس لە چی دەکەن و کتێبەکان ناویــان چییــەو ڕێکخراوەکــەی خۆم بەنــاوی بزاڤ کارمــان چییە و گۆڤاری بــزاڤ و..هتد هەمــوو لێکۆڵینەوەکــەی من دوو لاپــەڕەی پڕنەکردەوە و هەموو بە کۆی گشــتی کاتژمێرێك لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کراوە.

دوایــی هێنایانمــەوە بــۆ زیندان هەموو ئەو چەنــد هەفتەیە من لەزیندانــدا بووم ئەمە لێکۆڵینەوەکەم بووە. ئیتر لەدوای ئەم لێکۆڵینەوە کەس قســەی لە من نەپرسییەوە نزیکەی ٤٠ شەو لە زیندانی ئینفرادی دا بووم هیچ کەس بۆی نەبوو قسەم لەگەڵ بکات و بمبینێت، تەنها دوو جــار نەبێــت جارێك خێزانم کە موخابەرات لەگەڵماندا دانیشــتوە بۆ ماوەی کاتژمێرێك بینیومە و جارێکیش منداڵەکانم بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بەهەمانشێوە موخابەرات لەگەڵماندا دانیشتوە بۆ خۆشی فیکلانکۆم دەکرد لەگەڵ دو کچەکەمدا هیچکام لە موتەرجمەکان نەیانتوانی فیکلانکۆ بکەنە نەرویجی.

حوکمــی حاکمێکی بەهێــزی نەرویجی کە پارێزەرەکەی موخابەراتی ئیجراج کرد لەســەر ناردنی من بۆ ئیتالیا و پێشلکاری سەروەری وڵاتی نەرویج.

لــەدوای ئــەوەی کە بــەردەوام لەماوەیەی ئــەو رۆژەی کە دەســتگیر کرابــووم بەردەوام لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کرا، مەبەســتم لێکۆڵینەوەی گفتوگۆ نییە بە تەنها بەڵکو بە پشــکنینی پزیشــکی و گفتوگۆو هەندیك رۆتیناتی تر، هەرخۆشــیان پارێزەرێکیان بۆ دۆزیمەوە، خۆشــی

لەوەدا بوو لەکاتی لێکۆڵینەوەی موخابەراتی نەرویجی پارێزەرەکەم خەوی لێکەوتبوو.

لەبەرچاوی لێکۆڵەرەوەکەی موخابەرات هەڵمساند لەخەوو ووتم تۆ پارێزەری منیت ئاگات لێم بێت، ووتی باشـــە بەڵام ژوورەکە گەرمە با ئیســـراحەتێك وەرگرین لە دوای خەوی ئەوەوە چوون بۆ ئیسراحەت.

ئـــەو شـــەوە لە زیندانی ئۆســـلۆ لە ژورێکی ئینفرادی ٢بـــە ٢ دا زیندانی کرام و بۆ بەیانی کاتژمێر ١١ بردیانم بۆ زیندانی دادگایی ئۆســـلۆ ئەویش هەر ٢بە٢ بوو لە دەوروبەری کاتژمێر یەك بۆ دوو برامە بەردەم دادوەر.

تـــا ئەو ســـاتە وەختـــەش نەمدەزانی بۆچی گیراوم، بەڵام قســـەکەی سەســـیلم لەبیر بوو دەمزانـــی ئەمە پەنی ئەوانە، تا ئەو ســـاتە وەختە نەمدەزانی ئەو تۆمەتانە چییە رووبەرووم دەبێتەوە. بەهەر حاڵ پارێزەری موخابەرات دەستی کرد بە گفتوگۆ لەسەر من. لەدڵی خۆمدا دەمووت خوایە من چیم کردبێت و چیم رووبەروو بکرێتەوە.

لە دوای ئەوەی پارێزەرەکەی موخابەرات دەستی کرد بە قسە و ووتی: ئێمە تەنها گومانمان هەیە لەسەر ماکوان کەریم.

لەســـەر گومانـــی حوکومەتی ئیتاڵی و دەبێت ماکوان تەســـلیم بە ئیتالیـــا بکرێت. ماکوان هەوڵی داوە و پیلانی گێڕاوە بۆ کاری تیرۆر لە ئیتاڵیادا و بۆیە داوا دەکەین تەسلیم بە ئیتاڵیا بکرێت.

پاشـــان حاکمەکە منی بانگکردو ووتی خۆت بناســـێنە و ئەو تۆماتانە لەسەر تۆیە، چی لە بارەوە دەڵێیت ئەوە موتەرجمیشت بۆ گیراوە؟

ماکوان: جەنابی حاکم من نەرویجیم پێویستم بە موتەرەجم نییە.

ناوی خۆم و زانیاری تەوام دا و ووتم هەمووی قسەی بێمەعنایە و هیچ فرِی بەڕاستیەوە نییە.

حاکم: کەواتە تۆ نەرویجیت؟

ماکوان: بەڵێ

ئیتر لەوێدا وەزعەکە گوڕا لە ســـفرەوە بۆ ١٠٠پلەی ســـەدی، پرسیار کرا لەسەر من ئایا لە نەرویج لەماوەی ١٧ ساڵی ژیانیدا هیچ کێشەیەکی هەبوو لە پۆلیس و موخابەرات؟

وەڵام داریەوە کە من هیچ کێشـــەیەکم نییە لە وڵاتی نەرویجدا هیچکات رووبەروی دادگاو پۆلیس نەکراومەتەوە.

حاکم: نەرویجی هەرگیز تەسـلیم بە وڵاتێکی تر ناکرێت، ئەگەر بەڵگەتان هەیە لەسـەری فەرمون لێرە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و یاخود بەڵگەکانتان بخەنە روو.

پارێزەری موخابەرات؛ تا ئێسـتا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەسـت نەگەیشـتوە لەسەر ماکوان، بەڵام بەڵگە هەیە ئیتالیەکان پەیمانیانداوە بۆمان بنێرن.

لەدڵی خۆمدا ووتم دیارە ئیمەیل و فاکس و بەریدی ئەلکترۆنییەکان بەکار نایەت لە کاری موخابەراتدا، یان سەسیلە خویری بۆی کۆنەکراوەتەوە.

بەهەر حاڵ هیچ بەڵگەیەك نەبوو لەسـەر من کە تۆمەتەکانیان پشـت ڕاسـت بکاتەوە، پارێزەرەکەشم هەڵسا دەستی کرد بە قسە من بڕوام وابوو هیچ نازانێت، بەڵام هەڵساو ئەوەندە قسەی جوانی کرد خەوەکەی لەبەرچاومدا سڕییەوە.

- پارێزەرەکـەم: ئەمانە هیچ بەڵگەیەکیان لەسـەر ماکوان نییـە و ماکوان خاوەن کارە و خـاوەن دوو منداڵـە و ئەگـەر بیهێڵنەوە کارەکەی لەدەسـت ئەدات و پاشـان هیچ بەڵگەیەکی کۆنکرێتی نییە تا فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچێت..

پارێزەرەکەی موخابەرات: بە یاسای ١٧ و ١٨ و (یاسایەکی تریشی ووت لەبیرم نەماوە) ئێمە دەمانەوێت ماکوان دەستگیر بکرێت، چونکە ماکوان کەسێکی سەنتراڵە و ئەگەر بچێتە دەرەوە هەموو بەڵگەکان دەشێوێنێت. واتا لەدوایی ئەوەی بەڵگە نەبوو بەم یاسایە داوایان کرد کە من دەستگیر بکرێم، چونکە من بەڵگەکان دەشێوێنم.

لەسـەر بنەمای قسـەکەی پارێزەرەکەی موخابەرات داوای سـێ هەفتەی زیندانی لە حاکم بۆ کردم..

پارێزەرەکەم دەستی کردەوە بە قسە و ووتی: من هیچ هەنجەتێك نابینم بۆ دەستگیرکردنی ماکوان.

حاکم: پاش کەمێکی تر حوکمەکەم دەردەکەم.

من دیسانەوە کەلەبچەکرام و سواری سەیارەی پۆلیس کرام و لە دوای کاتژمێرێك لێخوڕین گەیشتمە زیندانێك بەناوی ئۆلەشموو، هیچم نەدەزانی دیسانەوە بۆ زیندانی ئینفرادی و نازانم حاکم چیی ووتوە.

ژووری ئـەم زیندانـە نوێیە ٣ بە ٢ بوو مێزو کورسـی و تەلەفزیۆنێکی تێدا بوو، منیش تیفیم کردەوە بێ ئەوەی خەیاڵم لای حوکمەکەم بێت. تەماشـام کرد لە تەلەفزیۆن باسـی من دەکات دەڵێت ئەو کەسەی تەمەنی ٣٨ ساڵە و خاوەن دوومنداڵە دووهەفتە زیندانی بۆ بڕایەوە

لەگەڵیدا کۆنترۆڵ وهیچ کەس بۆی نییە سەردانی بکات و هەموو شتێکی لەژێر کۆنترۆڵدا دەبێت.
بەهەر حاڵ هیچ چارەم نەما و خەم دایگرتم و لەوێدا قوڕگم پڕبوو بوو لە گریان.

نــەك بــۆ خۆم، بەڵکــو بۆ ئەوانەی کــە زیندانن بەناحــەق بۆ ئەوانەی خــاوەن منداڵن. شەوان و ڕۆژانی ناو زیندام چۆن دەبردە سەر لە ئینفرادی چاوەڕێ بووم تا دووهەفتەکە تەواو بوو دیسانەوە خۆم ئامادەکردەوە بۆ ئەوەی بچمەوە بۆ دادگا بزانم لەدوای ئەم دووهەفتەیە لە ئیتالیاوە بەڵگەکان دەنێرن، هیچ کام لە سەسیلو حەزقیلیش دیار نەبوون.

لــەدوای ئــەوەی کە چــوار هەفتەی ترم بۆ نوێ کراییەوە دەســت بەجــێ ئەمجارە داوای تێهەڵچونەوەم کرد (ئیستئناف) دادوەر قبوبڵی کرد، بە پارێزەرەکەمی ووت: ماوەی سێ ڕۆژتان لەبەردەمدایە بۆ تانەدان لە حوکمەکەی ماکوان، پاشان ڕاستەوخۆ بە موخابەراتی ووت: ئەگەر بەڵگەی کۆنکرێتی نەهێنن ئەوا ئیتر ناتوانین لەوە زیاتر ماکوان دەستبەســەر بکەین، چونکە من لەســەر هیچ بەڵگەیەك دەست بەســەرو ڕاگیراو نەکرابووم لە زیندان، بەڵکو تەنها لەسەر قســەی ئیتاڵیا کە نەرویجی ڕاســپاردوە بــەوەی ئەگەر لەدەرەوە بم ئەوا مــن پەیوەندی بەو خەڵکانەوە دەکەم و بەڵگەکان دەشێوێنم. لە کاتێکدا ئەمە قسەیەکی زۆر نامەعقول بوو. ئاخر باشە ئەگەر ئەو خەڵکە گیراون چۆن بەڵگە دەشوێنریت و من چۆن دەتوانم پەیوەندیان پێوە بکەم، بەهەر حاڵ هەســتم دەکرد شــتێکی زۆر نائاســاییە، هەر دەســتی شەیتانی ئینسو جنی تێدایە.

بەردەوام من لە زینداندا بووم لەماوەی دوو هەفتە کتێبێکم نووسی بەناونیشانی (ئاوێتە بوون و خۆڕازاندنەوە بە ســیفاتی پەروەردگار) شــیکاری لەسەر ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە دەکــەم کەچۆن بتوانین لە ڕێگای ســیفاتەکانییەوە خۆمانی پــێ کامڵ بکەین وەك مرۆڤ. بە ١١٦ لاپەڕەی ئەم دیواو دییوو واتا ٢٣٢ لاپەڕە کۆتای هات لە زینداندا، سەرقاڵ بووم بەمەوە.
پاشان کتێبێکی ترم نوسی بە ٥٧ لاپەڕە تەواوم کرد واتا ١١٤ لەپەڕەی ئەم دیواودیو کە باس لەکۆتایی مێژوو دەکەم ڕەخنەیە لەســەر فیکری شارســتانی ڕۆژئاوا بەناوی (کۆتایی مێژوو) فرانسیسۆ فۆکۆیاما.

ســەرقاڵ بــووم بەم نوســینانەوە کاتەکانم دابەش کردبــوو، زۆر بێ مەجــال بووم. کاتم تەرخان کردبوو ڕۆژی دوو جوزء قورئان بخوێنم بەیانیان کاتژمێرێك و چارەکێکم دەویست بۆ جوزئێك شــەوانیش یەك کاتژمێر. ئینجا ســەرقاڵی فەرمودە قودســیەکان بووم و شەرحی ئیمامی نەوەیم لابوو بە شــیکاری شــێخ عوسەیمن لەگەڵ تەفسیرە نایابەکەی سەید قوطب لە

کتێبخانەی زیندانەوە زیاد لە ١٥ کتێبم بۆ هێنرا و دەستم کرد بە خوێندنەوە نوسین.

هەندێك کاتی ترم داناوبوو بە تەماشای تەلەفزیۆن لەوانە کەناڵی کوردساتم هەبوو لەگەڵ کەناڵی پارتی و گەلی کوردستان و کۆمەڵەی ئێران.. لەکەناڵە عەرەبیەکانیش دوبەی دووکەناڵ واتا دراما وسپۆرت و کەناڵی قورئانی کەریم و سکای نیوز.

هەموو شەوێك کاتژمێر ١٠ تەماشای درامایەکم دەکرد لە کوردسات زۆر بەلامەوە خۆش بوو بەناوی سەردەمی شکۆمەندی تا زنجیرەی ٣٠م بینی لە زینداندا. رۆژی ١٨ مانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٥ رۆژی هەینی دەستنوێژم گرت کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بوو ووتم ئەمڕۆ هەینییە نوێژەکەم تەخیر دەکەم بۆ کاتژمێر یەك. هەموو رۆژێك کاتژمێر ١٢:٣٠ بۆ ماوەی یەك کاتژمێر دەیانبردمە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوای پاك. لە ژوورەکەمدا جەرسێك و مایکرۆفۆنێکی تێدابوو لەگەڵ ریسێپشندا قسەم دەکرد، ئەگەر سەرم بێشایە داوای حەبم بکردایە.کاتژمێر ١٢:٣٠ زەنگیان لێدا بووم ووتیان خۆت ئامادەکە دەچیتە دەرەوە، منیش ووتم کاتی نوێژە کاتژمێر ١:١٠ دەچمە دەرەوە.

پۆلیسەکە ووتی: ماکوان مەبەستم ئەوەیە تۆ دەچیتە دەرەوە بە تەواوی هیچت لەسەر نییە و بەڵگەیان لەبەر دەستادا نییە بۆ هیشتنەوەی تۆ. لەراستیشدا من حوکمەکەم ٨ رۆژی ترم ماوە بوو تەواوی بکەم واتا ٢٥مانگی ١٢ ئازاد دەکرام. کەوای ووت لە خۆشیدا سەرمکردە سەر سوجدە ئەو هەر قسەی دەکرد.

دەیووت شتەکانت کۆکەرەوە پاش کەمێکی تر دەچیتە دەرەوە من هەر وەڵام نەدایەوە.

هاتن ئازادیان کردم، بەڵام بۆچی گرتیانم و بۆچی ئازادیان کردم ئێستاش نازانم.

چیم لەسەر بوو هەر نازانم، دوای ئەوەی کە هاتمە دەرەوە لە کەناڵەکانی نەرویجەوە باسیان لەوە دەکرد کەمن هیچ تاوانێکم نەبووە، بەڵکو هیچ بەڵگەشی لەسەر نەبووە کە دەستگیرکراوە نەرویج بڕیاری گرتنی نەداوە، بەڵکو ئیتالیا بووە پاشان بە فەرمانی ئیتالیاش ئازادکراوم.

دوای ئەوەی کەچوومەوە بۆ سەر کارەکەی خۆم ئەوانیش پارەی یەك هەفتەیان لێدزیبووم و دەڵێن بەبێ هۆکار رۆشتتوە و ئیشەکەشم لەدەست دا ئەوەش بەسەرهاتی گرتنەکەمە کە سەسیل هەڕەشەی لێکردم.

لەدوای ئەوەی بێئیش بووم بەدوای کاردا دەگەڕام رۆژێك لەدەرەوە سەسیلم بینی، کە هات بەرەو رووم دەستم دایە بەردێك پیادا بکێشم کەزانی زۆر توڕەم لەبەرچاومدا نەما، رۆژانە

بەدوای کاردا دەگەڕام تا کارێکی ترم دۆزییەوە سوپاس بۆ خوا بەردەوام بووم بەو کارەوە، ئینجا ڕۆژێك حەزقیل-م بینی لەگەڵ کچێکی زۆر جوان لە ناسـك ناسـکتر بوو لە جوانیش جوانتر بوو، لەتاو جوانی ئەو کچە حەزقیلم لەبیر چووە وە. ووتم حەزە گیان ئەمە کێیە؟

حەزقیل: ئەمە حەنانەیە

ماکوان: حەنانە کێییە؟

حەزقیل: خزمی خۆمانە حەز دەکات تۆ بناسێت

ماکوان: حەنانە تۆ خزمی حەزقیلی یان خزمی منی؟

حەنانە: من تەرەفی تۆم تۆ چیت بوێت من ئەوەی تۆم.

ماکوان و حەنانە

تەعاروفمـان لەگەڵ ئافرەتێکی جنۆکەدا کرد لە ڕێگای حەزقیلەوە بەناوی حەنانە، جوانی حەنانە خەیاڵی بوو. پرسیم حەنانە خەڵکی کوێیت؟ بۆ ئەوەی هەندێك موجامەلەی بکەم.

حەنانە: بە پێکەنینەوە من خەڵکی ولاتی ماکوانم. ئەڕێ بەڕاسـت ئێوەی مرۆڤ بۆ وەك خۆتان بیردەکەنەوە سیسـتەمی ژیانی ئێمە وەك ئێـوە نییە، بەتایبەت من و حەزقیل کە لە تایفەی عفریتین.

ماکوان: بۆ ئێوە ولاتان نییە؟

حەنانە: نا، من لە ئاسمانەوە هاتوومەتە ژیان!

ماکوان: خۆم ڕۆ، بۆیە لە تەیارە دەچیت، بە پێکەنینەوە

حەنانە: ماکوان من پێویستە بێمە ناو لاشەی تۆ بۆ ئەوەی هیچ کام لەو جنۆکانەی سەسیل نەیەنە ناو لاشەی تۆ، تا - سیحرەکە بەتاڵ دەکەینەوە.

ماکوان: جا ئەم سیحرە کەی بەتاڵ دەکرێتەوە؟

حەنانـە: ئـەی حەزقیـل پێی نەوتـی دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ کوردسـتان و لـەوێ بەتاڵ بکرێتەوە بەشەکەی تری لە کەرکوکە لەماڵی خەسوی ئەوژنەی کە کێشەکەی بۆ دروستکردی.

ماکوان: روناك خان؟

حەنانە: بەڵێ

ماکوان: حەنانە بۆ من ئاسـاییە، بەم هەموو جوانییەوە ئایا گوناح نییە بێیتە لاشـەمەوە، تـۆ ئافرەتـی. مـن نازانم ئایـا لە ڕووی شـەرعیەوە جائیزە یـان نا دەبێت پرسـیار بکەم.

حەنانە: لەشـــەرعدا شتێك هەیە بەناوی کەمترین زەرەر تۆ ئەبێت بزانیت ئەگەر من نەیەمە لاشەتەوە پارێزگاریت لێنەکەم، ئەوە دڵنیابە سەسیل جنی تر دەنێرێت و ئازارت ئەدەن، بەڵام ئەگەر بزانرێت من لەناو تۆدا نیشتە جێ بووم ئیتر ناتوانن بێن بەتایبەت، من کە مێینەم.

ماکوان: ئاساییە بەڵام تۆ ئەچیتە لاشەی منەوە چی دەکەیت، واتا لەناو لاشەی مندا ئوتێلە خۆشی چییە کە ئێوە دەچنە ناو لاشەمان؟

حەنانە: بۆ ئێمە هیچ خۆشیەکی تێدا نییە، بەڵکو زۆر قورسە و هەموو جنۆکەکان ئەوەیان پێخۆش نییە، تەنها شـــەیتانەکان پێیان خۆشـــە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان توشـــی تاوان بکەن و لە خوا دووریان بخەنەوە.

ماکوان: لەناو ئێوەدا شەیتان هەیە، کە عیفریتن؟

حەنانە: بەڵی شـــەیتان لەناو هەموو تایفە جنۆکەکاندا هەیە، شـــەیتان پۆست و مەنصبە، ئێوە مرۆڤ ناوتان لێناوە شەیتان.

ماکوان: باشـــە من ســـەرم لەوە دەرناچێت لەناو مەســـیحیەت و جولەکە و تەنانەت ئاینی هیندیەکاندا بەهەمان شێوە باسی ئێوە دەکەن و لە لاشەی خەڵکیدا دەری دەهێنن و هەندێکیان بە رۆحی شەڕەنگێز و پیس ناوزەدی دەکەن، ئەی ئەمەیان چییە؟

حەنانە: بڕوا بکە ماکوان هەمووی درۆ و دەلەســـەی خۆیانە و شـــەیتانەکان لەگەڵ ئەواندا تەنها لەسەر بنەمای سیحر و جادو ڕێکەوتون و بەو شێوەیە کار دەکەن، هیچ پەیوەندی نییە بە خواناسی و دەرکردنی جنی لە ناو لاشەی خەڵکیدا لە ڕێگای تەورات و ئینجل..هتد، دەڵێت ئەو کارە دەکەن، بەڵام هیچ نییە هەر قســـەیە و ئەوان بەردەوام لە تاواندان، بۆ ئەوەشـــی کە بینیوتە بەناوی تەورات ئینجیل و هەر ناوێکی تر دەکرێت هەمووی سیحر و جادووە و هیچی تـــر بەکـــوردی خۆتان دیکۆرە. تاکە کاریگەری لەســـەر جنی خراپەکار و شـــەیتان وەك ئێوەی مرۆڤ دەڵێن: قورئانی پیرۆزە.

ماکـــوان: تێمگەیەنـــە لەوەی لەناو لاشـــەی ئێمەدا ئێوە چی کارەن، ئەگەر تۆ لە لاشـــەمدا نەبیت ئەوان چ دەکەن و تۆچی دەکەیت؟

حەنانـــە: باش گوێگرە و بە هاوڕێکانیشـــت بڵێ، مـــن ئامۆژگاریت دەکەم بەوەی ئێمە هیچ توانایەکمان نییە بەســـەر ئێوەدا، ئەوە خۆتانن دەرگای وەسوەســـە بۆ جنۆکەو خراپەکارەکان و شـــەیتان ئاســـاکان دەکەنەوە کە ئەو جۆرە کارە بکەن، دەنا ئێمە هیچ دەسەڵات و توانایەکمان نییە بەسەر ئێوەدا، من وا تەمەنم ٦٧٠ ساڵە!

ماکوان: چی بۆ خاتری خوا ٦٧٠ ساڵ، هەر ئەم ساڵە خۆمان کە حسابی دەکەین؟ بەراستە یان درۆم لەگەڵ دەکەیت؟

حەنانــە: نــا ماکوان درۆت بۆ لەگەڵ دەکەم، سیســتەمی ژیان لای ئێوە زۆر جیاوازترە لە سیستەمی ژیان لای ئێمە.

ماکوان: تۆ زۆر رۆشنبیر دیاریت زانیاری باشت لایە بە ئوسلوب و قسەکردنتدا دیارە، بەس ئەم دەمو چاوە جوانە کە تۆی پێدەبینم وامزانی ساڵی ١٩٩٥ لەدایکبوویت.

حەنانــە: ئاخــر دەبێــت ئــەوە بزانیت ئــەوەی فێربــووم لە ئێــوەی مــرۆڤ فێربووم، هەمــوو قورئانم لەبەرە لەزۆربەی زانســتە ئیســلامییەکان شــارەزام، لە زۆربــەی زانکۆکانی جیهانــدا ئامادەیــم هەبــووە بۆ وەرگرتنی زانیاری، خــۆ لەناو جنۆکە قوتابخانــە و پەیمانگا و زانکــۆ ئــەو دەزگایانە نییە، بەڵکو هەموو لــە ئێوەی مرۆڤەوە فێربوویــن و وەرمانگرتوە. بــڕوا بکــە ماکوان جاهیلترین ئومەتێك لە ســەر ئــەم زەویەدا ئێمەی جنۆکەیــن، بەداخەوە هەندێك لە ئێوەی مرۆڤ زۆر ئێمەتان گەورەکردووە.

ماکوان: چۆن ئێوەمان گەورە کردووە؟

حەنانە: بۆ نمونە خەڵکی کە تووشــی فەشــل دەبن خۆی کەســێکی دۆڕا و فاشــلە دەڵێت سیحرم لێکراوە جن چۆتە لاشەم، زۆر ئافرەتان هەیە دەڵێت جنۆکە لەگەڵمدا خەوتوە، هەموو ئەمانە بۆ پاساو هێنانەوەی فەشەلی ئێوەی مرۆڤە، خۆی زینای کردووە دەینێت بەسەر ئێمەدا.

ماکوان: قسەکانت خۆشە ؛ کەواتە ئەم سیحر و شتانەشی لە من کراوە راست نییە.

حەنانە: با، ڕاســتە بەڵام لە بارســتای خۆی زیاترتان کردووە، بۆ نمونە ئەگەر ٥ کیلۆ بێت ئێوە کردوتانە بە ١٠٠٠کیلۆ!

ماکوان: ئەوەندە جیاوازی هەیە؟

حەنانە: جوان گوێبگرە و تەماشا بکە بزانە، خۆت جیاوازیەکە نابینیت و هەستی پێناکەیت.

ماکوان: ئادەی چۆن تەماشای چی بکەم؟

حەنانە: خوای پەروەردگار لە قورئاندا لە باسی شەیتاندا چی دەفەرموێت؟

ماکوان: زۆری فەرمووە لەوبارەوە نازانم مەبەستت چییە؟

حەنانە: دەزانم بەڵام لەبارەی شــەیتانەوە دەفەرموێت: إن کید الشــیطان کان ضعیفا واتا بەڕاستی پلانی شەیتان زۆر پلانێکی لاوازە!

خوای پەروەردگار بۆ ئێوەی باس دەکات، خۆ بەرانبەر بەخۆی نییە، تا بڵێت پلانی شەیتان

بەرانبەر بە زاتی الله لاواز بێت، شـەیتانەکان هیچیان پێناکرێت بەرامبەر بەخوا، خۆت ئەوە باش دەزانی وایە؟

ماکوان: بەڵێ وایە

حەنانـــە: دەی کەمـــادام وایە ئیتر شـــەیتان هیچـــی پێناکرێت ئێوەی مرۆڤن شـــەیتانتان گەورەکردووە، ئەزانی؟

ماکوان: زیاتر رونی کەرەوە حەنانە-ی بەرێز؟

حەنانـــە: خـــوای گەورە لە قورئانـــدا دەفەرموێـــت: کاتێك مرۆڤەکان پلان دەگێرن شـــاخ دەتوێننێتەوە، ئـــەوە دەقی ئایەتەکەیە: وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ..

واتـــا پـــلان و فێڵی مرۆڤ ئەوەندە بەهێزە شـــاخ دەتوێننێتـــەوە، دەی کەواتە توخوا عەیب نییە بەقسەی خوا ناکەن و خۆتان بەشتی خوارفیاتەوە کە ئێمەی جنۆکە هیچمان بۆ ناکرێت سەرقاڵ کردووە.

ماکوان: ئەمەی تۆ باسی دەکەیت وایە، بەڵام تەماشای سەسیل بکە چەند جارە هەڕەشە لە من دەکات وهەڕەشەکانی دەباتە سەر.

حەنانـــە: وانییە ئەو تەنها ئاگاداری مەلەڤی تۆیە، دەنا ئەو هیچی پێناکرێت، یەك کار کە توانیویەتی بیکات زانیاری پێشوەختی دەست ئەو کەوتوە تۆی ئاگادار کردۆتەوە یان تۆی پێ ترســاندوە. تـــۆش ئـــەوت لا زۆر موهیم بووە، دەنا هیچی پێناکرێت بـــەو بیرکردنەوەی ئێوە بێت، ئێمە جنۆکەو شەیتانەکان یەك مرۆڤمان نەدەهێشت لەسەر زەویدا، کە دادەنیشین لەناو خۆماندا ئێمەی جنۆکە هەزار خۆزگە بە ئێوە دەخوازین و خوا خوامانە کە مرۆڤ بووینایە.

ماکوان: ئەی ئەم هەموو کاریگەری ســیحرە چییە لەســـەر ئێمەی مرۆڤ و سیحر دەکەن و جنۆکانی لای ئێوەش بەشدارن و خەڵك دەبستن و خەڵك دەکەنەوە و نوشتەی رەشی دەکەن و نازانم ئەنواع و ئەشکال شتی قۆڕ و بێمەعنا دەست دەکەوێت لای ئێوەی جنۆکە.

حەنانە: بڕوا بکە ماکوان ئەوە هەموو خۆتانن. ئێوەی مرۆڤن ئەم کارە قۆڕ و بێمەعنایانە دەکـــەن، دوو شـــت زۆر گرنگـــە بیزانیت. یەکەم: کە ئێوە مافی شـــەیتانتان خـــواردوە ئەو لە کەمینداپە بۆ ئێوە. دووەم: لەجیاتی ئەوەی لە کەمینەکە راکەن کەچی هاوکاری دەکەن.

ماکوان: ئاخر چۆن هاوکاری دەکەین؟

حەنانـــە: ئەگـــەر من پێت بڵێم برۆ ناو چاڵێك، پڕە لە ئاڵتون، لەوچاڵە هەنگوینی تێدایە،

پاشـــان چوویـــت و جلەکانت پیس بـــوو لەناو چاڵەکە پڕبوو لەبـــەرد و لەجیاتی هەنگوینیش زێراب بوو، دوای ئەوەی کاهاتیتە دەرەوە هەمووگیانت و گواو قوڕاو بوو خۆت تورە کرد بەسەر منـــدا چووی شـــکاتت لێکردم لای حاکم هەموو باســـەکەت بۆ کرد. حاکـــم دەڵێت کێ بوو وای پێووتی؟ تۆش دەڵێیت حەنانە. دەڵێت: حەنانە کێیە؟ دەڵێیت: جنۆکەیە یان شـــەیتانە. حاکم ناڵێت بیبەن بۆ شێت خانە؟

ماکوان: بەرێ وەڵڵا بە شێتم دەزانێت!

حەنانـــە: کاری جنۆکە شـــەیتانەکانیش ئەوەیە، هەرچیتان پێدەڵێن بەقســـەیان دەکەن و دوایش بەلەعنەتیان دەکەن. ئەوە ئێوەی مرۆڤی خراپەکارن کە دەبێت بەلەعنەت بکرێن، من پاکانـــە ناکەم بۆ شـــەیتان ئەو تەنها بانگتان دەکات ئێـــوەش وەڵامی ئەدەنەوە، خوای گەورەش باسی کردووە لە قورئاندا بەڵام ئێوەی مرۆڤ ئەقڵتان پێناشکێت.

ماکوان: لە کوێ قورئاندا باسکراوە ئەم باسەی تۆ دەیکەیت؟

حەنانـــە: لە ســـورەتی ئیبراهیم خوای گـــەورە دەفەرموێت: وَقَالَ الشَّيْطَـانُ لَمَّا قُضِـيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُـمْ وَعْـدَ الْحَـقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَـا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَـانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُـمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُـونِي وَلُومُـواْ أَنفُسَكُم مَّا أَنَاْ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَـا أَنتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَـرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْـلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٢٢.

(کاتێ هەمووشت تەواو دەبێت بەهەشتیەکان دەچنە بەهەشتەوە و دۆزەخیەکان دەخرێنە دۆزەخەوە) شـــەیتان (بەفەرمانی خوا) دێتە قسە و (ڕوو بە پەیڕەوانی) دەڵێت: بەڕاستی خوا بەڵێنی ڕاست و دروستی پێ ڕاگەیاندبوون منیش بەڵێنی درۆ و نادروستم پێدان و جا توانیم گومڕاتان بکەم و لە ڕێبازی ڕاست وێڵتان بکەم، وە نەبێت من هیچ زۆر و دەسەڵاتێکم بەسەر ئێوەدا هەبووبێت، جگە لەوەی (بەوەسوەســـە وخەتەرە و خەیاڵ) بانگم کردن (بۆ خوانەناسی و تاوان) ئێوەش بەدەممەوە هاتن و بەقســـەتان کردم، ئیتر سەرزەنشـــت و لۆمەی من مەکەن، بەڵکو سەرزەنشـــت و لۆمەی خۆتان بکەن (کە ئاوا گێلانە، بێ بیرکردنەوە بەقســـەتان کردم، ئەمڕۆ) من ناتوانم بەهانا و هاواری ئێوەوە بێم، ئێوەش ناتوانن بە هانا و هاواری منەوە بێن، بێگومان من باوەڕم نەبوو بەوەی کە کاتی خۆی منتان کردبوو بەشەرێك و هاوبەش لە پێشدا، بەڕاستی ئەمڕۆ ستەمکاران سزای زۆر بەئێش دەدرێن.

ماکوان: ڕاستە.

حەنانە: کەواتە ئێوەیە کە خاوەنی ئەقڵێك و ژیریەکی زۆر بەرفراوانن لەماوەیەکی کەمدا

بەدەستی دەهێنن و منیش ماوەی ٢٠٠ ساڵ زیاتر گەڕاوم تا توانیومە ببمە خاوەنی زانست، خۆتان تاوانبارن. بۆیە من ئامۆژگاریت دەکەم ماکوان کەسایەتیەکی بەهێز و بەتوانات هەبێت، کە هەر بوویشتە، رووبەروی ئەو هەموو خورافاتە ببەرەوە کە بەناوی ئێمەوە- ئێوەی مرۆڤ دروستان کردووە پارەی پێ پەیدا دەکەن مافی خەڵکی پێدەخۆن.

ماکوان: قسەکانت زۆر جوان و لۆژیکن، بەڵام پارادۆکس دەبینم لە قسەکانتدا، هەمووی دژ بەیەکە.

حەنانە: لەکوێدا دژ بەیەکە، پێم بڵێ با بۆت روون بکەمەوە.

ماکوان: لەوەی کە دەڵێیت ئێوەی مرۆڤ بەهێزن و جنۆکە لاوازە، کەچی سیحر لە من کراوە دەبێت بچم بەتاڵی بکەمەوە. ئەمە توانا و هێزی ئێوە دەرناخات، یاخود ئەگەر ئێوە نەبن من چۆن بمزانیایە کە ئەم سیحرەم لێکراوە، ئەی ئەو سەسیلە خوێڕییە ئەوەنییە لێم بووە بە سیکۆتین لێم نابێتەوە.

حەنانە: ئاخر خەتای خۆت بووە بۆ سیحرەکە، خۆت توانات نەبوو بەتاڵی بکەیتەوە وەك ڤایرۆس توشیان کردوویت، ئەوە خۆت تاوان باریت. ئەی پێشتر بۆ وانەبویت؟

ماکوان: ئەی لەلاشەی مندا چی دەکەیت تۆ واچوویتە ناوی؟

حەنانە: تۆ بلیت ببرە بگەڕێرەوە بۆ کەرکوك لەوێ قسە دەکەینەوە یەکتر دەبینین ئێستا من دەڕۆم و تۆش بڕۆ بۆ سەر کارەکەت، ئەم حیوارە بەدەم ڕێگاوە بۆ کار روویدا.

بەقسەم کردن دەستم کرد بە کڕینی بلیت بۆ کوردستان و دوای گیرانەکەم بە ٣ مانگ بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و سەردانی کەسوکاریش بکەم، بلیتم بڕی بۆ کوردستان لەڕێگای ستۆکۆڵم سلێمانی.

ڕۆژێك سەسیلم بینی لەدوورەوە ووتی نایەڵم بڕۆیتەوە، ئیتر دیار نەما، منیش هیچ گوێم پێنەدا.

لە ئۆسلۆوە سواری فرۆکە بووم بۆ ستۆکۆڵم و دابەزیم لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئایرلاندا سوید چاوەڕێ فرۆکەی ستۆکۆڵم سلێمانیم دەکرد، کەچوومە ناو گێتەکەی خۆم واتا شوێنی وەستانی فرۆکەکە پشکنین کراینەوە بۆ جاری دووەم تەنها بۆ پاسپۆرت بۆ ئەو فرۆکانەی کە دەچنە دەرەوەی ئەوروپا پێویستە جارێکی تر پاسپۆرت نیشان بدرێتەوە، نیشانمدا و کەوتنە قسەکردن لەگەڵ هاوڕێ پۆلیسەکانیاندا و هەندێك تەماشای کۆمپیتەریان کرد و نەوەندەم زانی دوو پۆلیسی سویدی هاتن کەلەبچەیان کردم.

فرۆکەکەشم نیو کاتژمێری ماوە بۆ فڕین، دەستگیرکرام و بردیانم بۆ زیندان.

لە زیندانی فرۆکەخانەوە بۆ زیندانی ستۆکهۆڵم

لــە دوای ئەوەی کە بردیانمە ژووری پشـکنین لە فرۆکــە خانە، ووتیان لێرە چاوەڕێ بکە دوای نیو کاتژمێر ژنێکی پۆلیس هات بۆلام ووتی: ماکوان تۆ ناتوانیت ســەفەر بکەیت، ئێمە ڕادەستی ئیتالیا-ت دەکەین و پۆلیسی ئەنتەرپول داوات دەکات.

کــەوای ووت زۆرم پێناخــۆش بــوو، بــەڵام ڕاســتەوخۆ ســەرم کــردە ســەر ســوجدە و سوپاســی پــەروەردگارم کــرد. ئافرەتەکــە بەجێــی هێشــتم منیش لــە جێــگای خۆمدا لە ژوورەکــەدا دانیشــتمەوە، تەلەفونم بەدەســتەوە بوو مامۆســتا عەبدوڕەحمــان محمد عارف لەســەر خــەت بوو لە فەیسـبووک، ووتم: کاکە کــوڕو هەموو چالاکیەکانم هەڵەوەشــینەرەوە مــن گیرام و ڕادەســتی ئیتالیــا دەکرێم، دوای ئــەوە خێزانم ئاگادار کردەوە کــە من ناتوانم بەگەڕێمــەوە، خێزانــم و منداڵــەکان هەفتەیــەك پێــش مــن گەڕابوونــەوە کوردســتان. هەر لەدوای ئەوە بە تەلەفون کوڕێکی برادەری خۆمم ئاگادار کردەوە لە نەرویج کە گیراوم و پارێزەرەکەم ئاگادار بکاتەوە.

چــارم نەمــا خــۆم ئامــادە کــرد بــۆ ئــەوەی ڕادەســتی ئیتالیــا بکرێــم، ئــەو شــەوە لــە زیندانــی فرۆکــە خانــە مامــەوە بــۆ بەیانــی هێنایانمــەوە بــۆ زیندانــی ســتۆکۆڵم. سەرئێشــەیەکی زۆر قورســم بۆ هاتەوە، داوام کرد لە پۆلیســەکانی زیندان کە حەبێکی ســەر ئێشــەم بۆ بهێنن، پۆلیســێکی هەتا بڵێی خوێڕی حەبەکەی بۆ هێنام و فڕیدایە سەر زەویەکە بۆم، واتا لە کونی پەنجەرەی دەرگاکەوە نەیدایە دەستم فڕێیدایە سەر زەویەکە.

منیش بەهەرچیان هەیە هاتمە خوارەوە بە هەموو پۆلیس و سوید و مەلیکەکەشیان ئەوەشی کە لەو دەزگای پۆلیســە کار دەکات. ئەوەندەش سەرئێشــەکەم توند بوو دامی بەسەر زەویدا و تا ماوەیەك بێهۆش کەوتم، ئەو شــەوە مامەوە لەزیندانی ســتۆکۆڵم و بۆ بەیانی باشتر بووم، نەمدەزانی کاتژمێر چەندە بانگی پۆلیسەکانم کرد ووتم دوێنی یەکێك لە ئێوە ئەو کارەی کردووە، کە وام ووت یەکێکیان گوێی لێبوو ووتی داوای لێبوردن دەکەین کارێکی زۆر نەشیاوی کردووە. پاشان ووتم دەمەوێت کاتی نوێژەکان بزانم من نازانم کاتژمێر چەندە من موسوڵمانم دەمەوێت نوێژ بکەم تکایە کاتەکانم پێبڵێن بۆ ئەوەی کاتی نوێژەکان بدۆزمەوە.

کەسێکی لێبوو لــە بنەڕەتدا عەرەب بوو ناوی عەلوش بووکارمەندی ئەو دەزگا پۆلیســ

سـویدیه بوو، کەوام ووت بەتانییەکی زیادەی بۆ هێنام و خواردنی بۆ هێنام و فەلافلی هێناو هەندێك شـەربەت و سـاردی و نانی هێناو ووتی بیخۆ هەرچی پێویسـت بوو ئەمڕۆ منی لێم بۆت دێنم.

ووتم حەبی سەرئیشـەم بۆ بهێنە زۆر سـەرم دێشـێت. خوا هەڵناگرێت هەرچیم داواکرد هەمـووی کـرد، کاتی نوێژی عەسـربوو خاولیەکم کردە بەرماڵ و چوومـە ناو نوێژەوە زۆر دڵم پڕبوو، دڵ پڕبوونەکەشـم لەبەر ئەوە نەبوو کەبترسـم، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە هیچم نەکـردووە و ئیتالیـام نەدیوە نەچومەتـە ناوی لەو ماوەیەی کە لەنەرویجـدا ژیانم کردووە. زوڵمیکی زۆر گەورەبوو لێمدەکرا، بەبی هیچ شـتێك تەسـلیم بە ئیتالیا بکرێم، خەمی هیچم نەبـوو دەمزانـی لەوێش بێت هەر ئازاد دەبم، بـەڵام بەزەیم بە ئانا و لیندا دەهاتەوە منداڵن و پێویسـتیان بە باوکە لە ئەوروپا کەسـوکار زۆرکەمە، وەك کوردسـتان نییە تا پور هەبێت نزیك بیتو مام و خاڵ هەموو لەیەك شار بن، تۆزێك خەفەتی ئەوەم دەخوارد دەنا هیچ شتێك بەخەیاڵی ماکوان-دا نەدەهات وە هەر سوپاسگوزاری خوای پەروەردگار بووم.

لەنوێژەکـەدا بیری ئاناو لین-م کەوتەوە کە لە کوردسـتان چاوەڕێـی ئەوەیان دەکرد من بەگەڕێمـەوە و قوڕگم پڕبوو لەگریان، هەرچۆن بوو نوێژم تەواو کرد بە گریانو هەنسـکەوە. کـە تـەواو بووم ئاناو لین-م لە بیرچووەوە، گریانم بۆ منداڵی بێ باوك و زیندانیانی مەزڵومی ئەم جیهانی ئیسـلامیە دەڕشـت، بیرم لەوە دەکردەوە چەندە موسوڵمان بەبێ تاوان و تۆمەتو سـیناریۆی بۆ دروسـتکراوە منداڵەکانی بێنازن، ئاخۆ چەندە منداڵی لارە ملی بێباوك، دایکی بەڕووی سورەوە پارەی پێنییە ئێوارە خوانێکیان بۆ بڕازێنیتەوە.

جا وا رازاندیەوە بۆ منداڵەکان بەبێ باوك تامی چییە، چەندە ئافرەتی بەڕێزی موحاجەبەی بێناز هاوسـەرەکانیان لە زیندان خزێنراون کەس نییە خۆشەویستیان بۆ دەربڕێت، بیری زۆر شـتی ترم دەکـردەوە لەوەی کە زیندانییـەکان چەندە مەوزلومن وهیچ دەسـەڵاتێکیان نییە، هـاوارم دەکـرد خودایە فریایان کـەوە بەدەنگی بەرز هاوارم دەکرد خوا گیـان فریایان کەوە. دیمەنـی خەڵکـەم دەهاتەوە بەرچاو زیندانەکەی خۆم لە چاو خەڵکی مەزڵومی تردا لێبووبوو بە هوتێلی پێنج ئەستێرە، لە تاو ئەوان خۆمم بیر چوو بووەوە. دەمزانی مام و خاڵ و پوریان و نەکیـان زۆرە سـوپاس بۆ خوا منداڵی من کێشـەی نییە و یەك لە پـارەش ناکەوێت، بەڵام خۆم ئازارەکەم چەشـت، بەزەیم بە خەڵکی تردا دەهاتەوە، بۆیە چەندجار هاوارم کرد خوایە گیان فریایان کەوە.

لەدەرگاکەم درا عەلوش هات ووتی ماکوان ئەو دەنگە دەنگەت لەچیە؟

ماکوان: کاکە ئازادم قابیلە دەنگی مۆسیقام دابێتی و شوقەکانی دراوسێم ئیزعاج کردبێت، دوعا دەکەم، دوعاش قەدەغەیە؟

عەلوش: نا هەر ووتم پێت بڵێم دوعا زۆر مەکە ئازادبووی!

وامزانی پێم رادەبوێرێت، ووتم عەلوش من دەنێرێم بۆ ئیتالیا ئازادی چی، ئەوە چاوەڕێم لەوێ دادگای بکرێم من پۆلیسی ئەنتەرپول داوام دەکات.

عەلـوش: ماکـوان من هیــچ نازانم ئاگادارکراومەتــەوە کە تۆ ئازادی ئــەوە کاتژمێر ٢:٤٥ دەقیقەیە فەرموو برۆ دەرەوە، جێگای تۆمان نەماوە لەم زیندانەدا.

ماکوان: باشە جلەکانم لەکوێیە کوا جەنتاو شتەکانم؟

عەلوش: هەمووی پارێزراوە ئەوەتا برۆ بیانبە.

چوومە دەرەوەی زیندانەکەو لە رێسێپشنەکە پۆلیسێك هات ووتی: ببورە ماکوان دەتوانیت برۆیت سەفەرەکەت بکەیت.

کەوای ووت زۆر تووڕە بووم، ووتم من بە فڕۆکە دەڕۆم نەك بە پاس فڕۆکەکەم دوو ڕۆژە فڕیوە.

دەستی کرد بە پێکەنین ووتی ببورە هەڵە بووم.

ماکوان: باشە کاغەزێك شتێکم بدەنێ کە من گیراوم لای ئێوە.

پۆلیس: ببورە هیچمان نییە بتدەینێ.

ماکوان: ئەی نازانیت من بلیتەکەم فەوتاوە، کێ قەرەبووی دەکاتەوە؟

پۆلیس: برۆ بۆ سۆسیال هاوکاریت دەکەن

ماکوان: پێویستم نییە سوپاس بۆ خوا گیرفانم پڕە لەپارە، رۆشتمە دەرەوە.

فەیســبووکەکەم کردەوە تەلەفونم کرد بۆ کوڕێکی شارەزوری بەناوی کاك عادل برای کاکە حمەی حاجی ســابیر بوو کاکەی پێشــمەرگە بوون لەگەڵ باوکمدا، خوا هەڵناگرێت خێرا هات بەشــوێنمدا چووینــەوە بۆ ماڵی ئــەوان و دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ نەرویج بە شــەمەندۆفیر چومەوە بۆ ماڵی خۆمان.

ئــەی خوای پەروەدگار چەنــدە دڵ تەنگ بووم ئەو رۆژانە، مانگی ٣ ی ســەرەتای بەهارە بەتەنها لەماڵم کەسی لێنییە بیری ماڵو منداڵ و چیشتو نانێکی گەرمو خۆش دەکەم. ئەوانیش تەلەفونم بۆ دەکەن هەموو دەڵێن خۆشــحاڵین مادام تۆ ئازادیت وا ئێمەش دەگەڕێینەوە، نەم

هێشت بگەڕێنەوە.

ووتـم ئیسـراحەتی خۆتان وەربگرن مـاوەی مانگێك مۆڵەتمان وەرگرتبـوو ماڵو منداڵ لەکوردستان مانەوە منیش بەتەنها لە نەرویج بووم.

بەتەلەفون لەگەڵ خێزانم قسـەم دەکرد: ئەوەندەم زانی گوێم لەدەنگی خشـە خشـی پێ خەڵکی بوو لەسەر قادرمەکانی ماڵی خۆمان، بەخێزانم ووت بێدەنگ بە بزانم ئەودەنگە دەنگە چییە، هەڵسـام رووە پلیکانەکان رۆشتم لەپڕ - حەنانە- م بینی.. هاوارم کرد حەنانە چۆنی یاخوا بەخێر بیت.

خـوا حافیزیمان کـرد لەگەڵ خێزانم، ووتـم حەنانە خاتون بفەرموو وەرە سـەرەوە کە تەماشام کرد لە ژوورەوە دانیشتوە ئەو چاوەڕێی من دەکات

حەنانە: زۆر خەفەتت خوارد ماکوان وابوو؟

ماکوان: بەڵێ وابوو چار نییە، ئەو سەسـیلە خوێریە ناخۆشـی کردووە، خۆ بەردەستیشم ناکەوێت ئەو هیچو پوچە.

حەنانە: ماکوان قسەی پێ مەڵێ ئەڵێی چی بانگی بکەم، بێ بۆلامان؟

ماکوان: ئەترسـم ئەو حەزقیل-ە بێ قیمەتە مورتەد بوبێتەوە و تۆش جاسوسـبیت لەگە سەسیل؟

حەنانە: ئەی بۆ پێچەوانەکەی راست نەبێت و سەسیل موسوڵمان و باش بووبێت؟

ماکوان: یاخوا وابێت — جا وایە؟

حەنانە: یەك داوات لێدەکەم ماکوان ئەو دیاریەی حەزقیل لابە لە گیرفانتدا.

ماکوان: وەڵڵا لای نابەم، دوای فیڵ بکەن و ئەو سـاگبابە بێتە لاشـەمەوە چی بکەم یەشتا کاریگەری سیحرەکەی لەسەرم ماوە.

حەنانە: لایبە من وەعدت ئەدەمێ هیچ روونادات و سـودی دەبێت سەسـیل داوای کردووە قسەمان لەگەڵ بکات.

ماکوان: ئەی حەزقیل لەکوێیە؟ با ئەویش بێت.

حەنانە: ئاخر دەبێت بڕۆم بەشوێنیدا بانگی بکەم.

ماکوان: دەی بڕۆ ئیشت چییە؟

حەنانە دیار نەما، منیش هەڵسام چایەك و نانێك دروست بکەم ئەوەندەم بسکیت و زەیتون و نانی رەق خواردبوو زۆر ئیشتهای گۆشت و برنج و مریشکم دەکرد، تەبیعەتم وایە وە تیمساح

وایە هیوایەتم گۆشــتە. چووم گۆشــت دەربهێنم و نانێك دروست بکەم ئاورِم داوە حەزقیل و حەنانە هەردووکیان لەدوامەوەن، بەڵام کە بینیمن زۆر ترسام چووم بە ئاسماندا.

تــورِە بــووم لێیان ووتم: کۆکەیەك، هاوارێك -یا الله- شــتێك بکەن وبڵێن جاخۆ خەریك بوو گیانم دەرچێت.

ووتیان ماکوان مریشــك دەربهێنەو ئێمەش لەگەڵت دەخۆین. ووتم باشــە بەسەر چاو یەك مریشکم دەرهێنا وازم لێهێنا بۆ ئەوەی بیکاتەوە دوای دەست بکەم بە پاکردنی. هاتم دانیشتم لایانــدا رووم کــردە حەزقیل ووتم بەخــوا عەبدورِەحمانی برام گومانــم پەیدا کردووە لێتان حەنانە دەڵێت: سەســیل دێت بۆ ئێرەو قســەمان لەگەڵ دەکات، حەزەی برام فیڵ و شــتم لێ مەکە دوای تورە دەبم ئەژداوتان ئەسوتێنم!

دەســتی کرد بە پێکەنەن حەزقیل ووتی داوای کردووە لە حەنانە قســەمان لەگەڵدا بکات، نازانین چی دەوێت خۆ نامان خوا با قسەمان لەگەڵ بکات.

ماکوان: ئاخر دڵنیان شتی قۆڕ ناکات؟

حەزقیل: دڵنیابە..

ماکوان: تورە بووم ؛ ئەرێ کاکە ئێوە ئیش و کارتان نییە هەر بەدوای منەوەن.. کاکە برِۆن بۆلای مەلا عەلی کەڵەك ئەو ئیشی پێتانە، بۆ بە کافرو موسوڵمانتانەوە لەمنتان پێچاوە؟

حەزقیل: بە پێکەنینەوە دەی باشە وا ئێمەش رۆشتین ئەوان وازت لێناهێنن.

ماکوان: راست دەکەیت، بەس کاکە ئێوە زۆر سەیرن.

حەزقیــل: یەك شــت هەیە بیزانە ماکوان ئێمە یەکتــر ناکوژین وەك ئێوە دوات لێدەکەم ئەوەی کە داومە بەتۆ لایبە با لەگیرفانتا نەبێت.

ماکوان: بەمەرجێك کە ١٠٠ دانەی ترم بۆ بهێنیت لەهەموو رەنگەکانی باشــە، چۆن یەك ناکوژن ئەی بیرتە ووتیان تۆیان کوشتوە؟

حەزقیل: ئەی بیرتە درۆ دەرچوو ئەوە منم لەگەڵتا و بۆ دیاریەکەشت ئاخر زۆرە بەخوا ماکوان دەستم ناکەوێت.

ماکوان: حەزەی برام تۆ و حەنانە خۆتان پەیدای بکەن لەوانەیە گەلابەیەك بهێنە دەرەوە بۆم بێنەو لای دەبەم.

حەزقیل: وەعد نادەم بەڵام هەرچیم دەست کەوت بۆت دێنم پەیمان بێت.

ماکوان: باشــە ئەوە لای دەبەم.. لامبرد و خســتمە ناو قابێك لە ناو چێشتخانەکەماندا، کە

ئاورم داوە بینیم حەنانە خەریکی پاك کردنو چاکردنی مریشـکەکەیە. مریشکی بۆ چاکردم و هەتا توانی هەرچی بیبەری توونمان هەبوو پێوەی کرد، هاوارم کرد بۆ خاتری خوا - حەنانە ئەوە چی دەکەیت ئەتەوێت بمان کوژیت ئەو مریشکە جوانە بۆ والێدەکەیت.

حەنانە: تۆ ئیلاقەت نەبێت، ئەی هەنگوینتان هەیە.

ماکـوان: ئـا هەمانــە - ئەوە لەوێــدا هەیە هەنگوین، چــی هەنگوین هەبوو ســوویی لە مریشــکەکە و بە تەماتەو پیازو ســیر و هەرچی تەرتیباتە بەدەســت کردیــە ناوەوە - خنی بەناو مریشکەکەدا هەندێك ئاردی دەرێناو پژاندی بەسەر مریشکەکەدا و خوێی بەسەردا کردو خستیە ناو فرنەکە داوای لەمن کرد بۆی داگرسێنم و بۆم دایگیرساند.

منیــش ووتــم با برنجێکی بۆ لێبنێــم تا ئەو لەفرندا ئەبرژێــت، برنجەکەش پێدەگات و چووم قابلەمە بهێنم، تەماشــای ژووری دانیشــتنەکەم کرد سەسیل دانیشتووە لەگەڵ حەنانە! لەدڵی خۆمدا ووتم خۆم ڕۆ ماڵەکمان بووە بە گەراجی جنۆکە..

منیش وویســتم مەجلیســەکە تێك بدەم لەگەڵیشیا ئەترسم، ووتم ئەوە سەسیلی باوەحیز، بۆ وا لەمن دەکەیت؟

حەنانە: ماکوان تۆ پەیمانت دا کە قسە بکەین نەك قسەی ناخۆش.

ماکوان: باشــە بزانم چی دەوێت؟ ئەرێ باشە کەســتان دەست ناکەویت لەم سەرزەویە من نەبێت، سەسیل ئاخر ئەوە راستە کە دەیکەن بەرانبەر بە من؟

سەســیل: ماکوان خێزانت تەلەفونت بۆ دەکات، هەواڵێکی خۆشــی پێیە بزانە دەڵێت چی! هەر وای ووتو خێزانم تەلەفوونی کرد.

بــاران: ماکــوان ئەو رۆژەی کە گیرابوویــت پەیوەندیم کرد بە ســەفارەتی نەرویجەوە لە سویدو پاشان بە موخابەراتی سوید، ووتیان ئێمە هیچ نازانین.

ماکوان: ئەزانم بۆت باس کردم.

باران: ئێستا موخابەراتی نەرویجی تەلەفونیان بۆ ژمارەکەی نەرویجم کردووە، هەڵمگرت لێپرســراوی ئەو بەشــەی تۆ بوو، ووتی ئیتالیا ووتویەتی ئێمە ماکوانمان ناوێ کە ســوید بە ئێمەیان ووتوە ئیمەش ووتمانە نامانەوێت، خۆ ئەگەر بشی نێرن بۆ ئیتالیا ئەوا ئێمە مەجبور دەبین بینێرینەوە بۆ نەرویج.

ماکوان: ئەی چۆن لە کۆمپیتەری هەموو فرۆکە خانەکاندا وانوســراوە کە من داوکراوم لە ئیتالیا و ئەنتەرپول بە شوێنمەوەیە؟

باران: ماکوان ئێستا لێپرسراوی ئەو دۆسیەی تۆکە لێپرسینەوەی لە گەڵ تۆ دا کردووە ناوی (پێر پێدەرشن) بەمنی ووت کەوا ناوەکەی ماکوان لابراوە ئیتالیا ووتیەتی گرتنی ماکوان ئێکسپایەرەو ماکوانمان ناوێت بیشینێرن ئێمە دەگەڕێنینەوە بۆ نەرویج ناوت لابراوە.

کەوای ووت خێزانم؛ زۆر دڵ خۆش بووم، سوجدەم برد بۆ خوای پەروەدگارو لەخۆشیدا هەر دەمگووت سبحان اللە، والحمد للە، ولا إلە إلا اللە، واللە اکبر وەڵا سەسیل نەما... حەنانە ووتی با سەسیل بانگ بکەینەوە زیکرەکانت دوای بخوێنە.

سەسیل هاتەوە لە کارەبای کوردستان دەچوو خێرا دەهاتوو دەڕۆشت.

حەزقیل: سەسیل ماکوان نەیزانیوە کە ئەوکارەی کردووە، تۆ وازی لێبهێنەو بیبەخشە بەئێمە.

سەسیل: دەبێت هەر تۆڵەی لێبکەمەوە، یان ئەوەتا براکانم بۆ دەگەڕێنیتەوە.

حەزقیل: تورە بوو، بەتوڕەییەوە ووتی ئەو نەیزانیوە.

ماکوان: ئەڕێ ئەو دووکانو بازاڕە چیە لەسەر منتان ناوە منیش هیچ نازانم

حەنانە: تۆ دوو برای سەسیلت کوشتوە کە لە کوردستان بووی بەتەقەی خۆشی.

ماکوان: من ١٩ بۆ ٢٠ ساڵە لەکوردستاندا نەماوم.

سەسیل: ساڵی ١٩٩٦ لەسەیران بەن سیلاحت دەکڕی و دەفرۆشت کلاشینکۆفێکت تاقیکردەوە ڕیزێ فیشکەت کرد بەناو دۆڵەکەدا لە لای دووکانەکانی سەر مەرزەکە، وابوو؟

ماکوان: وابوو! بەس من براکانی تۆم نەدیوە لەوێدا بوون؟

سەسیل: خۆی تورەکردو دەستی کرد بە گریان ووتی خۆتو براکانت دەکوژم. کەوای ووت زۆرم پێناخۆش بوو پەلامارمدا لێیدەم کەچی لەبەر دەستمدا نەما نە حەزقیل نە حەنانە هیچیان نەمان، بە پەلە چووم دەستنوێژم گرتو دیارەکەی حەزقیلم هەڵگرتەوە و دەستم کرد بە نوێژکردن و قورئان خوێندن..

بۆنی مریشک دێت لەدڵی خۆمدا ووتم نەسوتا بێت، کەچوومە سەری بینیم نازوعیشوەم بەسەردا دەکات.

مریشکم خوارد تا ئێستا لە ژیانمدا خواردنی وا خۆشم نەخواردوە.

میوانی نوێ

دوای ئەوەی دەستمکرد بە خواردنی مریشکەکە کە بەهەنگوین و بیبەری توون خۆشکرابوو، بەڵام لە راستیدا زۆرخۆش بوو.

دوای نوێژی مەغریب بڕیارمدا دەست بکەم بەقورئان خوێندن، بەتەنها لەماڵەوە بووم کاتی باشم لەبەردەستدا بوو.

لەدوای نوێژ دەستم کرد بە قورئان خوێندن، ئەوەندەم زانی حەزقیل لەلای راستمەوە دانیشتوە گوێیگرتووە لە من کە قورئانم خوێند.

ئاوڕم داوە ووتم حەزە گیان بۆ شوکری خوا ناکەیت، جاران بە قورئان راوم دەنایت ئێستاش بەدیارمەوە دانیشتوویت و گوێت گرتووە، سوپاسی خوا بکە.

حەزقیل: لە نوێژ بووم لە مزگەوت ئێستا هاتمەوە بۆلات، ئەوە بۆ وا توڕە بوویت؟

ماکوان: شێت دەبم کەسێك لەڕوودا هەڕەشەم لێبکات، ئەو سەخیفە دەڵێت خۆت و براکانت دەکوژم ئەی چۆن توڕە نابم، باشە ئەی ئێوە بۆ راتانکرد؟ زیرەکەن، خۆ من نە لە تۆ توڕەبووم نە لە حەنانە، گریمان ئەو مێینەیە ئەی تۆ خۆ بەحساب وامزانی شێر خۆری.

حەزقیل: ماڵت ئاوابێت کە توڕە دەبن دەترسین ئێوە دەست ئەوەشێنن ئێمە بە بەردێکی بچوك بەرمان بکەویت ئەمانکوژن، ئینجا توڕە بوونی ئێوەی مرۆڤ هەیبەتی هەیە.

ماکوان: وەڵلا حەزەی برام ئێوەش خەتەرن، لەپڕ خۆتان دەردەخەن و نامێنن ئەمەش ترسناکە، ئەوە من عادەتم کردووەو ڕاهاتووم لەگەڵتاندا، دەنا خۆتان دەربخەن بۆ کەسێکی تر ئەبێت یان ببین بۆ نەخۆشخانە یان ژێری گەرم دەبێت.

ئەرێ بەڕاست ئێوەش دەچن بۆ مزگەوت، ووتت لە مزگەوت بووم؟

حەزقیل: ئەی ئێمەش هەر وەك ئێوەین موسوڵمانین و خێرمان دەست دەکەوێت نوێژ لەماڵی خوادا بکەین ئەی هەردوولامان خاوەنی یەك شەریعەت و یەك دینین، وەك ئێوە دەخۆین، دەخەوین، ژن دەهێنین منداڵمان دەبێت و شای و شیوەنمان هەیە، نەت هێشت ئەو مریشکە لەگەڵتا بخۆین راوتناین.

ماکوان: حەزە گیان ماڵ و مریشك لە خزمەتدایە، مادام موسولمانی برای منی ئەوە مریشکەکەیە لەسەر مێزەکە بڕۆ تێرو پڕ بخۆ،

چاوەڕێ دەکەم تا ئەویش دێت.

حەزقیل: حەنانەش حەزی لێدەکرد ماڵت ئاوابێت، حەنانە زۆر جوانە! بەنەنکم بێت خۆ هەرچەندە لە سەروو ٣٠٠ ساڵەوەیە.

ماکوان: بەڕاست حەزقیل، حەنانە زۆر جوانە! بەنەنکم بێت خۆ هەرچەندە لە سەروو ٣٠٠ ساڵەوەیە.

حەزقیل: خۆ ئەوە خۆی نییە ئەزانیت؟

ماکوان: ئەزانم عەلی یەمەنی خوای گەورە لێیخۆش بێت بۆی باسکردم کە ئێوە نابینرێن ئەوەی بڵێت جنۆکەم دیوە درۆزن و فاسقە!

حەزقیل: راستە، خوای پەروەردگار لە عەلی یەمەنی برامان خۆش بێت، حەنانە ئەو شێوەو شکڵەی کچێکی ئیتالیە هەڵیگرتووە خۆی نیشانی تۆ ئەدات.

سەیری حەزقیلم کرد تەماشای سەقفی ژوورەکە دەکات ووتم ئەوەچیە؟ ووتی: وا حەنانە هات!

ماکوان: بۆ بەئاسمانەوەیە..؟

حەزقیل: بەڵێ واهات

ماکوان: بۆ ماڵی من مطارە، ناتوانێت بە شتێکی تر خۆی نیشان بدات؟

حەزقیل: ماڵی تۆ ماڵی هەموومانە میوانێکیشی لەگەڵدایە ناوی راقی یە، بۆیە وا خۆی نیشان ئەدات بۆ ئەوەی نەترسیت.

ماکوان: راقیش زیادی کرد حەزەی برام؟

حەزقیل: جنۆکەیەکی زۆر زیرەك و ئاقڵە زۆر خواناس و دینداریشە.

ماکوان یاخوا بەخێر بێن سەرچاو.. هەر وام ووت و حەنانە وەڵامی دامەوە ووتی مریشکەکە خۆش بوو؟

ماکوان: دەستەکانت خۆش شاز بوو، بڕۆم مریشکێکی تر دەربهێنم بیخۆن؟

حەنانە: نا خۆ ئێمە گۆشتەکەی ناخۆین.

ماکوان: ئەی؟

حەنانە: تەنها ئێسقانەکەی دەخۆین، باش بوو بیرت نەچوو بیسم الله لێکردووە..

ماکوان: بەڵێ بسم الله دەکەم، ئەی کوا حەزقیل؟

حنانە: میوانێکی تری لەگەڵدایە، ناوی ڕاقی یە

حەزقیل: ئەوەتا نایبینی؟

ماکوان: کە ئاوڕمداوە تەماشا دەکەم لەسەر قەنەفەکان دانیشتوە، کوڕێك دانیشتتوە دەم

چاوی رێك لە عەلی یەمەنی دەچێت، منیش ووتم کاك راقی بەخێر بێیت.

راقی: بارك الله فیكم كاك ماكوان.

حەنانە: ئەوە هاوسەری منە.

ماکــوان: خــوای گەورە لەیەکتان نــەکات ئەی حەنانە ئەوە کچێکــی جوانتان نییە منیش بیخوازم؟

حەنانە: جا ماکوان چۆن ژن و ژنخوازی لە نێوانی ئێمەی جنی و ئێوەی مرۆڤدا دەکرێت، شتی وا نابێت هەرگیز.

ماکوان: ئەی ئەوە نییە، خەڵك هەیە دەڵێت ژنم لە جنۆکە هێناوە و جنۆکە عاشقم بووە؟

راقــی وەڵامی دامەوە و ووتی: ئەگەر شــتێکی وا ببوایــە و مومکین بوایە، خوای گەورە لە قورئاندا باســی دەکرد یان لە شــەریعەتدا بابێکی بۆ دەکرایەوە لە فیقهی ئیســلامدا، یاخود پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی دەکرد. شتی وا چۆن دەبێت کەناتوانن ئێمە ببینن وەك خۆمان، یاخــود پیــاو ئەگــەر ژنەکەی جنی بێــت چوزانێت چووە بــۆ کوێ، ئینجا منــداڵ لە کامیان دەردەچن؟ ئایا مرۆڤە یان جنۆکەیە، لەبەر ئەوە درۆیە و هیچی وا روونەداوە ئەوەشی وابڵێت درۆ دەکات.

ماکوان: بەڵێ دەزانم پێشتریش لەگەڵ کورێکی رەفیقمان عەبدوڕەحمان حەزقیل دەیناسێت، باســمان کردووە کە درۆیەو هیچ بنەمایەکی راســتی نییە، بەڵام لەماوەی رابووردودا کچێکم بینی لە یوتیوب خەڵکی کوردســتان بوو، دەیووت گوایە ئێوە لەگەڵیدا خەوتوون مەبەســتم جنۆکەیە. حاشا لە جەنابت و کاك حەزقیل.

راقی: وەڵاهی كاك ماكوان درۆیە و شتی وا هەرگیز روونادات، بزانە کێ لە گەڵی خەوتووە دەینێت بەسەر ئێمەدا. تەنانەت لە ناو ئێمەی موسوڵمان وەك ئێوە وایە، هەرکەس زینا بکات رەجم دەکرێت. لە ناو شــەیتانەکاندا ئاســاییە خوانەناســن هیچ گوێ بە عەیبەو حوورمەت نــادەن، ئــەو کارە لەگــەڵ یەکتر دەکەن. هەندیك لە موســوڵمانە جنۆکەکان کــە زینا دەکەن دووردەخرێنەوە لەو کۆمەڵ و تایەفەیەی خۆی دەربەدەر دەکرێت. تەنانەت لەناو هەموو گروپ و مەزهەب و جەماعەتەکانی تریشدا بە چاوی کەم تەماشای دەکەین.

ماکوان: بۆ ئێوە ئەوەندە زۆرن راقی بەڕێز؟

ڕاقی: لە ژماردن نایەین، لەوانەیە بەملیۆنان مەزهەب و قوتابخانە رێگا و حیزبی جیاوازمان هەبێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا کە ئیسلام هات ئیتر هەمووی باطڵ بوون. خوای گەورەش باسی

کردووه بۆ ئێوه له قورئاندا دەفەرموێت: وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا ١١ سوره الجن واتا: بێگومان ئێمه کەسانی چاك و (دیندارمان) تیا هەیه، هەروەها کەسانی تریش که بەو شێوەیه نین، (ئێمه جاران) ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی هەمەجۆرمان گرتبوه بەر (بەڵام ئێستا بەرنامەی ئیسلام ڕوون و دیاره).

ماکوان: ئەی ئێستا لەناو ئێوەدا موسوڵمان زۆره یان ڕێگاکانی تر؟

ڕاقی: سوپاس بۆ خوا موسوڵمان زۆره، بەڵام بەداخەوه جنۆکەی شەیتان لەهەمووان زۆرترن و لەگەڵ ئەوەشدا یەهودی و نەسرانی و زەردەشتی و بێدین و ئاینەکانی تریشمان زۆر هەیه.

ماکوان: راقی من له شتێك تێناگەم، ئەویش ئەم دیاریەی حەزقیلی برامه که بۆی هێناوم، کەدەریدێنم حەزقیل نامنێت و سەسیلیش ڕادەکات. حەنانەش وون دەبێت، بۆیه دەریناکەم له گیرفانمدایه بۆ ئەوەی ئیزعاجتان نەکەم، ئەمه چییه؟

راقی: دەری بهێنییه بۆ من ئاساییه، ئەوه حەزقیل و حەنانە-ن که پێی ئیزعاجن هیچ کاریگەری نییه بۆ من. ئەمه من بۆم ناردویت نەك حەزقیل ٢٠٠ دانەی تریشی داواکردووه بۆ تۆ، بۆم هێناویت.

ماکوان: بۆ جیاوازیتان چییه؟

راقی: حەنانه و حەزقیل له عەشیرەتی گەورەی عیفریتن، بەڵام من له بنەماڵەی ئەصلی موسوڵمانم و له مەرجانەکانم. ئەوان پێشتر لەگەڵ شەیتاندا کاریان کردووه کاریگەی سیحرو جادویان لەسەره، بەڵام ئێمه که موسوڵمان بووینو کاریگەری سیحرمان لەسەر نەبوو، هەر بەحەرامان زانیوه بۆ ئێمه ئاساییه.

ماکوان: من لەم قسەی تۆ هیچ تێناگەم، ئەڵێی مەتەڵه تۆ و ئەوان هەر جنۆکه نین؟ ئیتر چۆن کاریگەری بۆ ئەوان هەیه و بۆ تۆ نییه.

راقی: کێشەی ئێوەی مرۆڤ لەوەدایه هەموو شتێك وەك خۆتان تەماشا دەکەن، سیستەم و ژیان و گوزەرانی ئێمه وەك ئێوه نییه، بەڵام هەر بۆت ڕوون دەکەمەوه. چەندین کەس هەیه نەخۆشه، بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە دەرمانێك بەلاشەی ناکەوێت، یاخود چەندین کەس له ناو ئێوەی مرۆڤدا حەساسێتی به سیرو پیاز ئەو شتانه هەیه کۆمەڵێکی تریش حەزی لێدەکات.

ماکوان: تێگەیشتم ئەی کوا ئەو٢٠٠ دانەی که بۆت هێناوم؟

راقی: ئەوەتا حەنانه بۆی داناوی له لای ئێسقانی مریشکەکەیه برۆ هەڵیگره.

ماکوان: کەچووم سەیرم هەمووی لێیبوو زۆر دڵخۆش بووم. زانیم ساحیر نییه بتوانێت

سـیحرم لێبکات، بە پشـتیوانی خوای پەروەردگار، بەڵام راقی تۆ باسـی ئەوەت کرد کە ئەوان حەزیان بەوە نییە؟

راقی: تەماشـای ئەو پارچە پەڕۆیەکە کە تێوەی پێچراوە ئەو جۆرە پەڕۆیەکە کە تێوەی بپێچرێت کاریگەری نابێت. جا لەبەر ئەوە خستویانەتە نا ئەوە تا پرژو بڵاوی نەکەیتەوە.

ماکوان: ئەی حەنانە و حەزقیل کوان؟ خۆ من هیچم دەرنەهێناوە تا ئێستا.

راقی: نا-.چوون بۆ لای سەسیل کە واز لە تۆ بهێنێت بۆ کۆتا جار قسە پێکەوە بکەن، بەڵام کێشەکە لە دایکی سەسیل-دایە واز لە تۆ ناهێنێت.

ماکوان: جا چیم لە دایکی کردووە؟

راقی: دوو کوڕیت کوشتوە.

ماکوان: خۆ من نەمزانیوە لە رووی شەریعیشەوە من تاوانبار نیم.

راقـی: بەڵێ تاوانباری، چۆن پێغەمبەری خوا ئاگاداری کردونەتەوە کە بەرد هەڵنەدەن تۆ هەر تەقەت دەکرد بۆ بەئاسماندا نەتکرد.

ماکوان: ڕاستە، ئەوکاتە بەخزمەتی ئەو فەرمودەیە نەگەیشتبووم.

راقی: کێشـە نییە کە هات شـتێکت فێر دەکەم پێی بڵێ خۆیی و دایکی وازت لێدەهێنن، باشە؟

ماکوان: مەمنونیشت دەبم، راقی گیان.

ماکوان، ساحیرێکی نەرویجی و سەسیل

لەگەڵ ڕاقی باسی ئەوەمان کرد کە من بە هیچ شێوەیەك تاوانبار نیم، چونکە نەمزانیوە، بـەڵام راقـی پێی وابوو و ووتی کە تاوانبـارم، بەڵام قەناعەتم بە قسـەکەی کرد، ووتم کەوا بێت کەفارەتم دەکەوێتە سەر، بۆیە ناچار تەلەفونم کرد، بۆ زانایەك لە میسر بەناوی محمد عەبدولملك الزغبي، پیشتر پەیوەندیەکەمان هەبوو لە ڕێگای برایەکی میسرییەوە لەو شارەی کـە لێی دەژیام. پەیوەندیم گرت لەگەڵیدا عەرزمکرد ئایا کەسـێك جنۆکە بکوژێت کەفارەتی دەکەوێتە سەر- لەڕاستیدا هەموو باسەکەم بۆ گێڕاوە؟

ئەوە فەرمووی راسـتەوخۆ درۆ دەکەن ئەگەر شـتی وا بکەیت یەکەسەر ئەتکوژنەوە، بەڵام لەوانییە کارێکی تریان لە ژێر سەردا بێت.

ماکوان: جا شێخ خۆ من غەیب نازانم، چۆن بزانم چیان لەژێر سەردایە.

شـێخ محمد الزغبـی: ماکوان داوای ئەوەیان لێکردویت ببیت بە سـاحیر یان سـیحریان لێکردوویت کاریگەری نەماوە، شتێك هەیە مەزبوت نییەو من نایزانم هەموو شتەکانم پێبڵێ.

ماکوان: ئەوەی ئەیزانم بۆم باسکردوویت، جا نازانم چیان لە ژێر سەردایە.

شـێخ: بەهەر حاڵ ماکوان ئەگەر توانیت وەرە بۆلام بۆ پورسـعید زیاتر لە نزیکەوە قسـە بکەیـن، ئاگادار بـە هیچ بڕوا بەو جنۆکانـەی تریش نەکەیت لەوانەیە سـەرت لێتێك بدەن لەگەڵیاندا کار بکەن و سـاحیرێکی مرۆڤ ناردبنی، پاشان بۆ زانیاریت هیچ کەفارەتو شتێکت ناکەویتە سـەر، چونکە ئێمە نایانبینین و تەنانەت بە دەسـتی تۆش کوژاربێتن، تاوانبارنیت حوکمی قەتڵی نییە. وەك ووتم ئاگاداری خۆت بەو بڕوا بە جنۆکە نەکەیت.

ماکوان: زۆر سوپاسـت دەکەم و خوای گەورە پاداشـتی خێرت بداتەوە، ئەگەر توانیم دێمە خزمەتان.

پاشـان کـەوای ووت شـێخ؛ گومانـم لـە راقـی وحەنانـەو سەسـیل-یش پەیـدا کرد. چوومـەوە بـۆماڵەوە بـۆ ئەوەی بیان بینم و بێـن بۆ لام، کەچی تا ١٥ رۆژ کەسـم نەبینی. ئەو ماوەیە خەریك بوو دڵم شـەقی دەبرد، جاری وابوو هاوارم دەکرد حەزە، سـابونی رەقی، حەنانـەی تەڕەماش لە کوێن؟ سەسـیلی قۆنـەرە، هیچ چارە نەبوو کەس دیـار نەبوو. ماڵو منداڵیـش لەماڵ نەبوون ئەوەندەی تر خەفەتم دەخوارد سەفەرەکەشـم لێتێکچوو بوو، ئیتر وەرە ماکوان ئەو دڵەت شەق نەبات.

دوای پانزە رۆژ راقی پەیدا بوو.

ماکوان: ئەریێ راقی خوا بتانکات بە صابونی رەقی ئەوە بۆ دیار نین؟

راقی: لە عومرە بووین لەگەڵ حەنانە و حەزقیل و هەندێك لە رەفیقەکانمان.

ماکـوان: جـا - پانزە رۆژی بۆ چیە عومرە بە یەك کاتژمێر تەواو دەبێت ئەوەندە قورس نییە، ڕاست پێم بڵێن لە کوێ بوون؟

راقی: بەڕاستمە درۆ ناکەم وە ئەوەشمان بۆ ئاشکرا کردی کە سەسیل درۆ دەکات، نەبرات کوشتوە نە هیچ هەمووی فشەیە درۆ و دەلەسەیە.

ماکوان: بەڕاسـت وەڵا ئەمە باش نەبوو، حەزم دەکرد هەموو عەشیرەتەکەشیم بکوشتایە، بەداخەوە.

راقی: ئەی خۆ تۆ دوێنێ زۆرت پێناخۆش بوو؟

ماکوان: راستە وایە، ئاخر وامزانی کەفارەتم دەکەوێتە سەرو حوکمی هەیە لەشەریعەتدا، بەس کوشتنی ئێو وەك ئاوخواردنەوە وایە ئێستا ئەگەر هەر جنۆکەیەك بکوژم وەك ئەوە وایە مریشکێکم سەربڕیبێت، ئایا مریشك سەربڕین تاوانە؟

راقی: جا بۆ بەو شێوەیە قسە دەکەیت ماکوان، ئێمە هیچ خراپەیەکمان بۆت بووە؟

ماکوان: لەڕاستیدا نازانم، ئایا راستگۆن یان درۆزنن و جەماعەتی سەسیل-ن و خۆتان لەمن کردووە بە جەماعەتی شەریفی مەککە. نازانم لێتان تێناگەم.

راقی: کیشەی تۆ لەوەدایە زۆر بڕوات بەخۆتە و لە خۆت ڕازیت و حساب بۆ کەس ناکەیت؟

ماکوان: ئەم قسەیە راستە، سوپاس بۆ خوا زۆر لە خۆم رازیم چونکە خاوەن ئیسلامم، بڕوام بە خۆم هەیە، لەبەر ئەوەی خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزم و لە سەر قورئان بونیادم ناوە ئەوەش کە حساب بۆ کەس ناکەم وانییە بۆ خەڵکی دیندارو خواناسی دەکەم، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ خەڵکی ساختەچی و بێدینو خوانەناسی ناکەم و ئەرزشیان نییە لای من.

راقی: بەهەر حاڵ خۆت ئازادی، بەڵام بزانە ئێمەش دۆستی تۆین.

ماکوان: چۆن بزانم دۆستی منن گومان لە هەموو شتێك دەکەم، بەتایبەتی لە ئێوە کە جنۆکەن، شتیکم لێبکەن کێ بڕوام پێدەکات کە ئێوە کردوتانە. باشە ئەی پانزە رۆژە بۆ دیار نین (خۆشم بیتاقەتان بووم خۆم پێوە گرتبوون).

راقی: ماکوان بزانە کە ئێمە تۆمان خۆش دەوێت، بیشزانە خۆمان بۆ هەموو کەس ئاشکرا ناکەین، حەز دەکەم ئەوەشت پێبڵێم زۆرێك لە ئێمە و هاورێکانمان کە موسوڵمان بووین بە هۆکاری باس و خواستەکانت بووە، لەبەر ئەوە خۆشەویستی لای ئێمە.

ماکوان: ئەو قسەیە قسەی خەڵکییە بەعام دەیکەنەوە، خۆ سەسیل-ی بێدین هیچو پوچیش ئەویش خۆی دەردەخات، ئەی کەواتە ئەویش منی خۆش دەوێت؟

راقی: نا - ئەو تۆی خۆش ناوێت، بەڵکو دەیویست بەکارت بهێنێت لە ڕێگای سیحرەوە بۆ سەرلێشواندی خەڵکی، خوای گەورە لەڕێگای جنۆکەکانی یەمەنەوە هیدایەتی عەبدوڕەحمان حەزقیلی دا کە هاتە تەرەفی موسوڵمانان دەنا ئێستا دەیانخنکاندی.

ماکوان: حەدیان چییە دەمخنکێنن.

راقی: خنکاندنتان بەدەستی شەیتانەکان زۆر ئاسانە، خوای گەورە تاکە چەکێکی پێبەخشیوون کە قورئانە هیچ شەیتانێك ناتوانیت بێت بەلاتاندا، تەنها بە دوورکەوتنەوە لە قورئان خنکاندنتان ئاسانە.

ماکوان: لەکوێدا باسکراوە کە ئێوە دەتوانن ئێمە بخنکێنن؟

راقی: ئێمە نا شەیتان دەیکات، خوای گەورە باسی کردووە لە قورئاندا لە سورەتی المؤمنون دەفەرموێت: وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ٩٧

واتـا خوایە پەنا دەگرم لە خنکاندنی مرۆڤ بەدەسـتی شـەیتانەکان، ئـەو هەمزاتە واتا خنکان.

ماکوان: ئەوە بە واتای وسوسە دێت نەك خنکان.

راقـی: ئەوە تەفسـیرە سـادەکان خۆیـان دەرباز کـردووە بە وەسوەسـە ناویـان بردوە، بـەڵام بـۆ نمونـە طەبەری کە تەفسـیرێکی باشـە ئـەو دەڵێت: کـە واتای خنکانـە، ئەوە دەقەکەیەتـی: حدثنـي يونـس، قال: أخبرنـي ابن وهب، قال: قـال ابن زيد في قولـه: (وَقُلْ رَبِّ أَعُـوذُ بِـكَ مِـنْ هَمَـزَاتِ الشَّيَاطِـينِ) قـال: همـزات الشياطـين: خَنْقهـم الناس، فذلـك هَمَزاتهـم.
تەنانـەت لـە رووی زمانەوانـی عەرەبیشـەوە واتـای خنکاندنـە، ئـەوە لـە راغبی ئەصفهانی دەڵێت: في غريب القرآن للراغب الأصفهاني:

(همز): -الهمز كالعصر- وهو مناسـب لقول المؤلف: خنق الشـياطين؛ لأن الخنق هو عصر الرقبة وضغطها لينقطع النفس.

ماکوان: وایە، باشە راقی تۆ ووتت شتێکت فێر دەکەم کە نەوێرن سەسیل-و دایکی و هیچ شەیتانێك بێت بەلاتدا.

راقی: خۆ تۆ ئێستا ئێمەت بە خائین و خۆفرۆش دەناساند.

ماکوان: نازانم هێشتا پەشیمان نەبوومەتەوە لەقسەکانم، کاکە ناحەقم مەگرە ژیان لەگەڵ ئێوەدا هەروا سادە نییە، جا تا ساغ نەبمەوە ناتوانم بڕوا بکەم.

راقی: ماکوان گیان شتێك هەیە بیزانە، من وەك باقی جنۆکەکانی تر نیم کە هاوکار بووم لەگەڵ کەسێکدا، ئامادەم سەری خۆم لە پێناویدا دابنێم بە مەرجێك شەرعی بێت کارەکانی.

ماکوان: باشە بۆ لەگەڵ من دەیکەن، کەس نەماوە لەسەر ئەم زەویدا ماکوان نەبێت؟

راقی: لەوانەیە تۆ هەستی پێنەکەیت، بەڵام ئەزانی چەند کەس لەسەر دەستی تۆ کارەکانت لە جنۆکەکان بوون بە موسوڵمان، ئەزانی مەلعەبێك جنۆکە تەماشای تۆ و سەسیل و حەزقیل و مـن و حەنانـە دەکات. ئـەی ئایا دەزانیت شـەیتانەکان چەنـدە زۆرن دەیانەوێت ئازارتان پێبگەیەنـن ئـەوە ئێمەین بەرگریتان لێدەکەین، ناوی قەرینت بیسـتوە لە شـەرعدا؟ ئێمەی جنۆکەی موسـوڵمان پشـتوپەنای ئێوەین هەر ئاگاتان لەخۆتان نییەو کەچی زۆر جار قسەمان

پێدەڵێن یان لێمان دەترسن.

ماکوان: بەڵێ ئەی چۆن پێشتریش لەگەڵ عەلی یەمەنیدا خوای گەورە لێیخۆش بێت باسی ئەو قەرینو شتانەمان کردووە.

راقی: ئەزانی چەند قەرینت موسوڵمان بووە چەندجار قەرینی تریان بۆ داناویتەوە، نەك تەنها بۆ تۆ بۆ هەموو هاورێکانتو موسوڵمانان بە گشت.

ماکوان: راقی وەڵڵا دڵخۆشت کردم.

راقی: ماکوان یەك شـتت فێر دەکەم کە هیچ شـەیتانێك ناتوانێـت بێت بەلاتا، ئەوە ئەو ماوەی پێشوە وویستم فێرت بکەم، بەڵام دەرفەت نەبوو.

ماکـوان: جا چییە خۆشـم دەیزانم، ئەزانـم فەرمودەکەی پێغەمبـەری خوایە (ﷺ) کە ئەبووهورەیرە دەیگێڕێتەوە. دەفەرموێت: راستی کرد ئەو درۆزنە، ئایەتەل کورسییە.

راقی: راسـتە ئەوە شەیتان فێری ئەبوهورەیرەی کردو پێغەمبەری خواش ئیقراری پێکرد (ﷺ)، بەڵام ئەوە نییە!

ماکوان: ئەی کامەیە؟

راقی: ئەوە کاتییە شەیتان دەڕوات بەڵام دێتەوە.

ماکوان: ئەی ئەمەی جەنابت چییە؟

راقی: هەرچەندە هەردووکیان هەر بەهێزن، بەڵام ئەمە هیچ شـەیتانێك ناتوانێت جاودو لێبکاتو هیچ جادوبازیکیش کاریگەری نابێت لەسەرت.

ماکوان: ئادەی راقی برام خوا قەزا گیان بیڵێ، بەس راقی من دوای شتی خورافات ناکەوم. ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا بوونی نەبێت نە باسی دەکەم نە بڕواشی پێدەکەم.

راقی: ئەوەی بۆت باس دەکەم لە محمدی کوڕی واسعەوە گێڕدراوەتەوە خۆت باش دەزانیت چ پیاوێکە، وایە؟

ماکوان: وایە، ئەوپیاوە صادقەو تابیعێکی بەڕێزەو گەورەی قەومەکەی خۆی بووە. قوتابی ئەنەسی کوڕی مالکیش بووە، هەندێك دەڵێن پێغەمبەری دیوە، بەڵام دوای موسوڵمان بووە.

راقی: وایە، ئەو دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: شەیتان هات بۆ لام ووتی هەرچی دەکەیت بیکە محمـد ئـەم دوعایە فێری خەڵك مەکە، ئەویش فێری هەموو مانی کردووە، ئێوەش و ئێمەش هەرکەسێکمان بیخوێنیت پارێزراو دەبێت لەشەڕی شەیتان و ساحیرەکان.

دەقی دوعاکە..

اللهــم انــك خلقت لنا عدوا لنا بصيرا بعيوبنا يرانا هــو وقبيلة من حيث لا نرونهم اللهم يائســة منا كما يئســتة من رحمتك وقنطه منا كما قنطة من عفوك وباعد بيننا وبينه كما باعت بينة وبين جنتك انك على كل شــئ قدير اللهم اكفنيهم بما شــئت فســيكفكهم الله وهو السميع العليم.

لە هەندێك گێڕانەوەی تردا زیادو کەمی بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی کە بەڕاستو دروست هاتووە بۆم باسکردی و بەشێوەییە.

ماکوان: خوای گەورە پاداشتت بداتەوە، زۆر مەمنون بووم خاڵە راقی گیان.

راقی: من بۆ شتێك هاتم بۆ لات تۆش ئەوەندەت پێکردین، لەبیرم چووەوە.

ماکوان: یا لله خێر، ئەمرکە.

راقی: ووتم سەســیل درۆ دەکات، فێڵەکەی ئەوەیە دەیوســیت بەوە لێت خۆش بێت هەندێ ووشــەت پێبلێ لەگەڵ هەندێك رەسمی سیحردا، لەو ڕێگایەوە سیحرت لێبکاتەوە، ئەو کەسەی کە سیحرەکەی بۆ دەکات کەسێکی نەرویجییە، زۆر ترسناکە!

ماکوان: هەر ئەم سەگ بابەی ترمان مابوو ئەمە کێیە؟

راقی: ئەمە کورد نییە، بەڵکو نەرویجییە و ســاحیرێکی زۆر پیســە و زانیاری زۆری هەیە. لە ئەمریکا خوێندویەتی و زانستێکی زۆری لە سیحر پەیدا کردووە.

ماکوان: جا چۆن لەشەڕی ئەمە ڕزگارمان بێت.

راقی: یەك شــتت فێر دەکەم ئەگەر بەقســەم بکەیت، زوو رزگارت دەبێت لەدەســتی ئەم ساحیرە پیسە.

ماکوان: کێشەکە لەوەدایە متمانەم بەهیچ نەماوە تەنانەت توشی دڵە راوکێ بووم لەتۆش. ئەترسم تۆش فیڵم لێ بکەیت.

راقی: من فێڵت لێناکەم، سویند بە لا اله الا الله من ئەهلی تەوحیدم و خۆم بە موسوڵمان دەزانم تۆش بە برای خۆم دەزانم.

ماکــوان: تــۆش بــرای منی، من و تۆ خــوای گەورە کەرەمــی لەگەڵ کردوین ســەروبرای جنۆکەو مرۆڤمان هەیە. تەواو بڕوام پێتە. لە بیروباوەڕەکەشــم دڵنیام وشــك وگومانم نییە.. کە سەرکەوتن بۆ ئیسلامە.

راقی: کەواتە ئەوەی پێت دەڵێم بیکە.

ماکوان: پێش ئەوەی بیکەم، یەك پرسیارم لێت هەیە.

راقی: بپرسە، ئەگەر زانیم وەڵامت ئەدەمەوە.

ماکوان: سەرم لەیەك شت دەرناچێت، ئەم ووشە سیحرانە چۆن کاریگەری دەبێت کە تەنها ووشەیە، خۆ ئەوەش نییە بڵێم کەلامی خوایە، هەمووی قسەی درۆو خوزەعبەلاتە چۆن کاریگەری دەبێت؟

راقی: دوو موگناتیس بدە بە جەمسەری جیاواز یەك دەگرن، دوو جەمسەری لەیەك چووش دووریان دەخاتەوە، ئەو کارلێکە چی پێدەوترێت لە زانستدا؟

ماکوان: هێزی موغناتیسی.

راقی: رێك ئەوە بریتیە لە سیحر و ئەوە کاریگەریە دروست دەکات.

حەنانە لەپڕ پەیدا بوو، ووتی راقی فریاکەوە شەڕە.

راقی دیار نەماو حەنانەش ڕۆشت، منیش بە تەنها مامەوە.

شەڕی ماکوان و ئۆگە

حەنانە لە پڕ هاتو ڕاقیش نەما ئەوەندە گوێم لێبوو حەنانە ووتی ڕاقی فریاکەوە شەڕە.

دوای دوو ڕۆژ لەو ڕووداوە سەسیل-م بینی و هات بۆلام بەرەوە بازاڕ دەرۆیشتم، لە دوورەوە خۆی وا نیشاندا زۆر بێتاقەتە دەموچاوی خۆی تێکداو ووتی: ئای ماکوان چۆن دووبرای منت کوشت.

ماکوان: ئەوە بەتەمام لێرەش کلاشینکۆفێك پەیدا بکەم تۆش بنێرم بۆلای ئەوان و حەواڵەت بکەم، نەجاتمان بێت لەشەڕی تۆش. دەستم خۆش بێت ئەگەر پیاوی چیت لەدەست دێت بیکە.

سەسیل: وا نەزانیت وازت لێدێنم، ئەوەی پێمبکرێت دەیکەم دژی تۆ. سوێند بەوەی کە بڕوام پێیەتی ئەتکەم بە دز و ئەتکەم بە شێت، ئەتکەم بە حیز، ئەتکەم بە داوێن پیس، ئەتکەم بە هەرچی شتە. بۆ زانیاریت هەروا ناهێڵم لە ژێر دەستمدا بڕۆیت.

ماکوان: پێڵاوەکانم داکەند تێم گرت دیار نەما، بەلام هاوارم کرد منەتت بەو پێڵاوانەم چیت لە دەست دێت بیکە. کە گەڕامەماڵەوە تەلەفونم بۆ کرا، ووتیان کاك ماکوان لە فەیسبوك کابرای مریشك دز هەڵە مولحیدی خوێڕی قسەی لەسەر کردوویت وتویەتی پارەی لە بەتول مال دزیوە لای مەلا کرێکار!

منیش عەرزی ئەو برایەم کرد ئەگەر وەلامی هەموو کەسێك بدەمەوە ئەوە وەك ئەوانم

لێدێت هەست بە بچوکی خۆشم دەکەم، بەڵام برۆ پێی بڵێ ئەگەر پیاوە هەرچی هەیە با بیخاتە روو. بەهەر حاڵ ئەم پاشەڵ پیسە کە نەك تەنها پاشەڵی پیسە بەڵکو خێزانەکەی کە لە نەرویج پێکی هێناوە لە سەر بنەمای سوکی و پیسی پێك هاتووە. جارێك راقیم بانگ کرد ووتم ئەم هەتیوە چۆن ئەم قسانە دەکات ئەوە سەسیل هانی ئەدات؟

راقی: بۆی باسکردم هەموو مرۆڤێك فریشتەیەك و قەرینێکی جنۆکەی شەیتانی لەگەڵدایە فریشتەکە ئاراستەی دەکات بەرەو باشەو پێچەوانەش قەرینەکەیەتی، خۆ ئەگەر کەسەکە خراپەی زۆر کرد فریشتەکان دەڕۆن ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها قەرینەکانییەتی واتا جنۆکە شەیتانەکانن، جا لەڕێگای ئەوانەوە ئەو کارانە دەکات سەسیل، هانی ئەو کەسانە ئەدات کە درۆ و دەلەسەو بڵاو بکەنەوە.

ماکوان: واتا ئەو مولحیدانەش جنۆکە دەبینن؟

راقی: نا - بەڵکو کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر مێشك و هەستیانو بە ئاشکرا ئاراستە دەکرێن. ئەوەی ئەو قەرینە جنۆکانە بیانەوێت، ئەچپێنن بە گوێو مێشك و خەیاڵدا کە ئەو شتە بۆ ئەو کەسە دروست بکەن. ئەوانیش لائیرادی بە بیرکردنەوە و توانای خۆیانی دەزانن، نازانن بوونەتە کۆیلەی دەستی ئەو قەرینانە.

ماکوان: تێگەیشتم ئەم شەڕە بەردەوامە، گرنگ ئەوەیە موسوڵمان بەتوانا بێتو کەسایەتی نەڕوخێت لە ئاستی ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەی بۆی هەڵەدەبەستن بەرانبەر بە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) کراوە، پێی ووتراوە کاهینو شاعیرو شێت و..هتد. منیش بەردەوام بووم لە بە درۆ خستنەوەیان و روونکردنەوەی راستی بۆ هەمو لایەك و تەنانەت خودی مامۆستا کریکار خوا جەزای بداتەوە، نامەی روونکردنەوەی دا کە تێیدا فەرموو بوی: ماکوان ئەوەندەی ناسیومانە بە دەست پاك ناسیومانە لەگەڵ هەندێك روونکردنەوەی تردا.

تەنانەت جارێك پەیوەندیم بە (هەڵە دۆڕاوە) کرد بە ڕاستەوخۆ لە فەیسبوك، ووتم وەرە باقسەبکەین لە ترسا تەلەفونەکەی داخستەوە ئیتر ئێستاش سەری دەرنەهێناوەتەوە.

لەدوای ئەوەی کە پێڵاوەکانم گرتە سەسیل و هاتمەوە بەرەو ماڵ، لە ڕێگادا راقی- م توش بوو، ووتی ماکوان فریای خۆت بکەوە سحرێکی زۆر گەورەت لێکراوە لەلایەن کەسێکەوە ناوی (ئۆگەیە) و نەرویجیە و سەسیل ناوی تۆی داوەتێ ئەویش ساحیرێکی بەهێزە.

ماکوان: جا مادام لێرەیە بۆم بدۆزنەوە لە کوێدایە با بڕۆمە سەری.

راقی: ئاسانە دەتوانیت بچیتە لای، بەڵام شەیتانی زۆرە و کاری زۆری بۆ دەکەن و ساڵانە لە

کەرنەڤاڵی ساحیران لە لۆسئە نجلس بەشداره زۆر بەهێزەو لێرەش زۆر دەوڵەمەندە.

ماکوان: ئەگەر لەم کارەدا هاوکاریم بکەن، ئەوە سیقەی تەواوەتیم پێتان دەبێت، ناوی جێگاو شـوێن و هەرچی زانیاری هەیە بۆم پەیدا بکەن و بە زووترین کات بیگەیەننە دەسـتم. بزانن هاوڕێکانی کێن و دەچێتە کوێش دادەنیشێت و نان دەخوات.

پرسیاریکی تریشم هەیە؟

راقی: فەرموو

ماکوان: ئەگەر ئەو دوو سەد جنۆکەی لەگەڵ بێت ئێمە چەندمان لەگەڵدایە؟

راقـی: ئـەو هەتـا بڵێیت شـەیتانی زۆری هەیە، بـەڵام چەندت بوێت من پەیـدای دەکەم، لەگەڵماندا دەبن بێخەم بە.

ماکوان: دەبڕۆن نەیەنەوە بۆلام تا زانیاری تەواوەتیم بۆ نەهێنن، کە هاتیشـنەوە یەکسـەر دەڕۆینە لای و شێوەی سیحرەکەشم بۆ بدۆزنەوە کەچییە.

راقی: ماکوان بەتەنها نەڕۆیت زۆر ترسناکە.

ماکوان: من گومانم لە بیروباوەڕی خۆم نییە ئەو شەیتانی هەیە، من خوام هەیە. تۆ ئەوەی پێم ووتون بۆم بکەن هیچی ترم ناوێت، من تەوەکولم بە خوای خۆمە.

دوای ١٨ کاتژمێـر هەواڵم بۆ هاتەوە لای حەنانە-وە، شـەو بوو هەڵسـام لە خەو بۆ نوێژی بەیانی خەریکی دەسـتنوێژگرتن بووم، کە تەواو بووم هاتمـە دەرەوە حەنانە لەبەردەم دەرگای حەمامەکدا وەسـتابوو. خەریکبوو گیانم دەرچێت ئەوەندە ترسام، ووتم ئەرێ هاوارێك قسەیەك کۆکەیەك بۆ ناکەیت خۆ خەریبوو جەڵدە لێمدات ماڵت کاول بێت.

حەنانـە: من هیـچ ناڵێم وا خەریکە گیانت دەردەچێت جا وەرە ئەگەر قسـە بکەم. هەواڵم پێیە بۆت! ساحیرەکە ئێستا خەریکی سیحرە لە تۆ، هەر چاومان لەسەریەتی ناتوانین زۆر نزیك ببینەوە، شەیتانەکانی پاسەوانی بۆ دەکەن. راقی ووتی با دەست بکات بە خوێندی سورەتی البقرة و نەخەوێتەوە تا رۆژ هەڵدێت و بەتەواوەتی خۆر ئەدات لە زەوی.

ماکوان: باشە وا دەکەم، ئەخێر هەواڵ چییە؟

حەنانـە: ئەوەنـدە بزانە ئەو جێگایەی ئەوی لێدەژی شـارێکی زۆر بچوکە جێگاو شـوێنی زانراوە بێخەم بە.

ماکوان: سـوپاس بۆ خوا منیش ئەوەم دەوێت، حەنانە رۆیشت و منیش دوای نوێژی بەیانی زیکرەکانم خوێندو ١٠٠ جار لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، يحيي ويميت

وهو على كل شيء قدير. ٣ جاریش سورەتی البقرة-م خوێند تا کاتژمێر ٩ بەیانی بەردەوام بووم.

زۆر ئاسای بووم، ئیتر خەوم دەهات خەوم لێکەوت زۆری نەمابوو بۆ نوێژی مەغریب هەڵسام و خێـرا نوێژی نیوەڕۆ و عەسـرم جەمع کرد خەریکی دروسـتکردنی نانـی ئێوارە بووم، بانگی مەغریبی داو نوێژی مەغریبم کرد. ئەوەندەم زانی هەموو جنۆکەکان لە ماڵی ئێمە حازر بوون واتا حەزقیل و حەنانەو راقی.

ماکوان: نانتان خواردوە یان ئێسقاناتان بۆ ببرژێنم (خۆشترین خواردنی جنۆکە ئێسقانە)

راقی: ماکوانی برام سوێند بە خوا گەورەترین سیحری لێتکرد ئەو کابرایە ئەم شەو تۆ شێتت کردبوو نەیدەتوانی هیچت لێبکات، سبحان الله هاواری دەکرد دەیووت ماکوان کێیە؟ هەواڵیان بۆ دەهێنا دەیانووت ماکوانیش ساحیرە، بۆیە هیچت بۆ ناکرێت لەگەڵیدا تا رۆژهەڵات بەردەوام بوو دوای ماندبوو خەوی لێکەوت بەدەم سیحریشەوە دەیخواردەوە.

ماکوان: ناوی چییە؟

راقی: ئۆگە

ماکوان: ئەو جێگایە چەند دوورە لێرەوە (واتا لە شارەکەی منەوە)

حەزقیل: نزیکەی سێ کاتژمێر

ماکوان: حەزەی برام هەرچی پیاو چاکی لای خۆتانە کۆی بکەرەوە بەیانی دەڕۆین.

راقی: ماکوان زۆر خەتەرە ئاگاداری خۆت بە.

ماکوان: من زەڕەیەك گومانم لە بیروباوەڕی خۆم نییە جا ئەگەر ئیسـلامەکەم ڕاسـت بێت لێرەدا بۆ هەموولایەك دەردەکەوێت وایە؟

حەنانە: وایە.. ئەم شـەو شێت بوبوو بەدەست ماکوانەوە ئەو خەریکی قورئان خوێندن بوو، هیچی پێناکرێت بە پشتیوانی خوا..

بـۆ بەیانـی تەلەفونـم کـرد بـۆ ٥ کـوڕی هاوڕێـم ٣ کـورد و بۆسـنییەك و عەرەبێك. ئەم هاوڕێیانەم هەمووی هاتوچۆی مزگەوت دەکەن و هەمووشـیان کوڕی چاکو ئازاو سـیقەیان پێدەکرێت، بۆم باس کردن کە ساحیرێك دەیەوێت سیحرم لێبکات و دەچینە سەری، ئێوە تەنها چاودێـری من دەکەن ئەگەر ئەوکەسـەی من قسـەی لەگەڵ دەکەم بوون بـە دوو کەس ئێوەش یەکێکتان بێنە لای من، ئەگەر بوون بەسێ کەس ئێوەش وەرنە پێشەوە.

پلانێکی زۆر باشـو تۆکمەم دارِشـت بە پشـتیوانی خوا تەوەکولمان کرد و بە دوو سـەیارە کەوتینە ڕێ بۆ ئێوارەکەی کاتژمێر ٥:٣٠ خولەك گەیشتینە ئەو ڕێستورانتەی ئەو نانی لێدەخوارد.

پێشتریش بە هاوڕێ جنۆکەکانمم وتبوو کە پلانەکەمان چییە ئەوانیش هاوکارم بوون، هەموو لایەك پلانەکەیان پێباش بوو جنۆکەکانیش زۆریان پێباش بوو، بەڵام هاوڕێ مرۆڤەکانم تەنها ئامادەی شەڕکردن بوون زۆر تێنەدەگەیشتن لە رەوشەکە.

ئۆگە هاتە ژوورەوە، حەزقیل لەدوورەوە خۆی نیشانی منداوو ووتی ئەوە ئۆگەیە.

منیش بە جەماعەتم ووت ئەو کەسەیە، کە دانیشت من بۆ لای ئەو دەچم، بەڵام چاوتان لەسەر من و ئەو بێت هەرچی بوو تا من ئاگادارتان نەکەمەوە هیچ نەکەن، یەکێك لە کوردەکان هەڵسا بچێت لێیبدات، ووتم کورە دانیشە خۆ هێشتا هیچ نەبووە.

دوای ئەوەی گارسۆنەکە لەلایدا لاچوو منیش چوومە سەر مێزەکەی و ووتم ئەتوانم دابنیشم لێرەدا وەك پرسیار نەمووت، بەڵکو یەکسەر دانیشتم واتا من دەتوانم دانیشم، خۆی زۆر پێ گرنگ بوو.

ووتی نا ناتوانیت دانیشیت، من ڕێگات پێنادەم.

دەستیمگرت پەنجەیەکی بەدەستمەوە هات وا گوشیم تەقی بەدەستمەوە وامزانی شکاندوومە، گوێم لەدەنگت بێت کەلەت بەو پەرداخە ئەتەقینم، ئەزانی من کێم؟

ئۆگە: نا - نازانم چ مریشکێکی.. (جنێوێکی سوکی نەرویجیە)

ماکوان: کیسە گوو (ئەمەش هەر جنێوێکی نەرویجیە) من ئەوکەسەم کە دوێنێ شەو بەدیارمەوە خەوت لێکەوت ماکوانم ئەوەی کە سیحرت لێکردم، هەی کیسە گوو!

ئۆگە: شتی وا نەبووە ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت.

ماکوان: باش من دەناسیت وا نیشان مەدە کە هیچ نازانیت، چونکە ناهێڵم لەم ڕێستورانتە هەروا بەئاسانی دەرچیتە دەرەوە.. روونە، جا گوێم بۆ بگرە و بزانە چی دەڵێم (سروشتی خەڵکی نەرویجی وایە بڵێ گویم بۆ بگرە دەڵێت فەرموو)

ئۆگە: فەرموو چی دەڵێت

ماکوان: لەدوای ئەوەی گووەکەت خوارد لێرە هەڵدەستین دەچینە دەرەوە، دەچینە ئەو جێگاییە کە سیحرەکەت تێدا کردووە من بەدەستی خۆم ئەو خەت و قسە قۆڕانەی کە کردوتە ئەی سوتێنم و لەمە و بەدواوە بت بینم وببیستم کارێکی وا بکەیت بە چەقۆ پارچە پارچەت دەکەم! هەڕەشەکەشم جدی بوو.

کە وام ووت دەستی کرد بە گیرفانیدا تەلەفونەکەی دەرهێناو ووتی تەلەفون بۆ پۆلیس دەکەم، یەکەسەر لە دەستیم وەرگرتووە فڕاندم و هاوارم کرد لە کورە بۆسنییەکە ووتم وەرە ئەو

تەلەفونە بەرە و لای خۆتان بیکوژێنەرەوە.

کەئەوانی بینی ٥ کەسی تر دانیشتوون ئیتر دەنگی نەکرد و ووتی باشە با نانەکەم بخۆم دەڕۆین بۆ ماڵەوە.

لەناو سەیارەکەی ئەودا من و هاوڕێ بۆسنییەکەم ناوی عەمار بوو دانیشتین تا چووینە ماڵەکەی، ڤێلایەکی خۆشی هەبوو کە چوومە ژوورەوە نەمدەزانی سیحرەکە لەکوێدایە، پێیان نەوتبوم، چاوەڕوان بووم حەزقیل، حەنانە یاخود راقی هەواڵم بداتێ، بەلام هیچ نەبوو.

منیش بە تووڕەیەوە ووتم دەی سیحرەکە کوا بیهێنە تا ماڵەکەشم بەسەردا نەڕووخاندویت.

کە چوو هێنای فانیلەیەکی ژێرەوەی خۆم بەدەستیەوە بینی کە لەبەرمدەکرد، لەگەڵ چەند نوسینێك کە خەتو نوسین و رەسمی ناشرین بوو نەمدەزانی چی لێبکەم، هاوارم کرد بەسەریدا یا الله و سورەتی مەعوزەتەینم خوێندو ئایتەل کورسی، ئەوەندەم زانی حەزقیل هات ووتی لەکەیەکەوە چاوەڕێین نەیان دەهێشت بینە لاتان. ئەوەندە شەیتانی لێبوو کە ئایتەل کورسیو سورەتی مەعوزەتینت خوێند کەسیان نەمان ئەوە ئێستا هاتووین بۆ لات.

ئۆگە لە بەر دەستمدا زەلیل بووبوو، منیش پێمووت کێ پێیووتویت سیحر لە من بکەیت؟

ئۆگە: من تۆ ناناسم هاوڕێکانم داویان لێکردم کە سیحری لێبکەم گوایە تۆ ئازاری ئەوانت داوە، وەڵامیان بۆ هێنامەوە کە تۆش ساحیریت بۆیە توانام نەبوو هیچت لێبکەم، تۆ لەکوێ خوێندووتەوە؟

ماکوان: من ساحیر نیم و سیحریش هیچ نازانم من موسوڵمان و ئیسلام ئاینەکەمەوە ئەو قورئانەی کە دەیخوێنم قەڵغانمەو هیچ شتێك کاری لێناکات لە سیحرو جادووی تۆ.

ئۆگە: بەڕاست تۆ ساحیر نیت؟

ماکوان: نەخێر سیحر پیشەی کەسی باش و دیندار نییە، ئەوەی فاشل نەبێت لە ژیاندا خراپکار نەبێت کاری واناکەت.

ئۆگە: واتە تۆ ساحیر نیت و ئێمە ئاوا گیرمان خواردبوو بەدەستەوە؟

ماکوان: بەڵێ من ساحیر نیم و من موسوڵمانم.

ئۆگە: ئێستا من سحرێك دەکەم تۆ دەتوانی ئاشکرای بکەیت من چی دەکەم؟

ماکوان: بە پشتیوانی خوا، راقی خۆی نیشان دام ووتی مەترسە لێرەم هەرچی بکات ئاگادارت دەکەمەوە.

گوریسێکی هەڵدا بە ئاسماندا، بە ئاسمانەوە وەستا.

پەڕۆیەکی ڕەشی هێنا و دوو جار بایدا و منداڵێك هاتە دەرەوە لێی و بە نەرویجی ووتی بە ئێمە سلاو، دوای هاواری کرد لە سەگێکی زل هات گورسێکی تری هەڵدا وەك مار دەڕۆیشت خۆی بە گوریسەکەی ترەوە بەستەوە و منداڵەکە چووە لای سەگەکەو لەلای دەمییەوە وەستاو سەگەکە منداڵەکەی خوارد و لە کۆمیەوە فڕیدایەوە دەرەوە منداڵەکە بە گوریسەکەدا سەرکەوت، پەرۆ ڕەشەکەی هەڵدایەوە هیچی نەما. ئەو ٥ کەسەی لەگەڵمدا بوو زیرەیان کردبوو، هاوارم کرد راقی ئەو موزوعە چییە فریامان کەوە هیچی لێتێناگەم؟

راقی: هاتە لای گوێمەوە ووتی ئەوە گوریسی یەکەم جنۆکەیەك بۆی گرتووە ئەوی تریش جنۆکەیەك بۆی هەڵواسیوە، ئەو منداڵە هەر جنۆکەیەو سەگەکەش سەگی خۆیەتی لەبەر چاوی ئێوە وای کردووە دەنا هەمووی فرتو فێڵی شەیتانەکان بوو بۆیان کرد.

ماکوان: ئەگەر ئایەتەکان بخوێنم دەتوانیت بیکاتەوە.

راقی: نا بۆی ناکرێت.

ماکوان: رووم کردە ئۆگە ئەتوانیت جارێکی تر بیکەیتەوە، ئەو سیحرە؟

ئۆگە: ئاسایە..

دەستم کرد بە خوێندی قورئانو هەر گوریسی هەڵدا هیچ نەبوو، هەر لەبەردەم خۆییەوە وەك مێش گیزەی دەهات هیچی بۆ نەدەکرا سەگەگەی چەند جارێك قوروسکاندی و ڕۆشت، هیچی بۆ نەدەکرا منیش بەردەوام بووم لە خوێندی ئایەتەل کورسی و دوعاکان بەگشتی، هیچ بۆ نەکرا.

هەڵسامەوە ووتم جەماعەت با بڕۆین، ڕووم کردە ئۆگە و پێم ووت تۆ جارێ مریشکی و ئەوەندەی خۆت بەوەوە مەشغوڵ کردووە بڕۆ کارێك بکە باشترە ئەوە ژیانە تۆی تێدای هەی مریشك.

هاتینە دەرەوە بەرەوە شارەکەی خۆم گەڕامەوە جەماعەت باسیان دەکرد زۆر ترسابوون نەیاندەزانی راستیەکە چییە، بۆم باسکردن ئەوە فرتو فێڵی ساحیرو شەیتانەکانە بڕیار وابوو دوای دوو ڕۆژی کە ماڵ و منداڵ لە کوردستان بێنەوە.

بۆ بەیانییەکەی ئەوەندەم نەزانی لە دەرگای ماڵەکەمان درا، کات ژمێر ٦ ئێوارە بوو، لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد ئۆگەیە!

داخۆ چی بوێتو بۆچی هاتووە.

ئەوەی بیرم لێنەدەکردەوە ڕوویدا

دوای گەڕانەوەم لە شارەکەی ئۆگە، بۆ بەیانی ئێوارەکەی لە دەرگا درا، لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد تا بزانم کییە، بینیم ئۆگە لەدەرگای ماڵی من ئەدات، هەرلە پەنجەرەکەوە بانگم کرد چیت دەوێت؟

ئۆگە: سڵاو ماکوان ؛ تەماشا دەکەم سوجدەم بۆ دەبات.

ماکوان: ئەوەچیە ئەم کارە قۆڕە چییە دەیکەیت، شێت بوویت تۆ ئۆگە؟

ئۆگە: ماکوان تکایە هاوکاریم بکە، ئەم شەو هاوڕێکانم زۆریان لێداوم لەسەر تۆ. دەستی کرد بە گریانێك وەك منداڵ فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە. من ترسام فیڵ بێت، هاوارم کرد دراوسێکانم هاتنە دەرەوە. خۆم بەئەنقەست وام کرد بۆ ئەوەی دروسێکان بینە دەرەوە قەرەباڵغی دروست بێت لەوە ترسام نەوەکو خەڵکی تری لەگەڵ بێت و بەو فێلە من بباتە دەرەوە، هەرچەندە منیش دوو چەقۆم پێبوو یەکێکیانم خستە باخەڵم و دانەیەکیش بەدەستمەوە. کە قەرەباڵغی دروست بوو چوومە خوارەوە تەماشام کرد هەر خۆیەتی و نزیك بوومەوە لێی سوجدەی بۆ بردم منیش زۆرم بەلاوە سەیر بوو، دراوسێکانم دەیانگووت چییە؟

ووتم ببورن هیچ نییە، ئەمە هاوڕێمە حەشیشی لێبراوە پارەی پێنییە و داوای پارەم لێدەکات منیش نایدەمێ، وەڵا دراوسێیەکم کە وام ووت چوو ٤٠٠ کرۆنی هێنا ووتی بڕۆ بیکرە.

ووتم: ئۆگە وەریگرە دوای ئەیدەمن بە ساندویچ بەشەریکی دەیخۆین، دەستی کرد بە پێکەنین و وەریگرت، منیش ووتم سوپاستان دەکەم من

هاوکاری دەکەم ئێستا دەیبەمە ماڵەوە زۆر ببورن کە ئیزعاجی کردن.

ئۆگە- م بردمە ماڵی خۆمان و ڕێزم لێگرت، بەڵام هەر حەزەرم لێی هەبوو ووتم نەکو سیلاح یان دەمانچەی پێبێت فێڵ بکاو لەپڕ بیتەقێنێت یاخود دەست بوەشێنێت، ووتم چی دەخۆیت چای یان قاوە؟

ئۆگە: قاوە سوپاست دەکەم.

قاوەیەکم دروست کردو خەریکی خوێندنی ئایەتەکان و وویرد و ئایەتەکانی زەجر بووم دەموخوێند.

ماکوان: چیت لە ژێرسەردایەو بەتەمایی چی و ئەگەر بە دوای فێڵەوەی ئەوکەلەیەت بە لاشەتەوە ناهیڵم، ئێمەی ئاسیایی زۆر زیرەکین لەسەربریندا!

ئۆگە: ماکوان تەماشای پشتم بکە.

کە کراسەکەی هەڵدایەوە هەموو جێگای قامچی و خوێنی تێزابوو.

ماکوان: ئەوە کێ وای لێکردوویت؟

ئۆگە: جنەکان لەبەر ئەوەی نەمتوانی لە ئاستی تۆدا بوستمەوە بەس پێم بڵێ تۆ چیت فێری ئەو سیحرەی خۆتم بکە.

ماکوان: من ساحیر نیم بڕوا بکە سیحر نازانم، بەڵام دەزانم چۆن بەتاڵی دەکەمەوە. من موسوڵمانم سیحر کردن کاری مرۆڤی باش و چاك نییە.

ئۆگە: منیش فێری ئەو ئیسلامە بکە، ئەوە داعشە کە لە موصڵن؟

ماکوان: نا- ئیسلام هیچ مرۆڤ و حیزب و کۆمەڵ و گروپێك خاوەنی نییە، بەڵکو خوا ی پەروەردگار خاوەنی ئەو ئاینەیە و بۆ ناسینی ئاینەکەی پەیامبەرێکی ناردوە ناوی موحمەد (صلی الله عیە وسلم)، مرۆڤەکان خۆیان بەو ئاینەوە هەڵدەواسن بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرن هەیە بە نەزانی وە هەشە وەك دوکان و بازاڕ دایناوە. هەیە بۆ دەسەڵات و سیاسەت و پاوەر بەکاری دێنێت. ئەوە کەوتۆتە سەر چۆنێتی مرۆڤەکان و بەکارهێنانی ئاینەکە کە بەکاری دەهێنن.. ڕوونە؟

ئۆگە: ئەو کاتەی لای من بوویت چیت خوێند؟ من کەسم لا نەما لە جنەکان هەموو ڕۆشتبوون لەترسی تۆ.

ماکوان: لەترسی من نەبوو، بەڵکو لە ترسی قورئان و ئیسلام بوو.

ئۆگە: قورئان چییە؟ ئەوە نییە کە داعش دەڵێت شەریعەت و خەڵك سەردەبڕێت؟

ماکوان: نا- بەڵکو قورئان ئەوەیە کە خەڵکی نەجات ئەدات لە هەموو ناڕەحەتی و تەنگەژەیەکی ژیان، ئەوەی قورئان بەکار بهێنیت ئاسودەی ئەم ژین و ئەو دونیای تریش دەبێت.

ئۆگە: ئەو دنیایەی تر کە پرێستەکان باسی دەکەن؟ مەبەستی قەشە مەسیحیەکان بوو.

ماکوان: بەڵێ — بەڵام ئەو باسەی ئەوان تەزویرە ڕاست نییە.

ئۆگە: ئەی کامە ڕاستە؟

ماکوان: ئەوەی خوای موتەعال لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە.

ئۆگە: چۆن قورئان فێر ببم؟

ماکــوان: من لامە بەزمانی نەرویجی و ئینگلیزی و لە سایتەکانیشــدا هەیە، حەز دەکەیت گوێی لێبگریت و بیخوێنیتەوە؟

ئۆگە: بۆ نا با بزانم چییە.

ماکوان: بەســەر چاو، دەنگی غامدیم خســتە ســەرو قورئانە کەم دایە دەســتی بەزمانی نەرویجی ٦ دەقیقە سورەتی ال عمرانم خستە سەر، تەماشا دەکەم دەگری.

ماکوان: ئەوە چییە ئۆگە؟

ئۆگە: هەست دەکەم باوکم قسەم بۆ دەکات دڵم زۆر ئارامە.

ماکوان: باوکی چی ئەوە فەرموودەی خوای موتەعالە خوای پەروەردگار قسەت بۆ دەکات.

ئۆگە: من نازانم زۆر خۆشحاڵم با بەردەوام بێت ئەگەر تەواو بوو بیخەوە سەری.

ماکوان: خەمت نەبێت زۆر گوێبگرە تا دڵت تێر دەبێت، وازم لێهێنا چووم دەستم کرد بە ســورکردنەوەی گۆشتی بەرخ لە فرندا و ســرکەو پیازو تەرتیباتم بۆ پێداکرد و دوعام دەکرد خوا هیدایەتی بدات، بانگی کوڕێکی رەفیقمم کرد فەڵەستینی بوو.

ووتم وەرە بۆماڵمان خوای گەورە نێچیرێکی ناردوە با بە ئارەزوی دڵی خۆمان قسەی بۆ بکەین و بەڵکو موسوڵمانی بکەین، راکە وەرە

گۆشت سوردەکەمەوە ئەویش وەك من تیمساح ئاسا حەزی لە گۆشت بوو.

نیو کاتژمێر دیقەتی ئۆگەم ئەدا ئەگریا، ئەموت ئەوە بۆ ئەگریت؟ هیچ وەڵامی نەدامەوە، بەقــەدەر هەموو دنیاش پێویســتم بە حەزقیل-ە، بە راقــی-ە بەحەنانە-یە کەس دیار نییە. ماجیــد هــات بۆ ماڵمان کوڕێکی فەلەســتینییە، بەڵام لە عێراق گەورە بــووە کوڕێکی زیرەکو ئاقڵو دیندار بوو، تەعاروفم پێکردن لەگەڵ ئۆگەدا بەیەکەوە دانیشتن پاش ماوەیەك، خەریکی رازاندنەوەی سفرە بووم ئۆگە ووتی دەڕۆم.

ماکوان: نایەڵم بڕۆیت نان بخۆ ئینجا بڕۆ.

ئۆگە: من ڤێجیتارم تەنها سەوزە دەخۆم.

ماکوان: ئەی گۆشت بۆ ناخۆیت؟

ئۆگە: ئاخر من ڕێز ئاژەڵ دەگرم نایخۆم، ئەوانیش حەزیان بە ژیانە.

ماکــوان: تــۆ ڕێزی ئاژەڵ دەگریت، بــەڵام ڕێزی مرۆڤ ناگریت قســەی بێمەعنا دەکەیت نانەکەت بخۆ لەگەڵماندا، دەمزانی ساحیرەکان زیاتر گۆشت ناخۆن گیاین.

ئۆگە: ئەی تۆ بۆ گیا ناخۆیت ماکوان؟

ماکوان: لە ژیانتا شێرت بینیوە گیا بخوات؟

ئۆگە: نا

ماکوان: ئێمە شـێرین، شێریش گۆشـت نەبێت نایخوات وە لاکە تۆپیویش ناخۆین گۆشتی ئێمە حەلاڵە دەی مووسـڵمان بەو لەگەڵماندا بسـم الله بکەو بخۆ، من تەنها بۆ موجامەلە وام ووت چاوەڕێی ئەوە نەبووم هەر بیر لە موسوڵمان بوونیش بکاتەوە.

ئۆگە: باشە دەمەوێت موسوڵمان بم، بەڵام چی بکەم؟

ماکـوان: ماجیـد قسـەی بۆ بکە من تـۆم بۆیە هێناوە بـۆ ئێرە بۆ ئەوەی قسـە بکەیت دامەنیشە بەدیار تەلەفزیۆنەوە دەی، خێرا تەلەفزیۆنم کوژاندەوە. ماجید دەستی کرد بە قسە بۆی و ناردی بۆ حەمام خۆی شۆردو دەستێ جلی خۆمم بۆ هێناو هەموو جلەکانی خۆی فڕێدا جلەکانیم تەماشـا کرد هەمووی طلیسمی سـیحربوو هەمووی لێی نوسرابوو شێوەی نوسینی عیبری جولکەی لەسـەر بوو، هەموویم سـوتاند بەو شەوە. شایەتومانی هێناو دەستی کرد بە نوێـژ کـردن لەگەڵ ماجید و ووتی باشـە من دەرۆم هەرچی ووتمان مـەڕۆ ووتی بەخوا زۆر مورتاحم حەز دەکەم هەوای پاك هەڵمژم، ئەوە ماوەی چەند سـاڵێکە هەر بەشـەو خەبەرم و بەرۆژ نوسـتووم دەمەویـت وەك مرۆڤ بژیم دەمەوێت زوو بخەوم و بەیانی هەڵسـم لەخەو خۆر ببینم.

لەکاتی خوا حافیزی ووتم تەلە فوونەکەتم بدەرێ ئەگەر شتێکت پێویست بوو پرسیار بکە لەخزمەتاندام، ژمارەی تەلەفونەکەم لێوەرگرت.

ئۆگە: ماکوان با پارەی جلەکانت بدەمێ

ماکوان: خۆ من نەرویجی نیم پارەی ناخواردنەکەشـت لێوەر بگرمەوە (نەرویجی بۆ ئەو شاتنە زۆر سورشتێکی سەیریان هەیە زۆر جار پارە لەیەکتری وەردەگرنەوە کە کەسێك لەماڵی خۆشیدا شتێك ببەخشێت) بە پێکەنینەوە.

ئۆگە: دەی براکەم السلام علیکم

ماکوان: وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاتە.

هاتمەوە بۆلای ماجید تەماشا دەکەم وەك پیاو قاپەکان دەشوات، قاپەکان تەواو بوو ووتی دەرۆم خێزانم بە تەنهایە خواحافیزیشـم لەو کرد، دەسـتنوێژم گرت بۆ نوێژی عیشا هاتمەوە ژووری دانیشتن راقی و حەزقیل دانیشتبوون.

ماکـوان: ئـەرێ ئێـوە بـۆ هەمیشـە وەك فلیمـی هینـدی دەبێـت لـە کۆتایەکەیـدا ئامـادە بـن، چەندە پێویسـتم پێتان بـوو هەر نەهاتـن. ئۆگە لێـرە بوو موسـوڵمان بوو.

حەزقیل: ئاگادار بووین، بەڵام ماکوان هەر بەچوونەوەی بۆماڵەکەی دەیکوژن. بزانن موسوڵمان بووە پارچە پارچەی دەکەن، ئەوە زۆر تێکەڵە لەگەڵ جنۆکە شەیتانەکاندا.

ماکوان: ئەی چی لێبکەم؟

راقی: نەدەبوو بهێڵیت بڕوات بڕوا بکە ئەم شەو دەیکوژن.

ماکـوان: ئەوە کاتژمێرێك نابێت کەوتۆتـە ڕێ تەلەفونەکەی لامە خێرا تەلەفونم بۆ کرد چەندجار لێیدا هەڵینەگرت لەدڵی خۆمدا ووتم سـەیارە لێدەخوڕێت بەئەوانیشـم ووت بۆیە هەڵیناگرێت سەیارە لێدەخوڕێت.

حەزقیـل: بەخـوا سـەیارەکەیان وەرگەڕانـدووە. کـەوای ووت حەزقیـل مـن دڵـم زۆر ناخـۆش بـوو، دیسـان تەلەفونـم کردەوە هـەر دەنـگ نەبـوو جارێکی تریـش کردمەوە ئەمجارەیـان وەڵام درایـەوە. ئـەو کەسـەی کـە وەڵامـی دایەوە خـۆی ناسـاند و ووتی من پۆلیسـم ئەوکەسـەی تەلەفوونت بۆ کردووە توشـی ڕووداوی هاتووچۆ بووە تۆ چی ئەویت؟ یەکسەر ووتم هاوڕێمە لای من بووە ڕۆشتۆتەوە بۆ شارەکەی خۆی.

پۆلیـس: دەتوانیـت بێیتـە لای هـاوکاری بکـەن و حاڵـی زۆر ترسـناکە و دەیبینە ئەو نەخۆشخانەیە لە نزیك شارەکەی من بوو واتا گەڕاندبوویانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، چونکە نەخۆشخانەیەکی گەورە بوو.

ووتم ئێستا دەردەچم ئەدرەسەکەم بدەرێ وا هاتمە لاتان چەندێك دوورم لەرووداوەکەوە.

پۆلیس: نیزیکەی کاتژمێریك، بەڵام دەیبەینە ئەو نەخۆشـخانەیە نیو کاتژمێر دوورە لە تۆوە، وەرە ئەوێ.

ماکوان: زۆر باشە واهاتم، کە ئاوڕمداوە: نە حەزقیل هەیە نە راقی هەرچەندە زۆر گوێم پێنەدان. کاتێك گەیشتمە لای و بینیم وێران بوبوو.

پرسیم ڕووداوەکە چۆن بووە، ووتیان نازانین زۆر سەیرە نە نەخۆی بەهیچدا کێشاوە، وە نەهیچ خۆی کێشاوە بە سەیارەکەیدا، بەڵکو جامی سەیارەکەی شکاوە هەرچی سەیارەکەشیەتی ووێران بووە خۆشی برینەکەی زۆر ترسناکە ئەگەر بمینێت باشە!

هیچـم پێنەکرا بێهـۆش بوو، بەڵام شـوێنەکەیم زانی. منیش دەبـوو بەیانی زوو بچمە فڕۆکەخانـە ماڵو منداڵ دەگەڕێنەوە بۆ نەرویج، ناچار بە جێمهێشـت و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە

لەویش بوومایە هیچم پێنەدەکرا. بەهەرحاڵ دوای دووڕۆژ گەڕامەوە بۆ نەخۆشـخانە هەواڵم پرسـی ووتیان بێهۆشە، چوومە سەری دەسـتم کرد بە قورئان خوێندن تا چارەکێك قورئانم خوێند بەسەریدا، لەپڕ ژن و پیاوێك خۆیان کرد بە ژووردا و کە منیان بینی ووتیان تۆ کێیت؟

منیش ووتم ئەی ئێوە کێن؟

ووتیان: ئەوە کوڕی ئێمەیە ناوی ئۆگە-یە.

هەڵسامەوە لەبەریان و تەوقەم کرد لەگەڵ باوکی و ووتم من ناوم ماکوانەو هاوڕێی ئۆگەم، ئەو شەوە لای من بووە کە گەڕاوەتەوە توشی ئەو رووداوە بووە.

باوکی زۆر ڕێزی لێگرتم ناوی کنیوت بوو، دایکیشی ناوی بیۆرگ. دایکی زۆر سەگو سەگ باب بوو وای دەزانی من سەیارەکەم لێخوڕیوە وام لێکردووە، بەڵام باوکی پیاوێکی زۆر نەجیب بوو.

بەهەرحاڵ بە جێمهێشت و بە باوکیم ووت: ئەگەرباش بوو ئاگادارم بکەرەوە دێمەوە بۆلای.

دوای هەفتەیەك کنیوتی باوکی ئۆگە تەلەفونی بۆ کردم، ماکوان وەرە هەواڵێکی خۆشـم پێیە بۆت ئۆگە باش بوو هەواڵی تۆی پرسیوە.

ماکـوان: یەك کاتژمێری تـر لاتانم کەچووم ئۆگە باش بوو، منیـش لەبەر چاوی دایکی و باوکی ووتم براکەم السـلام علیکم و سوپاسـی خوا دەکەم کە باش بوویت من و هاوڕێکانم دوعـای خێرمـان بۆ کردی لە نوێژی جومعە کە وام ووت زۆری پێخۆش بوو باوکی پێدەکەنی و دایکیش وەك پیرێژنی دۆ ڕژاو لچێکی دابوو بەسەر لچەکەی تریدا.

ماکوان: بۆم باس کە چی روویداوە؟

ئۆگە: ماکوان حەز دەکەم ئەو شتە بکەم کە فێرتان کردم.

مەبەستی دەستنوێژ بوو.

ماکوان: باشە وەرە بچینە حەمام.

دایکـی هـات تا یارمەتی بدات، ووتی نـا با ماکوان بێت ئاگام لێبـوو دایکی خەریك بوو ئەتەقی. ووتی ئەم کوڕەی من زۆر سەیرە.

ماکوان: ئەو سەیر نییە کێشە لە تۆدایە لێی تێناگەیت.

لەبەرچاویدا دەستنوێژم گرتو فێرم کردەوە.

هاتمە دەرەوە لە پشت دەرگای تەوالێتەکەوە وەستام ووتم نەکو پێداویستی هەبێتو یاخود بکەوێت، باوکی ووتی ماکوان زۆر سەیرە ئەم کوڕەی ئێمە هاوڕێیەتی کەسی نەکردووە زۆرمان

بەلاوە سەیرە کە بووە بە هاورێی تۆ.

رووەمکردە دایکی ووتم بەشکوم جەڵدە لێیبدات، ووتم دەزانی ئۆگە موسوڵمان بووە.بووە بە برای ئێمە. قسەکەم تەواو نەکردبوو.

ئۆگە: ماکوان با نوێژ بکەین.

ماکوان: با بیکەین

کات نێوانی نوێژی مەغریب و عەسـر بوو، من نوێژی عەسـرم کردبوو، بەڵام جارێکی تر کردمـەوە بـۆ ئەوەی ئۆگەش بیکات، دوعام بۆ کرد بە زمانی نەرویجی و هەسـتم کرد وورده وورده بەرەو باشی دەڕۆیشت.

ماکوان: با بڕۆینە جێگایەك دابیشـین لە کافتریای نەخۆشخانەکە بەیەکەوە قسە دەکەین دوور لە دایك وباوکیشت، رازیت؟

ئۆگـە: ڕازیـم! دایکی هـات و ووتی ئێمەش لەگـەڵ باوکت دەچین سـەردانێکی ناو بازاڕ دەکەین، زۆر بە ناشرینی بەدایکی ووت بڕۆن.

ماکوان: نابێت بەو شـێوە قسـە لەگەڵ دایکت بکەیت، لە ئیسـلامدا بەهەشـت لەژێر پێ دایکاندایە ئەگەر موسوڵمان بێت، بەڵام ئەگەر کافر بوو دەبێت هەر ڕێزی بگریت بە ئەدەبەوە قسـەی لەگەڵ بکەیت ئیحترامی بگریت و هەسـتە دەستی ماچ بکە. کەوام ووت هەڵسا دەستی دایکی ماچ کردو دایکی ووتی بەڕاستی سەیرە.

چووینە کافتریاکە لەوێ دەستمان کرد بە قسە ووتم چی روویداوە ئەو شەوە بۆم باس بکە.

هەمووی بۆ گێڕامەوە کە سوکانی سەیارەی لە دەست وەرگیراوە شوشەی سەیارەکەی شکاوە نەیتوانیوە سەیارەکە ڕاگرێت و ستۆپ بکات، توانای بەسەر سەیارەکەدا نەماوە.

ماکوان: خەتای من بوو براکەم ببورە نەدەبوو بمهێشـتایە بڕۆیتەوە بۆ ئەو ماڵە، چونکە ئەوکەسـانەی کە هاوکارت بوون پێشـتر بۆ سیحر ئێسـتا وازت لێناهێنن دەبێت چارەسەرێك بدۆزینەوە.

ئۆگە: چی دەڵێیت بە قسەت دەکەم.

ماکـوان: من دەڵێم بڕۆ بۆ عومرە نزیکی رەمەزانە کەسـێکت لەگەڵدا دەنێرم فێرت بکات و لەوێـش ئـارام دەبیت، ناوێرن بێـن بەلاتدا بڕۆ بۆ مەککە و مانگی رەمـەزان لەوێبە. هەر بگیریت لە مەککە و مەدینە ٥ ساڵ حوکومە ئاگادار بە! ئەگەر پارەشت پێنییە من هاوکاریت

دەکەم.

ئۆگە: ئەوە دەڵێ چی ماکوان من بە ملیۆن کرۆنم هەیە، پارەم بۆچییە.

ماکوان: دە لەو ملیۆنانە ١٠٠ هەتیو بگرە خۆت لە کوردستان، ئامادەیت؟

ئۆگە: تۆ چی دەڵێیت ماکوان وەعد من دەیکەم ئەوە ١٠٠ بدۆزەرەوە من پارەکەی پێئەدەم.

ماکوان: برۆ بۆ حەج و بێرەوە دوای قسە دەکەین، مەلایەکی رەفیقم هەیە سۆمالییە هەتا بڵێیت دیندارە لەگەڵ ئەو ئەتنێرم، بەس زمانی باش نییە.

ئۆگە: ماکوان بەخوا من پێویستم بە زانیاریە کەسێکم بۆ بدۆزەرەوە با زمان بزانێت.

ماکوان: تەلەفونم کرد بۆکوڕێکی پاکستانی ووتم ئەو کارەم بۆ دەکەیت؟

وەڵامی دامەوە بە نەخێر.

دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرچووم، ماوەیەکی زۆری بەسەردا ڕۆشت، تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی دەچمە ماڵی باوکم، ئەگەر کەسم بۆ پەیدا نەکەیت خۆم دەڕۆم هەراسانیان کردووم. هەرچەندە نەمزانی چی ڕوویداوە بەهۆکاری سەرقاڵیمەوە، بەڵام خوای گەورە ئاسانی کرد لەگەڵ مزگەوتێك لە ئۆسلۆ ناردم بۆ عومرە کوڕێکی خەڵکی فەلەستینم لەگەڵیدا دانا نەرویجیەکەی لە عەرەبیەکەی باشتر بوو. ناردمن بۆ حەج پارەی ١٠٠ هەتیویشی دانا بوو کە بۆیان بنێرم.

سوپاس بۆ خوا لە سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە، کەلار، دەربەندیخان، پێنجوین و کەرکوك خەڵکمان دۆزییەوە ئەوەی زانیمان موستەحەقە لە پارەی ئۆگە هاوکاریمان کرد.

شەوی ٢٧ ڕەمەزان ئۆگە پەیوەندی کرد پێمەوەو ووتی ماکوان دوعات بۆ دەکەم بڕۆیتەوە بۆ کوردستان.

دەیزانی کێشەی سەفەرکردنم هەبوو وە حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

ووتی کتێبی باشم بۆ کڕیویت، بەم نزیکانە دێمەوە بۆلات.

ماکوان: نەیتەوە بۆ ئێرە تا - لەوێیت بڕۆ بۆ شاری جدە بۆلای (طارق الحبیب) ئەو پیاوەی کە نیشانم دای لە یوتیوب پرۆفیسۆرێکەو باسی ژیانی خۆتی بۆ بکە با هاوکاریت بکات. ڤیزە وەرگرەو بڕۆ بۆ جدە.

دوای ٨ ڕۆژ پەیوەندی پێوە کردمەوە ووتی ئەوکەسە لە ریاضە چووم بۆلای و دوو شەو لای ئەو بووم.

ماکوان: زۆر باشە مادام چووی بۆلای ئەو ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ نەرویج.

ئۆگە هاتەوە پشتی تویتایەك شتی بۆ هێنابوم ١٢ دزداشەی هێنابوو بۆم، بێجگە کتێبو سیواك و عەتر و خورمای عەجووە و ئاوی زمزم.

ماکوان: وەزعت چۆنە؟

ئۆگە: زۆر باشم!

ماکوان: ناترسی لە شەیتانەکان؟

ئۆگە: حەدیان نییە بێن بەلامدا، خانوەکەی خۆی فرۆشت ناردی بۆ خەڵکی فەلەستین ئێستا کۆمپانیای تەکسی هەیە لە شارەکەی بەندە حەزی بە هاوڕێەتیمان کردو نەگەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی، ناوی خۆی گۆڕیوە بە ئوسامە کۆمپانییەکەی ٨ تەکسی تێکردووە.

سیحر و زانکۆ و ئەکادیمیا

لەگەڵ ئۆگە (ئوسامە) نێوانمان زۆر خۆش بوو چەندجار هاتوچۆی یەکترمان کرد و پاشان جارێکیش بەیەکەوە سەفەری باخچەی ئاژەڵانمان کردو چەند ساتو کاتێکی خۆشمان بەیەکەوە بردە سەر.

زۆر جار باسی سیحرەکانی خۆی بۆ دەکردم کە چۆن هاوکارییان کردووە جنۆکەکان و ئەم نەیزانیوە کە جنۆکەن، بەڵکو ئۆگە هەر بڕوای بە خواش نەبووە.

ڕۆژێك لێم پرسی چۆن ئەم کارە ناپوختەیە فێربوویت؟

ئۆگە: زۆر تەماشای فیلمەکانی هاری پۆتەرم دەکرد زۆر حەزم بەکاری سیحر بوو، سەرچاوەکەشی ئەو کۆمەڵە فیلمە بوو کە بەچەند بەشێك دەرچوو. پاشان داوام کرد لەگەڵ باوکم و دایك و خوشکێکم چووین بۆ ئەمریکا بۆ لوس ئەنجلس، لەوێ بە باوکمم ووت دەمەوێت فێری سیحر بم. قوتابخانەی لێیە لەو شارە زۆربەی زۆری یەهودی و فارسەکانی ئێرانن کە وانەی تێدا دەڵێنەوە. منیش چوومە پەیمانگا، بەڵام کۆرسێکی سەرەتایی بوو زیاتر لەوێدا هونەری سیحر باس دەکرا. دوای ئەوەی کە زانرا من خولیام سیحرە مامۆستایەکی جولەکەم هەبوو بەناوی جۆزیف. ووتی دەتنێرم بۆ جێگایەك وەك ئەوەی هاری پۆتەر وایە.

وامزانی گاڵتەم پێدەکات، چونکە ئەوەندە باسی هاری پۆتەرم کردبوو زۆر جار لەگەڵ

هاورێکانمدا لاسای ئەوم دەکردەوە و کارەکانی ئەوم دەکرد.

جۆزیف: ئەتنێرم بۆ جێگایەك ناوی ئەکادیمیای جادوی ئەمریکیە، ١٦ بەشە لەو زانکۆیەدا حوکومەتی ئەمریکی بە فەرمی ناساندویەتی و بەشەکانی بریتن لە: کیمیا و چۆنێتی دروستکردنی عەصای جادوی و بەشی شەڕ دژی هێزی خراپ و شەڕەنگێز. هەر وەك قوتابخانەکەی هاری پۆتەر وابوو، کە ناوی هوجورتس بوو. دوایی بۆم دەرکەوت هەموو فیلمەکە لەو زانکۆیەوە وەرگیراوە.

ماکوان: هەر ئەو زانکۆیەی تێدایە ئەمریکا؟

ئۆگە (ئوسامە): نا زۆرە لە بەناوبانگترینیان

ئەمانەن کە دیارن وەك زانکۆی جادوی (ماساتشوستس)

ئەم زانکۆیە لە وویلایەتی ماساتشوستس ە، خاوەنی ٤٠ هەزار قوتابییە لە هەموو جیهانەوە رووی تێدەکەن، هەندێکیان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە دەخوێنن و هەندێکی تریشیان بەردەوام لە زانکۆکە دەوام دەکەن. هەروەها لە باکوری ئەمریکا زانکۆیەکی تری لێیە ئەمە زۆر ترسناکە ناوی (سیباستیان) جادوە ئەم زانکۆیە دەکەوێتە (گراند کانیون) لە وویلایەتی ئاریزۆنا، ئەو کەسەی کە ئیدارەی دەکات و سەرۆکی زانکۆکەیە ساحیرێکی بەناوبانگی ئەمریکیە ناوی سیباستیان ە، زانکۆیەکی تری لێیە ئەوە زیاتر پەیوەستە بە دەزگای جاسوسی ئەمریکی سی ئای ئەی بەناوی (ئیونشیان) زانکۆی فێرخوازی باڵا دادەنرێت، ئیتر گەورەترین زانکۆ و پەیمانگا لەم بەشەیە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. هەمووشتێکی مەحاڵ دەکرێت - ئەوشتانە دەکرێت تەنانەت لەتوانای ئێمەو مانانیشدا نەبوو، زۆر لە ئێمە گەورەتر دەچوونە ناوی و وەردەگیران.

ماکوان: تەنها لە ئەمریکا هەیە؟ ئەی لە جێگای تری دوونیادا نییە بۆنمونە ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا.هتد

ئۆگە (ئوسامە): چۆن نییە زانکۆی نێودەوڵەتی سیحر هەیە لە سکۆتلەندا، ناوی ئەکادیمایی (ماکتافیش)ە بۆ زانستەکانی جادوو ناوەکەی بەو شێوەیەیە. یەکێکە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بۆ ئەو بوارە، من چووم لە ناوچەیەکی زۆر خۆشدایە لەسەر کەنارەکانی لۆش نیسە، گەورەترین زانکۆی سەر زەویە. لە کەرنەڤاڵی جادوبازەکاندا لەوێ بووم و دیاریم وەرگرتوە.

ماکوان: دیاریەکەت چی بوو؟

نوسامە ئۆگە: هەندێك دەرمانی سیحر کە زۆر گرانبەهابوو و خۆڵی فیرعەونە.

ماکوان: پەنا دەگرم بە خوا لەم کارە قۆڕانە، ئەی جێگای تر هەیە لە وڵاتی ئیسلامییەکان زانکۆی وا هەیە؟!

ئۆگە (ئوسامە): ئەی چۆن نییە زانکۆی هەرەمەکانی میسر، گەورەترین زانکۆیە لە هەموو ئەفریقادا کە لە دوو بەش پێك هاتووە بەشێکی لە ناو گیزەیە لای ئەهرامەکان و بەشێکی تری لە ناو کتێبخانەی ئەسکەندەریەدایە لەژێر زەویدا ئەوەی کە جادوباز نەبێت بۆی نییە بچێتە ئەو بەشە.

بۆ زانیاریت ماکوان زیاد لە ٢٠٠هەزار کرۆنم داوە برۆمە ناو ئەو کتیبخانەیە نەیانهێشتوە. کتێبی زۆر گرنگی تێدایە لەسەر جادوبازی کە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانی فیرعەونەکان واتا نزیکەی ١٥ سەدە پێش لەدایك بوونی پێغەمبەرعیسای کوری مەریەم – سەلامی خوای لێبێت.

با بیرم نەچێت ماکوان شتێکی تر هەیە بیزانە چیایەك هەیە لە ئەفریقا ناوی (بیروە) یە کۆمەڵێك ساحیری گەورەی لێییە، کە پەیمانگایەکیان کردۆتەوە بە پارە خەڵك فێر دەکەن ئەوانیش گرنگترین جادووبازەکانی جیهانن لەو شاخەدا دەژین و تەنانەت فرۆکەیان هەیە و چەکی قورسی تایبەت بەخۆیان هەیە. دەوڵەمەند ترین خەڵکنو بازرگانی بە ئەڵماسەوە دەکەن.

ماکوان: ئەی ئاسیا لە عێراق، ئێران، تورکیا، پاکستان لەو وڵاتانە تەویلەخانەی وا هەیە؟ ئەوەی کە پێی دەڵێن زانکۆ.

ئۆگە (ئوسامە): بە پێکەنینەوە تەنها لە دوو وڵاتی زلهێزدا هەیە، ئەویش چین و روسیایە. ئەوەی روسیا زۆر ترسناکە لە ئەوروپاو لە ئاسیادا دژیایەتی هەرچی ساحیرەکانە دەیکات و تواناو هێزیکی زۆر سەیرو بەتواناییان هەیە. ئەم زانکۆیە لە کەنارەکانی دەریای ڕەشە لە ناوچەی کراسنوکاریسکی، لە چینیش ئەوەندەی کە من بزانم هاوڕێ جادوبازەکانمان بۆیان باسکردوین و خوێندویشمانە، کە ناوی زانکۆی (مینج) ی چینییە. لە نزیك دیوارەکانی چینەو لە پەکینی پایتەخت، قوتابی پەروەردە ناکات ئەو زانکۆیە تەنها ئوستازی جادووگەر پەروەردە دەکات.

زانیاری ترت دەوێت ماکوانی ئازیز؟

ماکوان: بەدڵنیاییەوە زانیاریم دەوێت بەدوای شتی تریشدا دەگەڕێم، ئەی لەناو ئێوەدا خەڵکی موسوڵمان تێدابوو؟

ئۆگە(ئوسامە): ئەوەی سیحر بکات نابێت دینی هەبێت دەبێت دژی خوابێت، بەڵام دوو ئاینی

بۆیان هەبوو بێنە ناو زانکۆکان، زەردەشـتیە ئێرانییەکان و هیندەکان. هەروەها جولەکەکانی ئەمریـکا. لـە چەند زانکۆیــەك وەك تەعلیمات درابــوو بە قوتابیەکان نابێــت جادووبازەکان هاوڕێیەتی موســوڵمانان بکەن وە هیچ موسوڵمانێکیش بۆی نییە نزیك بێتەوە لە زانکۆکانیان لە یەکێك لە زانکۆکانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەڵێت تەنانەت دەتوانیت بیکوژیت.

ئەگەر دەتەوێت باسی مەنهەج و خوێندنەکەشت بۆ دەکەم.

ماکوان: نا – نامەوێت هەر گوێم لیبێت.

ئۆگە(ئوسامە): سەیرە خەڵکانێك پارە ئەدەن بۆ ئەوەی یەك ووشە لە من ببیستن ئەوە تۆ یەکەم کەسی دەڵێیت نامەوێت هەر گوێم لێبێت!

ماکوان: ئوســامەی برام نامەوێت گوێم لە زانســتی جادوەکە بێت کافر دەبین کافر، بەڵام گوێ دەگرم بۆ میژووی کارەکانی تۆ. نیعمەتی ئیســلام هەروا ســادەو ساکار نییەو کافربونیش یــاری منداڵان نییە. من بزانم پیاوکوشــتن خراپە چۆن دەیکەم. ســیحر لە پیاو کوشــتنیش خراپترە.

ئۆگە(ئوســامە): بڕوا بکە ماکوان ئێســتا هەســت بە لەدایك بوونم دەکەم، ئەزانم ئیسلام چەندە بەرزە، ئەی پێم بڵێ بە تەما بوویت بڕۆیتەوە بۆ کوردســتان؟ ووتت ســیحرت لێکراوە ئەو رۆژە شتێکی وات بۆ باس کردم.

ماکوان: بەڵێ بەداخەوە، سیحری نـیکرۆنۆمیکۆنم لێکراوە لە کەرکوکە سیحرەکە.

ئۆگە(ئوسامە): دەستی کرد بە قاقای پێکەنین ئەو سیحرە خەڵکی سەرجادە دەیکەن ئەوە کەی ساحیرن ئەوانە سواڵکەرەکانی ئەمریکاو هیندستان و خەڵکی سەرەتای دەیکەن، ئەوە هەر باوی نەماوە.

ماکوان: بەڵام توشــی سەرئێشــەیەکی زۆری کردووم، زۆر جار توانام نامێنیت بەســەر ئەو ئازارەدا ناچار هاوار دەکەم.

ئۆگە (ئوسامە): راستە ئەو کاریگەرییەی هەیە، بەڵام طەلیسمەکان پەیدا بکە ئاسانە.

ماکوان: من طەلیسمەکەم لایە بەشێکی، بەشێکی تریشی لە کەرکوکە چی ئاسانە؟

ئۆگە(ئوســامە): اســتغفرالله، خەیاڵم نەبوو بیرم بەلای ئەوەدا چوو کە بە ســیحر بەتاڵی بکەمەوە.

ماکوان: کێشــە نییە تۆزێك ترســم هەیە لە پۆلیســی ئەنتەرپول بگیرێم بە بۆنەی ئەو کێشەی ئیتالیا بۆی دروستکردووم.

ئۆگە(ئوسامە): من دەتوانم قسە بکەم لەگەڵ موخابەراتدا هاوڕێیەکم لەوێ کار دەکات بزانین ناوت ماوە لە پۆلیس.

ماکوان: مەمنونیش دەبم

لەبەرچاوی خۆم تەلەفونی کرد بۆ هاوڕێکەی و ناوی منی دایە لەگەڵ ڕۆژی لەدایك بوون هەموو زانیاریەکان.

ئوسامە (ئۆگە): بۆم شەرح بکە سیحر لە ئیسلامدا چۆنەو کێ باسی کردووە کتێبەکان چین لەسەری نوسراون؟

ماکوان: زۆر مەمنونی بووم و ووتم دڵنیابە سەفەرەکەم کردو هاتمەوە بەجوانی بۆت شەرح دەکەم، بەڵام ئێستا هەردووکمان کاتمان نییەو بە ڕۆژو دوو ڕۆژ تەواو نابێت.

رازی بوو پاشان دوای دوو ڕۆژ ووتی هیچ ناوت نەماوە، بەڵام من هەر بڕوام نەکرد. پەیوەندیمکرد بە برایەکی خۆمانەوە لە بەلجیکا نوێنەری حیزبێك بوو لە کوردستان داوام لێکرد بەو پێیە پەیوەندی باشە لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپیدا هەواڵێکم بۆ بپرسێت، بزانێت ناوم ماوە لە ئەنتەرپول؟ ئەویش هەواڵی بۆ هێنامەوە هیچ ناوێکت نییە، دڵم ئاوی نەخواردەوە پەیوەندیم کرد بە بەشی ئەنتەرپولی فرۆکەخانەکانی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی، ئەوانیش دڵنیایان کردمەوە کە ناوی من نییە لەناو پۆلیسی ئەنتەرپولدا.

دڵخۆش بووم خێرا بلیتم کڕی بۆ مانگی داهاتوو بەگەڕێمەوە بۆ کوردستان. لە نەرویجەوە سەرکەوم بۆ قەتەر و لەوێشەوە بۆ سلێمانی، بەڵام بەقەدەر هەموو ئەم جیهانە کارم بە حەزقیل و راقی و حەنانە یە بۆ مانگێك زیاتر دەچێت، دیار نین. خێزانم و منداڵەکانم دەنارد بۆ ماڵی باوکی دەموت بەشکوم بە تەنها بم بێن، بەلام هەر دیار نەبوون. دەچوومە ناو دارستان و بەشاخدا هەڵدەگەڕام هەر نەبوو، جاری واهەبوو هاوارم دەکرد و دەمووت کورە ئیشم پێتانە رەحمەتان لێبێت دەرکەون. هیچ چارم نەما، پەیوەندیم کردەوە بەعەبە هەولێری و ئازیزی خێزانییەوە ووتم بڕۆن بۆلای روناك خان بزانن لە کوێ سیحرەکانیان کردووە.

ئەویش هەر وەڵام نەبوو. دوو ڕۆژی مابوو سەفەرەکەم بکەم لە بازاڕ بووم، دیاریم دەکڕی بۆگەڕانەوە حەزقیل ووتی بچین پیاسەیەك بکەین. دوو عەلاگەم بەدەستەوە بوو لەخۆشیدا دامناو هاوارم کرد لە ناو ئەو مۆڵەدا حەزە کورە حەزە ئەوە تۆ لەکوێیت؟

هەرچی خەڵك بوو لە مۆڵەدا تەماشایان دەکردم، وایان زانی شێت بووم قسە دەکەم و کەسیش دیار نییە باوەشم کردۆتەوە کە حەزقیل لەباوەش بگرم و ئەملاولای ماچ بکەم،

ئەوەندە ئیشم پێی بوو.

حەزقیل: ماکوان بیکە بەخاتری خوا، کۆنترۆڵی خۆت لە دەست مەدە ئەو خەڵکە تەماشای تۆ دەکات خۆ کەس من نابینێت.

ماکوان: بەخوا راست دەکەیت زوو دەستم دایەوە عەلاگەکان و باش بوو خێرا رۆیشتم، برادەرێکی کوردیش هات ووتی کاك ماکوان ئەوە چی بووە؟ ووتم کاکە ببورە ئەوە بلوتوسی تەلەفونکەم لە گوێدا بوو تورەیان کردم ئاگام لە خۆم نەما. سوپاس بۆ خوا زۆر باشم عەیببم نییە، چونکە زۆرجار کە خەڵکم دەبینی لەناو بازاڕ لە ڕێگای بلوتوسەوە بە تەلەفون قسەی دەکرد وام دەزانی لەگەڵ جن قسە دەکەن.

حەزقیل: تۆ دوو ڕۆژی کە سەفەر دەکەیت؛ ئەو سیحرەی لێتکراوە ئەوەتا لە قەبرسانێکی مەسیحیەکان لە کەرکوك بەناوی ئەڵماس گەڕەکێکی شاری کەرکوکە.

ماکوان: ئەی حەزە گیان هاوکاری ترم ناکەن؟

حەزقیل: تۆ جارێ بڕۆ خوا گەورەیەو لەخزمەتی برای خۆماندا دەبین.

ماکوان: ئەی رەحمەت لەباوکت ئینجا لەدایکت لەوەشی بڕیویە ناوکت.

حەزقیل: ناوکی چی؟

ماکوان: حەزە گیان ئەوە مەسەلەیەکی فۆلکلۆری کوردی لادێی عەشایەریە، تۆ وازی لێبینە خەتای من بوو ئەو سیستەمە لە مەخلوقی ئێوەدا نییە.

حەزقیل: ماکوان لە کوردستان ئاگات لە خۆت بێت، سەسیل لەکەمیدانییە.

کوردستان و دۆزینەوەی سیحرەکان

لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئۆسلۆ سەرکەوتم بەرەو فڕۆکەخانەی قەتەر رۆیشتم و لەوێیەوە بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دابەزیم. زۆر دەترسام لە قەتەر بگیرێم هیچ ڕووینەداو زۆر ئاسایی بوو، سوپاس بۆ خوا هیچ نەبوو، بەڵام گەیشتمە فڕۆکەخانەی سلێمانی هەرچی ئاسایش و پۆلیسەکانی بوو تەماشای دەکردم. کوڕێکی منداڵ کار هات بۆلام ووتی جەنابت کاك ماکوانی؟

ماکوان: بەڵێ

کوڕەکە: تۆ سکرتێری مەلا کرێکاری؟

ماکوان: دەستم کرد بە پێکەنین و ووتم کاکە جارێ ماموستا کرێکار سکرتاریەتی نییە و پاشان گریمان هەیبوو، بەلام من هەرگیز نابمە سکرتێر نە ئەو هیچ کەسی تریش. من خاوەنی کەسایەتی خۆمم، بەلام بەدلنیایەوە مۆستا کرێکار دەناسم و ئەویش باش من دەناسێت، ئەوەی زانیـاری داوە بــە جەنابت هەڵەیــە و ئەگەر زانیاریت لە خۆم دەوێت ئەوە قسـەیەکی درۆیە وهەڵبستراوە.

کوڕەکە: باشە فەرموو برۆ.

دوای ئەوەی جەنتاکانم وەرگرتەوە هاتمە دەرەوە و سواری پاس بووم، دیسان کوڕە گەنجەکە هات بۆلام. ووتی کاك ماکوان دەتوانم پاسـپۆرتەکەت بەرم کۆپی بکەم، بەلام زۆر بە ڕیزو بە حورمەتەوە منیش دامێ دابەزیمەوە هەموو ١٠ خولەکی نەبرد هاتەوە دایەوە دەسـتم، منیش بەئاسای وەرمگرت و دەرچوومە دەرەوە لە فڕۆکەخانەو کەسوکار هەموو مقۆ مقۆی بوو ئەوە چییە؟

منیش ووتم هیچ نەبوو زۆر ئاسایی بوو، هەرچەندە هەستم کرد ئەو چەند خولەکە رەسمی نەبوو. تەنها شتێك بوو وەك لە فڕۆکەخانە پێم بلێن ها ماکوان ئێمە تۆ دەناسین و چاومان لەسەرتە، یان خۆبادانی مولحیدێکی فشەکەر بووبێت لە فڕۆکەخانە کار بەدەست بووە و هەر ویستبێتی خۆی بابدات، چونکە من بەڕێوبەرەکەیان هاوڕێم بوو، هەرچیان بکردایە دوای تەریق دەکرانەوە. چوومــەوە سـلێمانی و دوای چەنــد ڕۆژێك لەگەڵ پێشـڕەوی برام بیرم لــەوە دەکردەوە کە بەیەکەوە بچین بۆ کەرکوك، بەلام کاتەکان بەجۆرێك بوون ڕێنەدەکەوت، بەیانییەکیان دەچووم بۆ لای ئارامی بلەی بەهار بۆ صابونکەران بۆ جگەر خواردن. لای ئارام نانم دەخوارد تەماشام کــرد یەکێــك هاتە تەنیشــتمەوە ووتی: بەزاتی خوا هەڵناســی، بەس ئەمــلاولات ماچ دەکەم. کە سەرم بەرز کردەوە برایمی هاوڕێمە یەکێکە لە هاوڕێکانی منداڵیم، تابڵێیت نە خوێندەوارە. لە ژیانیدا دوو کتێبی نەخوێندۆتەوە، بەلام یەکێکە لە کوڕە ئازاو قســە خۆشەکانی سەردەمی منالیم. دینداریشی تەواو نییە، بەلام هەتا بڵێیت کوڕی چاك بوو.

کــە تەماشــام کــرد ووتم ئاخر چــۆن دەبێت ئەوە چەند ســاڵە تۆم نەدیوە، باشــە بەس هەڵدەستم ئەملاولات ماچ دەکەم.

کاکە نابێت ئەوە من ماچت دەکەم، هاتو ئەملاولای یەکترمان ماچ کردوو بە وەستا ئارامم ووت چی دەخوات بۆی دابنێ.

برایم: بابە عەیبە تۆ میوانی منیت.

بە هەردووکمان ۱۱ شیش جگەرمان خوارد، ئەوەندە دەنگی بەرز بوو حەیای بردم هاواری دەکرد شازی رەفیقم هاتۆتەوە وەستا ئارام شیشەکان جوان دابنێ، وای دەزانی ئارامی بلە بەهار من ناناسێت. دوایی بۆ دەرکەوت کە ئارام لەبەر خاتری من شیشی بۆ لێئەدا وەستا ئارامیش پارە لە منو میوانەکانم هەرگیز وەرناگرێت.

دوای ئەوەی نانمان خوارد بەیەکەوە چوینە چایخانییەك بۆ چا خواردن، باسی یادگاریەکانی منداڵی بۆ دەکردم کە کاتی خۆی بەیەکەوە چەندە بەرسیلەی ترێ مان لێدەکردەوە و شەوان گۆرانی ووتنی گەڕەك و چوون بۆ شاخی گۆیژە بۆ چوالەو فەریکە نۆك و هێنان و خواردنی و باسی ئەوەی دەکرد کە جارێکیان بەیەکەوە شاخی گۆیژەمان سوتاندو باسی شەڕەکانی دەکرد کە لە دارەل مەحەلی وخانوە قوڕەکان. هەندێك یادگاری خۆشم بیرخستەوە منیش، ئەوەم بۆ باسکرد کە بەمنداڵی پێمان دەووت بلە شەقاوە.

ماکوان: برایم بیرتە هیوایەتت ئەوە بوو چەقۆیەکی ئەبوئەڵقەت پێبێت و شەرواڵەکەت شۆڕ بێت و جلی کوردی شلو شێواوت لەبەر دەکرد، هەمیشە دەنکێ شقارتەت لەدەمدا بوو، خۆزگەم بەوکاتانە. بیرتە بەمنت دەووت با لەماڵی ئێوە بخەوم کەدەردەکرایت؟

برایم: هەزار خۆزگەم بەوکاتانە ئەزانی خەسرەو (من ناوم ماکوان نییە، بەڵکو — ناوم خەسرەو-ە) بۆچی تۆم خۆش دەوێت؟

ماکوان: نەوەڵڵا بلە گیان.

برایم: بیرتە بەیەکەوە چووین بۆ پیرمەنسور بۆلێدانی کەسێك پارەی تۆی خواردبوو؟ کەچووین تەقەمان دا لە دەرگای ماڵەکە ژنەکەی هاتە دەرەوە ووتت کوا فلان؟ کەهات منداڵەکەی نەخۆش بوو ژنەکەی دەگریا پیاوەکەش پارەی پێنەبوو، ۳۰۰ دیناری سویسری لابوو، لەجیاتی ئەوەی لێیوەرگریتەوە ۲۰۰ دیناری تریشت دایە و وەعدت دابوو بە من کە بەیەکەوە بچین و شەڕبکەین پارکە وەرگریتەوە ۲۵ دیناریش بدەیەتە من، کەچی ۲۵ دینارەکەشت هەر دامێ وپارەکەشت وەرنەگرتەوە.

ماکوان: راست دەکەیت، ئەی ئەزانی من بۆچی تۆم خۆش دەوێت برایم گیان؟

برایم: وەڵلا بڵێم چی بڕوا ناکەم منت خۆش بوێت زۆر. بیرتە جارێکیان دەمانچەت لێدەرهێنام خەریك بوو بمکوژیت، بە پێکەنینەوە.

ماکـــوان: نـــا بلە گیـــان، بیرتە چـــووم بۆ گەڕەکی ماڵـــی باجی پاکیز حـــەزم لە کچەکەی مامۆستا ئەنوەر بوو، کوڕی ئەو گەڕەکە هاتن شەڕم پێبفرۆشن. قسەشت نەبوو لەگەڵم هاتی و دەرنەفیزێکت دامێ خۆشت ئەبو ئەڵقەیەکت دەرهێناو پشتت نا بە پشتمەوە ووتت خەسرەوە ســـور وەك خۆت ســـوریان کە بە خوێن. تا خوا رەحمی پێکردنین کاك ئاواتی حاجی عەبدوڵا هـــات و مـــن وتۆش دەرچووین یان لەشـــەڕەکەی ئەیوب-دا کە لوتیم شـــکاند ئەوانیش بۆمن دانیشتن لێمبدەنەوە، هەر تۆ فریام کەوتی نەتهێشت کەرامەتم بشکێنن.

ئەوان زۆر بوون من هەر خۆم بووم، هیچم لەبیر ناچێتەوە.

برایـــم: بەخـــوا خۆش بوو، جگەرەیەکـــی دەرهێنا لە چیلکە دەچـــوو ئەوەندە باریك بوو. دایگرسینە بەیادی جاران.

ماکوان: من جگەرە ناکێشم بلە گیان

برایم: بەطلاقم ئەیکێشی جگەرە ناخەمەوە ناو پاکەتم.

ماکوان: رۆڵە خۆ گەزۆم نادەیتی جگەرەیە.

برایم: دەبیکێشە تازە تەلاقم خواردووە.

ماکوان: برایم خەریکی چیت ئێستا کارت چییە؟

برایم: وەڵا ئەو تەکسیە شەق و شڕەم پێیە سەرە تەقەیەکی پێدەکەم، بەڵام بەخوا قەیرانە خەسرەوی برام ئیش نییە.

ماکوان: چەند منداڵت هەیە بلە گیان؟

برایم: ٦ منداڵم هەیە.

ماکوان: خوا لێت نەسێنێت.

لەم قســـانەدا بووین پێشـــڕەوی برام تەلەفونی کرد، ووتی کاکە ســـەیارەکەی دڵشاد شکاوە ناتوانیـــن بچیـــن بۆ کەرکـــوك ئەمڕۆش، بـــا- بیخەینە رۆژێکی تر. منیش پێـــم ناخۆش بوو، دەموچاوم دابەیەکدا و تەماشام کرد کاتژمێر ٩ی بەیانی بوو.

برایم: ئەوە چیە سورە بۆ وا بێتاقەت بوویت؟

ماکوان: دەمەوێت بچم بۆ کەرکوك ئیشم هەیە ئەوە چەند رۆژە رێك ناکەویت.

برایم: جا ئەوەی بۆچییە من ئەتبەم، هەستە با بڕۆین.

ماکوان: ئاخر پێوویستم بە پێشڕەوی برام و یەك دوانێکی تر هەیە لەگەڵم بن.

برایم: دەی با بڕۆین ئەوانیش هەڵدەگرین.

ماکـوان: ئاخـر نازانم پێیان دەکرێت یان نا ئەمرۆ، با تەلەفونیان بۆ بکەم. تەلەفونم کرد تەنها یەکێك لە ئامۆزاکانم بۆی دەکرا ووتی دێم لەگەڵت. کەچی برایم ووتی وەڵا من قسـەم نییە لەگەڵیدا.

ماکوان: بەهەرحاڵ، سیلاحت هەیە؟

هێشتا قسەکە لەدەمم تەواو نەبوو

برایم: بەقوربانی ئەو خوایەت بم شەڕە؟ ئەی بۆ لە بەیانییەوە قسە ناکەیت بەخوا شەش مانگە شەڕم نەکردووە گیانم دەخورێت بۆ شە، ئەرێ وەڵلا کلاشینکۆفم هەیە، دەمانچەم هەیە. چیت دەوێت پەیدای دەکەم خەمیشت نەبیت موعتەمیدی ئاسایشم.

ماکوان: نەوەڵا شەڕ نییە خەڵك ترساندنە.

برایـم: بەخوا دووبە دوو دەڕۆیـن لایبە با زۆر نەبین دوای کۆنترۆڵ ناگرێن خۆم وخۆت بەیەکەوە دنیا وێران دەکەین، با کەس نەیەت باشە سورە گیان.

ماکـوان: باشـە باچم تۆزێك پارە لای وەسـتا ئـارام بهێنم بەیەکـەوە دەڕۆین، چەکەکان بهێنەو بیخەرە ناو سەیارەکەو ئیتر دەڕۆین.

برایم: مەڕۆ پارەم پێیە خەمی پارەت نەبێت، چەك ئامادەیە لە سەر ڕێگاماندایە ماڵم لە گەڕەکی ڕاپەڕینە.

ماکوان: خۆم پێویستمە.

چووم بۆلای وەستا ئارام-ی بلەی بەهار ملیۆنێك دینارم لێوەرگرت وەستا ئارام ووتی پارە نەیەیت بە بلە شەقاوە ئەیخوات و نییەتی بداتەوە، پارەی دوونەفەری منی لایە پارەی پێنییە بیدات، ئەوە لەبەرچاوی تۆدا فشـە فش دەکات. دەنا فلسی پێنییە، سەیارەکەشی خەزوری بۆی کڕیوە. کە ئارام وای ووت زۆر بەزییم پێدا هاتەوە زانیم نەبوونی نەبێت هەرگیز بلە تەنزول نـاکات، بەڵام دیـارە کە نەبووە پارەی پێنییە. گەڕامەوە بـۆلای ٢٠٠ هەزار دینارم جیاکردەوە خێرا ووتم تۆ مەسرەف بکە ئەوە بدە بە مەسرەف دوای قسە دەکەینەوە.

هەرچی سوێندی خوارد نابێتو هەمووی عایدی خۆمە.

ماکـوان: بـا ئـەوەت پێبێـت کـە گەڕاینــەوە حساب دەکەینـەوە لێـت وەردەگرمەوە جـارێ تـۆ مەسـرەف بکـە باشـە، هەرچـۆن بـوو ڕازیـم کـرد دەشـمزانی درۆ دەکات. لەڕێگادا تەلەفونم کرد بۆ عەبە و هەولێری ڕەفیقم و ئازیزی خێزانی هەرچیان کردووە ناوی ساحیرەکەم بۆ بهێنن لای ڕوناك خان و ڕۆشنای کچی.

باش بوو ناوو ناونیشانەکەیان وەرگرتبوو بۆم، لەڕێگا هەموو شتێکم بۆ برایم باس کرد. چوینە مەطعەم عەبدولا لە کەرکوك لەوێ نانێکی ترمان خوارد دیسانەوە بۆم باس کرد کەدەچینە سەر ساحیرێك و خۆی ناوناوە بەشێخ و سحیری لە من کردووە هەستم پێکرد دەترسا، بەڵام هیچی نەووت.

گەیشتنە بەردەرگای ماڵی ساحیرە کە، چوومە ژوورەوە چەند وێنەی ئایەتی قورئانی هەڵواسی بوو هەندێکیانی سەروخوار هەڵواسی بوو یاخود بەلاری.

پلانیشمان وابوو کە تەلەفونی هەردووکمان کراوە بێت،کە من چوومە ژوورەوە تەلەفۆنەکە لە گیرفانمدا بێت و ئەویش لە سەرخەت بێت گوێی

لێمان بێت، کە پێم ووت وەرە ژورەوە بە کلاشینکۆفەکەوە دێتە ژورەوە. دەمانچەکەش بە خۆم بوو بردمە ژوورەوە بۆلای مامە شێخەی ساختەچی ساحیر.

کەسێك هات بەدەمەوە ووتی فەرموو حەیاتم.

منیش دەستم کرد بە گیرفانمدا ٣٠ هەزار دینارم دایە، ووتم دەبیت جەنابی شێخ ببینم و بچمە خزمەتی، بەڵام بەتەنها زۆر زەرورم. کچێکم خۆش دەوێت ئەو ئیشەم بۆ بکات چی دەوێت ئەیدەمێ لە سلێمانیشەوە هاتووم ڕێگام دوورە.

ووتی: باشە چاوەڕێ بکە، دوو میوانی لایە با بڕۆن تۆ دەکەمە ژوورەوە. هەرچەندە لێرە جەنابی شێخ سەرە دادەنێ، ئەگەر لە دوورەوە نەهاتیتایە ئەوە ئیزنی ئەدایت.

ماکوان: ئەزانم خوا خێرتان بنوسیت پیاوەتی خۆتانە.

نزیکەی ٧ خولەك چاوەڕێم کرد، هاتەوە ووتی جەنابی شێخ دەڵێت با بفەرموێت. کەچووم پیاوێکی ناشرین چاوی بە کل ڕشتبوو زل لە وورچی شەل دەچوو.

شێخ: فەرموو جەنابت چیت دەوێت؟

ماکوان: جەنابی شێخ دەمەوێت دووبە دوو قسە بکەین ئەو برادەرە با بڕوات. کەسەکە خۆی چووە دەرەوە دووبارە ووتم من ناوم ڕێبازە حاجی فەتاحم پێدەڵێن خەڵکی شارۆچکەی بازیانم حەزم لە کچێکە ناوی پرشنگە، باوکی نایدا بەمن دەڵێت تۆ پیاو کوژی، من کچ نایەم بە پیاو کوژ. جا قوربان چۆن دەتوانیت ئەو باوك و کچەم بۆ رازی بکەیت؟

شێخ: ڕێباز گیان دایکت ناوی چییە؟

ماکوان: دایکم ناوی حەلاوە.

شێخ: ڕێبازی کوڕی حەلاو ئەو کارە زۆری تێدەچێت، بەڵام دڵنیایبە ١٠٠٪ بۆت دەکەم.

ماکوان: یا شێخ گیان مەمنونت دەبم و چەند دەڵێت دەیخەمە سەر چاوم.

شێخ:١٠ وەرەقە

ماکوان: جا ١٠ وەرقە چیە تۆ بۆم بکە من دەفتەریکت ئەدەمێ پارە.

شێخ: برۆ پاش دووکاتژمێری تر وەرەوە بۆت دەکەم.

ماکوان: چیم بۆ دەکەیت، تۆ پەلە مەکە نەنکی ئەو کچەی من خۆشم دەوێت موشتەری خۆتە. ئەو منی ناردوە بۆلای تۆ، ئەزانی کێ دەڵێم؟

شێخ: نا نازانم

ماکوان: شەمسە خانی دایکی کاك سەلاح.

شێخ: ئەها دەزانم ئەوە موشتەری هەمیشەی خۆمە.

ماکوان: ئەو کەسەی کە ماڵی منی کاول کردووە کەسێك بەناوی ماکوان لە نەرویج دەژی هاوڕێی سەلاحی کوڕی شەمسە خانە، ووتیان تۆ سیحرێکت لێکردووە سیحرەکە کاریگەری نەماوە (چونکە هەموو ساحیرێك ساختەچی و درۆزنە زوو شتی بیر دەچێتەوە نەیزانی بوو چۆن سیحر لەمن کراوە، بەلام بیرم خستەوە نەی پرسی چۆنت زانیوە هەرچەندە ئەگەر بی پرسیایە وەلام بۆ ئەوەش دانابوو، دەمووت کچەکەی سەلاح ووتویەتی سیحرمان لێکردووە)

شێخ: ئەو کوڕە ناوی چییە؟

ماکوان: ناوی ماکوان-ە.

شێخ: ئەی دایکی ناوی چییە؟ (هەمیشە ساحیرەکان ناوی دایك دەپرسن، چونکە سیحرەکان لەڕێگای ناوی دایکەوە دەکەن نەك باوك)

ماکوان: ماکوان-ی کوڕی ئامینە.

شێخ: ئەوە سیحری لێکراوە کاك ڕێباز.

ماکوان: دەزانم شێخ گیان (بۆیە باسی سیحرم لەگەڵدا کردووە دەمزانی ئاگای لە خۆی نەماوە لە تاو پارە تەمسیل کردنی لە بیر چۆتەوە، لەگەڵیشیدا خۆش خۆش دەیووت سیحرم لێکردووە)، بەلام من دەمەوێت ڕاستیت پێبڵێم، لای شێخ (...) لە سلێمانییەوە هاتووم ئەو فەرمووی تۆ سیحرت لێکردووە، بەلام کاریگەری نییە، ئەگەر سیحرەکە بهێنیت بەتاڵی بکەیتەوە سەرلەونوێ سیحرێکی ڕەشی لێبکەیت، چونکە ئەو سیحرە کە شێخ (...) بە تەمایە بیکایت کاریگەری نابێت تا ئەم سیحرەی تۆ بەتاڵ نەکرێتەوە.

جەنابت هەرچی بڵێیت دەیخەمە خزمەتان ئەگەر شوێنی سیحرەکەمان پێ بڵێیت.

شـێخ: ئەوە تا لە قەبرسـانێکی مەسیحیەکان لە ئەڵماسە، بە ئێسقانی حەیوان سیحرەکەم لێکردووە.

ماکوان: یاشێخ ئەتوانیت بچیت بیهێنیت؟

شێخ: نا- من ناچم چونکە قەبرسانەکە گیراوە بە تەلبەن و جارێك کە چوومە ناوەوە لەڕێگای کڵیسایەکەوە چوومە ناوی، ئینجا سیحرەکەم لەوێ کردووە ئەویش بۆ شەمسە خانم کرد لەبەر ئەوەی موشتەری خۆمە. بەلامەوەسەیرە ئەو شیخە دەڵێت ناتوانم سیحری لێبکەم کە سیحری تری لێکرابێت.

ماکوان: دەی ئاسـاییە جەنابی شێخ ئەگەر بکرێت تۆ ناونیشانی قەبرەکەمان پێبڵێ دەیهێنین.

شـێخ: قەبـرەکان ئەوەنـدە زۆر نین لـەدەرەوەی کڵێسـاکەدایە، کە دەچیتە ناو حەوشـەی کڵێسـاکە لـە پشـتەوە هەشـتەم قەبـرە لای چەپەیـەوە شـاردومەتەوە لـە نـاو کۆمەڵێـك دەزوو ئێسـقان و لـە قوتویەکـی بچوکـدا دوعـام تێدا نوسـیوە، ئەگـەر توانیتـان بیهێنن.

کەشـوێنەکەی ووت ئیتر زۆر گوێم پێنەدا، دەمانچەکەم زۆر بەسـادەی دەرهێنا ووتم دەزانی من کێم؟

شێخ: خۆت ماکوان-ی؟

ماکوان: پێیان ووتی جنۆکەکانت؟

شـێخ: ئەی چـۆن دەمانچە لە من دەردەهێنیت؟ ئێسـتا پێیان بڵێم لێـت بدەن و گۆج و ئیفلیجت بکەن. کلکە دەمانچەیەکەم دا بەسـەر شـانیدا و دوو فیشـەکم تەقاند لە ژورەکەیدا کـە بلـە هاتـە ژوورەوە ٣ ئافـرەت و دوو پیـاوی بـە کلاشـینکۆفەکەی هێنایـە ژوورەوە. دەمانچەکەم لەسـەر کەلە سـەری دانابوو. ئایەتەل کورسـی و دوعام دەخوێند هیچی پێنەکرا جادووبازەکە کە خۆی ناوناوە بە شێخ: پارەت دەوێت؟

ماکـوان: نا – پارەی حەرامی خۆت بۆ خۆت نامانەوێت، بەڵام سـوێند بەخوا درۆ بکەیت وەك سـەگ ئـەت تۆپینم. ٣٠ هـەزارم داوە بە کابرایـە تا هاتومەتـە ژوورەوە، پێی بڵێ ئەو پارەیەمان بداتەوە، ئەوەیانم دەوێتەوە. دەچین بۆ ئەو جێگایە، بۆ زانیاریشت ئەو ٣ ئافرەتەی لێرەن هەرسێکیان لەشفرۆشن، ئەزانم بۆچی هاتوون وە بۆچیش بەکاریان دەهێنیت یەکێکیش لەو پیاوانە دەیوێە.

خاڵە راقی ئەی چپاند بەگوێمدا ئەو زانیاری ئەدامێ.

جادووبازەکـە هەڵسـا دەسـتم مـاچ بـکات، ووتـی ئەبمە کۆیلـەت چیت دەوێـت بۆتی دەکـەم بـەس وازم لێبێنـە، هـەر دەیوت بـە جێیان هێشـتم هەموویان بەجێیان هێشـتم.

ماکوان: ئەزانی بۆچی بە ئاسایشــم نەووتوە ئەگەر بزانم درۆ دەکەیت خۆم ئەمجارە پێستت دەگوورم بەس راستم لەگەڵ بکەیت ئەوبەخشم، بەمەرجێك واز لەم کارە قۆڕە بهێنیت، باشە؟
جادووباز: تۆ چی دەڵێیت بەقسە دەکەم.

پارەی سەیارەو بەنزین و بلیتی تەیارە و هەموو مەسروفێکت

لێوەر دەگرمەوە ئەگەر درۆ بکەیت جادوبازی ساختەچی.

بەرەو قەبرسانی ئەڵماس کەوتینە ڕێ، کە گەیشتین دووپاسەوانی لێبوو ڕێگەیان لێگرتین نەیانهێشت بچینە ژوورەوە.

قەبرسانی ئەڵماس و برایم و قەشە

لەدوای ئەوەی لای شــێخی ســاختەچی هاتینە دەرەوە، بە برایمی هاوڕێم ووت باشە ئەوە ئاسایش و پۆلیس ئەمانە ناگرێت؟

برایم: بڕوا مەکە کێ حەقی هەیە بەسەر ئەمانەوە.

ماکــوان: بەخوا ئەمانە لە تیرۆرو ئیرهاب خراپترن، ماڵ و ســەروەت و ســامانی خەڵکی دەخــۆن، دەبوو وەزارەتی ناوخۆ ڕەچاوی ئەم جۆرە ماڵانەی بکردایەوە وەك ماڵی لەشــفرۆش وایە ئێرەش.

برایــم: جــا کاکە تۆ لە کوردســتان نیت لێرە ماڵی لەشــفرۆش و دوکانی مەشــروب زۆر بەڕێزن‌و حورمەتیان لێی دەگیرێت کار ئاســانی دنیایان بۆ دەکرێت، بە تایبەت لە ســلێمانی‌و هەولێر ئەو دوو شوێنە جێگای ڕێزی دەسەڵاتدارانن بە پێشکەوتنی دەزانن.

ماکوان: راســتەکەیت بۆیە حاڵمان زۆر جوانە ئەو خەڵکەشــیان بەخۆیانەوە ســەرگەردان کردووە. چووین بەرەو کڵێســای ئەڵماس- ئەوەی کە قەبری مەســیحەکانی لێیە کڵێســایەکی بچوکە بە پشتیەوە قەبرسانێکی تری لێیە نەمزانی هەر مەسیحیەکان خاوەنی ئەو قەبرسانەن یاخود موســوڵمانان. لەگەڵ برایم چوینە کڵێساکە ووتمان سەردانی قەبرێك دەکەین هاوڕێمان بووە.

زانیان وانییە ووتیان ببورن ئێمە لێرە دانراوین بۆ ئەوەی کەس نەچێتە ژوورەوە ناهێڵین بڕۆن، برایم دەســتی کرد بە دەنگە دەنگ نەمهێشــت زۆر لەســەری بڕوات باڵم گرتوو ووتم

بابڕۆین.

برایم: هیچ فیکرەیەکت لایە؟

ماکوان: نەبەخوا مێشکم هیچی تێدانییە، بەڵام نامەوێت تێکی بدەم جارێ. بڕۆ با بڕۆین کات درەنگە با بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی.

برایم: کاکە ئێستا ئەچم هەردووکیان چەك دەکەم و ئەوەی ئەتەوێت دەری بێنە.

ماکوان: کاکە شاری بێحاکم نییە، منو تۆ چۆن دەستمان هەیەو خۆمان بە ئازا دەزانین ئەوانیش دەستیان هەیەو خاوەنی غیرەتن. خۆ ئەگەر بیریش لەو فیکرەی تۆ بکەمەوە لەبەر تۆ هەر نایکەم، خاوەنی ٦ منداڵی بڕۆ لێخوڕە بۆ سلێمانی. هەرچۆن بوو قەناعەتم پێکرد گەڕاینەوە بۆسلێمانی لەڕێگا ووتم خۆت ئامادەکە بۆ بەیانی دەگەڕێینەوە، زوو وەرە بەشوێنمدا کەس نەزانێت ئەوەی کە روویداوە لای کەس باسی نەکەیت، بەڵکو خوای گەورە ئاسانی بکات.

بەیانی کاتژمێر شەشی بەیانی بوو لەدەرگای داو قەیماغ و نانی گەرمی هێنا بۆ ماڵەوە، دایکم ووتی خێرە برایمی کۆنە رەفیقت هاتووە؟

خێرا هەڵسام و ووتم برایم زوو وەرە، بەڵام نەمووت ببە بە کرێکاری خەباتە لەدوای نوێژی بەیانی خەوم لێکەوتوە.

برایم: نانی گەرم و قەیماغم بۆ هێناویت و درەنگە نانەکەت بخۆ با زوو بڕۆین.

دایکم ووتی بۆ کوێ دەڕۆن؟

ماکوان: لە کەرکوك کۆڕێکم هەیە کاکە برایم دەمبات.

دایکم: ئەی پێشڕەو لەگەڵت نایەت؟

ماکوان: نا پێویست ناکات، برایمم لەگەڵدایە.

برایم: ئامینە خان خەمت نەبێت منیش هەر وەك پێشڕەو وام.

دایکم: زیاتریشی برایم گیان خوا تۆمان لێنەسێنێت، بەس من لە منداڵیەوە تەماشاتان دەکەم کاتێك تۆو خەسرەو یەك بگرن دنیا وێران دەکەن، دڵم لێیداوە ئەڵێم بۆ شەڕ دەڕۆن.

ماکوان: بۆ خاتری خوا کوا تەمەنی شەڕمان ماوە.

برایم: دادە ئامین گیان خەمت نەبێت خۆم ئەدەم بە کوشت لەسەری و کێ حەدی هەیە شەڕی لەگەڵ بکات.

دایکم چای لێناو چووە ئەودیوو.

ماکوان: باشە خۆ من ووتم با کەس نەزانێت.

برایم: دە چیبکەم ماڵت ئاوابێت چوزانم دایکت نەیزانیوە، خەسرەو وەڵاهی دایکت بەچاوی منداڵی تەماشامان دەکات وا دەزانێت شەڕە گەڕەکەکەی جارانە. ئەشزانێت هەردووکمان چۆنین.

ماکـوان: دایـك منداڵەکـەی برسـی بێـت دەزانێـت چ جـای ئـەوەی کێشـەی هەبێت. بەرەو کەرکوك دەرچووین لە چەمچەماڵ برایم ووتی چی بکەین؟

ماکوان: نازانم تا ئێستا هیچ لە مێشکمدا نییە.

لەڕاسـتیدا چاوەڕوانـی راقـی-م دەکرد دوێنی چەنـد دەقەیەك بینیم ئیتـر دیار نەما.. نەمدەزانی چی بکەم.

برایم دەچین لەگەڵ قەشـەی کڵێسـاکە قسـە دەکەین زۆر بە مەعقولی هەموو شـتەکانی پێدەڵێین، دڵنیام هاوکاریمان دەکات.

برایم: لەو بڕوایەدای هاوکاریمان بکات؟

ماکوان: خۆ دزی ناکەین حەتمەن پیاوێکی باشـە لە شـت حاڵـی دەبێت، بەڵام با خۆمان تۆزێك تەئخیر بکەین، نەوەکو ئەو دوو پاسـەوانە لەوێ بن، بەڵکو رۆشـتبن وکەسـی تر لە جێگاکەیان بێت.

چوینە بەردەم کڵێسـاکە لە جەرەسـماندا دەرگا کرایەوە پیاوێك هات بەرەو رووومان ووتی تفضل.

بەعەرەبـی قسـەم لەگەڵ کرد و عەرزیم کرد جەنابت لێـرە کارت چییە و ناوی بەڕێزت چییە؟

لەوەلامدا ووتی: ناوم لوئەی-یە جێگیری ئیدارەی ئەم کڵێسایەم.

ماکـوان: بەڕێز لوئەی کێشـەیەکمان هەیە، ئەگەر هاوکاریمـان بکەیت زۆر مەمنون دەبم.

لوئـەی: لێـرە تەنها نوێژو دوعـا دەخوێنین بڕۆن بۆ کڵێسـا گەورەکە لـەوێ باوکمانی لێیە هاوکاریتـان دەکات، ئەگەر خەوتـان بینیوە یان مردوتان هەیە یاخود خۆتان پاك دەکەنەوە و بەدوای خەلاص دەگەڕێن لەوێ دەکرێت. هەندێك شـتی تریشـی ووت باش لێی تێنەگەیشـتم یەکەم جاربوو بیبستم.

ماکوان: بەڕێز لەئەی کێشەکەمان لێرەیە ئەویش لەم قەبرسانەی ئێوەدا ساحیرێکی پیس سیحری کردووە ئەگەر هاوکاریمان بکەیت چەند خولەکێ دەچین سیحرەکە دەهێنین و بەتاڵی دەکەینەوە زۆر سوپاسی جەنابت دەکەین.

لوئەی: تورە بوو چۆن تورە بوونێك، دەنگی بەرز کردەوە بەسەرماندا خەریك بوو تەحمولم نەمێنیت، بەڵام سوپاس بۆ خوا دانم بەخۆمدا گرت.

برایم تەحمولی نەماو هاواریکرد بەسەریدا، لەجیاتی ئەوەی دەستی بگرم کوڵام لە پێکەنیندا. بەدەنگی بەرز هاواری کردو پێی ووت لایخۆی تۆ مەلای، کەی مەلا تورە دەبێت!

ماکوان: ئەی بەوبەخت برایم، مەلای چی ئەوە قەشەیە.

لوئەی: بە چی پێدەکەنیت؟

ماکوان: بە هاورێکەم وا دەزانێت تۆ مەلایت! دەڵێت مەلا چۆن تورە دەبێت.

لوئەی: کورە دەبرۆن لە خۆتان و مەلاکانیشاتان بەم، کەی کاتی رابواردنە،دەی برۆن ملتان بشکێنن.

کەوای ووت چاوم رەشی تیا نەما، رێك کێشام بەدەمیا خستم لەسەر پلیکانەی دەرگاکە، وەڵا برایمیش نەیهێشت خۆی راپرسکێنێت یەك دوولەقەی پیا کێشاو پشت ملی گرت و دەمانچەی لێدەرهێنا، دەستی پێبەرز کردەوە و هەرچی پێبوو هەمووی لێسەند.

برایم: (بە کوردی) گوێم لەدەنگت نەبێت.

لوئەی: بۆ خاتری خوا نەمکوژن (بەکوردی).

برایم سەیرێکی منی کرد بزەیەك گرتی و ووتی شەق فێری کوردی کرد. چوینە کڵێساکەوە باش بەستیەوە گوریسەکەشی بە خۆی هێنا، پاشان خستییە یەکێك لە توالێتەکانەوە و دەرگەکەمان داخست و برایم پێی ووت گۆرەویەکانت داکەنە.

ماکوان: گۆرەوی ئەوت بۆچیە؟

برایم: ئەیخەمە دەمی نەکو هاوار بکات.

ماکوان: نا - ئاقڵە ئێمە هەمووی نیو کاتژمێرمان پێدەچێت دەنگە دەنگ ناکات، گۆرەوی ناوێت، بۆ ئەوەی بیترسێنم ووتم، ئەگەر دەنگی لێوە هات فیشەکێك بخنە بەدەمیدا.

برایم: بیکوژم خێرم دەگات.

ماکوان: کاتی ئەوە نییە وازی لێبێهنە با برۆین، بەڵام لوئەی گوێم لە دەنگت نەبێت باشە؟

لوئەی: باش

بە ئیسراحەت چوینە ناو قەبرسانەکەوە بە برایم-م ووت جوان حەرەسیات بگرە تا دەیدۆزمەوە. یەك دوو قەبر گەرام نەبوو، لە سێیەمدا خەریك بووم لەپر گوێم لەدەنگە دەنگ بوو.

ماکوان: برایم بەخوا قوڕ کرا بەسەرماندا، دیارە ئەو سەگ بابە تەلەفونی کردووە.

برایم: نا مۆبایلی بە منە ناتوانێت تەلەفون بکات.

ماکوان: ئەی ئەو قەرەباڵغیە چییە؟

برایم: نازانم

ماکوان: وەرە ئێرە هەڵکەنە هەر ئێستانێکت دۆزییەوە خێرا هەڵیگرە ئەگەر لێرەنەبێت، گومانم لەو قەبرەی بەرانبەری هەیە. من دەچم بزانم چییە دەمانچەکەم بدەرێ، ئەگەر منیش گیرام توانات بوو راکە تواناشت نەبوو خۆ نامانکوژن دەگیرێین، دوای ئازادمان دەکەن.

برایم: بڕۆ بێخەمبە بزانە چییان دەوێت.

چووم دەرگام کردەوە جەنازەیەکیان پێبوو هێنابوویان بۆ ئەوەی بینێژن، پرسیم چییە؟ وایان زانی من قەشەم، وتیان باوکە ئەو مردوەمان لێ مردوە وەرە نزاکان بخوێنە، بەڵکو عیسا-ی مەسیح لێیخۆش بێت. عەرزمکردن من پاسەوانم لێرە، ئێستا جەنابی قەشەکە دەگەڕێتەوە بفەرموون جەنازەکەتان بهێننە ژوورەوە.

هاتنە ژوورەوە پێش ئەوان چووم مەوزوعەکەم بۆ برایم باسکرد، ووتم جەنازەیان پێیە هیچ نییە بەس بڕۆ تەماشایەکی قەشەکە بکە، نەوەکو هاوار بکات، پێمان بزانن شەق بەشەق دەڵێت جێگامان بکەرەوە. بڕۆ تورە بە لێی و بە تەلەفونەکەی تەلەفونێکیش بۆ من بکە، بزانم ژمارەکەی چەندە، هەر وام ووت خێرا تەلەفونی بۆ کردم بە ژمارەکەی قەشەکەو چووە ژوورەوە بۆلای.

ئەو خانەوادەیە کە مەردوەکەیان پێبوو دەگریان و سەرقاڵی مردوەکەیان بوون، لەو قەبرسانەدا چەند قەبرێکی ئامادەکراوی لێبوو بەدوای قەبرێکی باشی رووکندا دەگەڕان دیاربوو رێك نەدەکەوتن لەکوێدا بینێژن، منیش دەستم کرد بەهەڵکەندی جێگاکەی تر و سیحرەکەم دۆزیەوە لەخۆشیدا هاوارم کرد پێدەکەنیم کە دۆزیمەوە هەموویان تەماشای منیان کرد، ووتم بۆ خۆتان و مردوەکەشتان هیلاك دەکەن دە لە جێگایەکدا بینێژن با ئارام بگرێت.

هاوارم کرد برایم ئەوە چیت لێهات؟ هاتەوە بۆلام ووتی: خەمت نەبێت ئەوەندە ترساوە میزی کردووە بە خۆیدا.

ماکوان: بابڕۆین ژمارەکەی من بکوژێنەرەوە لە مۆبایلەکەیدا و بمدەرێ، چووین بۆلای خەڵکەکە بە برایم-م ووت سەرخۆشیەکیان لێدەکەین و دەڕۆین زۆر ئاسای بە.

کەچی هەر چووینە پێشەوە برایم دەڵێت (رحم الله لمن عادە فاتیحە)

مـــن کـــولام لەپێکەنینـــا هەرچۆن بوو دانـــم بەخۆمدا گرت، بەلام هەرچی مەســـیحی بوو بەقەبرەکانیشـــەوە تەماشـــایان دەکردین، ووتم ببـــورن بەڕێزان برایم نازانـــێ لەگەڵ خۆمدا پاســـەوانە، ئەوە تەلەفونی جەنابی قەشـــە لوئەیە داویەتی بەمن نیوکاتژمێری تر دەگەڕێتەوە لاتـــان، بـــالای یەکێکتان بێت تا دێتەوە، ئێمە دەبێت بڕۆین دەوامـــمـــان تەواو بووە. لە بەغداد دەوامەمان هەیە لە وەزارەتی داخلی، دەبێت فریای سەیارە بکەین بۆ بەغداد دەڕۆین.

ماڵئاوایمان لەهاوڕێ مەســـیحەیەکانمان کردو لە قەرەباڵغی ناو کەرکوك دەرچووین هاتینە سەر جادەی چەمچەماڵ، تەلەفونم دەکرد بۆ تەلەفونەکەی لوئەی چوار جار کەس هەڵینەگرت، سەری پێنجەم جار هەلگیرا، چونکە تەلەفونەکەی خۆم وا لێکردبوو کە ژمارەم نیشان نەدات، بـــاش بـــوو هەلگیراو ووتم بڕۆن قەشـــە خۆی پیس کـــردووە لە تەوالێتەکەدایـــە با تەلقینی مردووەکەتان بۆ بدات بیکەنەوە با نەمرێت لە برساندا، تەلەفونم داخستەوە.

دوای نیو کاتژمێر تەلەفونێکی ترم کرد لوئەی بوو.

ماکـــوان: بەڕێز لوئەی انا ماکوان - مع الف الســـلامە. هـــاواری دەکرد بە کوردی جنێوی ئەدا وویستم دایخەمەوە برایم لێی وەرگرتم ووتی ئەوە بۆوا قسە دەکەیت بگەڕێمەوە بۆت؟

من و حەزقیل و پاصێك جنۆکە

بەڕێـــگاوە بوویـــن گەیشـــتینە لای بازیان برایـــم ووتی تو خوا دڵم مەشـــکێنە با یەکەوە گۆرانییەکەی ماملێ بڵێین بیری منداڵیم دەکەوێتەوە.

ماکوان: کورە برایم تازە کوا تاقەتی ئەو شتانەم ماوە، سەرو ریشم هەموو سپیی بووە.

برایم: تو خوای گەورە سورەی برام وامەڵێ ئێستاش ماشاء الله زۆر گەنجو قۆزیت. بیرتە شـــەوەکە گورانیت دەوت لە بەردەم دوکانەکانی کاك عومەر مۆریاســـی لە ســـەر ٣٠ مەتریەکە، هەرچـــی گەڕەك بوو هاتنە دەرەوە ڕەحمەتی باوکیشـــت هات لەترســـا رات کرد، ووتی رامەکە پێنج دیناری دایتێ و ووتی گۆرانی بڵێ. حەزی لەو گۆرانییە بوو ئەوە بڵێ.

ماکوان: ئەزانی بۆچی رامکرد برایم؟

برایم: نەوەڵا نازانم!

ئەو ئێوارەیە پەنجەرەی ماڵی شـــاهۆ و حەمەی پورە کافیە-م شـــکاندبوو، شکاتم لێکرابوو

باوکیشم بەرەحمەت بێت زۆر حەزی بەدەنگی ماملێ بوو، کەووتی گۆرانی بلێ واتای ئەوە بوو کـە لێم خۆش بووە. منیش دەســتم کرد بەو گۆرانییەی کــە ئەو حەزی لێدەکرد بەناوی ئەو (گوڵەی مەشهوری گشت عالەم بوو کوا یادی بەخێر) بۆ ئەوەی لێیان نەخۆم کردمان بە حەفلە شەوێکی خۆش بوو، بەڵام کاك فوئاد هات تێکی دا سەرخۆش بوو.

برایم: توخوا تا دەگەینەوە سلێمانی تۆزێك بەیەکەوە دەڵێین، باوکتم زۆر خۆش دەویست، ئەویش لە رەفیقەکانی تۆ بیرمە بەس من و دلاوەری خۆش دەویست وابوو؟

ماکوان: راست دەکەیت، ئەزانی ئێستاش دلاوەر هەر وەك جاران دێت بۆ لای دایکم و منیش هەرچی بێمەوە بۆ کوردستان دێت بۆلام.

برایم: دەستی کرد بە گۆرانی ووتن بەدەنگێکی خۆش و منیش وەلامم داوە تا سلێمانی.

گەیشتینەوە سلێمانی و کاتی نوێژی شێوان بوو چووم بۆ مزگەوتی عەلی کەمال و نوێژمان کردو گەڕامەوە ماڵەوە، ئیتر برایمیش بەجێی هێشــتم ڕۆشــتم بۆ مەخزەنەکەم لە سلێمانی، هەرچی کتێبم چاپ دەکرێت دەچێتەوە ئەو مەخزەنە. لەوێ تەماشای ئەو کتێب و گۆڤارانەم دەکرد کە ماونەتەوە، لەپڕ حەزقیل پەیدا بوو.

ماکوان: ئەوە لەکوێیت پاییزە برا؟ خۆشحاڵم لە کوردستان ئەتبینم ئەوە راقی چی بەسەر هات؟ هیچ وەلامی نەدامەوە هەر وەك منداڵێك پێم بڵێت قسەت لەگەڵ ناکەم.

ماکوان: ئەوە چییە حەزە گیان؟ نازدەکەیت بەســەرمدا، وەرە پێم بلێ ئەو ســیحرە چۆن بەتاڵ بکەمەوە؟

حەزقیل: زۆر تورەم لێت ماکوان!

ماکوان: بۆ حەزە گیان؟

حەزقیل: ئەوە بۆ لەم کتێبەی کە چاپت کردووە دەڵێیت حەزقیل مردوە؟

ماکــوان: حەزەگیان تۆش کتێب دەخوێنیتەوە؟ تەمــەن درێژ بیت یاخوا، بەڵام ئەو هیچو پوچە مەبەستم سەسیل-ە ووتی حەزقیل مردوە، خۆت باش دەزانیت منیش لە بەشی یەکەمدا باســی جەنابتــم کرد کە مردوویت ئەزانــی ئەو خەڵکە چەندی پێناخۆش بــوو، دوای دڵنیابە زیندوو دەبیتەوە دەتکەمە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، وەعد بێت منداڵت بەناوە ناوبنێن رازیت؟

حەزقیل: بەخوا من تۆم زۆر خۆش دەوێت ماکوان.

ماکوان: تەنها من یان هەموو مرۆڤەکان؟

حەزقیــل: بەخــوای پەروەردگار ئەوەی چاکــە خواز بێت لە ناو ئێــوەدا ئێمەی جنۆکەی

موسوڵمان خۆشمان دەوێت، کاکە ئێمەش براتانین.

ماکوان: بەخوا رۆحی حەزە گیان، ئەرێ ئەو سیحرە چۆن بەتاڵ بکەمەوە، ئەوە هێناومەتەوە لە ناو ئەو پەڕۆدایە، بیهێنم؟

حەزقیل: هاوڕێیکەم هێناوە بۆ ئەوەی پێت بڵێ ناوی (نەس ناس)ە ئەو لێی دەزانێت.

نەس ناس: السلام علیکم ماکوان چۆنی؟

ماکوان: کە ئاوڕمداوە تەماشا دەکەم کوڕێکی گەنجی زۆر باڵا بەرز بە جلو بەرگی زۆر جوانو پۆشتەو پەرداخ شێوەی جلەکانی لە هیندی دەچوو. ووتم خوا ئیمان بداتێ نەس ناس گیان وعلیکم السلام.

نەس ناس: ماکوان ئەو ئێسقانانە ئێسقانی کەمتیارە بیشکێنە تا جوان وورد دەبێت، ئینجا لەگەڵ خۆڵدا با تێکەڵ بێت زیاد لەچەند جارێك سورەتی فاتیحە بخوێنە و دوایی ئایەتەل کورسی بەسەردا بخوێنە.

ماکوان: چەند جار؟ دیاری بکە.

نەس ناس: لە ١٠ جار کەمتر نەبێت زیاتریش بایت باشترە، پاشان ٣ جار سورەتی قل هو الله احد و پاشان ئایەتەکانی سیحری بەسەردا بخوێنە.

ماکوان: ئایەتەکانی سیحر کامانەن؟

نەس ناس: من لەبەرم نییە.

تەماشای حەزقیلم کرد ووتم تۆ دەیزانیت؟

حەزقیل: نەوەڵلا.

ماکوان: ئەی چارە؟

نەس ناس: ئەچم زولاب- بانگ دەکەم بزانم ئەو نایزانێت.

ماکوان: دەبرۆ چی دەکەیت لێرە راکە بەساقت بم دەی رەحمەت لە خۆت و دایك وباوکت لەپڕ نەمان. بەردەوام بووم لە تەماشا کردن و چاککردنی کتێبەکانم، گیزە گیزێك هات زانیم ئەوانن حەزقیل و راقی و حەنانە فێر بووبون وەك ئاگاداریەك گیزە گیزێکی وەك ڕەشە با ئاسایان دەکردو خۆیان نیشان ئەدام بۆ ئەوەی دانەچڵکم و نەترسم.

ئەوەنــدەم زانــی پاسێك جنۆکە هاتن وپەیدابوون لە مەخزەنەکەمدا لەوانەی دەمناسین راقی، حەزقیل، حەنانە و نەس ناس بوون، ئینجا زولات و سعالات و میهلە ونەشەق. تعروفمان کرد و ئەوانەی ئافرەت بوون میهلە و حەنانە و نەشــەق بوون باقی پیاو بوون

خۆشـحاڵی خۆمم دەربڕی و ئەس ناس رووی كردە زولات ووتی ئایەتی سـحر كامانەن كە لە قورئاندا دابەزیووە، با ئەو سیحرەی بەتاڵ بكاتەوە.

دەستی كرد بە خوێندنەوەی منیش ئەم نوسی لەوانە سورەتی الاعراف:

وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ١١٧

ئینجا وەحیمان نارد بۆ موسـا كە گۆچانەكەی فڕێ بدات (هەر كە فڕێی دا) هەرچیٚ فڕو فێڵیان هەبوو هەرهەمووی قوت دا.

فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ١١٨

ئینجا وەحیان چەسپاو هەرچییەكیان كردبوو بەتاڵ بووەوە.

فَغُلِبُوا هُنَالِكَ وَانقَلَبُوا صَاغِرِينَ ١١٩

(فیرعەون و دارودەستەكەی) ئیتر شكستیان خواردو سەركزو ڕیسوا بوون

وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ ١٢٠

(ئیتر دەستبەجێ) هەموو جادووگەران بە سوجدەدا چوون (كاتێك كە دڵنیا بوون كە ئەوە موعجیزەیەو لە دەسەڵاتی ئادەمیزاد دا نییە)

سورەتی یونس

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ ٧٩

(ئینجا فیرعەون فەرمانیدا) ووتی: ئادەی هەرچی جادوگەری زاناو شـارەزا هەیە بیهێننو بۆم كۆبكەنەوە.

فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ ٨٠

جا كاتێك جادووگەران هاتن و (بڕیار درا جادووگەری خۆیان بنوێنن و موعجیزەی موسـا بەتاڵ بكەنەوە، موسا پێی ووتن: دەی چیتان هەیە فڕێی بدەن و بیخەنە ڕوو!

فَلَمَّا أَلْقَوْا قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ ۖ إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ ۖ إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ ٨١

ئەوسـا (جادووگەران، جادووی خۆیان نواند) موسـا ووتی: هەرچی كردوتانەو نیشانی ئەو خەڵكەتان داوە جادووە و هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێكی تر پووچی دەكاتەوە، بەڕاستی خوا كردەوەی ئەوانەی كە تۆوی خراپە دەچێنن چاك و سەركەوتوو ناكات.

وَيُحِقُّ اللَّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ ٨٢

بەڵكو خوا حەق و ڕاستی دەچەسپێنێت بە فەرمان و ویستەكانی خۆی ئەگەرچی تاوانكارو تاوانباران پێیان ناخۆش بێت.

فَمَا آمَنَ لِمُوسَى إِلَّا ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوْمِهِ عَلَى خَوْفٍ مِّن فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِمْ أَن يَفْتِنَهُمْ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الْمُسْرِفِينَ ٨٣

سەرئەنجام کەس باوەڕی بە موسا نەهێنا جگە لە چەند لاوێك (چونکە زۆربەی خەڵکەکە) دەترسان کە فیرعەون و دارودەستەکەی کە بەڵایان بەسەر بهێنن و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیان بکەن، بەڕاستی فیرعەون خۆی بە گەورەو بڵند دەزانی لە زەویدا، بەڕاستی ئەو لە سنور ترازاوان بوو.

وَقَالَ مُوسَى يَا قَوْمِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ٨٤

موساش بە قەومەکەی ووت: ئەی قەوم و عەشرەتم، ئەگەر ئێوە بەڕاستی باوەڕتان بەخوا هێناوە، ئەوە ئیتر هەر پشت بەو ببەستن ئەگەر موسوڵمانو ملکەچن

فَقَالُوا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ٨٥

ئەوسا (ئیمانداران) ووتیان: ئێمە ئیتر هەر پشتمان بە خوا بەستووە، پەروەردگارا مەمانگێرە بە هۆکاری سەرگەردانی بۆ قەومی ستەمکاران (کە هەم ئێمە ئازار بدەن و هەم خۆشیان گوناهبار ببن و دوور بکەونەوە لە ئیمان)

وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ٨٦

هەروەها بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت (دەرووی خێرمان لێ بکەرەوە) ڕزگارمان بکە لەدەست هۆزو دەستەی بێ باوەڕان

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّآ لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ٨٧

ئێمە وەحیشمان نارد بۆ موسا -علیه السلام- و براکەی تا لە میسردا چەند ژوورێك ئامادە بکەن و ژوورانەش بکەنە شوێنی خواپەرستی و ڕووی تێبکەن و پێمان ووتن نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن، مژدەش بدە بە ئیمانداران

وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا عَن سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُوا حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الأَلِيمَ ٨٨.

(جا کاتێك ستەمی فیرعەون لە سنور دەرچوو) موسا نزای کردو ووتی: پەروەردگارا، بەڕاستی تۆ لە ژیانی دنیادا نازو نیعمەت و ماڵ و حاڵ وجێگە و ڕێگەی ڕازاوەت بەخشیوە بە فیرعەون داروودەستەی، پەروەردگارا، ئەو شتانە بۆتە هۆی ئەوەی کە (خەڵکی) لە ڕێبازو بەرنامەی تۆ وێڵ و گومڕا بن، پەروەردگارا: ماڵ و سامانیان تەفرو تونا بکەو کوێری بکەرەوە،

دڵیان بگوشە(تا هەست بە خۆشی نەکەن) ئەمانە باوەڕ ناهێنن هەتا سزاو ئازاری بە ئێش نەبینن.

سورەتی طه

قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى ٦٥

ئەوسا جادووگەران ووتیان: ئەی موسا؛ یان تۆ دەست بەکار بەو (دار عەسای خۆت) فڕێ بدەیان ئێمە سەرەتا دەست پێ دەکەین و فڕێی دەدەین؟

قَالَ بَلْ أَلْقُوا ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى ٦٦

موسا ووتی: نەخێر؛ ئێوە لە پێشدا دەست پێ بکەن، جا هەر کە دەستیان پێ کرد پەت و گوریس و دارو چێوەکانیان وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە، بێگومان وەك مار بەخێرایی دەڕوات.

فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَى ٦٧

ئەوسا موسا هەستی کرد بە ترسێك لەدڵ و دەروونیدا.

قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ الْأَعْلَى ٦٨

(ئێمەش نیگامان بۆ کرد) ووتمان: مەترسە و دلنیا بە چونکە بەڕاستی هەر تۆ بەرزو سەرکەوتوویت

وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى ٦٩

ئەوەش لە دەستی ڕاستتدایە (واتە عەساکەت) فڕێ بدە، هەرچی ئەوانە کردوویانە دەیماشێتەوە و قوتی دەدات، چونکە بێگومان ئەوەی کردویانە تەنها فێڵ و تەڵەکەی جادووگەرە، جادووگەریش بۆ هەرکوێ بچێت و هەرچی بکات سەرکەوتوو نابێت

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى ٧٠

ئەوسا ئیتر هەموو جادووگەران، خران بەڕوودا و سوجدەیان برد بۆ خوا (ڕاستییان بۆ دەرکەوت) ووتیان: ئیتر ئێمە باوەڕێکی بەتینمان هێناوە بە پەروەردگاری هاروون و موسا.

قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ ۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَى ٧١

فیرعەون ووتی: ئایا ئێوە هەر ئاوا ڕازی بم؟ بەڕاستی دیارە موسا گەورەو مامۆستاتانەو هەر ئەو فێری جادووگەری کردوون، شەرت بێت دەست و قاچتان بە پێچەوانەوە بقرتێنم و هەڵتانواسم بە قەدی دارخورمادا ئەوسا چاك دەزانن کە کاممان (من، یان خوای موسا) سزامان

توندو تیژو بەردەوامە!

قَالُوا لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَٰذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ٧٢

(جادووگەرانی تاوێك لەمەوبەر، بەباوەڕێکی بەتینەوە)ووتیان: هەرگیز تازە باوی تۆ نادەین بەسەر ئەم بەڵگەو نیشانانەدا کە بۆمان هاتووە سوێند بەو کەسەی کە دروستی کردووین، چیت لەدەست دێت ئەنجامی بدە و درێغی مەکە، بەڕاستی تۆ هەر دەتوانیت ژیانی ئەم دونیایەمان لێ زەوت بکەیت.

إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ ۗ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ٧٣

ئێمە ئیتر بەڕاستی باوەڕمان هێناوە بە پەروەردگارمان، تا لە گوناهەکانمان خۆش ببێت و لەو جادووگەریەش کە بە زۆر پێت کردین، هەمیشە خوای گەورە لە هەموو کەس چاکترە و لە هەموو کەس پایەدارتر و بەردەوامترە.

إِنَّهُ مَن يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ٧٤

ئێمە دڵنیاین لەوەی، کە ئەوەی بە تاوان و گوناهەوە بگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگاری، بێگومان ئەوە دۆزەخ بۆی ئامادەیە کە نە دەمرێت تیایدا (تا لە سزا ڕزگاری ببێت) نە دەژی (بەئارامی و ئاسودەیی).

وَمَن يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَٰئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَىٰ ٧٥

ئەو کەسەش بە ئیمانەوە بگەڕێتەوە بۆلای و بەڕاستی کردەوە چاکەکانی ئەنجام دابێت، ئەوە بۆ ئەوانە پلەو پایەی بەرزو بڵند ئامادەیە.

جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ مَن تَزَكَّىٰ ٧٦

بەهەشتی -عەدنە- کە باخەکانی چڕ و پڕە دەچنە ناوی، چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا، ئەوەش پاداشتی کەسێکە دڵ و دەروون و ڕەوشتی خۆی خاوێن کردبێت.

زولات: ماکوان ئەم روقیە بخوێنە زۆر گرنگە، چونکە جوبریل سەلامی خوای لێبێت، بۆ پێغەمبەری خوێندوە. ئەگەر ئازارت بوو یان هەستت کرد سیحرت لێکراوە بۆ هەرجارێکی تریش بەتاڵ دەبێتەوە لەگەڵ ئایەتەکاندا.

بسمِ اللهِ أرقيكَ، من كلِّ شيءٍ يؤذيكَ، من شرِّ كلِّ نفسٍ وعينٍ حاسدةٍ، بسمِ اللهِ أرقيكَ، واللهُ يشفيكَ

یاخود پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە روقیەی کردووە بۆ کەسوکارەکەی خۆی ئەمەی خوێندوە تۆش بیخوێنە ئەوە سیحرەکە بسوتێنە با کۆتای بێت و بڵێ

اللهمّ ربّ الناسِ أَذْهِبْ الباسَ، اشفِه وأنتَ الشّافي، لا شفاءَ إلا شفَاؤُك، شفاءً لا يغادرُ سَقَماً

ماکوان: هەندێك سیحر هەیە ناتوانرێت بیدۆزیتەوە، خەڵکی لەکوێ ئێوەی دەست دەکەوێت بۆی بیدۆزنەوە ئەی چۆن ئەوە بەتاڵ دەکرێتەوە؟

زولات: هــەر هەمان شـێوەیە، بەڵام خڵتەیەکی دەرمان هەیە بیخـوات چاك دەبێتو هیچ کاریگەری نامێنێت.

ماکوان: کەی فێرم دەکەن؟

نەس ناس: بەدڵنیاییەوە فێرت دەکەین، بەڵام دەبێت ئێســتا بڕۆین. هەوڵبدە بە زووترین کات سیحرەکەی خۆت بەتاڵ بکەرەوە بۆ ئەوەی کاریگەری هیچ نەمێنێت.

ماکوان: باشــە ئێستا دەســت پێدەکەم بە پشتیوانی خوا، چاوم تروکاند کەسیان نەمان. بۆ خۆشی لەبەر خۆمەوە ووتم تەماشایان کە دەڵێی جنۆکەن خۆ کەسیان نەمان.

ئەوەی ئەوان ووتیان کردم ســوپاس بۆ خوا هەمووی تەواو بوو لەو کاتەوە تا ئێســتا سەر ئێشەی وام نەگرتووە هیچ عەیبم نەماوە.

لەگــەڵماڵەوە دانیشــتبووم لە ســلێمانی خەریکی خوێندنەوەی کتێبێــك بووم، لە پڕ لە جەرەس درا هەڵســام بڕۆم بیکەمەوە، پێشــڕەو رۆیشــت و هاتەوە ووتی: کاك ماکوان ژنێك دەگری لە بەر دەرگا داوای تۆ دەکات.

ماکوان: کێیە؟ نایناسیت؟

پێشرەو: یەکەم جارە بیبینم.

ماکوان: بڵێ با بێتە ماڵەوە.

پێشڕەو: لەدەرگا نەماوە دیار نییە دیارە ڕۆشتووە.

ماکوان: بزانە هەژار بووە.

پێشرەو: ئەی چۆن ناوی تۆ دەزانێت؟

ماکوان: ئاخر لەوانەیە بەهۆکاری فەیسبوك و شتەوە زانیبێتی هاتومەتەوە داوای هاوکاری بکات.

پێشڕەو: ئەی باشە چی لێهات.

ماکوان: جا چوزانم لای تۆ نیم منیش، لەوانەیە سواری تەکسی بووبێت.

لــەدەرگا درایــەوە دایکــم ووتــی دوو پیــاو لەمەڵەکــەدان مــن بــڕۆم دەرگا بکەمەوە.

ماکــوان: نــا وا چووم، چوومە خوارەوە تەماشــا دەکەم ژنێك لەدەرگا وەســتاوە، ووتم فەرموو خوشکم ئەمرکە.

هەر وام ووت چەقۆی دەرهێنا لە خنجەر گەورە تر بووچەقۆیەکی ستیل ترسناك دای هێنایەوە بۆ سەرسنگم، رامکردە دواوە بۆ ئەوەی بەرم نەکەوێت هاوارم کرد پێشڕەو فریاکەوە دەمانچەکەم بۆ بێهینە. هەر وام ووت ژنە دیار نەما ڕامکرد بەشوێنیدا ئەمسەر ئەوسەر گەڕام هیچ دیار نەبوو.

بەپەلە هاتمەوە سەرەوە دایکم ووتی ڕۆڵە بۆ سور هەڵگەڕاویت چی بووە، منیش بە تورەیەوە ووتم پێشڕەو ئەوە هاوارم لێکردی بۆ وەڵامت نەدامەوە.

پیشڕەو: بەخوا گوێم لەدەنگی تۆ نەبووە، چی بووە بۆ ڕەنگت تێك چووە؟

ماکوان: هیچ ئەو ژنە داوای پارەی کرد وویستم پارەی بۆ بهێنیت ئیتر خۆم دامێ.

دایکم: رۆڵە ناوی تۆ بەدەوڵەمەند رۆشتوە ئەوەندە دەست مەکە بەگیرفانتا بۆ ئەمونەو هەندێك کەس درۆ دەکەن.

ماکوان: باشە بەسەرچاو لە دەرگا درایەوە، دەستم دایە دەمانچەکەم و ئینجا چوومە دەرەوە، تەماشام کرد مامەم بوو ووتی کاکە لەماڵییت میوانت نییە؟

ماکوان: نەخێر قوربان تەشریف بهێنە ژوورەوە.

هاتە سەرەوە و دوای دە خولەك لە جەرەس درایەوە بەپەلە ڕامکرد ووتم نەکو پێشڕەو بچێت، چەقۆیەك بدات لە پێشڕەوی برام یان دایکم بڕوات. خۆم ڕۆشتم دیسان میوانی ترم هاتبوون ماڵی کچێکی پورم بوون بۆ بەخێرهاتنەوەم هاتبوون. دوای چارەکێك لەدەرگا درا هەمان ژن بوو.

فرت و فێڵێکی نوێ

لەدەرگای ماڵمان درا پێشڕەوی برام چوو ووتی کەسێك هەواڵت دەپرسێت، ووتم بابێتە سەرەوە دیار نەمابوو، کە خۆم چووم ژنێکی ئاسایی دەم و چاوی لە پەنجا ساڵ دەچوو، هەر ئەوەندە منی بینی ووتم فەرموو خوشکمهێرشی بۆ هێنام چەقۆیەکی دەرهێنا زۆر ترسام لە شێوەی ستیلدا بوو بۆ سنگمی داهێنایەوە و منیش لە ترساندا ڕامکردە سەر پلیکانەی ماڵەکەمان و هاتمە دواوە بە خێرای و هاواری دەمانچەکەمم لە پێشڕەوی برام کرد فریام بخات، رامکردە دەرەوە ژنەکە نەمابوو.

کاتژمێــری ٧:٣٠ شــەو بوو لەدەرگا درایەوە ماڵــی مامم بوو، داوای ئەوانیش ماڵی کچێکی پورم هاتن، دیســان لەدەرگا درایەوە هەر خۆم چووم بەدەم دەرگاکەوە هەمان ژن بوو، بەڵام دایکم هەستی پێکرد بووم کە تەواو نیم بەدوامدا هات نەمزانی لە دوامەوەیە، میلی دەمانچەم هێنایــەوە ووردە ووردە بەرەو ڕووی بڕۆم تەقــەی لێبکەم. کەچی دایکم ووتی رۆڵە ئەوە چی دەکەیت، سەبری خان فەرموو وەرە ماڵەوە.

ماکوان: سەبری خان کێییە؟ کامە سەبری خانە؟ سبحان الله کەوای ووت ئەهەوەن بوومەوە زۆریش قەلەق بووم.

دایکــم: رۆڵــە ئەوە ســەبری خانی دراوســێمانە ماڵیان لەســەرو خۆمانەوەیە ژنی حاجی حسین-ە.

ماکوان: سەبری خان ئێستا جەنابت نەبوویت هاتی بۆ ئێرە، خەت رەجعیم دانا، نەکو شەو بوبێت و لێم تێك چووبێت.

سەبری خان: نەوەڵا باوکم من نەبووم، ئامینە خان ئەمە کوڕەکەتە کە لەخاریجە؟

دایکم: ئەرەوەڵا سەبری خان گیان، ئەمە خەسرەو-ی کوڕەمە.

دایکم ئەڵێی وەســفی ســەلاحەدینی ئەیوبی بۆ دەکرد، چوونە سەرەوە تەماشای پێشرەوم کرد زۆر ئاسایی بوو تەماشام کرد ووتی سەبری خان بەخێر بێیت، ئەی بۆ کاك حاجی حسین نەهات؟

سەبری خان: وەڵڵا منیش بۆ میوانی نەهاتووم، هاتم بزانم تەعزێکەی برایمی مامە عەزە لە کوێیە؟ تەلەفونم زۆر کردبوو بۆ ئامینە خان بۆ دەستیەکەت هەڵی نەگرت.

دایکم: ئۆیی وەڵڵا راست دەکەیت بە خەسرەو گیانە شەحنی تێدانەماوە لە سەفەر بووە. منیش هەموو گیانم رقە بۆ ســەبری خان، کەچی لەماڵی ئێمەدا ســەبری خان زۆر ڕێزی لێدەگیرێت. تۆزێك پێش ئێســتا خەریك بوو بمکوژێت نەمدەوێرا لەبەر دایکم و جەماعەت هیچ بڵێم دەترســام دوای بڵێن شــێت بووە، ئەوەندەش تورە بووم خەریك بوو فیشــەکی پێوە بنێم تا لەترساندا فیشەکی دەمانچەکەم لە پێشەوە لابرد.

مامم هەستی کرد کە ماندوو دیارم زوو هەڵسا رۆیشت و ماڵی کچەکەی پوریشم رۆیشتن زوو، نەم دەزانی ئایا باســی ئەو رووداوە بکەم بۆ دایکم و پێشــڕەو یان نا، بەڵام دوای هیچم نەوت و هەر باسم نەکرد.

شــەو چوومە ســەربانی ماڵی خۆمان، بەڵکو - حەزقیل یان جەماعەتەکەی لە شوێنێکەوە

دەرکەون، بەڵام کەس دیار نەبوو. زۆر لەسەربان بووم دایکم بانگی کردم ووتی: رۆڵە ئەوە چی دەکەیت، خۆ جارانیشت نییە بڵێم دڵداری لەگەڵ کچانی دراوسێ دەکەیت.

ماکوان: دەستم کرد بە پێکەنین، عەرزی دایکمم کرد حەز دەکەم تەماشای سلێمانی بکەم، خۆ ئەم سلێمانییە ئەگەر وازی لێبهێنی هەرگیز ئەو وازت لێناهێنیت ئەوەندە جوان و خۆشە.

هاتە سەرەوە بۆ سەربان بۆلام دەستم کرد بە قسە کردن لەگەڵیدا.

ماکوان: ئەرێ بەڕاست ئەو سەبری خانە کێ بوو؟

دایکم: ژنی حاجی حسێن خەڵکی شاربازێڕن، کاتی خۆی لە دەرەوە لە ناوچەکانی دەرمیانەو و قەڵاتــێ و جارخ و پارێزان، مێردی ئەم ســەبری خانە پێشــمەرگە بــوو لای باوکت و زیاتر نامەی باوکتی ئەبرد بۆ ســەرکردایەتی، ئەوە ماوەی ساڵێکە ماڵیان هاتۆتە ئەم گەڕەکە پێشتر لە زەرگەتە بوون. هەتا بڵێیت ماڵێکی چاکن و کوڕێکی هەیە ئەویش لە ئەڵمانیایە.

منیش هەرچی تەماشــام کرد ژنێکی ئاســایی بوو زۆر مێشــکم مەشــغوڵ و ئاڵۆز بوو بەو ژنەوە.

خەوتم و نوێژی بەیانی چووم بۆ مزگەوتی عەلی کەمال لەتەنیشتمەوە مامۆستا ئەحمەدی مــەلا فایــەق بــوو، عەرزمکرد دوعام بۆ بکە پێویســتم بــە دوعای خێرە دڵــم زۆ تەنگە و ترسێکیش لە دڵمدا دێت و دەڕوات.

هــەر ئــەو بەیانییــە لــە مزگەوتــی عەلــی کەمــال فەرمــووی: ئــەم دوعایــە بخوێنە چــاك دەبیــت، هەســتم کــرد ئــەو پیــاوە زۆر موبارەکــە، خوای گــەورە مەحفــوزی بکات. یەکەمجاریشــم بــوو بەخزمەتــی بگەم ئەویش منــی نەدەناســی، لەگەڵ ئارامــی جگەرچی بەیەکــەوە چوویــن بــۆ مزگــەوت رەفیقی ئارامی بلــە بەهار بــوو. دوعاکە بریتــی بوو لە: اللَّهُــمَّ إِنِّي أَعُــوذُ بِكَ مِــنَ الْهَمِّ وَالْحَــزَنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَــلِ، وَالْبُخْــلِ وَالْجُبْنِ، وَضَلَــعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَــةِ الرِّجَالِ. واتــە: یارەبــی خوایە پەنا ئەگرم بەتۆ لە خەمو خەفەت، لە دڵتەنگی لە تەمەڵی و تەوەزەلی، لە بەخیلی و ترسنۆکی، لە کەڵکە بوونی قەرز لەسەرم، وە زاڵبونی خەڵکی بەسەرمدا

لەگەڵ وەستا ئارامی جگەرچی، ناسراو بە ئارامی حاجی حەسەنی بلەی بەهار لە مزگەوت هاتینە دەرەوە.

ئارام: خالە خەسرەو بڕۆین بۆ کەڵەشێر خواردن یان سەروپێ؟

ماکوان: بە ئارەزووی خۆت.

چووین بۆ سەروپێ لە ژێر پردەکە، دوای تەواو بوونمان ئەو چوو بۆ قەسابخانەو منیش

بە پێ سەرکەووتم بەرەو هەوارە بەرزە. بەیانییەکی ووشکە سەرمای سلێمانی بوو، لای زانکۆی سلێمانییەوە سەرکەوتم رووە و ئیسکان. تەماشا دەکەم کەسێك لەو بەرمەوە دەڕوات کە ئاوڕم داوە بەلایەوە پیاوێکی ئاسایی بوو، نزیك بوەوە لێم ووتی ماکوان نەس ناس- م.

زۆر تــوڕە بــووم لێی، ووتم کاکە یان هاوڕێیەتیم مەکەن یان کاتێك پێویســتم پێتان بوو وەرن بۆ لام ناکرێت بە ئارەزوی دڵی خۆتان ئامادە بن. ناکرێت دوێنی شەو سەگبابێك خەریك بوو بمکوژێت، هەرچی چاوەڕێتان بووم نە حەزقیل نە راقی کەستان دیار نەبوو.

نەس ناس: ماکوان تۆ ئێمەت موسەخەر نەکردووە تا ئێمە لەبەردەستا بین، خۆ کۆیلەنین لای تۆ. ئەزانم دوێنێ شەو زۆر بێتاقەت بوویت، بەڵام ئێمە ناتوانین بەئارەزوی دڵی تۆ لەلات بین.

ماکوان: ئەی ئێستا چی دەکەیت لامدا فەرموو ملت شکێنە، لاچۆ با فیشەکێکت پێوە نەنێم لاچۆ لەبەر چاوم.

لەدوامەوە حەزقیل پەیدابوو.

حەزقیل: ماکوان بۆ وا توڕەی کاکە وانا بێت.

خوا شاهیدە مەترێك بەرز بوومەوە بە ئاسماندا ئەوەندە ترسام.

ماکوان: بەخوا حەزقیل تۆ لەوان بێناموس تری. کاکە دوێنێ شــەو خەریك بوو بمکوژن ئێوەش بە ئارەزوی خۆتان دێن و دەڕۆن ئاخر وانابێت.

نەس ناس قسەی نەکرد، بەڵام منیش پەشیمان بوومەوە ووتم ببورن زۆر توڕەم.

نەس ناس: لێت تێدەگەم ئاسایە تۆ برای ئێمەیت، گیزە گیزی جنۆکە هات ئەوەندەم زانی راقی و زولاب دەرکەوتن.

ماکوان: ئەوە چییە ماشاءالله ئەڵێی ستافێکن بەیەکەوە، یان لە کۆرسی گۆرانی دەچن کاکە. مــن شــتێکم لە ئێوە ئەوێت ئەگەر هاوڕێیەتی من دەکەن با شــتێك لــە بینماندا هەبێت کە بتوانم ئێوە بانگ بکەم. تەنها ئەو داوایەم لێتان هەیە.

وورده وورده دنیا ڕوناك بوویەوە تەکســیەك بەرەو خوار دەڕۆیشــت ســایەق تەکسیەکە لەدوورەوە جامەکەی دایایەوە هاواری کرد ئەوە مەعاش نەهاتووە ســەری لە تۆش داوە لەگەڵ خۆت قسە دەکەیت.

ماکوان: نەوەڵڵا من کێشــەی مەعاشــم نییە، لەگەڵ جنۆکە قسە دەکەم ئەگەر پێت خۆشە دابەزە با تەعروفێکتان پێبکەم. هەر وام ووت خەریك بوو خۆی کێشیت، بە دیواری شورطەی

ئیسکاندا کە بەطەواریەکە ناسراوبوو جاران. جەماعەت پێی پێدەکەنین.

راقی: ماکوان مامۆستاکەی ئێمە دەیەوێت ئەمڕۆ قسەت لەگەڵ بکات و بتبینێت.

ماکوان: جا لەخزمەتیدام نۆرەی ئەمە قەچێکا بە ئەویش بناسین.

زولاب: چۆن ئێوە بانگخوازو مەلاو زاناتان هەیە، ئەو کەسەش مامۆستای ئێمەیە و زانایەو لە سعود خوێندویەتی لەخزمەت زانایانی ئێوەدا.

ماکوان: بەڕاست! وەڵڵا ئەمە گرنگە، ناوی چییە؟

نەس ناس: ناوی شێخ (بەرقان)ە یان مامۆستا بەرقان، حەز دەکەیت بڕۆین؟

ماکوان: ئەریٚ وەڵڵا مەمنونیش دەبم.

خەتێکیـــان کێـــش بە دەورمـــدا و ووتیان چاو بنوقێنە تەکانێکـــم دا وەك تەکانی مەصعد وابوو. لە ترســـاندا چاوم کردەوە تەماشـــام کرد ئیســـکانی چی و ســـلێمانی چی لە نێوانی دوو شاخدام و چواردەورم هەموو دارە و کەسم لە تەنیشت نییە، جەماعەتیش لام نەماون.

ماکـــوان: هـــاوارم کرد.. راقی.. حەزە.. نەس ناس.. حـــەزە.. راقی.. کاکە من لە کوێم بیکەن بەخاتری خوا.

هەندێك ئایەتم خوێندو زکرو دوعام خوێند، لەپڕ گوێم لە خوڕەی کانیاوێك بوو لە دوامەوە کە ئاوڕمداوە پیاوێکی ڕیش ســـپی لە ســـۆفیەکانی هەورامان دەچوو، جلی ئەفغانی لەبەردا بوو ووتی مامۆستا ماکوان السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

ماکوان: وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته.. جەنابتان مامۆستا بەرقان-ن؟

بەرقان: بەڵی مامۆستا ماکوان من ئەوم، براکانمان نانمان بۆ ئامادە دەکەن.

ماکـــوان: لەدڵی خۆمدا ووتم ئێســـتا ئێســـقانی دنیا دەرخواردمان ئەدەن. ســـوپاس من نانم خواردوە.

بەرقـــان: برســـیت دەبێتەوە تا ئامـــادەی دەکەن. کاکە ماکوان من ناردومە بەشـــوێن تۆدا بۆ ئەوەی هەندێك شت هەیە بیزانیت!

بەشـــی یەکەمی مەملەکەتی شەیتانم خوێندوەتەوە، لەگەڵ ئەو برایەی ئێمەدا کاری باشتان کردووە و شتێکی باشت نوسیوە، بەڵام نوقسانی زۆرە. بۆیە بانگم کردی تا بتوانیت ئەو نوقسانیانە پڕ بکەیتەوە، چونکە لە ناو وڵات و مەملەکەتی ئێوەدا ئەو زانیاریانە نییە. باخەڵکیش بە بۆنەی تۆ و بەبۆنەی ئێمەشەوە توشی فیتە نەبێت، هاوکاریان بکەو ئێمەش هاوکاریت دەکەین.

ماکوان: بارك الله فیکم؛ قوربان وەڵاهی ئەم قســـەیەم زۆر بەدڵە، بەڵام کێشـــە لەوەدایە پیاو

مەبەستم ئێمەی مرۆڤە، بەتایبەت خۆم دەڵێم بڕوام بە هیچ نەماوە زۆر جار ئەڵێم تۆ بڵێ شێت بوبم و حاڵەتی نەفسیم تەواو نەبێت.

بەرقان: نا – مامۆستا ماکوان خێرێکی باشت دەست دەکەوێت و ئێمەش و ئێوەش لەدەست یەکتر نەجاتمان دەبێت.

ماکوان: جا -چۆن؟ ئەزانی من دوێنێ شەو شتێکی زۆر سەیرم بەسەردا هات جەنابی شێخ بەرقان، جەنابی نەس ناس-یش دەڵێت ئاگادار بووین. دوێنێ شەو خەریك بوو بمکوژن، کەچی ئەو برایەمان دەڵێت ئاگادار بووین، ئاخر برا ئاگاداری شتی وابێت ئەوە برایە؟

بەرقان: ڕاست دەکات، ئاگادار بووین دوای ڕووداوەکە خۆ ئێمەش علیمی غەیبمانی پێنییە، وایە؟

ماکوان: بەڵێ وایە من باسی علیمی غەیب ناکەم، بەڵکو ئێوە جیهانێکی تایبەت و لە ئێمەی مرۆڤ زووتر زانیاریتان دەست دەکەوێت.

بەرقان: ئەوەی دوێنێ شەو هیچ نەبوو ترساندنی سەسیل بوو بۆ تۆ و بەس، ئەو چەقۆیە هیچ نییە بەریشت بکەوتایە لەوانییە ببورایتایەتەوە لەترسا، بەڵام هیچ نەبوو چەقۆ نەبوو لە بەرچاوی تۆدا کرابووە چەقۆ ئێمە ناتوانین ئالەتی خۆتان بەکار بهێنین، بەس دەتوانین بتان فڕێنین و بتانخنکێنین، ئەویش ئەوکارە ئێمەی موسوڵمان نایکەین، بەڵکو بەشێك لە شەیتانەکان دەیکەن ئەوانەی کە پەیمان و کۆنتراکتیان هەیە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کە دوورن لە خوای پەروەردگارمانەوە یان کۆمەڵێکی زۆر لە ئێمەی جنی بەیەکەوە بینو لێمان بکوژن. ئەوکات ئازارتان پێدەگەیەنینەوە، دەنا - چەقۆ و ڕووبەڕووی ئێوە زۆر ئاستەمەو بیریشی لێمەکەرەوە ئەوە فرتو فێڵی سەسیل-ە، پێشتر دەبوو بتزانیبایە لەگەڵ شاهین قەڵەو ئەو کارەیان نیشان دابوویت، وایە؟

ماکوان: ئەها ڕاست دەکەیت، وابوو شێخ شاهین کە هات بۆلام دوو چەقۆی دا لەخۆی لە قاوەخانەکەدا و هیچی لێنەهات، ئەو کچەی لە قاوەخانەکە کاری دەکرد بینی بۆیە تەلەفونی کردبوو بۆ پۆلیس، وەڵاهی ڕاست دەفەرموویت.

بەرقان: کاکە ماکوان ئەزانی بۆچی تۆم هەڵبژاردوە قسە بکەین بەیەکەوە؟

ماکوان: نەوەڵڵا

بەرقان: ئەم هەموو جنۆکەت لەبەر دەستدا بووە، داوای هیچت نەکردووە بۆ خۆت، خۆت هەست ناکەیت ئەوە شتێکی زۆر سەیرە لە ئێوەی مرۆڤدا؟

ماکوان: راستە، هەمووجارێك وویستومە داوای شتێك بکەم لەڕاستیدا، بەڵام بەهۆکاری کێشەو سەرقاڵی خۆم بیرم چۆتە وە، خۆ ماڵی ئەو برایانی لای تۆشم ئاواکرد بەئارەزوی خۆیان پەیدا دەبن و دێن و دەڕۆن. ئەمرۆ گلەیی ئەوەم لێکردن.

بەرقان: ئاخر ئەگەر وانەبێت ئەوکات تۆش دەبیت بەساحیرو لە ساحیرەکان ئامازەت بۆ دەکرێت.

ماکوان: پەنا دەگرم بەخوا، خوای گەورە بمان پارێزێت لە سیحرو جادوو، چۆن شتی وادەکەم.

بەرقان: دەزانم تۆ شتی وا ناکەیت، شێخ عوسەیمین و شێخ بن باز لەفتواکانیاندا دەفەرموون دەشێت جنی وەك ئێمە هاوڕێیەتی لەگەڵ مرۆڤدا بکەن، بەڵام موسوڵمان نابێت داوای هیچ لە جنۆکەکانی برای بکات، چونکە دەبیتە شەریك بۆ خوا دانان و بابی جادوبازی وسیحرەوە. زۆر جار لە پیاو چاکانی ئێوە کەسی باشی ئێمە هاوڕی بووە تاکە کارێك کە کردویەتی لەگەڵیدا بۆ شەو نوێژ خەبەری کردۆتەوە یان بۆ نوێژی بەیانیان.

ماکوان: جا – جەنابی بەرقان من زیاد لە ٢٠٠ بەردەی گران بەهای چاکم لە حەزقیل و راقی داواکردووە، کەواتە ئەوە سیحرە؟ پاشان سەرچاوەکانی شێخ عوسەیمین و بن باز-م پ ێبڵێ بێزەحمەت؟

بەرقان: بەڵێ بەدڵنیایەوە پێت دەڵێم لە المجموع الفتاوی هەردوکیاندا هەیە، لە بابی سیحرو جن مەلائکەت. ئەو بەردانەش وەرتگرتووە ئەوە جائیز نییە کە بە منیشیان ووت لێیان توڕە بووم. هەروەها لە المجموع فتاوی شێخ بن باز-دا هاتووە بەهیچ شێوەیەك مرۆڤ نابێت داوا بکات لە جنی کەهاوکاری بکات بۆ بەدەست هێنانی گەنجینەی کۆن و نوێ لە ژێر خاك، یاخود دۆزینەوەی ئەو تاوانانەی کە مرۆڤ لەنێوان خۆیاندا دەیکەن با ئێمەش بیزانین. دەبێتە شەریك بۆ خوا دانان ئەگەر بە ئێوەی موسوڵمانیشی بڵێین. تەنانەت شێخ عوسەیمین دەفەرموێت ئەگەر بێت و دووموسوڵمان پارەی یەکێکیانی دزی بێت جنی بۆی نییە ئاگاداریان بکاتەوە، چونکە شەرعی ئیسلام ئەگەر بێت و ئەو رێگایەی بدایە، ئەوا فیتنەی زۆری لێدروست دەبوو وە سەری دەکێشا بۆ شتی تریش. تاکە کارێك کە لە تۆمان بینیوە داوای پارەو سەروەت و سامان و گەنجینە و ئەوشتانەت نەکردووە، ئەو بەردانەی عەبدوڕەحمان حەزقیل-یش ئامۆژگاریت دەکەم بیگەڕێنیتەوە بۆ ئەویش و راقی-ش.

ماکوان: بە خۆشحاڵییەوە هەر چوومەوە نەرویج هەمووی ئەدەمەوە، لێرە چەند دانەیەکم بۆ دایکم و ئەوان هێناوەتەوە دوای ئەیدەمە دەست یەکێك لەو بەڕێزانەی لای جەنابتان.

عەبدوڕەحمان حەزقیل و ڕاقی لەلاماندا پەیدا بوون ووتیان: جەنابی بەرقان، ناکرێت بەدیاری ئێمە پێشکەشی ماکوانی بکەین؟

بەرقان: بە مەرجێك داوای شتی تر نەکات و ئێوەش هیچی بە قسە ناکەن.

ماکوان: نا دەســتان خۆش بێت من دینەکەم لا گرنگە هیچم ناوێت ئەوانەشــیان ئەدەمەوە، سوپاسی حەزقیل و ڕاقی گیان دەکەم. بۆچیمە خۆ نایکەمە ملم.

بەرقــان: ئاســایە و بــۆ دین و قیامەتــی خۆتان دەڵێم، مــادام ئێوە هەمــوو ئەهلی ئیمانن خوای گەورەش پشــت و پەناتان بێت، چونکە ئەو دیاریە کە دراوە بۆ خۆشەویســتی نێوانمانە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: دیاری پێشکەشــی یەکتر بکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی زیاد بێت.

ماکوان: باشــە ســوپاس تان دەکەم، ئەی جەنابی شــێخ بەرقان ئەو ئافرەتەم بۆ باس بکە، دوایی بوو بە ناسیاوی دایکم و سەبری خان، سەبری خان شوێنی کەوتبوون.

بەرقان: هەرچەندە بۆم باس کردی کە ئەوە ئەو ژنە نەبوو، بەڵکو دەیانزانی ئەو ژنە بەرەو ماڵی ئێوە کەوتۆتە ڕێ وویســتیان فیتنەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی دوای کە هاتە بەردەرگاکە تۆ فیشــەکێکی پێوە بنێیت یان چەقۆیەکی لێبدەیت و فیتنەیەك دروســت ببێت لەو بەینا، دەنا ئەو ئافرەتە ئاگای لە هیچ نییە. تەنها فیتنەی سەســیل و کۆمەڵەکەیەتی کە وویســتیان بۆ تۆی دروست بکەن، بەڵام خوای پەروەردگار پاراستیتی.

ماکوان: ئەی چۆن دەتوانن خۆیان والێبکەن؟ چۆن ئەو ڕێکخستنەیان بۆ دروست دەبێت؟

بەرقــان: بەهــۆکاری تاوانی خۆتانە، ئەو بەیانییە لە تاو ســەروپێ خواردن لەبیرت چوو زیکرەکانیش بخوێنیت، ئەو زانایە دوعایەکی فێرکردی هەر ئەوەت دەخوێند زیکرەکانی تریشت لەبیر چووو. بزانە هەرکات وویردەکانی بەیانی و ئێوارەت لەبیر بچێت سەسیل دێت بۆلات، وایە؟

ماکوان: بەزاتی خوا ڕاست دەکەی زۆر زۆر وایە، منیش دیقەتم داوە.

بەرقــان: جــا بزانــە قەرینــی ئــەوان هەوڵــی داوە زانیویەتــی کەدێــت بــۆ ماڵــی ئێوە، ئەویــش ووتویەتــی دەچیــن بــۆ ماڵــی ئامینــە خــان ئیتــر زانیویانــە دایکــی ماکوانــە. ئەو ماڵەش نوێژو خواناسی بە باشی تێدا ناکرێت، ماڵەکە ماڵی شەیتانە کوڕێکیان هەیە هەمیشە خەریکی مەشروب خواردن و کاری خراپەیە.

فەرمــوو ماندووم کردی بابڕۆین بۆ ناو مەجلیســی ئێمەو بڕۆیــن بۆ باڵەخانەو ماڵەکانمان ببینە، نان ئامادەکراوە بیخۆین.

ماکوان: جەنابی شێخ ئێوە هەر ئیسقان ناخۆن؟
بەرقان: کە چوین خۆت بڕیار بدە، ئێمەش شتی حەڵاڵ و شتی باش دەخۆین ئێسقانی ئێوەی موسوڵمان بەدڵنیاییەوە خواردنی موفەضلی ئێمەیە، چونکە بسم اللە لێکراوە. هەر خواردنێکیش ئێوەی مرۆڤ بسم اللە لێنەکەن ئەوە خواردنی شەیتانەکانە. زۆر جار لەناو جەهالەتی ئێوە و بیرچوونەوەتان کەناڵێن بسم اللە خەمی ووڕگتانە خواردنمان دەست ناکەوێت بیخۆین، باشترین خواردنمان لەگەڵ ئێوەدایە دەست و دڵتان زۆر باشە بۆ شەیتان، بەڵام بۆ براکانتان بیرتان نییە بڵێن بسم اللە.
کەوتینە ڕێ و لە نێوانی دوو شاخەکەدا باڵەخانەیەکم بینی شتی وا جوانم نەدیبوو فراوان و بەرز.

بەرقان و خەڵکی کوردستان

شێخ بەرقان داوای لێکردم کە بچینە ناو باڵەخانەکەیان لەوێ پشوویەک بدەین و نانێک بخۆین، لەخزمەتی ئەو جنۆکە بەرێزەدا بە پیاسە کەوتینە ڕێ کە قاچم دەنا بەخاکدا ئەو خاکەی ژێر پێم گڵێکی تەڕی شێدار بوو زۆر خۆش بوو بۆ ڕۆشتن.
بەدەم ڕێگاوە عەرزم کرد جەنابی شێخ بەرقان زۆرێك لە خەڵکی وڵاتی ئێمە توشی جادو سیحر بوون و شەیتان چۆتە لاشەیانەوە. خەڵکێکی زۆریش دوکان و بازاڕیان بۆداناوە و پارە لەو خەڵکە ڕەشو رووتە دەسێنن.
بەرقان: بڕوا بکە مامۆستا ماکوان ئەو کەسانەی کە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا شەیتان چۆتە لاشەیانەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەگەر بڵێم من دەزانم کێن بڕوام پێبکە.
ماکوان: ئەوە باسی چی دەکەیت قوربان ئێستا مۆدیلە لە کوردستان، هەر ماڵێك کەسێکی تێدا نەبێت توشی ئەوە بووبێت کە جنۆکە چوبێتە لاشەیەوە بەڕاستی عەیبە، چەند شتێك مۆدێلە ئێستا چوون بۆ عومرەو قەسطەرەی دڵ و نەخۆشی نەفسی کە جن چۆتە لاشەی و سیحری لێکراوە. چەند ساڵێکە ئەمانە مۆدێلێن لە کوردستان.
بەرقان: بڕوابکە مامۆستا ماکوان ئەو خەڵکە ئێمەی جنۆکە نەچووینەتە ناو لاشەیان، بەڵکو - یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی خۆیان چۆتە ناو لاشەیان، سەروەت و سامانیان دەدزن

ژیانیان وێران کردوون، ئەو خەڵکەیان توشی فەشەل کردووە. خەڵکی کوردستان دەرەقەتی حکومەت نایەت ئیتر شەڕ بە ئێمە دەفرۆشن.

هەریەکێك لەوانە کێشەی ئابوریان هەیە پارە کەمە ژیان ناڕوات مەعاشیان نییە، ئیتر هەریەکە بیانویەك ئەدۆزێتەوە. وەك خۆت فەرمووت ئەو دووکان و بازاڕەی بەناوی شێخ و مەلا و پیاوچاکانەوە دانراوە، ئەوەی ئەو کارە دەکات زۆربەی نەخوێندەوارە هیچ لەبارەی بیروباوەڕی ئیسلامی شارەزایی نییە، خۆشی و ئەوخەڵکەش توشی تاوان دەکات.

ماکوان: واتا ئەو کارە ناکرێت مەبەستم ئەوەیە جنۆکە ناچێتە ناو لاشەی خەڵکەوە، یاخود سیحر ناکرێت لە کوردستاندا.

بەرقان: بەدڵنیاییەوە دەچێت و سیحریش دەکریت، بەڵام بەو پلە گەورەو زۆرە نییە کە باس دەکرێت، مرۆڤەکان خۆیان توشی فەشەل دەبن بۆیە دەڵێن سیحرمان لێکراوە و جنۆکە چۆتە لاشەمان.

ماکوان: (بەپێکەنینەوە) قسەکانی جەنابت زۆر لە قسەکانی حەنانەی ڕەفیقمان دەچێت.

بەرقان: (بە پێکەنینەوە)، لەبەر ئەوەی کچمە.

ماکوان: بەڕاست کچی جەنابتە؟

بەرقان: بەڵێ شوی کردووە بە مامۆستا راقی.

ماکوان: لەدڵی خۆمدا ووتم ڕۆشنبیری حەنان و بەرقان زۆر لەیەك نزیکن.

بەرقان: قوتابی خۆمە بۆیە.

ماکوان: جەنابی شێخ پرسیارێکی زۆر گرنگم هەیە ئەویش ئەوەیە سیحر بۆ خۆی چییە و چۆنەو ئەم کارە چییە؟ تکایە ئەگەر شارەزایت هەیە وەڵام بدەرەوە.

بەرقان: سیحر من شارەزایم لێی نییەو نایکەم، خۆت دەزانی مرۆڤ و جنۆکە کافر دەکات هەر کەس بیکات و هەر کەس بۆی بڕوات و هەر کەس فێری بێت و هەرکەسیش ڕێگا نیشاندەری بێت. وایە؟

ماکوان: وایە

بەرقان: کەواتە سیحر مەخلوقێکی ناسکی شاراوەیە کە ئێوە نایبینن یاخود ئێمەش نایبینین و هۆکارەکەی واتا سەبەبەکەی دیار نییە، هەرچی وابوو ئەوە سیحرە.

ماکوان: واتا ئەگەر کەسێك بە فێڵیش بیکات دەچێتە بابی سیحرەوە کە سەبەب دیار نەبوو، خۆ ئەوە ناویان لێناوە فن و هونەر و سیرك.

بەرقان: زانایانی ئیسلام ئەوەشیان ناو ناوە سیحر.

ماکوان: کام زانا؟

بەرقان: زانایانی ئەهلی ئەم ئیسـلامە لە مرۆڤەکان بۆ زانیاریت، زانا لە ناو جنۆکەدا بۆ زانستی شەرعی قسەی لێوەرناگیرێت تەنها لە مرۆڤ قسە وەردەگیریت، زاناکانی ئەم ئیسلامە زۆر بەجوانی روونیان کردۆتەوە، بەڵگەشیان ساحیرەکانی فیرعەونە خوای گەورە دەفەرموێت: لەبەرچاوی خەڵکی گوریس و عەصاو دارەکانیان دەکرد بەمارو دەرۆیشت خۆ راستی نەبوو فێڵ بوو ئەوەی کە ئێسـتا مرۆڤ ناوی ناوە فەن و هونەر، کەواتە فرتو فێڵی هەر شـتێك بەچاوی خەڵکی هۆکاری دیار نەبێت ئەوە سیحرە.

ئایەتەکە دەفەرموێت: قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ ٤٣

واتا: (پاشـان لە ڕۆژو کاتی دیاریکراودا) موسـا بە (جادوگەرانی) وت: چیتان پێیە فڕێی بدەن و (چیتان لەدەست دێ درێغی مەکەن؟!).

فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ ٤٤

(جادووگـەران) هەرچـی پـەت و گوریـس و دارو گۆچانیان هەیە فڕێیـان داو وتیان: بە یارمەتی و دەسەڵاتی فیرعەون هەر ئێمە سەردەکەوین و هەر ئێمە دەیبەینەوە.

فَأَلْقَى مُوسَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ٤٥

موسا گۆچانەکەی فڕێدا هەرچی درۆو دەلەسەو گوریس و داریان هەبوو، هەرهەمووی هەڵ لووشی ولەناوی دا.

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ ٤٦

ئیتر دەسـتبەجێ جادووگەران (خۆیان پێنەگیرا لەبەرانبەر حەقیقەتەوە) سوژدەیان برد (بۆ پەروەردگاری باڵادەست).

قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ ٤٧

وتیان: ئێمە باوەڕمان هێناوە بە پەروەردگاری جیهانەکان.

ماکوان: جەنابی شێخ سیحر چەند بەشی هەیە؟

بەرقان: دوو بەشی هەیە

بەشـێکیان دەرمان و پرژاندنە نوشـتەکردنە لە شـێوەی دوعا (هەرچەنـدە ناویان ناوە دەرمان دەنا هیچ دەردێك چارە ناکات، بەڵکو خەڵکی دەردەدار دەکات) بەشێکی تری بەستن و فو وتێکردن و عەقدە قوربانی کردنە بۆ شەیتان.

بەشــی یەکەمیان: خەڵطەی ســیحرەکان دەگیرێتەوە و دەرخواردی ئەو کەسە ئەدرێت کە سیحری لێدەکرێت، یان دەپرژێنرێت بە ماڵدا و بەسەیارەدا، یاخود لە شێوەی نوسین و طلیسم و دوعا کردندا دەکرێت لەگەڵ ئیسقان و موو هەدنێك شتی تریش.

بەشی دووەمیان: تایبەتە زیاتر بە ساحیرو شەیتانەکانەوە وەك ئەوەی بەستنی خەڵکی و نزیك کردنەوەی دووکەس لەیەکترو قوربانی کردن بۆ شەیتان و بەندایەتی کردن بۆ شەیتان، یاخود شەریك دروستکردن بۆ خوا ساحیرو شەیتانەکان ئەوەیان زۆر پێخۆشە.

ماکوان: باسی بەشەکانمان کردو پێناسەی سیحریشم زانی، ئەی جۆری سیحر چیەو چەند بەشە؟

بەرقان: سیحر حەوت جۆری هەیە.

یەکــەم: ســیحری درۆزنەکان و کژدانییەکان یان کلدانییەکان. ئــەم جۆرە جادوە لە خاکی بابلەوە هاتووە کە ئەســتێرەو بورجەکانیان دەپەرست واهەستیان دەکرد گۆڕانکاریان بۆ دەکات تا خوای گەورە پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه السلام)ی بۆ ناردن، ئەمەش ئیبن کثیر باسی کردووە رەحمەتی خوای لێبێت.

دووەم: جادووی وەهم و رۆح و کەسایەتیە بەهێزەکانە. ئەمجۆرەیان لە ڕێگای جنەکانەوە ســاحیر خۆی فەرز دەکات بەســەر موریدو ئەو خەڵکانەی دێنە بەردەســتی تاوایان لێدەکات هەموو بە پیرۆز تەماشــای بکەن، کاریگەری لەڕێگای شــەیتان و جنۆکە خراپەکانەوە دروست دەکات لەسەر خەڵکی بەردەستی.

سێیەم: جادووی جانی زەوی (الجان الارضي)، ئەم جۆرە جادوە جادوبازەکە هەرچی جۆری شــەیتان هەیە بــەکاری دەهێنێت لە جادو ســیحرەکەیدا، واتا دەبێتە کۆیلەی شــەیتانەکان و قوربانیان بۆ دەکات تا سیحرەکەی سەربگرێت.

چوارەم: وابەستە بوونی دڵ. ئەم جادوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە گوایە ئیسمی ئەعظمی لایــەو بەدڵنیایەوە بەس بانگەشــەی درۆیە، ئەم جۆرە بــۆ ئەوەیە کە گوایە ناوی خوای لایەو بەونــاوەوە داوا دەکات ئیتــر هەرچی بووێت خوا ئەیداتێ ئەمەش زۆرێك لە شــێخ و ئەوانەی بەناوی طەریقەتەوە ئەو ساختە چێتیە دەکەن.

پێنجــەم: تێکەڵکردنــی دەرمان و مادە کیمایەکان. بۆ سەرلێشــێواندنی خەڵکی و تێکەڵ کردنی ئەو مادانەو دروستکردنی تەقینەوە و دوکەڵ و ئەو جۆرە شتانە ئەمەش هەرجۆرێکی ترە کە زانایانی ئیسلام باسیان کردووە.

شەشـــەم: جادووی ڕێکخســـتنی ئەندازەیی. ئەمەش لە ڕێگای طلیسمەکانەوەیە کە هەمووی نوســـینی شـــەیتانە بەگەورە ڕاگرتنییەتی شەیتان و قســـە ووتنە بەخوای پەروەردگارو جاری واهەیە لەڕێگای ووشـــە قورئانییەکانەوە دەنوســـریت، بەڵام پێچەوانە دەکرێتەوە بۆ شـــەیتان خوای گەورە بە کەم ئەناسنێت، پەنا بەخوا.

حەوتـــەم: جـــادوی نەمیمەی و فیتنەی نێوانی خەڵك کە لەڕێـــگای جنۆکەکانەوە دەکرێت دەڵێت خەسوت ڕقی لێتە، یان کێ فلانە کەسی کوشتوە..هتد.

هەموو ئەمانەی باســـم کرد زانایانی ئەهلی ئیســـلام ئیبن و کەســـیرو ئیبنو حەزم و ئیبن قەیم و ئیبن تەیمییەو تەنانەت زانایانی موعتزیلەو ئەشعەریش هەمان ڕایان هەیە.

هەندێـــك لەزانایانی ســـەردەم ســـیحرێکی تریـــان دۆزیوەتەوە بەناوی ســـیحری ســـوفلی. کە بە جۆری هەشـــتەم حســـابی بۆ دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە خەڵکانیك لە دیندارو بێدین و مولحید و خوانەناس بە عەمدەن و بێ ئاگاداربوونیان شـــەیتانەکان تووشـــیان دەکەن و ئەوە دەبیتە هۆکاری ئەو ســـیحرە ســـوفلیانە. ئەم جۆری ســـیحرە کە ئێســـتا زۆر بڵاوە لە جیهاندا، بەتەواوەتی دەچێتە بەردەســـتی شـــەیتانەکان و دەبێت ئیبلیس بەخوای خۆت بزانیت و کوفر بە هەرچی دینەکانە بیکەت لە پێش هەموویانەوە ئیسلام و دوایی مەسیحی و ئینجا جولەکە.

ماکوان: جەنابی شـــێخ ئەمانەی کە باســـت کرد هەمووی لەسەرچاوەکانی ئەهلی ئیسلامدا هەیە واتا دڵنیای لەو ناوانەی کە فەرمووت.

بەرقـــان: بەدڵنیایـــەوە مامۆســـتا ماکـــوان هەمووی هەیـــە دەتوانیت بگەڕێیتـــەوە بۆ ئەو ســـەرچاوانەی باسمکردووە لە باسی ســـیحرو هاروت و ماروت و دروستبوونی ئێمەی جنۆکە و ئەو باسانەی کە لە بیروباوەڕدا کراوە.

ماکـــوان: بەدڵنیایەوە منیش ســـیقەم بە جەنابتانە، خۆشـــت باش دەزانـــی ئێمەی ئەهلی سوننەتو جەماعە لەسەربنەمای بەڵگە قسە وەردەگرین وایە؟

بەرقان: بەڵێ، هەر دەبێت وابێت.

ماکوان: ئەرێ شێخ بەرقان ئێمە هەر دەڕۆین و ناگەینە ئەو باڵەخانەیە یان ئێمە وەستاوین لەجێگای خۆمان، هەست دەکەم ئەو باڵەخانەیە هەنگاوێکیش لێی نزیك نەبووینەتەوە.

بەرقان: مەرج نییە هەموو باڵەخانەیەکی جوان مرۆڤ پێی بگات، گرنگە مرۆڤ بە مێشك و زانستی گەورەترین باڵەخانە دروســـت بکات. زۆر شـــت هەیە لای ئێمەی جنی دەلالەتە لە پێگەیشتن و ڕوشدی ئەقڵ، کەی کامڵ بویت لە ڕوشد و زانستی شەرعی ئەوە دەتوانی دەرگای

هەرچی باڵەخانەو قەڵایە بۆت بکرێتەوە.

تەماشای ئاسمان بکە و چاو بنوقێنە بزانە لەکردنەوەیدا چەندە مەل و چۆلەکە دەبینی.

ســەیری ئاســمانم کرد و چاوم نوقاند هەمان تەکانی جاری پێشوم خواردەوە کە هێنایانم بۆ لای شێخ بەرقان. کەچاوم کردەوە لە شاری سلێمانیم لای قوتابخانەی کاوە، هەر خۆم بووم بە تەنها.

سوپاســی خوای پــەروەردگارم کــرد، لە دڵی خۆمدا ووتــم بەس نییە لەســەر ئەم جادە جێیانهێشــتم بیانخستمایەتە ســەربانی ماڵێك لەوانە بوو (١٠٠١) شەقم بۆ تەواو بکەن. نەشم دەوێــرا زۆر ئەمــلاولا بکەم ئەو نــاوە قەرەباڵغ بوو لای گەڕەکی ئیســکان. تەلەفونەکەم لێیدا تەماشام کرد دایکمە.

دایکم: ڕۆڵە ئەوە لە کوێیت؟ بۆ ئەو تەلەفونە هەڵناگریت زیاد لە (١٠) تەلەفونم بۆ کردی هەر دەیووت لە دەرەوەی بازنەدایە.

ماکوان: لەماڵی شیخ بەرقان.

دایکم: لەهەولێری؟

ماکوان: نا

دایکم: ئەی ئەم شێخ بەرقان-ە کێیە؟

ماکوان: خەڵکی ئەولایە ئێستا دێمەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لەبیری بەرمەوە مەوزوعەکە.

دایکم: میوانت هاتووە وەرەوە بۆ ماڵەوە چاوەڕێی تۆین.

ماکــوان: وا هاتمەوە بە پشــتیوانی خوا چەند خولەکێکی کە دەگەمــەوە ماڵەوە لە نزیك توی مەلیکم.

گەیشــتمەوە ماڵەوە پێشڕەو لەسەر قادرمەکان بوو جگەرەی دەکێشا، لێم پرسی کاکە کێیە میوانەکانمان؟ وەڵامی دامەوە ووتی: بەخوا لە خەڵکی شارەزور دەچن، لەوانەیە دوای یارمەتی بکەن. کە خۆم کرد بە ژووردا تەماشا دەکەم سەسیل و ئافرەتێك دانیشتوون.

شەڕێکی ترسناك

کەلای شێخ بەرقان گەڕامەوە دایکم تەلەفونی کرد کە زوو بگەڕێمەوەماڵەوە میوانم هاتووە. لەگەڵ پێشڕەو وەستابووم، دایکم هاتە لام و ووتی: ئەو ژن و پیاوە دەمێکە چاوەڕێی تۆن بڕۆ بۆلایان بزانە چیان دەوێت.

ماکوان: نەیان ووت کێن و لە کوێوە هاتوون؟

دایکم: با، لە کەرکوکەوە هاتوون.

تەماشایەکی پێشڕەوم کرد ووتی وا هەستم کردووە شارەزوری بن.

کەچوومە ژوورەوە سەسیل دانیشتوە لەتەنیشت ژنێکی بەتەمەن، سڵاوم کرد دایکیشم بەدوامدا هاتە ژوورەوە لەبەر دایکم هیچم نەووت، بەخێر هاتنی ژنەکەم کرد و زۆر گوێم نەدا بە سەسیل. ئەویش بەگەرمی مەرحەبای کردم، دانیشتم و بێ دەنگی ژوورەکەی گرتبوو دایکم هەڵسا چوو چا و شیرینی بهێنێت.

ماکوان: فەرموون، ئەمەی لەگەڵتایە سەسیل نییە؟

ناوی تۆ چییە خاتوون؟

ژنەکە ووتی: من ناوم خورشیدە و ئەمەش شێخ ئەسعەدە خەڵکی قۆریە شکاوە. هاتووینەتە خزمەتی جەنابت بۆ ئەوەی بەڵکو - سەلاحی کوڕم و ژنەکەی ئاشت بکەیتەوە (کێشای بەسەر دڵی خۆیدا) خوا بیباتەوە بۆ خۆی چۆن غەدری کردووە لە کوڕەم منداڵەکانی لێسەندۆتەوە لە نەرویجیش شکاتی لێکردووە بەڵکو ڕێکیان بخەیتەوە. خێرت دەگاتێ کاکە ماکوان گیان، بەڵکو نوشتەیەك دوعایەکیش بۆ سەلاحی کوڕم بکەیت دەڵێن تۆش دەمو نوفوزت باشە، بەڵکو ئەو ژنە لەگەڵ ئەو کوڕمە ڕێك بکەونەوە. شێخ ئەسعەدیش هاتووە لەگەڵمدا، خوا ماڵەکەی ئاوابکات زۆر هاوکاریم دەکات پیاوێکی موبارەکە لە کەرکوکەوە هاتووە بۆلات بۆ ئەوەی بەخزمەتی جەنابت بگات.

ماکوان: روومکردە سەسیل و ووتم شێخ ئەسعەد تۆ دەڵێ چی؟ خورشید خان بەو باشیە باسی تۆ دەکات، ئەی دوعایەك شتێکی بۆ بۆ ناکەیت؟

شێخ ئەسعەد: کاك ماکوان منیش ناردویانم بۆلای جەنابت ووتیان بەڕێزتان هاوکاری خەڵکی زۆر دەکەن، دوێنی لە رادیۆی رووداو و نەوا باسی جەنابتیان کرد کە هاوکاری ئافرەتێکت

کردووە.

ماکوان: شێوەی دەمو چاوی شێخ ئەسعەد دەگۆڕا لەبەرچاومدا، دەموچاوی لە سەسیل دەگۆڕا بۆ دەموچاوی کەسێکی تر، بەڵام نزیك بوو لە شێوەی سەسیل. لەخزمەتاندام قوربان ئیجازەم بدە ئێستا دێمەوە خزمەتت هەڵسام چووم دەست و دەموچاوم بە صابون شۆردو دەستنوێژم گرت ووتم نەکو ماندووبم، ئایەتل کورسی و مەعوزەتێین و زۆرێکی تر لە دوعاکانم خوێند. شێخ ئەسعەد دانیشت بوو قسەی زلی دەکرد لەگەڵ دایکم و خورشیدخان دا. لەو ژورەدا نوێژم کرد کە ئەوانی لێبوون.

دایکم: رۆڵە خۆ هێشتا نیوەڕۆ نەبووە.

ماکوان: نوێژی چیشتەنگاو بوو لە بیرم چووبوو بیکەم بە قەزا گێرامەوە.

شێخ ئەسعەد: ئەی باوکەکەی باوکم، ئەم ئیسلامیانە دەڵێن نوێژ ناگەڕێتەوە تۆ کارێکی باش دەکەیت دەیگێڕیتەوە (نەیدەزانی من نوێژی سونەتم گێڕاوەتەوە).

ماکوان: شێخ ئەسعەد تۆ نوێژ دەگێڕیتەوە؟ زانیم فڕی بە نوێژەوە نییەو ئاگای لە نوێژ نییە.

شێخ ئەسعەد: ئەی چۆن نایگێڕمەوە باوکی من.

ماکوان: شێخ جەنابت لە بنەماڵەوە شێخن یان لەبەرماڵەوە؟

شێخ ئەسعەد: کاکە ماکوان ئێمە شێخی ئەصڵین، ئەولادی پێغەمبەرین (ﷺ).

ماکوان: جا کاك شێخ کوا پێغەمبەر (ﷺ) منداڵی هەبووە تا ئێوە لە نەوەی ئەو زاتە بن؟

شێخ ئەسعەد: نا کاکە ماکوان ئێمە دەچینەوە سەر حەسەن و حوسێن.

ماکوان: جا ئەوانە کوا دەچنەوە سەر پشتی پێغەمبەری خوا، ئەو دوو کچەزا بەڕێزەی پێغەمبەری خوا دەچنەوە سەر ئەبوتالیب و ئەویش کافرە ئیتر ئەوشێخایەتیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ زانیم جاهیلە زۆر بە ناشرینی قسەم لەگەڵ دەکرد، چونکە من گومانم هەبوو لە ٪٩٠ کە سەسیل بێت، بەڵام هەرچیم دەکرد لەو مەتەڵە تێنەدەگەیشتم. خەریك بوو توشی ئەعصاب دەبووم شەرمو ترسم لە دایکم بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە هەر کەچوومە ژوورە بە نیازی ئەوە بووم پەلاماری بدەم، دەمزانی دوای دایکم دڵی لێم زویر دەبێت لە میوان تورەبم.

دایکم بانگی کردم لە ژورەکە هەڵسام ڕۆشتمە دەرەوە، بەتووڕەییەوە ووتی: رۆڵە ئەوە کێ فێری کردویت نابەوشێوە قسە لەگەڵ میوان بکەیت؟ ئەوانە ئەگەر دوژمنیش بن لە ماڵی باوکتدا دانیشتوون ئیحترامی باوکت و منیش بگرە، بۆ بەوشێوە قسە دەکەیت دەیاناسیت؟

ماکوان: نەوەڵا بەس هەست دەکەم ساختە چین.

دایکم: بە هەستی تۆ نابێت، داوای هیچیان نەکردووە لە ماڵی دنیا داوای یارمەتی دەکەن لێت یان بەڵێ - یان نەخێر تۆ حەقت چیە بەسەر شێخ و ئەم هەموو پرسیارە لە پیاوە دەکەیت، عەیبە رۆڵە لەماڵەکەماندان.

ماکوان: باشــە، چوومە ژوورەوە لەبەر خاتری دایکم دەستم کرد بە پێکەنین و رووەکردەوە خورشەخان، چی بە من بکرێت لەخزمەتاندام، کاك شێخیش خۆشەویستی هەمووانە.

دایکــم هاتــە ژوورەوە ووتی ئــەوە بۆ عەزێتان کێشــاوە ئەو هەمــوو هەنگوینەتان هێناوە، پێویســتی بەو عەزێتە نەبوو. کە دایکم وایووت هەڵســام چوومــە دەرەوە، زانیم ئەو هەنگوینە سیحری تێدایەو هەنگوین نییە چەواشەکاریە، دوای ماوەیەکی کەم دایکم قسەی لەگەڵ خورشید خان دەکرد بانگم کرد ووتم وەرە تەلەفونە. دایکم هات و پرسیم کوا ئەو شتانەی هێناویانە؟

خستومەتە ناو تاکی کەوانتەرەکە، ئەگەر دەیخۆیت بۆت بکەمە ناوقاپێك؟

ماکوان: دایکە بیکە بەخاتری خوا کەس لەو شتانە نەخوات، زۆر خەتەرە.

دایکم: چی بووە رۆڵە، ئەمانە کێن؟

ماکوان: نازانم؛ بەڵام لەو تاکەدا دایبنێ تا- دەرۆن نەهێڵیت کەس بیخوات باشە؟

دایکم: باشە بێخمبە.

هاتمەوە بۆلای میوانەکان پرسیم خورشەخانم من چی بکەم بۆ کاك سەڵاح و روناك خانی هاوسەری؟ چۆن زانیت من پەیوەندیم لەگەڵ ئەوان هەیە؟

خورشــەخانم: رۆڵە وەڵلا رۆشــنای کچــی پێی ووتم، کــوڕ و کۆبوونەوەکانتایان لە شــاری هەڵەبجە بینیبوو باسی تۆی بۆ کردم، ووتی کاك ماکوان دەتوانێت هاوکاری دایکم و باوکم بکات، بۆ ئەوەی بچنەوە لای یەکتر.

ماکوان: بەسەر چاو بەیەك مەرج ئەوەی من دەمەوێت لە جەنابت بیکەیت و بەقسەم بکەیت.

خورشەخانم: بەسەر چاوەکەم کاکە ماکوان گیان تۆ چی بڵێیت من وا دەکەم.

ماکوان: هەرچی نوشــتەو دوعات بۆ کراوە بۆم بهێنیت و لای کێ کردوتە کێ بۆی کردویت هەموویم بەڕاستی پێبڵێت، باشە؟ منیش دێم بۆ کەرکوك بۆ خزمەتان قوبوڵتە؟

خورشەخان: وەڵلا کورەکەی خۆم تۆ چی بڵێیت بەقسەت دەکەم.

شــێخ ئەســعد: وەرە بۆ تەکییەکەی ئێمەش لەوێ لە حەلەقەیەکی زیکردا بەشــداربە کاك ماکوان زۆر سودی دەبێت، گەورەمان دەکەیت بێیتە تەکیەکەمان لە کەرکوك.

ماکوان: خۆتان گەورەو بەڕێزن کاك شێخ گیان.

ســنگم خەریك بوو ئەتەقی لەگەڵیاندا دانیشتبووم ئەوەندە دانیشتنێکی ناخۆش و بێزارکەر بوو، سروشــتی خۆم وایە کە مەجلیســم پێخۆش نەبێت، زۆر بێتاقەت دەبم کە قسەشم پێبکەن وەك ئەوە وایە بە شەق قسەم پێبکەن.

بــاش بوو ڕۆشــتن هەرچەندە دایکم زۆر خوڵقــی گەرمی کردن کە بمێننــەوە، دایکم ماڵی ئاوابێت هەر نەیدەهێشت بڕۆن. هەستم بەوە کردبوو کە ئەوانە شەیتانی دنیایان پێوەیە.

مێشکم ماندوو بوو خۆم کردە ناو جێگا خەوم لێکەوت، پاش تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك لە هاتنی ئەوان چووم بۆ کتێبخانەی سەرمەد بۆلای کاك عەبدوسەلام بۆ ئەو سەرچاوانەی کە شێخ بەرقان باسی کرد، لەوێ هەندێکیم دەستکەوت هەندێکیش لە ئەنتەرنێت تەماشام کرد هەمووی ڕاستە، بەڵام ئەوەی بۆم شیتەڵ نەدەکرا شێخ ئەسعەد و دەموچاوی سەسیل بوو

بەقــەدەر هەمــوو ئەم جیهانە پێویســتم بە عەلــی یەمەنییە و ئەویش لــە جێگای حەقی خۆیدایە، ماندووم زۆریش ماندووم لەو هەموو ڕووداوە سەیرو سەمەرانەی کە دەیبینم.

هەمووی جێگای باســە لە خۆم ئەترســم توشــی وەهم بووبم، ئەترسم لەناو دنیای سیحردا بم ئاگام لە خۆم نەبێت، تاکە دڵخۆشــیم ئەوە بوو کە سوپاســی خوام دەکردو دینداری و ئیمانم بەهێزەو بیرکردنەوەشــم زۆر بەهێزەو ڕووداوەکانی پێشووترم لە منداڵیەوە دەهێنایەوە مێشکم تا ئەوکاتەی بێداربووم بۆ ئەوەی بزانم دەتوانم زاکیرەو فیکرو تواناکانی بیرکردنەوەم بجوڵێنم.

چونکە هەر کەسێك جنۆکە لەلاشەیدا بێت ناتوانێت بیرکردنەوەی ڕێك بخات قسەی حەلەق و پەلەق دەکات و توانای ڕەبتی باسەکانی نییە بەیەکەوە، من ڕۆژانە کۆڕم هەبوو لە هەڵەبجەو خۆرمــاڵ و ســلێمانی و هەولێرو کۆیە، هیچ خەوێکی ناخۆش نابینــم، بەڵکو هەر خەو نابینم. چونکە ئەوەندە ماندوو بووم کە ســەرم دەکردە ســەر سەرین یەکســەر خەوم لێدەکەوت، دەشم زانی ئەوکەســانەی کە ســیحریان لێکراوە خەوی ناخۆش زۆر دەبینن و تەنانەت لە کاتی خەودا چەندجار ڕادەپەڕن، من کاتژمێرێك و تەلەفونێکم لەســەر زەنگ دادەنا بۆ نوێژی بەیانی ئینجا خەبەرم نەدەبووە تا دایکم هەڵیدەساندم لەخەو.

بەهەمووشێوەیەك دوور بووم لە نیشانەکانی سیحرو جنۆکە لەلاشەدا بوون، خواردنیشم باش بــوو بەیانیان بەقــەدەر دووکەس نان و چایم دەخوارد، چونکە من خــۆم لادێیم زۆر حەزم لە کەبابە ڕۆژانە دەچووم بۆ کەباب خواردن و ئیتر لەماڵیشەوە هەر دەمخوار.

هیچ شــوێنێکم ئازاری نەبوو وە لە بەندایەتیدا تەمەڵ نەبووم حەزم بەدینداری بوو، کاتی

ئەوەم نەبوو گوێ لە گۆرانی و مۆسیقاو ئەوشتانە بگرم و ئولفەتی پێوە بگرم.

ئاسای بوو لەلام گوێ لە موسیقاو دەنگە خۆشەکانی وەك هێمن پێنجوینی و بیلال کەیوانی و شەهرام و..هتد بگرم، بەڵام زۆر بەکەمی گوێم بۆ دەگرتن.

لەولایشــەوە مێشکم پڕبوو بوو لە قسەکانی شێخ بەرقان قسەکانی زۆر جوانو لۆژیکی بوون زوو دەچــووە دڵــەوە لــە هەمانکاتدا ئیمانی وشــەرعی بوو، دوای ئەوەش بیــرم لەوە دەکردەوە ئەمەویت بچمەوە لایان و دنیایەك کارم پێیانە، هەمووی هەفتەیەکم ماوە لە کوردســتان دەبێت بگەڕێمەوە بۆ نەرویج، ئەو جێگایەی کە بۆی چووم کوێ بوو؟

بۆ منیان نەبردە باڵەخانە کە؟

دنیایەك پرســیار لە مێشــکمدایە، لە هەمووی سەیرتر قسەی ناڕاستم لە حەزقیل و حەنانە و راقی بیستووە.

ئێوارەیــەك لــە بــازاڕەوە دەگەڕامەوە چەند کوڕێکــی بەڕێزم لەگەڵدابــوون، بەرەو جادەی پیرەمێرد دەڕۆیشتین جێگایەکیان نیشان ئەدام کە گوایە چاپی زۆر هەرزانە، لەڕێگا حەزقیل و راقیم بینی تەماشا دەکەم بەوبەری جادەکەوە پیاسە دەکەن.

منیش ئۆتۆماتیکی ئاگام لە خۆم نەماو هاوارم کرد حەزقیل، راقی.

ئــەو کوڕانــەی لەگەڵمدا بوون دەســتاین کرد بــە پێکەنین و ووتیــان کاك ماکوان مەگەر حەزقیل نەمردووە؟ خۆ تۆ لە مەملەکەتی شەیتان دەڵێیت حەزقیل مردوە و کوشتویانە!

منیش هاتمەوە ســەرخۆم و دەســتم کرد بــە پێکەنین و ووتم: بەو کــوڕەی رەفیقم دەڵێم حەزقیل ئاگای لێمان نەبوو ڕۆیشت.

ئاوڕێکیشــیان لێنەدامەوە، بەڵام چاوم لە ســەریانە. داوای ئیزنم کــرد لەو کوڕانەی هاوڕێم ووتم ئێوە بڕۆن ووردە ووردە من پێویستم بەو هاوڕێیەمە دەگەڕێمەوە لاتان. یەکێك لە کوڕەکان ناوی کاك ئالان بووبە پێکەنینەوە ووتی دەچیت بۆ لای حەزقیل؟

پێکەنیمەوە وەڵامم داوە بەڵێ، مامە ئالان گیان ئێستا دێمەوە خزمەتان.

چوومــە جــادەی ئەوبەر ئێوارانی ســلێمانیش قەرەباڵغە بەتایبەت ئــەو جادەیە، هەرچەند بەپەلە رۆیشتم لێم وون بوون بۆم نەدۆزرانەوە.

زۆر بێــزار بووم چوومەوە بۆ لای هاوڕێکانم، چووینە چاپخانەکەو دوای ئەوەی کارەکەمان تەواوکردو جیابووینەوە منیش تەکســیەکم گرت بــەرەوە ماڵەوە لە ترافیکی پەیکەرە کۆنەکەی کاوەی ئاســنگەر بە بەری ئیبراهیم پاشــاوە دیسان حەزە و راقی-م بینی. بە سایەق تەکسیەکەم

ووت لەوبەر دادەبەزم خێرا دابەزیم و چووم بۆ لای حەزقیل و راقی.

ماکوان: ئەرێ بەڕاست ئێوە بۆ وادەکەن لە بازاڕ بۆ خۆتان وون کرد؟

راقی: ئێ ماڵت ئاوابێت لە سلێمانی لەناو ئەو خەڵکەدا ئێمەت لەگەڵ بووینایە و بۆ ئێمە قسەت بکردایە، خۆ هەرچی خەڵکی لەویا بوون دەکەوتنە شوێنیت و دەیانوت ماکوان کەریم شێت بووە بۆ خۆی قسە دەکات.

لێرەوە وەرە بە ئارەزوی خۆت قسە بکەین و بە پیاسە لەم کۆڵانانەوە سەر دەکەوین، بەڵام با تەلەفونەکەت بەدەستەوە بێت هەر کۆڵانێك خەڵکی زۆر تێدابوو قسە بۆ تەلەفونەکەت بکە ئیتر کەس هەستت پێناکات.

حەزقیل: ماکوان چۆنی؟ شێخ بەرقان چۆن بوو بەلاتەوە؟

ماکوان: بیرم کەوتەوە، حەنانە کچی شێخ بەرقانە؟

راقی: نا – وەك کچی وایە، چونکە دایکی حەنانە-ی موسوڵمان کردووە ئەوی هێناوە. حەنانە کچی کەسێکی ترە، بەڵام دایکی حەنانە خێزانی شێخ بەرقانە ئەویش فێری زانستی شەرعی کردووە.

ماکوان: پێویستە بگەڕێمەوە بۆلای شێخ بەرقان کاری زۆرم پێیەتی، چۆن بەگەڕێینەوە بۆلای؟

حەزقیل: ئەوە بەدەست ئێمە نییە، تا شێخ خۆی ڕێگەمان پێنەدات ناتوانین، بەڵام بۆ شتێك هاتووم بۆلات بۆ ئەوەی بۆت روون بکەمەوە.

ماکوان: خێر حەزە گیان؟

حەزقیل: کە خۆت کرد بەماڵی خۆتاندا شێخ ئەسعدت بینی دەم چاوی لە کێ دەچوو؟

ماکوان: سەسیل

حەزقیل: جوان بیر بکەرەوە، کاتێك لە ماڵی مام موستەفا بووین لە نەرویج کە تۆ لەگەڵ هێرۆ و ئازیزو دوایش عەلی یەمەنی دانیشتبویت خوا لە هەموویان خۆش بێت کە مردوون تەمەنی ئازیزش درێژ بێت، کە باوکی هاتە ژوورەوە دەموچای لە کێ دەچوو؟

ماکوان: لە تۆ

حەزقیل: ئەی ئافەرین، کەواتە کاریگەری شەیتانەکانی لەسەرەو شەیتان بەئارەزوی خۆی یاری پێدەکات، تێگەیشتی؟

ماکوان: ئەی رەحمەت لێبێت وەڵاهی راست دەکەیت، ئێستا تێگەیشتم.

راقی: جا ماکوان گیان ئێستا بۆ ئەوە هاتین...

لەپڕ حەنانە هات و ووتی سەیارەیەك دێت ماکوان هەڵدەگرێت.

کە ئاوڕمداوە کوڕێکی ئامۆزام بوو، ووتی کاکە سەرکەوە بۆ بەتەنها ئاوا دەگەڕێیت؟

سـڵاوم لێکردو سواری سـەیارەکەی بووم جەماعەتیش نەمان، هاتمە ماڵەوە ٣ رۆژم ماوە بۆ گەڕانەوە دایکیشـم دەڵێت ناچی بۆ کەرکوك بۆ ماڵی ئەوژنە؟ لەڕاستیدا حەزم بە ڕۆیشتن نییە و دەڵێم ئیشەکەی ئەوان لە نەرویج حەل دەکرێت.

دایکم: ئەریٚ رۆڵە ئەو هەنگوین و شتانەی هێناویانە چی لێکەم؟

ماکوان: بێجگە هەنگوین شتی تر چییە؟

دایکم: تۆزێك بنێشتی کوردی و گەزۆی سەوزەی خواییە.

ماکوان: دایە گیان بێزەحمەت لەکوێدایە؟ شوێنکەی نیشاندام و هەموویم فرێدا.

دایکم: بەخوا لە تۆ تێناگەم نازانم بۆ ئەو شتانەت بۆ فرێدا!

لەو قسـانەدا بووین خورشـەخانم پەیوەنـدی کرد ووتی: کاك ماکوان گیـان کەی دێیت بۆ ماڵمان؟

عەرزمکـرد بەخـوا کاتـم نەماوە إنشـاءالله بۆ کاتێکی تـر دێمە خزمەتان سـێ رۆژی تر دەگەڕێمەوە بۆ نەرویج و بەخوا سەیارەشم نییە بێم.

ووتی: جا رۆڵە گیان سـەلاحی کوڕم دەنێرم بێتە خزمەتت بت هێنیت و بیشـتباتەوە. رۆڵە هەر پێم خۆشە نانێك بخۆیت لە ماڵەکەمانداو دایکی جەنابیشتان بێنن ئامینە خانم بەخوا بە قەدەر خوشکێکی خۆم خۆشم دەوێت دڵم پێی دەکرێتەوە.

ماکوان: بەسـەر چاو دێمە خزمەتان، بەیانی دێم لەگەڵ کاك پێشـڕەوی برام لەخزمەتاندا دەبم پێویست ناکات کاك سەلاح بێت خۆمان بەسەیارەی کرێ دێین.

دایکیشم ووتی منیش دێم.

ماکوان: نا - مەیە تۆ ماندوو دەبیت و کەرکوك خەتەرە نەکو تەقینەوەشت روبات.

دایکم: جا کەوایە ئێوەش مەڕۆن.

ماکوان: ناچارم ئەوەندەی ووت وەرە لەبەر دڵی ئەو دەڕۆم، هەرچۆن بوو قەناعەتم کرد بە دایکـم کە نەیـەت، چونکە نامەوێت دایکم هاوڕێیەتی ئەو ژنە بـکات. دەزانم خراپەو خەریکی جادو سیحرە بە بێ ئەوەی بە خۆ بزانێت.

ماڵی خورشیدخان و شێخ ئەسعەد دیدێکی نوێ

دوای تەلەفونەکەی خورشـیدخان، تەلەفونم کرد بۆ برایمـی رەفیقم ووتم تاقەتت هەیە بەیەکەوە برۆین بۆ کەرکوك؟

برایـم: لەخزمەتدام بەیانی نانی گەرمیش دێنـم بەیەکەوە نان دەخۆین، یان وەرە بۆلای ئارام بەیەکەوە لەوێ نان بخۆین.

ماکـوان: بەیانـی مەلا بانگدان نارۆین خۆ کە رکوك پاریس نییە دوور بێت، بەکاتژمێریك دەگەین دە و نیوی بەیانی دەچین وەرە نیوەڕۆ دەعوتین لەماڵێك زۆر مەخۆ بەیەکەوە دەچین نانێك دەخۆین و دێینەوە باشە ٧برا؟

برایم: باشە بەیانی دێم بەشوێنتا.

پێشرەو: کاکە من نەیەم؟

ماکـوان: نا پێویسـت ناکات لە دوکان بــە برایمم لەگەڵدایە، دایکم حــەزی دەکرد بێت. ووتم دایکشـم نابەم ئەمە یەکەم جارە جارێ تر کە هاتمەوە دەچین، ئێسـتا بزانم ئەم ماڵە چین و چۆنن.

تەلەفونم کردەوە بۆ ماڵی خورشــەخان و عەرزیم کرد کە کاك سـەلاح نەنێرێت بەیانی خۆم دەچمە خزمەتیان و هەر بە تەلەفون تەعاروفێکمان کرد لەگەڵ کاك سـەلاح و ناونیشان و گەڕەکەکەیانم وەرگرت لێی.

ئەوەشم پێ ڕاگەیاندن کەوا بەیانی دەوربەری کاتژمێر دوانزە بۆ یەك دەگەینە خزمەتان بە پشتیوانی خوا.

ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی.

بەیانی برایم هات بەشوێنمانداو دایکم هەندێك دیاری بۆ پێچامەوە بۆ ماڵی خورشەخانو خستمە پشتی سەیارەکەی برایم، تەماشا دەکەم بیکەیسیەك و کلاشینکۆفێك و پڕە لە فیشەك.

ماکوان: برا ناچین بۆ جەبهە دەچین بۆ میوانی.

برایم: ئەی ئەگەر توشی شەڕبووین، با هەرشتێکمان پێبێت.

ماکوان: برایم بیکە بە خاتری خوا لە ســەیتەرەکاندا داماندەبەزێنن، من خۆم وەزعم زۆر

باش نییە دارو دنیا لێم بە بیانووە لایبە ئەم چەکانە، دەمانچەیەکم پێیەو تۆش دەمانچەکەی خۆت بێنەو تەواو.

برایم: کاکە خەمت نەبێت من خۆم لە هێزەکانی ٧٠م هەموو چەکەکان ڕێگە پێدراوە.

تــورە بــووم، ئەگەر بگیرێین دەڵێم من بەکریّ ســەرکەتووم، دەلایبە بیبــە ماڵی ئێمە تا دێینەوە.

برایم: وەڵلا دەیهێنم بیشــگیرێم دەڵێم من حیمایەی خەســرەوم و ئەوە مەســولەکەمەو سەیتەرەکەشت بۆ چەك دەکەم.

بەهەرحاڵ بەقســەی نەکردم بەرەو کەرکوك چووین لەبازگەی تاســڵوجە وەســتاندینیان خوای گەورە رەحمی کرد رەفیقێکی خۆی لێبوو کردیان بە هاتوو هاوارێك ئاسیاشــەکە، ووتی کاکە برۆن.

دیار بوو ترسیشــی نەبوو ئەوانە هەموو ڕێگا پێدراو بوون چونکە ١٥ رۆژ جارێك دەچوو بۆ دەوام.

گەیشــتینە کەرکوك چووینە ماڵی خورشەخان و کاك سەڵاح هات بەدەمانەوە ودەموچاوی ڕۆشنا بوو بەلامەوە و ڕێزێکی زۆری لێگرتین و دەستمان کرد بە قسەکردن لەگەڵ کاك سەڵاح لــە کویّ ژیاویت و چۆن لە نەرویج ئیقامەت وەرگرتــووە هەندێك موجاملەی یەکریمان کرد، دوای ئەوەی یەکترمان ناســیوە کە لەیەك ســاڵدا خۆمان تەسلیم کردبووله ولاتی نەرویج و لە کەمپی مۆقەت بووین، بەڵام لەبەر قەربالغیو زوو جیابونەوەمان بیرمان چووبوەوە.

دەســتکرا بــە نــان خــواردن تەنها مــنو کاك ســەڵاح و برایم بووین لەســەر ســفرەکە.

ماکوان: ئەی خورشەخان کوانیّ؟

سەڵاح: کاك ماکوان ئەو نایەت لەگەڵمان نان ناخوات.

ماکوان: بۆ؟

ســەڵاح: نەزری کردووە کە تا ٤٠ رۆژ لەگەڵ کۆمەڵە ســەگێك لەو کەلاوەیەدان لەگەڵ ئەو سەگانە نان بخوات.

ماکوان: بۆ خاتری خوا بانگی بکە.

خورشەخان هات و عەرزم کرد ئەوەی دەیکەیت لە دیندا جێگای نابێتەوە، بیکە بە خاتری خوا نان نەخۆیت لەگەڵماندا منیش نان ناخۆم ئەوکارەی تۆ جائیز نییە لە ئیسلامدا جێگای نابێتەوە، ئەمە کیّ پێی ووتویت وا بکەیت؟

خورشــەخان: مامۆســتا ماکوان گیان ئەوە ئەو شــێخە بەڕێزانە فەرموویانە، بەڵکو سەلاح گیان چاك بێتەوە لەگەڵ ئەو ژنەی دا.

ماکوان: وەڵاهی خورشــەخان من لەمماڵەدا نان ناخۆم هەتا تۆ لەگەڵ ئێمە دانەنیشــت و نانەکەت نەخۆیت و ئەونەزرە نەشـکێنیت. ئەوە نەزری ئیســلام نییە ئەوە نەزری شــەیتانە ئەوەی پێی ووتوی ســاختەچی و درۆزنە، هیچ کەســێك بە نان خواردنی لەگەڵ ســەگدا دڵی شکاوی کەسی بۆ نانرێتەوە بەیەکەوە. تۆ ئەگەر بەقسەی کوڕی خۆت بکەیت من کارەکەت بۆ دەکەم، بە پشتیوانی خوا!

خورشەخان: ئاخر دەترسم ئازارو عەزێت بگەیەنن بە سەلاحی کوڕم.

دوایی لەقســەکانیدا بۆم دەرکەوت کە ئەم ژنە خاوەنی دوو کوڕی تر بووە بێجگە لە کاك ســەلاح هەردووکیان لەکەرکوك بەدەســتی رژێمی ئەفلەقی بەعسی کوژراون، ئەوەندە خەفەتی خواردووە نەیویســتوە ئەم کوڕەشی لەدەســت بچێت، بۆیە پەنای بردوە بۆ ئەم ساحیرو جادو بازانە.

هەرچۆن بوو نەزرەکەم پێشــکاند، بــەڵام نەیدەوێرا نان بخوات. برنجم بۆ کردە ناوقاپ و ماشــاء الله چێشتو نانێکی زۆر جوانی دروست کردبوو کەرکویش ناسراون بە خواردنی خۆش، مریشك و گۆشتم دەخستە بەردەستی هەر دەمووت بخۆ بڵێ بسم الله، سبحان الله.

ئەو ژنەم نەدی بڵێ بســم الله، چەندجار ووتم خورشــید خان بڵێ بســم الله سونەتە بڵێ بســم الله هەر نەیووت. نەمویســت زەختی لێبکەم دەترسام پەشیمان بێتەوە. دوای نانخواردن چووم دەســتم شۆردو دەســتنوێژم گرت تەماشام کرد لەماڵەکەیاندا کەس نوێژ ناکات تەنانەت خورشەخانیش نوێژ ناکات.

من و برایم نوێژمان کردو دوای ئەوە چای هێنا و دەســتمان کرد بە قســە، بۆ ئەوەی زۆر ســود لە کات وەربگرم راســتەوخۆ چوومە ناو مەوزوعەکەوە بە کاك ســەلاح م ووت: براکەی خۆم هیوام وایە گوێم بۆ بگریت، هەر ئەم جارە قسەت بۆ دەکەم بەقسەت کردم باشە بەقسەت نەکردم دوایی هاوکاریت ناکەم ســوێن بەخالقی گەورە تەنها وەفای ئەوەم بۆت دەبێت کەیەك جار لەماڵی جەنابتاندا نانم خواردوە. با دایکی بەڕێزیشت دابنیشێت، رووم کردە دایکی و ووتم ماڵی ئێوە کانە شەیتان و جنۆکە یە. ئەشێت بڕوا بە من نەکەن، بەڵام دووشتان بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەی باش بزانن کە لەخۆوە قسە ناکەم.

خورشەخان باش گوێبگرە نە خێزانی کاك سەلاحی لێیە نە کەس بەس خۆمانین، بەخوای

پەروەردگار قەســەم هەموو تۆ هۆکاری جیابونەوەی بوکەکەت و کوڕەکەتی، ئەوان هاتبوونەوە بۆ ئێرە کە لەگەڵ تۆ بژین کەچی تۆ ماڵی کوڕەکەت و بوکەکەت وێران کرد.

تۆ بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت ئەم ماڵەت پڕ کردووە لە جنۆکەو شەیتان تۆ وەعدت بە مندا کە هەرچی دوعاو نوشتەیە بیهێنیت نیشانی منی بدەیت وایە خورشەخانم؟

خورشەخان: بەڵێ وایە.

ماکوان: دەبڕۆ بیهێنە بزانە چەند سحرو جادوتان لێکراوە بەبێ ئەوەی بە خۆتان بزانن. رۆیشــت بۆم بهێنێت قســەم کرد لەگەڵ کاك سەلاح و پێم ووت: کاکە خۆ سوپاس بۆ خوا تۆ موئمینی؟

ســەلاح: وەڵاهی کاك ماکوان من ئیماندارم بەس لە تەمەڵی نوێژو شــتی وا ناکەم کەسیش نەبــووە هیچــم پێ بڵێت ئیتر هەروا راهاتووم دەنا من بۆخۆم کەســێکی باوەڕدارم بە خوا بە ئیسلام و ڕێزی دین لەسەر سەرو سەرچاومە.

ماکوان: براکەم دەست بکە بەنوێژو رووژو تاعەت و عیبادەتەکانت، ئاخر وانابێت تەمەنت وا لەسەرو پەنجا ساڵە وەیت، تۆ لە ژیانتا سوجدەیەکت بۆ خوا نەبردوە ئیتر خوا چۆن فریات دەکەوێت.

سەلاح: بەخوا زۆر دڵم پاکەو باشەو خێرو خێرات زۆر دەکەم.

ماکــوان: بەخــوا براکەم دڵێکی باش نویژ بۆ خوا دەکات، دڵی پاك ســوجدە بۆخوا دەبات، دڵی ساغ خێرو خێرات دەکات. تۆ خێروخێراتت کردووە بەزەیت بە خەڵکدا هاتۆتەوە وویژدان جوڵاندویتی نەك خواناسی و بەهەشتو جەهەنم. ئەمەش هیچ کاریگەری نییە، بۆ قیامەتت.

لەم قسانە دابووین خورشەخانم عەلاگەیەك نوشتەو جادوو سیحری خستە بەردەستم. وامزانی بایەعی وەرگرتوە، پرسیم ئەمە چیە خورشەخان؟

خورشــەخان: وەڵڵا رۆڵە ئەوە هەموو بۆ ســەلاح گیان و منداڵەکانی سەلاحم کردووە خوا بیان پارێزێت لە چاونوفوز!

ماکوان: دەستم کرد بەکردنەوەی هەندێکیان، سوبحان الله سیحر بەدوای سیحردا دەمکردەوە هەموو قســە بەخوا و پێغەمبەر و قورئان و جادوو بازی بوو. نیشانمدان ووتم ئەمە هەمووی سیحرە، لە حەوشەکەیاندا دەیان سیحرو جادوی ترمان دەرهێنا کە هەمووی لە ڕێگای شەیتان و جنۆکەکانەوە کراوە.

هەرچۆن بوو دەمویســت ئەوە بگەیەنمە خورشــید خان ئەمانەی کە کراوە هیچی بۆ خوا

نەبووە هەموو كاركردن بووە بۆ شەیتان.

نەمدەزانی چۆن ئەو باسە بكەمەوە، چونكە زۆر قورسبوو بۆ من لەوكاتەدا، نەم دەزانی بە چ شـێوازێك خورشەخان تێبگەیەنم ئەمە كوفرەو زۆر ترسناكە. ئەو ماوەیەكی زۆربوو لەگەڵ ئەم ساحیرانەدا تێكەڵ بوبو بە پیاوچاكی دەزانین.

نمونەی گوێدرێژەكەی - شـێخ خواجـە جوحام - هێنایەوە لەگەڵ شـێخەكەیدا، خواجە جوحا ماوەی چەند سـاڵێك بوو لە مەرەقدی شـێخێكدا خزمەتی دەكرد، كوڕی شێخەكە ناوی جەبار بوو ناسرابوو بە شێخ نەجمەدین.

دەستم كرد بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆكە بۆ خورشەخان و كاك سەلاح و برایم.

عەرزمكردن؛ كە خواجە جوحا داوای گوێدرێژە دەكات لە شێخەكەی كە رۆژانە ئاودێنێت بۆ مەرقەدی باوكی شێخ نەجمەدین، دەڵێت سەفەرێكی كورتم لە پێشە با ئەو گوێدرێژە بەرم لەگـەڵ خۆمـداو بە قەرز دەیبەم و دەیهێنمەوە. شـێخ رازی دەبێت بەو پێیەی خواجە جوحا دەمێكە خزمەتكاری خۆی و مەرقەدەكەی باوكێتی.

خواجـە دەكەوێتە رێ لەرێگادا قـەدەری خوای پەروەردگار وادەبێت گوێدرێژەكە دەتۆپێت خواجـە زۆری پێناخۆش دەبێت، چونكە گوێدرێژەكەی شـێخە هێناویەتی بەقەرز ئیحترامەن بۆ گوێدرێژی شێخەكەی قەبرێكی بۆ هەڵدەكەنێت و گوێدرێژەكەی تێدەخات. خەڵكی خواجە جوحا دەناسـن كە لەو مەرقەدە خزمەتكاربووە، بەدیار ئـەم قەبری گوێدرێژەوە دەمێنیتەوە خەڵكی دێن بۆلای و پارەی زۆر لەسـەر قەبەری گوێدرێژەكە دادەنێن و تا وای لێدێت خواجە زۆر دەوڵەمەنـد دەبێت و دەبێتە خـاوەن پارەو كەپرو چواردەوری قەبری گوێدرێژەكە دەكات بە مەرقەد و ئیتر ئیشی خۆیەتی باشی لێدەزانێت.

شـێخە كۆنەكەی پێی دەزانێت و بانگی دەكات، دەڵێت من گوێدرێژێكم دایتێ پێی برۆیت و بێیتەوە ئێسـتا ئەم شـێخە كێیە ئاوا بویتە خزمەتكاری، خواجـەش دەڵێت: قوربان ئەگەر لێـم خۆشـبیت و لێـم ڕازی بیت ئەوا راسـتیەكە دەڵێـم، ئەویش ئەوەیە كە ئـەو مەرقەدە گوێدرێژەكەیە كە تۆپیوە لەوێدا ناشتومەو خەڵكی دێن بۆ زیارەتی، ئەوە هەموو چیرۆكەكەیە لەترسی جەنابت نەمتوانی بێمەوە بۆ ئێرەو لەوێدا مامەوە.

شـێخ نەجمەدینیش دەڵێت زۆر باشـە برۆرەوە بۆ جێگای خۆتو لەوێ خەریكی ئەو كارە بە بەس باكەس نەزانێت و پارەكەی بەشـەریكی، چونكە شـێخ دەیزانی سودو قانزاجی چۆنە دەیكات بەشەریك.

خواجە جوحا پرسیاری لێدەکات و دەڵێت: ئاخر باوکی جەنابت لە قەبرەکە لێمان تورە نابێت؟
شێخ نەجمەدین دەڵێت: ئەوەی کە لە قەبرەکەدا مردوە باوکی گوێدرێژەکەی لای تۆیە.

جا دیارە ئەو گوێدرێژانە بە خانەوادە خێرو بەرەکەت بوون بۆ شیخ نەجمەدین و خواجە جوحا.

ئەوەشــی بۆم باس کردن بەداخەوە زۆر راســتیەو لە مێژوی موسوڵمانان تۆمار کراوە و لە وڵاتی تورکیا روویداوە.

جا خورشەخانم ئەوکەسانەی کارەکانیان بۆ تۆ کردووە هەندێکی لەو جۆرە شێخانە بوون هەندێکی تریشیان فڕیان بە ئیسلام و خواناسی و دینداریەوە نییە کافری موطلەقن.

ماڵی خۆت و کوڕەکەت و بوکەکەشــت وێران کردووە ســیحرو جادو لەوانیش و لە خۆشت و لە ماڵومنداڵی کردووە.

جــا - ئیجــازەم بدە هەموو ســیحرەکان بەتاڵ بکەمەوە و هەموو شــتەکان کۆتایی دێت و فێریشــت دەکەم چۆن ماڵەکەت پاك بکەیتەوە لە وســیحرو جادوانەی کە کردوتە، ئیتر تەوبە بکەو خواناس بەو تەمەنت بەشــی ئەوەی پێوەنەماوە هیوام وایە بەقســەم بکەیت، چونکە من کاتی زۆرم نەماوە لەگەڵتاندا بیبەمە سەر تکام وایە کاك سەلاحیش بەقسەم بکات.

پێش هەموو شــتێك تەلەفون بکات بۆ خێزانی و لەگەڵیدا ئاشــت ببێتەوە ئەوە باشــترین چارەسەرە لە جیاتی ئەوەی پەنا بەرن بۆ سیحرو جادو خۆتان ئەو کارە بکەن برای خۆم.

سەلاح: ئاخر من تەلاقم داوە.

ماکوان: چۆن تەلاقت داوە؟

ســەلاح: ووتم ئەگەر بڕۆیتەوە بۆ نەرویج ژنی من نیت، ئەویش چووە بۆ نەرویج بەدزی منەوە منداڵەکانیشی لێبردووم لە ڕێگای پۆلیسی نەرویجیەوە.

ماکوان: بەڵێ ئاگادارم، بێجگە لەو قسەیە هیچی ترت ووتوە؟

سەلاح: نا، هیچی ترم نەووتووە.

ماکــوان: دەتوانیــت بچیتەوە لای و ژیان پێك بهێننەوە ئاســاییە دوو تەلاقت ماوە، ئەگەر تەلاقەکــەی یەکەمیشــت بیدعی نەبێت واتا معلەق -. لە ئێســتا کاتی ئــەوەم نییە بۆت باس بکەم، بەلام کارەکە ئاســانە بە پشــتیوانی خوای پەروەردگار، ئاگام لێبوو کە وام ووت ســەلاح زۆری پێخۆش بوو.

سەلاح: وەڵلا ماڵت ئاوابێت وامزانی تەلاقم کەوتوە.

ماکوان: تەڵاقێکت کەوتوە، جارێ دووانت ماوە.

سەڵاح: هەر باشە

ماکوان: من ماڵێك دەناسم لە نەرویج ئاشنایەتیان هەیە لەگەڵ خێزانت لە ڕێگای ئەوانەوە بزانم قسەیەك ناکەم لەگەڵ خێزانتا.

سەڵاح: کاك ماکوان تاماوم لە بیرم ناچیتەوە ئەو پیاوەتیە.

ماکوان: لەبەرچاوی خورشەخان وکاك سەڵاحدا تەلەفونم کرد بۆ عەبدوڵڵا و ئازیز،هۆکاری پەیوەندی کردنەکەم بەوانەوە بۆ دوو مەبەست بوو.

یەکەم: دەمویست بیسەلمێنم کاری چاك بە موسوڵمان دەکرێت کە دوورە لە کاری سیحرو جادووە.

دووەم: کاری شەیتان ئەوەیە کە هەمیشە ژن و مێرد لە یەك جیابکاتەوە، ئەو خێرەشمان دەست بکەویت خانەوادەیەك نەهێڵین سەریان لێ تێك بچێت بەهۆکاری سیحرو جادوبازی و پارە خۆرەکان کە وەك دوکانی لاکۆڵان خەریکی ئەوکارە ناشەرعی و کوفرانەن. لەگەڵ عەبدوڵڵا دا قسەم کرد و پێم ووت هەرچیت کردووە تا دەگەڕێمەوە دڵی ڕوناك خان چاك بکەو پێشی بڵێ: ماکوان هەموو سیحرەکانی بەتاڵ کردۆتەوە با دڵی خۆش بێت و دڵنیاشی بکەرەوە بە پشتیوان و ئیزنی خوای پەروەردگار چاك دەبێتەوە لە ئازارو ناڕەحەتیەکانی. ئەوەشی پێ بڵێ کە من بەهیچ شێوەیەك دڵم نەئێشاوە و هەروەکو خوشك و کەسوکاری خۆم تەماشای دەکەم و هەست بە موعاناتیشی دەکەم.

عەبدوڵڵا: هەمووی وەك خۆی دەگەیەنم بێخەمبە ٧برا، خوا حافیزیمان لەیەك کرد.

ماکوان: زۆر بە ڕاشکاوانە دوای داخستنەوەی تەلەفونەکەم لەگەڵ عەبدوڵادا، رووم کردە خورشەخان پ پەم ووت کە ماڵەکەت پڕە لە جنۆکەو شەیتان، جا – ئەگەر دەڵێیت بۆ دەردەکەم و وەعدم بدەیتێ کە جارێکی تر بەهیچ شێوەیەك کاری وا ئەنجام نەدەیتەوە تا خوای گەورە چارەسەری هەموو کێشەکانت بۆ بکات.

ئاگام لێی بوو وەکو دایك پێی ناخۆش بوو، ئەیووت ئاخر سەڵاح ئەمجارەش جێم دێڵێت. ڕوومکردە کاك سەڵاح عەرزیم کرد دایکت پێویستی بەپارە نییە پێویستی بەتۆیە، پێش ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە پارەی بۆ بنێریتەوە تۆی گەورەکردووە با لە سایەتدا بحەسێتەوە جا ئەگەر خوای گەورە ئاسانی کردو لەگەڵ روناك خان پێکهاتنەوە ئەوا دەبێت دایکت لەگەڵ خۆت بەری بۆ نەرویج، یاخود لێرە ژیان دروست بکەیتەوە جارێکی تر.

سەلاح: کێشەی گەورەم ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانم دەست لە دایکم هەڵبگرم، چونکە دایکمە وە دەشــمەوێت لەگەڵ خێزانم ئاشــت ببمەوە، بەلام بەڕاستی کێشە کە من نیم، بەڵکو دایکم و خێزانەکەمە. کاك ماکوان تۆرێگا چارەیەکم بۆ دابنێ.

ماکــوان: با جارێ بزانم دایکی بەرێزت دەڵێت چی، وەعدمان ئەداتێ نوێژەکانی بە جوانی بکات و ئیتر نەچێت بۆلای بەناو شێخ و درۆزنەکانی کە خەریکی سیحرو جادوون؟

خورشەخان: باشە بەسەر چاو تۆ چی بڵێیت وەك سەلاحی کوڕم وایت.

ماکوان: خورشــەخانم ئەزانم بە نابەدڵ وادەڵێیت، بەلام سوێند بەخوای گەورە ئەوکارەی تۆ دەیکەیت هەمووی کوفر و خراپەکاریە.

ئەزانم دوو دڵی لە من، لە دەجال و شێخ و جادووبازەکان دەترسیت.

نوێژەکانت بۆ خوای پەروەدگار بکەو سوجدە بۆ ئەو بەرە، خێرو خێرات لە پێناوی خوادا بکــە بــا خێرو قوربانی و ســەربڕینت تەنها بۆ خوا بێت، هەمــوو ئەوانی تریش موحتاجی خواوەندن. روومە کە هیچ شێخ و دەجال و جادوبازێك، سەرشۆڕ بکەو دەست هەڵبڕە بۆ خوای موتەعال کە تۆش و ئەوانی دروست کردووە.

سەلاح: بێخمبە ناهێڵم بڕوات ئیتر.

ماکوان: وەلاهی کاك سەلاح هەرچی ئاژاوەی ماڵی ئێوە هەیە ناڵێم دایکتە، بەلام ئەو شێخ و قــۆڵ بــڕو جادوبازانەن کە ئاوایــان کردووە لە ماڵی ئێوە، دایکت و هاوســەرت لەگەڵ یەك هەڵناکەن ئەمە هەمووی کاری شەیاتن و جنۆکەکانە.

تۆش کاك سەلاح هەوڵبدە خۆت فێری دینداری بکە، هەرچیت هەیە فریات ناکەوێت سوێند بەخوای گەورە لە قیامەت لەسەر پارەو سەروەت و سامان پرسیارمان لێدەکرێت کەچی هیچمان لەگەڵ خۆمان نەبردوە گیرفانمان بەتاڵ و دەست بەتاڵین.

لەم قسانەدا بووین شێخ ئەسعەد خۆی کرد بەژووردا بەتوڕەییەوە و هاواری کرد، بۆ قسە بە شــێخ و مەشــایەخمان دەڵێیت و پیاوچاکانمان ئاگاداری ئێمەن و رۆحی پاکیان ئاگایان لە ئێمەو شــێخ و مەشایەخمان هەر هەیەو حەزرەتی پێغەمبەر فەرمویەتی: لەزانایان شەریعەت و لە شێخانیش طریقەت.

بە ئاشــکراو بە روونی ووتی فەرموون لەم ماڵــە بچنە دەرەوە، جێگای تۆی تێدا نابێتەوە کاك نا ماکوان. دووکەسی تریشی لەگەڵدا بوو سەرچاویان دیاربوو بۆ شەڕ کردن هاتبوون.

شەڕی شێخ لەگەڵ مێخ

لە سـلێمانییەوە بانگهێشـتی خوان كراین بۆ كەركوك، پێش ئەوەی بڕۆین دایكم ووتی ئاخر ڕۆڵە تۆ لێرە هەموو ئەو دیاریانەی هێنابوویان پێت فرێدام ئێستا دەچی لەوێ نان دەخۆیت.

ماكوان: ڕاسـتەكەی، بەڵام هەر خواردنێكی كوڵاو گەرم لێبنرێت و سـارد نەبێتەوە ئاسـاییە بخورێت خۆ ئەگەر خواردنەكە بەدەسـتی سـاحیریش دروسـت كرابێت، بەڵام ئەو خواردنانەی كە هەڵدەگیرێن ئەوە سـیحری تێدا دەكرێت، بۆ نمونە ئەوەی كە زۆر زوو سـیحرو جادوو خۆی تێدا مەڵاس ئەدات ترشیات و مرەبا و هەنگوینی دەستكردە بە شەكر یاخود هەرشتێكی تر لەو بابەتانە، یان ئاوێك كە بەناوی ئاوی زمزم ئەیدەنە خەڵكی.

بـاش بـوو دایكم قەناعەتی كرد و لەگەڵ برایم چوین بۆ كەركوك و لەماڵی كاك سـەلاح و خورشـەخان تا كاتژمێر ٣ دوانیوەڕۆ باسـی ئەو كارانەمان كرد سیحرو جادوی لەسەر دەكرێت و كێشـەی كۆمەڵایەتی تا گەیشـتینە ئەنجام و پلانێك بۆ چارەسـەرێك كە ئەو خێزانە ڕێك بخەینەوە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار.

لەپڕ شـێخ ئەسـعەد هاوڕێ و شێخی خورشەخان خۆی كرد بەژوورا لەگەڵ دوو كوڕی تردا وەك حیمایەی بن لەگەڵیدا، وا هاتە ژوورەوە كە ئاگاداری هەموو شتێ بووە بەهۆكاری شێخایەتی خۆی زانیویەتی.

رووی كردە من و بەتوڕەییەوە ووتی كاكە تۆ وەهابیت جێگات نابێتەوە لەم خێزان و ماڵەدا فەرموو بڕۆ دەرەوە.

گوێم لە خورشەخان بوو ئەیووت دەباشە ئەوە هەموو ئەولیاو شێخ و مەشایەخەی لە خۆی توڕەكردووە.

زۆر ترسـم هەبوو لە برایم-ی رەفیقم تێدا نەوەستاو بوو هەردوكیشمان دەمانچەمان پێیە، ناشزانم ئەو دووكوڕە لەگەڵ شێخ ئەسعەدن چەكیان پێیە یاخود پێیان نییە. بۆیە خێرا سەیری برایمم كرد چپاندم بە گوێیدا ووتم هیچ نەكەیت تا دەست ئەوەشێنم، كە دەستم وەشان ڕەحم بە خورشەخانیش نەكەیت.

برایم: جاخۆ ئەتەقم هیچ نەكەم.

ماکوان: جارێ پەلە مەکە ئیشەکەم لێ تێک مەدە، باشە ٧برا.

شـــێخ ئەســـعەد ووتی بۆچی دانیشتوون ســـەیرم مەکەن ئەم ماڵە موریدی منن و تۆ جێگات نابێتەوە لێرە.

تەماشـــایەکی سەڵاح-م کرد حەپەسابوو، زانیم قورسە بەلایەوە. ئەو کابرا چۆن لە پڕ خۆی کرد بە ژوورا بە دوو کەسەوە، ئینجا زانیویەتی کە من قسەم بە شێخەکان ووتوە.

لە سەرەتاوە کە هاتنە ژوورەوە خورشەخان رایکرد دەستی ماچ کرد.

وویســـتم تۆزێـــک مروونەتـــی پیاوەتـــی لـــە ســـەڵاح-دا بجوڵێنـــم ڕووم کـــردە شـــێخ ئەســـعەد پێـــم ووت تـــۆ کـــە هاتیتـــە ماڵـــم دەرمنەکـــردی دەشـــمزانی کـــە خەریکـــی چیت. من ئێســـتا لەماڵی پیاوێکی پیاوانە دام، ئەو منی دەعوەت کردووە نە لە ئیســـلامدا ڕێگا پێدراوە میوان دەرکرێت، نە لەناو عەشـــایەر و کورد ئەوکارە رووی نەداوە. دیارە تۆ نە موسوڵمانیت، نە عەشـــایەریت نەکوردیشـــیت. من قســـەی جەنابت وەرناگرم لەماڵی سەڵاح دام و ئەو خاوەن ماڵە ئەتوانێت دەرمان بکات. زۆر دەترسام سەڵاح زەعیف بێت و کەسایەتیەکی لاواز بنوێنێت.

خوای گەورە کردی کە زۆر بە ئەدەبەوە روویکردە شـــێخ ئەســـعەد و ووتی یا شـــێخ ئەمانە میوانن لای من، تۆ چۆن ماڵی خۆتە ئەوانیش من بانگم کردوون لەبەر ئەوە میوانی منن.

خورشـــەخان: دەســـتی کرد بە پاڕانەوە لە شـــێخ ئەســـعەد لێی دەپاڕایەوە و دەیوت بیکە بە خاتری خوا لێیان خۆش بە میوانی ئێمەن گوناحن و جوانن، نازانن و لێیان مەگەرە.

برایم: (خۆی پێنەگیرا) وەڵڵا من لە خوا نەبێت داوای لێبوردن لە کەس ناکەم و هیچیشمان نەکردووە تا ئەم کابرایە لێمان خۆش بێت، من هەر حسابیشی بۆ ناکەم.

دووگەنجەکە هەڵیاندایە، برایم-م خســـتە پشـــتی خۆم و شـــێخ ئەسعەد-یش دوو گەنجەکە، دەمویســـت هەرچۆنێک بووە کەمێک جەوەکە هێور بێتەوە تەنها ئەوەندە بتوانم برایم بنێرمە دەرەوە کلاشینۆفەکە بۆ من بهێنێت و خۆشی لە بەر دەرگاوە بەبیکەیسییەکە وە بوەستێت.

ماکوان: کاکە دانیشن من ئێستا هەموو شتێک چارە دەکەم، کۆتای دێت میوانییەک هاتبووین کۆتای پێدێنین.

زۆر بـــەلاوازی ووتـــم تا برایم بکەمە دەرەوە چپەیەکی بۆ بکەم و چووینە حەوشـــە بە پاڵ بردم، ئەوان وایان زانی کە من دەترسم دەنگیان زیاتر بەرز کردەوە، پشتم کردە ئەوان و خۆم لە برایم تورە کرد.

دەرۆیـــن کاکـــە تەواو میواندارییەکەمان کۆتای هات ماڵتان ئاوا بێت، هەرچۆن بوو رامکێشـــاو

دەستم بەدەمیەوە بوو دەرمکردە دەرەوە لای ئەواندا دوورم خستەوە. چپاندم بەگوێیداو ووتم باش گوێبگرە تازە لەم ماڵە ناچمە دەرەوە تا ئەو شێخە بۆ حەوت پشتی شێخایەتی ئاقڵ نەکەم.

برایم: ئەی بۆ وا مەوقیفت زەعیف بوو شێتت کردم، ئەوە تۆ نەبوویت.

ماکوان: بە تورەییەوە گوێگرە بزانە چی دەڵیم: برۆ خۆت ببەستە و لەدەرەوە لای دەرگاکە بە بیکەیسیەکەوە روو بکە هەموومان و کلاشینکۆفەکەش فریای من بخە و دەمانچەکشت با دەرکەوێت. منیش دەری دەخەم کە کلاشینکۆفەکەم پێگەیشت.

کاکە بەس وا خۆت بەسە کە زیرە بکەن باشە، دەبرۆ دەی خێرا بەقوربانت بم بتبینم.

منیش خوا حافیزی دەکەم و دەنگم نزمتر دەکەمەوە خۆم وانیشان ئەدەم زۆر ئەترسم. هیچ نەبێت با غیرەتێك بدەم بە سەلاح بلێ بابە دانیشن بۆ ئەوەی خولکمان بکاتەوە، ئینجا ئەوسیانەت بۆ زەلیل دەکەم بە پشتیوانی خوا، ڕاکە ٧ براکەم.

برایم چووە دەرەوە و هاوارم کرد کاك سەلاح براکەم ماڵتان ئاوا بێت بۆ مەوزوعەکەی خۆشمان ان شاء الله کەچوومەوە نەرویج چارەسەری دەکەم و وابزانە خێزانت گەڕاوەتەوە بۆلات.

- کە باسی چاك بوونەوەی نێوان سەلاح و خێزانیم کرد، دیسان بەوە ختوکەیم داو هاتەوە بیری کە ئیشی لەدەستمدایە، بۆیە خولکەکەی گەرمتربوو.

سوێندی خوارد کە دەبێت دانیشم دەنا قوبوڵی ناکات، منیش چاوەڕێم کاکە بلە بەچەکەوە بێتەوە بە عیزەتەوە دانیشم. قسەم لەگەڵ سەلاح دەکرد ئەوانیش لە ژوورەوە بوون دەمویست وەزعەکە هێمن بێتەوە تا برایم دێتەوە.

١٠ دەقیقەی پێنەچوو گوێم لە شلپەی دەرگای حەوشەی ماڵیان بوو، تەماشامان کرد بە بیکەیسیەکەی بەدەستی ڕاستی هەڵگرتوەو دوو شریت داوە لە خۆی و کلاشینکۆفەکەیشی وەك رامبۆ خستۆتە سەر شانی، کە تەماشام کرد - ڤاندام- و - ڕامبۆم- بیرکەوتەوە.

ڤاندام و ڕامبۆش لەچاویدا هیچ نەبوون، بەخوا کلاشینکۆفەکەی دایە دەستم و خۆشی چووە پشت منەوە، هاواری کرد خۆتان لایەن بە ئاورشێنکی ئەو شێخە.... بکەم. جنێوی زۆردا منیش هیچم نەووت، بەڵام خەریك بوو لە جنێوەکانی ئەو تورە بم ئەوندە دەمی پس بوو.

سەلاح چوو بۆ لای ئەو، مەشغوڵم کرد بەوەوە، خۆشم دەمانچەیەکی طاریقم پێبوو خستمە بەردەم پانتۆڵەکەم لەبەرچاویاندا میلم هێنایەوە و چوومە ژوورەوە مەبەستم نەبوو فیشەك تەقێنم، بەڵام دوو بۆ چوار فیشەك لەدەستم دەرچوو.

برایمیش ڕایکردە ژوورەوە وایی زانی بوو بریندار بووم، منیش تورە بوو بووم و ئاگام

لەدەمی خۆم نەمابوو بە ئارەزووی دڵی خۆم بە جەنابی شێخدا هاتبوومە خوارێ.

تف لەدەمیاندا ووشك بوو بوو، ئاگام لەیەکێکیان بوو دەستی برد بۆ پشتی، ووتم برایم ئەو سەگ بابە چەکی پێیە وەك سەگ بیتۆپێنە دەستی جوڵاند.

هاواری کرد، بەخوا چەکم پێنییە ئەو قاپە چووە بە پشتمدا برینداری کردووە.

ماکوان: چەکتان پێیە؟

وەڵامیان دایەوە کە نە بەخوا چەکمان پێنییە.

رووەمکردە کاك سەلاح، براکەم ئەگەر ئەتەوێت شتەکە هێمن بێتەوە برۆ دەرەوە لە کۆڵان خۆشت تەماشای ئەملاولا بکە بۆ ئەوەی وابزانن تۆش بەدەنگ تەقەکانەوە هاتوویت لە ئێمەی دوورخەرەوە تکاشت لێدەکەم ئاقڵانە بیکە بە هەمووماں بەسەلامەت دەرچین، باشە براگیان.

سەڵاح: باشە بەس ئەوکەسانە مەکوژن.

ماکوان: ئەگەر تۆ ئیشکە بکەیت بەجوانی ئێمە دوای تۆزێکی تر دەرۆینەوە کۆتایی پێ دێت. ئێمە میوانی تۆبووین نەدەبوو بتهێشتایە ئاوا بێحورمەتی بە میوانەکانت بکەن. ئێمەش مافی خۆمانە رەد ئیعتیبار بگەڕێنینەوە بۆ خۆمان، دەبرۆ ئیشەکە بەجوانی بکەو گومان دوورخەرەوە لەماڵی خۆتان.

تەماشا دەکەم برایم قاچی خستۆتە سەر ملی یەکێك لە کورەکان بەلەقەش دەکێشێت بە ئەوی تریاندا.

بەپەلە فریای کەووتم ووتم بۆ دەکێشی بو دووکورە فەقیرە دا، کێشەکە ئەم شێخە ساختە چییە سەگ بابەیە.

برایم: حەز دەکەیت ئەیکوژم خۆ چییە، گریمان بزنێکە.

هیچم نەووت دەمانچەکەی دەرهێنا خەریك بوو بیکوژێت بە پەلە فریای کەووتم شێخ-یش حەپەساوە ئیتر نەمزانی خۆی پیس کردووە یان نا، دەستم گرت ووتم برایم گیان ئەم بزنە هیچ نییە زەلیلە لەبەردەستمان گوناحە سێ مانگ بەرۆژوو بیت کەفارەتەکەی زۆرە، هەر قاچ و دەستێکی دەشکێنم خۆم ئێستا.

خورشەخان: بیکەن بەخاتری خوا خۆ لایخۆی تۆ موسولمانیت بیکە بەخاتری خوا، دە ئیتر واز بێنن. ئەو پیاوە نەخۆشە بۆ وای لێدەکەن؟ دڵی بۆی دەسوتا.

ماکوان: خورشەخان ناوی خوات هێنا، ئەم سەگە لەبەر خاتری خوا لغاوەکەی دەکەمەوە ئەیبەخشم بە جەنابت، چونکە نانێکمان لەماڵەکەتدا خواردەوە، بەڵام ئەگەر شێخەو راست دەکات

و زەرەدیـەك خاوەنی کەراماتە با خۆی ڕزگار بکات بەو جنۆکەو شـەیتانانەی کەهەیەتی. کەوام ووت یەکسـەر یاتەلکورسی و مەعوزەتینم خوێندو بەهۆکاری ئەو قورئان خوێندنە بێدەنگییەك رووی کردە هەموومان و سەلاح گەڕاوە.

سەلاح: کەس ئاگای لە هیچ نییە، کەرکوکە رۆژی دە تەقەی تێدا دەکرێت، تەقە ئاساییە لێرە.

چپانـدم بەگوێی برایم-ا ووتم چاوت لەسـەریان بێت تازە کە هەر ئیشـەکەمان کردووە با ڕسوایان کەین، بەڵکو واز لەکاری جادو سیحر بهێنن.

روومکردە خورشەخان و دەستیم ماچکرد.

عەرزمکرد دایکی کاك سـەلاح و منیش ئەوە شـێخەکەتە ئەو فشـە فشـەی دەیکرد بزانم دەتوانێـت خۆی رزگار بکات؟ بـڕوا بکە ناتوانێت هیچ بکات. ئـەوەی ئەمە دەیکات لەبەرچاوی خۆی و تۆش و ئەو کوڕانە دەڵێم کە دیفاعیان لێدەکرد و خۆشی وەك خولە بوز هیچی پێنەکرا، ئەوەشی پێ دەیڵێم کەوا کەسێکی ساختەچیە و جادوبازە، نەشێخەو نە خواناسەو نەهیچ، بەڵکو شەیتان دەپەرستێت بەندایەتی بۆ جنۆکەو شەیتان دەکات، لەبەر دنیا قیامەتی خۆی فەوتاندوە.

توخوا پێم بڵێن رۆژێك بەکامتانی ووتووە نوێژێك بکەن؟ خواناسی بکەن؟ هەندێك زیکرو توقوساتی فێرکردوون ئەویش بۆ خوای پەروەردگار نییە، بەڵکو بۆ شەیتان و جنۆکەکانە. ئێستا چەقۆیەکـی لێبـدەم هەموو گیانی پڕدەکەم لـە خوێن، هیچی پێناکرێت نابینـن زەلیلە لەبەر دەسـتماندایە دەمی ووشك بووە، ئەگەر شـێخەو دیعایەی کەرامات دەکات، دەی کوا با منو بلەی برام گۆج بکات.

شێخ تەڕەماش ئەتوانیت؟

هیچ دەنگی نەبوو.

وەرە بزانـم لەکام فەرمودەدا لەکام کتێبدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: زانایان بە زانسـت و ئێوەش بە طریقەت، ئەمە قسـەی گیرفانی خۆتە درۆ بۆ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەکەیت خوای گەورە سوك و ڕسوات دەکات، کە ڕسواش بویت!

واز لەو خەڵکە بهێنە و ئەم هەموو سیحرو جادوە چیە کردوتە لەم ماڵە، نیوەی پارەی ئەم ماڵەت بردوە بۆ خۆت ئەی تێرت نەخوارد، ئەگەر لە خوا ناترسی و ترسی قیامەتت نییە ئەی ووێژدانت خەوتوە هەی پاتاڵ.

ئینجا بۆ سوك کردنی زیاتری ووتم هیچت قورئان لەبەرە؟

شێخ ئەسعەد: ئەی چۆن لەبەرم نییە.

ماکوان: ئادەی چیت لەبەرە، ئایەتەلکورسی، سورەتی البقرة هەرچیت لەبەر بیخوێنە، بزانم دەیزانیت.

خواشاهیدە سورەتی فاتیحەو ئیخلاص نەبێت لەبەری بوو ئەویش بە هەڵە خوێندیەوە، کە خۆشی بە ئەولادی پێغەمبەر (ﷺ) دەزانی، دەرمخست بۆیان ئەمە ئەولادی شەیتانە.

ئاگام لێبوو خورشەخان چاوی لەسەر ئەوانە هەر بە قوربان و بەسەقەیان دەبوو، خوای گەورە هاوکاری کردین و ئەوەندەم زانی حەزقیل لە حەوشەکە بانگی کردم.

حەزقیل: ماکوان فریای خۆتان بکەون برایەکی هەیە ئێستا لەگەڵ هەندیك کەسی خۆیاندا و خەڵکێکی زۆری خستۆتە دوای خۆی بۆ ئێرە دێت، کات مەکوژە دەرچۆ بەرەو سلێمانی.

منیش بێدەنگی رووی تێکردبووم تەماشای حەوشەکەم دەکرد ئاگام لە حەزقیل بوو.

برایم: ماکوان ئەوەبیر لە چی دەکەیتەوە، بۆ وا حەپەساوی؟

هیچ بابڕۆین، روومکردە شێخ ئەسعەد دەڕۆم کاتی ئەوەم نییە شەڕ بکەم. ئەزانم سەگ و گورگەکەی برات و جنۆکەو شیتانەکان هەواڵییان پێگەیشتوە کەسوك و رسوامان کردوویت، بەڵام لەبەر ئەم ماڵە و حورمەتی ئەم ماڵەم گرت سوێند بەخوای پەروەردگار قاچ خەیتە ئەم دیوو چەمچەماڵ بۆ ئیشی قۆڕ قاچت ئەبڕم.

کاك سەلاح گیان ئێمە دەڕۆین تۆزێکی تر هەندێك سەگ و گورگ دێنە ئێرە قسە دەکەینەوە خواتان لەگەڵ. روومکردە ئەو دوو کوڕەی کە لەگەڵ شێخ هاتبوون ئاگاتان لە دینەکەتان بێت ئەو پیاوە ساختە چییە.

هاتمە دەرەوە برایم-یش بە پشتاو پشت هاتە دەرەوە، بابڕۆین زوو بەرەوە هەولێر.

برایم: سیلاحمان پێیە ناتوانم هەولێری چی؟ منیش و چەکەکان ئەیگرێت پارتی.

ماکوان: زوو دەرچۆ بەرەو سلێمانی ئەگەر بۆت کرا بفڕە، چونکە بەرێگاوەن بۆ ئەوەی لێماندەن و تەنانەت بمان کوژن. من شارەزانیم ئەگەر بتوانیت رێگا بگۆڕە بۆ ئەوەی بەو ڕێگایەدا نەڕۆین کە ڕێگای گشتیە و لێوەی هاتووین.

برایم: خەمت نەبێت.

تەبعەن بەقسەی نەکردم و لە ڕێگای ئاسایەوە رۆشتو کە دەچیتەوە چەمچەماڵ و بانی مەقام، بەڵام زۆر سەریع دەڕۆیشت وای دەزانی دەیترسێنم، بۆیە گاڵتەی بەقسەکانم دەهات و بەقسەی نەکردم.

لەبەر خۆییەوە دەیووت بەقوربانی ئەو خوایەت بم خەسرەو دەمێك بوو هیچم نەکردبوو

بابە ژیان لەگەڵ تۆ خۆشە شەق ئەوەشێنم شەق ئەخۆم بەخوا برا ژیان لەگەڵ تۆ حەیاتە.

بەسەلامەت گەیشتینەوە سلێمانی، برایم سوێندی خوارد کە شەو جێم ناهێڵێت و ئەم شەو بەیەکەوە دەبین. تەلەفونم کرد بۆ کوڕێکی رەفیقی منداڵیم ناوی بەکر بوو، عەمیدە لە ئاسایش. کاکە شەڕێکمان کردووە عەشایارانە لەکەرکوك لەوانەیە شەو بێنە سەرمان، هیچت پێدەکرێت. نامەوێت تەکلیف لە مەسول و رەفیقەکانی باوکم بکەم.

بەکر: لە خەڵکتان داوە؟

ماکوان: تەقریبەن.

بەکر: لەسەر چی؟

ماکوان: مادە بوو؟

بەکر: حیزبایەتی نییە خۆ؟

ماکوان: نا، پەیوەندی بە دوکان و بازاڕەوەیە.

بەکر بێخەم بە ئەم شەو خۆم لە دەوام و دوو مەفرەزە لای ماڵتان تا بەیانی هاتووچۆ دەکەن و خۆشم دێم.

ماکوان: کەهاتی شەو نەخوتوین وەرە بۆلامان و نانێك دەخۆین لەگەڵ خۆشت پیتزا بێنە و بلەی خۆشمانی لێیە.

بەك: نانیشتان بۆ بهێنم؟ کام بلە؟

ماکوان: بلە شەقاوە خۆمان، پارەکەیشت ئەدەمەوە نازانم بۆ دایمە ئێوەی ئاسایش دەکرۆزێنەوە؟

شەو هەموو کۆبوینەوە و تا نوێژی بەیانی نەخەوتم هیچ رووی نەداو بۆ شەوی داهاتوو دەگەڕامەوە بۆ نەرویج، برایم لام بوو هەر ئەویش منی برد بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەگەڵ پێشرەوی برام.

گەیشتمەوە فڕۆکەخانەی ئۆسلۆ دووهاوڕێم هاتبوون بەشوێنمدا تەلەفونەکەم کردەوە دوو تەلەفونی ڤایبەرم بۆ هاتبوو.

تەلەفونم کردەوە بۆژمارەکە، کاك سەلاح دەرچوو.

سلاوم لێکرد و ووتی بەڕاستی شێخت دالە مێخ.

چۆن دەتوانین جنۆکە بگرین

گەیشتمەوە وڵاتی نەرویج لە فڕۆکەخانە دابەزیم ڤایبەرم بۆ کرا لەلایەن کاک سەلاح-ەوە لەکەرکوك، قسەی زۆر عەجیبی بۆکردم.

سەلاح: لەدوای ڕۆشتنی ئێوە لە ماڵی ئێمە ڕێك قسەکەی جەنابت ڕاست دەرچوو، یەك تویێتا خەڵك هاتبوون بۆ لێدانتان. برایەکی هەیە لە خۆی خراپترە بەحساب شێخەو جبەو عەمامە دەبەستێت و خۆی بە شێخ دەزانێت پەڕۆیەکی سەوزی لە ملدایە خۆی کرد بە ماڵی ئێمەدا ڕووی کرد شێخ ئەسعەدی برای ووتی کوان؟ ئەو خوێڕیانە.

شێخ ئەسعەد: چۆن زانیوتە؟

شێخ وەهابی (برای شێخ ئەسعەد): کەراماتی حەزرەتی شێخ بوو پێی ڕاگەیاندم کە لە ناڕەحەتیدایت.

شێخ ئەسعەد لەوێدا لە بەرچاوی هەمووومانەوە ووتی گو بەشەرفی خۆت و حەزرەتی شێخ و مەشایەخت و کەراماتیشت بڕۆ بایڕۆین، کە ڕۆشتوون نەمدیونەتەوە.

کاکە منیش بڕیارمداوە لە مانگی داهاتوو دەگەڕێمەوە بۆ نەرویج، بەس ترسم هەیە پۆلیس بمگرێت.

ماکوان: جا حەز دەکەیت قسە دەکەم لەگەڵ پۆلیس بزانم دەتوانیت بێیتەوە کێشەت نییە؟

سەلاح: وەڵاهی کاك ماکوان زۆر مەمنونت دەبم ئەو کارەم بۆ بکەیت.

ماکوان: مەمنونی ناوێت، بەس پەلەم لێمەکە بە یەك دوو ڕۆژ ئیشەکانی خۆم تەرتیب بەکەمەوە مانگێکە منیش لە سەفەرم، دەبیت بچمەوە سەرکارەکەم. خوا حافیزیمان لەیەکتر کرد و دوای چەند ڕۆژێك چووم بۆ فەرمانگەی پۆلیس بۆ کارەکەی کاك سەلاح ناو و ڕۆژی لەدایك بوونیم دانێ و ووتم: ئەو کوڕە کێشەیەکی خێزانی هەبووە لێرە و منداڵەکانی پۆلیسی نەرویجی گەڕاندویانەتەوە بۆ نەرویج ئایا ئەتوانێت بێتەوە بۆ نەرویج؟

پۆلیسی نەرویجی: ئاگاداری کردمەوە کە هیچ کێشەیەکی نییە، وەك ئەوەی بگیرێت

یان غرامە بکرێت. کێشـــەکەی تەنها ئەوەیە لەگەڵ خێزانی جیا دەبێتەوە و ماوەی چەند مانگێکیـــان مـــاوە لە نێوانیاندا تا هەردوولا وەرەقـــەی جیابونەوەکەیان پێدەگات و کۆتای دێت.

تەلەفونـــم کردەوە بۆ ســـەلاح ئـــاگادارم کردەوە کە هیچ کێشـــەیەکی نییەو دەتوانێت بێتـــەوە. زۆر خۆشـــحاڵ بوو، بەلام ئەوەم پێووت کە نەچێتـــەوە ماڵی خۆیان، منداڵەکانی ئاگادار بکاتەوە کەیەتەوە منیش قسە لەگەڵ خێزانی دەکەم، بەڵکو دڵی باشبێت و کۆتایی بەو مەوزعە بهێنن. زۆر مەمنونی دەربڕی و خۆشحاڵ بوو.

ســـەلاح: بلیت هەیە بۆ دوو هەفتەی تر، دەچمە ماڵی برادەرێکم لە شـــارەکەی خۆمان و ئاساییە ناچمەوە ماڵەوە.

ماکـــوان: کارێکی باش دەکەیت، بەلام منداڵەکانـــت بابزانن کەدێیتەوە و منیش هەوڵ ئەدەم بێم بۆلاتان لە مەجالێکدا.

پـــاش چەند ڕۆژێـــك تەلەفونم کرد بۆ رونـــاك خان دوای هەواڵ پرســـین پێم ووت: تەمەنت بەشـــی ئەوەی نەماوە بە تەنها بیبەیتە ســـەر، ژیان لەسێبەری پیاوێکدا نەڕوات هەر ژیان نییە. کاك ســـەلاح- یش پیاوێکی بەڕێزو بەشەخســـێتە و پەیمانی داوە دەســـت بکات بە دینداری. تۆ زیاتر کێشـــەت لەگەڵ خەســـوتە، بۆچی بەدەستی خۆت ماڵ و ژیانی خۆت وێران دەکەیت؟

روناك: کاك ماکوان تۆ هەرچی بڵێت من لەقسەت دەرناچم. من سەلاح-م خۆشەدەوێت، باوکی منداڵەکانمە و ژیانێکی خۆشمان بەیەکەوە بردۆتە سەر. من ئافرەتێك نیم بەدوای شـــتی خراپدا بەگەڕێم و ماڵومنداڵیشـــم خۆشـــەودەوێت نامەوێت لێم تێك بچێت، بەلام تەلاق لە نێوانماندایە ئایا هیچ ڕێگا چارە هەیە؟

ماکـــوان: هەیە، بە پشـــتیوانی خوا کێشـــە نابێـــت دەتوانن بچنـــەوە لای یەکتری لە کەرکوك هەمووی بۆ باسکردووم.

ئەگەر من بە برای خۆت دەزانیت و قسەی ماکوان ناشکێنیت لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە و دەیەوێت بچێتە ماڵی هاوڕێیەکی.

تـــۆش هەوڵبدە بۆی بکە بە موفاجەئـــە بە گوڵێکەوە برۆ فرۆکەخانە بیهێنەرەوە بۆ ماڵەکـــەی خۆی، ئەگەر بەقســـەم بکەیت تاماوم مەمنونم ودوای دێم بۆ ماڵیشـــتان. خۆ ئەگەر بەقسەشم نەکەیت زۆر دلگران دەبم و نێوانی خوشکو برایەتیمان تێك دەچێت.

بۆیە وا بە ڕەقی قســەم کرد نەمدەویســت کارەکە نەکات، دەمویست هەرچیم کردووە ئەو خانەوادە تێك نەچێت.

ڕوناك: ئاخر ئەترسم بڕۆو سەلاح قسەم لەگەڵ نەکات و لەناو خەڵکیشدا بمشکێنیت، تۆ دەزانیت من شکاتی پۆلیسم لێکردووە.

ماکوان: بڕوا مەکە هیچ پیاوێك لەسەر ئەم زەویەدا لە بەرانبەر عاطیفەی ژندا تورە بێت. هەڵبەت باسی پیاو دەکەم کاك سەلاح- یش بە پیاو دەزانم بۆیە قەت ئەوەی لێڕا نابینم.

ڕوناك: باشە، بەس تۆ وەرە لەگەڵماندا ئەو ڕۆژە بۆ فڕۆکەخانە.

ماکوان: نا، پێویست ناکات من بێم با ئەو بێتەوە ماڵەوە، بەڵام تۆزێك خۆتان لەیەك بە دوور بگرن هەتا جارێکی تر مارە دەکرێنەوە بە عەقدو نیکاحێکی نوێوە دەتوانی ئەم جارە دوای مارەی تری لێبکەیت.

ڕوناك: بۆ کاك ماکوان دەبێت مارە بکرێمەوە؟

ماکوان: بەڵێ، چونکە مودەیەکی زۆر بەســەر تەلاقی یەکەمی کاك ســەلاح تێپەڕیوە، ئەگــەر لە خوار ســێ مانگەوە بوایە ئاســایی بوو دەیتوانی بڵێت ئــەوا هێناومیتەوە ژێر نیکاحی خۆم، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لە سێ مانگە دەبێت بە عەقدێکی نوێ بکرێت.

ڕوناك: باشە کاك ماکوان گیان دەتوانیت بە سەلاح- یش بڵێیت؟

کەوای ووت دڵم زۆر خۆش بوو، چونکە دیارە ڕازی بووە و ئیشەکە لەدەستی خۆمدایە.

ماکوان: ڕوناکی خوشــکم ڕازیت بڵێم مارەیەکەت نوێژکردنی ســەلاحی هاوســەرتەو لەگەڵ خوێندی قورئان تا مردن؟

ڕوناك: تۆ برای منیت کاك ماکوان چی دەڵێیت من بەقسەت دەکەم.

زۆر مەمنونیــم بۆ دەربڕی و خوا حافیزیمان کرد، پاشــان تەلەفونم کرد بۆ ســەلاح دوای چاك و چۆنی لێم پرسی وەزعت چۆنە؟

سەلاح: کاك ماکوان زۆر ئەترسم بەگەڕێمەوە و ڕوناك ئاشت نەبێتەوە لەگەڵمدا.

ماکوان: کاك ســەلاح ئەگەر من ئیشــێکت بۆ بکەم وەعدی ئەوەم ئەدەیتێ کە تامردن لەگەڵی باشبیت و زوڵمی لێنەکەیت، چونکە بەڕاستی هاوسەرت شای ژنە.

سەلاح: بەخوا برا من ڕوناکم زۆر خۆش دەوێت و هەرگیز زوڵمی لێناکەم.

ماکوان: قسەم لەگەڵ کردووە ڕازیە بێتەوە لات، بەڵام مەرجی هەیە.

سەلاح: مەرجەکەی چییە؟

ماکوان: تۆ دەبێت بزانی لەماڵی خۆتان باسم کرد لەکەرکوك چۆن دەیهێنیتەوە؟

سەلاح: بەڵێ دەزانم

ماکوان: دە وەڵڵا داوای مارەی نوێ دەکات.

سەلاح: چی دەوێت بۆی دەکەم.

ماکوان: وەعد؟

سەلاح: بەڵێ ؛ بەڵام بەواتای ئەوەی کە لەتوانای مندابێت، شتێك بێت کە من بتوانم!

ماکوان: وەڵڵا ئەتوانیت زۆریش ئاسانە.

سەلاح: چییە؟

ماکوان: نوێژو رۆژوو قورئان خویندن تا مردن.

سەلاح: بەخوای گەورە قسەم کاك ماکوان لەو رۆژەوەی تۆ لەماڵمان دەرچویت نوێژەکانم بەجوانی دەکەم تەحیاتم نەدەزانی ئەویشــم نوســیوەتەوە لەسەر وەرقەو لەگیرفانمدایە، بەیەك دوو رۆژ لەبەرمکردووە بەس هەر پێمە. ئەو بڵێت و نەڵێت من هەر نوێژ دەکەم.

ماکــوان: ئەی بارك الله فیکــم ٧براکەم، مادام وایە برۆ مەلایەك پەیدا بکەو بچۆرەوە بۆلای وەلی ئەمرەکەی روناکی هاوســەرت و ســەر لەونوێ مارەی بکــەرەوە. روناکیش لە فرۆکەخانەی ئۆسلۆ چاوەرێت دەکات، بچۆرەوە بۆ ناو ماڵومنداڵی خۆت.

سەلاح: توخوا بەراستە یان گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت.

ماکــوان: کەی وەختی گاڵتەیە برۆ کارەکانت ئەنجام بدەو کەچویتەوە دیاریەکی جوان بەرە بۆی با لە ئاڵتون کەمتر نەبێت، باشە ٧برا؟

سەلاح: وەی بەسەر چاو.

خوا حافیزیمان کردو ووتم ســڵاوم بگەیەنە بەدایکت و هیچی دەســتی نەخۆیت ئەم ماوەیە نەکو سیحرت لێبکات.

ووتی: نایخۆم خەمت نەبێت.

ماوەیەکــی زۆر ئــاگام لێیان نەما، نزیکەی دوومانگی پێچوو رۆژێك لە ســوید ئەوانم بینی چووبوین بۆ کرینی پێداویستی ماڵی خۆمان (لەبەر ئەوەی سوید لەسەر سنور نزیکە لیێمانەوە کەرەســتەکان لەوێ هەرزانە بەتایبەتی گۆشــت و شــیرەمەنی) یەکێك لەدواوە باوەشی پێدا کردم و ووتی: من بێوەفاترین کەسم و تۆش وەك منیت.

ئاوڕمداوە سەلاح-ە، دوای چۆنی و چاکی ووتی خۆ نانتان نەخواردوە؟

ماکوان: نەوەڵلا بەتەماین بڕۆین نان بخۆین.

سەلاح: بڕۆین دەعوەتی منن.

کاتی گەڕانەوە بوو داوام لێکردن بچین بۆ ماڵی ئێمە و دوایی بڕۆنەوە بۆ شارەکەی خۆیان. شارەکەی من ٢٠ دەقیقە لەسەر سنوری سوید دوورە، ئەوان لە جێگایەکەوە هاتبوون نزیکتر بوو بۆ شارەکەی خۆیان ئەگەر لای منەوە بڕۆشتنایەتەوە کاتژمێرێك زیاتری دەویست. داواکاریەکەیان قبوڵ کردم و چووینەوە بۆ ماڵەوە.

شەو دانیشتین و سەلاح ووتی: بەخوا کاك ماکوان ڤیدۆی تۆ و مامۆستایانی تر نەماوە گوێی لێنەگرم، هەمیشە لە یوتیوبم لەم زانا بۆ لای ئەو زانا دەچم گوێ تەنها لە قورئان دەگرم.

روناك خان هەڵیدایە لەولاوە بە پێکەنینەوە ووتی: کاك ماکوان ناهێڵێت تەماشای هیچ بکەین زنجیرە تورکیەکانی لێ مەنع کردوین.

ماکوان: کارێکی باشی کردووە خوا جەزای بداتەوە بەقسەی بکەن.

سەلاح: بەڕاستی هەر دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم، دیاریەکت بۆ هێنابووم کە هاتی بۆ ماڵمان چەند کتێبێکی خۆت بوو. هەموویانم خوێندەوە، بەڵام کاك ماکوان مەملەکەتی شەیتان زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، ئەرێ بەڕاست ئەوە روویداوە؟

ماکوان: بەڵێ هەمووی روویداوە و ڕاستیە، بەڵام ناوی کەسایەتی و بەشێکیش لە جێگاکانی گۆڕاوە دەنا هەمووی راستییە.

سەلاح: ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە ئەوەیە جنەکان ئەوەندە دەسەڵاتیان هەیە بۆ سەر مرۆڤەکان؟

ماکوان: نەوەڵلا دەسەڵاتیان نییە، بەڵام زۆر جار ئێمە خۆمان دەسەڵاتیان ئەدەینە دەست کە ببنە کوێخاو سەرسەری بەسەرمانەوە. هەر وەك چۆن دەسەڵاتمان داوەتە حیزبە کوردیەکان سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە دەخۆن لە کۆتایشدا کە چونە سەر سندوقی دەنگدان هەموو سەوزو زەرد و نیلی و مۆرو هەموو ڕەنگەکان دەبنە چۆپی و لە سێ پێییەوە تا چوار پێی بۆیان هەڵدەپەڕن، ئێ دەپێم بڵێ خەتای کێیە؟

سەلاح: وەڵلا خەتای ئەو میللەتەیە.

ماکوان: دە سوێند بەخوای گەورە سەلاحی برام جنۆکەو شەیتانیش وەك یەکێتی و

پارتی و ئەو حیزبە عەلمانیانەن بەگشتی، ئەزانی بۆچی؟

لەبەرئەوەی خۆمان بە جنۆكەكان و شـــەیتانەكان دەڵێین: وەرنە لامان وەرن بێنە ناو لاشەمان.

سەلاح: چۆن؟

ماكوان: ئەزانی جنۆكە چۆن دێتە ناو لاشـــەی خەڵكییەوە هەیمەنتی خۆی بەســـەردا دەكات و ئەوەی ئەو بیەوێت دەیكات؟

سەلاح: نەوەڵڵا!

ماكوان: چەند هۆكارێكی هەیە لەوانە ئەگەر مرۆڤەكە زۆر بترسێت وترسنۆك بێت، یاخـــود مـــرۆڤ كە زۆر تورە بێت بەبێ هۆكار واتـــا بەتایبەت ئافرەت و گەنجەكان بەبێ هیـــچ كۆكارێـــك هەڵئەبەزنەوە و تورە دەبـــن، هەروەها دووركەوتنەوە لـــە زیكری خوا و بەندایەتی و نوێژو رۆژوەكان، بەهەمانشێوە لە كاتی تاوانكردن و بەردەوامی لە تاواندا.

ســـەلاح: باشـــە كاك ماكوان خۆ ئەم ئەوروپیانە خوا ناناسن و بڕوایان بەم شتانە هەر نییە، ئەی جنۆكە بۆ ناچێتە ناو لاشەی ئەمان و وەك ئەو باسەی كەهەیە لای خۆمان.

ماكـــوان: جـــا جنۆكە بۆ بچێتە لاشـــەی ئەمانە، خۆ ئەمانە ئەوەی شـــەیتان دەیەوێت دەیكەن مەبەستم مرووی دینداری و خواپەرستیەوەیە، ئیتر جنۆكە و شەیتان ئیشی بەمان چییە؟ ئەمان خۆیان هاوكارن لە كۆمپانیاكانی ئەواند وا خەریكی چالاكی و كاركردنن.

ئەمان مەگەر ســـیحر لەیەكتر بكەن یاخود شـــەیتانێك خۆی بیەوێت كەسێك ئیزعاج بكات بچێتە ناو لاشـــەیان لەرێگای سەركێشـــی خۆییەوە، هەندێكیان لە عیفریتەكان زۆر ســـەخیفن دەیانەوێـــت مرۆڤـــەكان وا لێبكەن كە بیان پەرســـتن و بەندایەتـــی بۆ ئەوان بكەن هەر وەك ئەبینین لێرە و لەوێ خەڵكێك هەیە بەناوی ساتانیســـتەكان واتا شـــەیتان پەرستەكان.

سەلاح: وایە، ئەی كاك ماكوان مرۆڤ ئەتوانێت جنۆكە بگرێت؟

ماكوان: بەڵێ ئەتوانێت بیگرێت، ئەگەر زانیت ئەیەوێت ئازارت پێبگەیەنێت بۆت كرا بیكوژە و یان ئەگەر سوێندی خوارد وازت لێ دێنێت و موسوڵمان بوو ئازادی بكە.

سەلاح: جا چۆن مرۆڤ دەتوانێت بیگرێت؟

ئەویش نیشـــانەی هەیە لەســـەر شێوەیەك لەم شـــێوانە دێتە لات مار، پشیلە، سەگ، مرۆڤ یاخود تارمایی، ئەت ترســـێنێت و شـــتی پێیە پیاتا دەكێشێت، تۆ ئەگەر توانیت و

بۆتکرا دەســت بەرە بۆ قورگی بیگرە بە قایمی و تا ســاردی لیکی بەدەستا دێتە خوارەوە هەستی پێنەکەیت بەرەڵای نەکەیت.

هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی نوێژدا بوو عیفریتێك ویسـتی کڵۆیەك بــەردی ئاگرین بکێشــیت پیایدا، پێغەمبەر (ﷺ) قورگی گرت تا ســاردی لیکی هەســت پێکرد و پاشان فەرمووی لەبەر دوعاکەی سولەیمانی برام نەبوایە ئەوا ئەمداییتە دەست منداڵانی مەدینە یاریت پێبکەن و دەم بەستیتەوە.

بێجگــە پێغەمبــەری خوا (ﷺ) لە هیچ کتێب و ســەرچاویەکدا نەمدیوە ئەو شــتە دووبارە بوبێتەوە، یان ئەگەر دووبارە بوبێتەوە باس نەکراوە.

ســەڵاح: ئــەی کاك ماکــوان چۆن جنەکان بەو شــێوە دەیانتوانی ئــازار بە پێغەمبەر بەگەیەنن؟

ماکوان: براکەم پێش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەیتان و جنەکان دەسەڵاتێکی زۆر عەجیبیان هەبوو کە وەحی هات ئیتر ئەو دەســەڵاتەیان لێســەندرایەوە، چونکە بەهاتنی پێغەمبەری خوا زۆر شت گۆڕانکاری بەسەرداهات لەسەر زەویدا.

سەڵاح: چۆن کاك ماکوان گیان باسی بکە.

ماکــوان: براکــەم هەرچۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) شۆڕشــی کرد لە ســەر زەوی بەو شــێوەیەش شۆڕشی کرد لەئاســماندا، پێشتر شەیتانەکان دەچوون هەواڵی مردن و لەدایك بوونی خەڵکیان لە ئاسمانەوە دەهێناو خوای گەورە ئەو دەسەڵاتەی پێبەخشیبوون کاریان دەکرد لەگەڵ ســاحیرەکاندا بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا بکەن و سەرلێشــیواویان بکەن، کە وەحی هات هیچ دەرگایەك بۆ جنەکان نەمایەوە، شەیتان زیرەی کرد زانی شتێك روویداوە.

بۆچی بۆ خۆی و هاوڕێ شــەیتانەکانی تری ناتوانێت زانیاری لە ئاســمان وەربگرێت، هەر جنۆکەیەك دەچووە ئەو جێگاو شــوێنانەی لە ئاســماندا زانیاریان دەهێنایەوە، ئێستا وای لێهاتــووە بــە نەیزەك لێیان دەدرێت و دەســوتێنرێن، بەهەزارەهــا جنۆکەیان کوژرا تێنەدەگەیشتن ئەو مەوزوعە چیە، بۆ ئەم کەونە وا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ شەیتان واتــا ئیبلیس بڵاوی کردەوە ووتی بگەڕێن شــتێك روویداوە بیدۆزنەوە، تەنانەت جنەکان لەناو پێســت و ناوســکی مردارەوە بوو و ســەڕبراوەکاندا خۆیان دەشــاردەوە ئەوەندەیان لێکوژرا بوو لەســەر دەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا ئەوکاتەی کە پێغەمبەر تەشــریف دەبــات بــۆ طائیف یەك جن و شــەیاطین نەیان زانیبوو کە پیغەمبــەری خوا هاتووە تا

ئەوکاتەی کە لە وادی نەخلە لە نێوانی طائیف و مەککەدا نوێژ دەکات و جنەکان گوێیان لێی دەبێت.

ئیتـر لەوکاتەوە شـەیتان خـۆی دەکات بە مرۆڤ و بەناوی شـێخی نەجدی دەچێتە دارونەدوە وە لەگەڵ ئەبوجەهل بڕیاری کوشتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەدەن.

لـە پـڕ ڕوناك خان هات بۆ ئەو ژوورەی کە من و کاك سـەلاح دانیشـتبووین ووتی: درەنگە با بڕۆین بەیانی منداڵەکان قوتابخانەیان هەیە.

سەلاح: کاك ماکوان ناکرێت تۆش بێت بۆ ماڵی ئێمە؟

ماکوان بەخوا منداڵەکانی منیش بەیانی یەکێکیان بۆ باخچەی ساوایان و ئەوی تریش قوتابخانەی هەیە.

خوا حافیزیمان لەیەك کرد و ڕەوانەم کردن تا ناو سەیارەکەی خۆیان.

لەگەڵ سـەلاح قسـەی کۆتایمان دەکرد و ئەوەندەم زانی ڕوناك خان هاواری لێهەڵساو رایکـردە دەرەوە لە پێشـی سـەیارەکدا هەرچی تەماشـام کرد هیچ نەبـوو، پڕ بەدەمی ئەیقیژاند و هاواری دەکرد.

هاوار و قیژەی بەتاڵ

لەدوای ئەوەی شەو لەماڵی ئێمە هەستان و ڕۆیشتنەوە بەرەو ماڵی خۆیان بۆ ڕەوانەکردنیان و خوا حافیزیان هاتمە دەرەوە لەگەڵ خانەوادەی کاك سەلاح.

لەپڕ هاوارو قیژە لە ڕوناك خان هەڵساو لەسەیارەکە هاتە خوارەوە هێشتا من و سەلاح لەبەر دەرگا بووین باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن کارێکی دەست بکەوێت، هاواری لێهەڵسا.

ووتمان چییە؟

ڕوناك: مارێك لەناو سەیارەکەدایە، بەپەلە رامانکرد تەماشا دەکەین منداڵەکان پێدەکەنن و مارێکی لاستیکیان بۆ داناوە، ئەویش لە ترسا هاواری لێهەڵساوە.

ڕۆشتن و منیش ئاسایی کات و ژیان و شەو ڕۆژم بەڕێ دەکرد.

شـەوێکی هاوینـی ئەرویج خـەوم لێنەدەکەوت بەرەو کەناری دەریا چووم بۆ ماسـی گرتن، خەریکی پرۆژەی دروسـتکردنی دوکانێك بووم مێشکم زۆر سەرقاڵ بوو، شەوی وا هەبوو تووشی

بیرکردنـــەوەی زۆر دەبـــوم ئیتـــر خەو لـــە چاوم دەزڕا. نەمدەویســـت وام لێبێـــت لەناو جێگادا بمێنمەوە، هەڵدەســـتام دەچومە کەناری دەریا یاخود گوێ چەمێك بۆ ســـافکردنی مێشـــکم و تا ماندوو ببم و بە ئاسانی خەوم لێبکەوێت.

ئەوشـــەوە خەڵوزم گەشاندەو چام لێناو دەستم کرد بە قولاپ هەڵدان بۆ ماسی گرتن، خوای گەورە رزقی باشی دام زیاد لە ٢٠ ماسیم گرتو دەستم کرد بە هەڵدرین بۆ برژاندن.

ئەوەنـــدەم زانی دوو کەس رووە و من هاتـــن لەدڵی خۆمدا ووتم بەخوا ئەمانە جەماعەتی حەزقیل-ن یان ئەوبەرین جەماعەتی سەســـیل-ن منیش زۆر گوێم پێنەدان ووتمماڵین خۆیان دێن نزیك دەبنەوە.

هاتنە لام و بە نەرویجی ســـڵاویان کردو منیش بەکوردی ووتم: هەرچی نەرویجیە خەوتوە بێجگە من و ئێوەی جنۆکە کێ خەبەرە؟ ئێســـقانی ماسیەکان دەخۆن یان ماســـیەکان بەکاڵی دەخۆن؟

تێنەگەیشـــتن، دیسان بەنەرویجی بەمنیان ووت تێناگەین دەڵێیت چی، وەڵامم نەدانەوە هەر پێدەکەنیم ئەوی تریان ووتی دیارە زمان نازانێت.

کەوای ووت دەســـتم کرد بە قســـە کردن لەگەڵیاندا، ووتم ببورن وامزانی چەند کەســـێکی هاوڕێی خۆمن.

نەرویجیەکیان ووتیان بۆ هاوڕێکانی خۆت ناناسیتەوە؟

پرســـیارەکەی مەعقـــول بوو، بەلام نـــەم دەزانی چۆن وەڵامیان بدەمەوە. راســـتەوخۆ ووتم: ئەزانن جن چییە؟

ووتیان: بەڵێ دەزانین

ماکـــوان: هاوڕێکانی من جنۆکەن زۆر جار دێن لەســـەر شـــێوەی مرۆڤ، جـــا ئەوە چاوەڕێی ئەوانم دەکرد بەیەکەوە نانێك بخۆین.

هەردوو نەرویجیەکە تەماشای یەکیان کردوو ڕۆشتن بە پەلە، هیچیان نەووت تەنانەت ماڵ ئاوایشیان نەکرد. منیش دەستم کرد بە برژاندی ماسی.

گوێم لەدەنگی هاوارو نرکە بوو، لەدەنگی منداڵ دەچوو. منیش لەسەر دەریا سەداو دەنگێکی خۆشـــی هەبوو، قیژەی نەورەســـاکان و دەنگی شـــەپۆلی ئاو و جاروباریـــش فوویەکم پیا دەکرد گۆرانییەك یان سرودێکم دەووت.

دەنگە کە دوور بوو، بەلام هەســـتم دەکرد گوێم لە شـــتێکی ئاســـای نییە، ئەوە دەنگە هاوارو

ناڵەیە.

ئەو چەقۆیەی کە ماسیەکەم پێ پاك دەکرد و دانەیکی تری زیادەشم پێ بوو، خستمنە گیرفانم و بەرەو دەنگەکە ڕۆشتم.

تا دەهات دەنگەکە زیاتر دەبوو وەك ئەوە وابوو کە کەسێك دەمی بەسترا بێت و هاواری یارمەتی بکات بە لووت هاواری دەکرد، دەنگی ئافرەتیش بوو ترسام لەوەی نەکو ئەو نەرویجیانە بۆسەیەکیان بۆ من دانابێت. لەدڵی خۆشمدا دەمووت لەوانە دوو دڵدار بن لێرەدا ئیسراحەتی خۆیان وەرگرتبێت لە قەراغی دەریاکەدا، چونکە نەرویجیەکان ئەوکارە دەکەن.

هەرچۆن بوو نزیك بوومەوە کە تەماشام کرد کچێکی زۆر جوانە بەستراوەتەوە، هەموو گیانیشی جێگای پێداکێشان و سوربوونەوەیە جلەکانیشی شەهوەتی پیاوی پێوەیە و تەڕی پێوە دیار بوو.

زۆر ترسام ڕامکرد بیکەمەوە پەشیمان بوومەوە، ئەی خوای گیان بیکەمەوە دەستم بەری بکەویت دوای بڵێن ماکوان تەعدای لێکردووە، خەڵکیش خوا خوای قسەیەکیانە بۆ منی دروست بکەن،ئاخر ئەگەر نایکەمەوە ئەو ئافرەتە خەریکە دەخنکێت.

خوای گەورە کردی خێزانم دەستکێشی لاستیکی خستبووە ناو ئەو سەبەتەی کە کەرەسەتەی ماسی گرتنەکەی تێدابوو بە پەلە ڕامکردە و وێنەیەکم گرتو بە ڤیدۆو بەنەرویجی ووتم ئەوە من ئەمەم دۆزیەوەتە و هیچ پەیوەندی نییە بەمنەوە کامێرای ڤیدۆکەم لەسەر بەردێك ڕووە ئافرەتەکە داناو دەست کێشەکانم کردە دەستم و دەمیم کردەوە.

لێم پرسی ئەوە چی ڕوویداوە؟

کچەکە: ئەم شەو لە ئاهەنگێك بووین دوو کوڕی ڕەفیقمان منیان هێناوەتە دەرەوە لەگەڵم ڕایانبوردوە و بە جێیان هێشتووم.

ماکوان: باشە تەلەفون دەکەم بۆ پۆلیس، بەس من دەستت ناکەمەوە با ئەوان بێن بت بینن کەوایان لێکردوویت.

دەستی کرد بەگریان، نا پێویست ناکات تەلەفون بکەیت خۆم کێشەکە چارەسەر دەکەم.

ماکوان: کێشەی چی چارەسەر دەکەیت؟ ئەوانە تۆیان بەستۆتەوە بەزۆر لەگەڵتا ڕایانبواردوە خۆت باش دەزانیت لە یاسای نەرویجدا ئەو کارە زۆر خەتەر و ترسناکە.

کچەکە هەر دەیوت بمکەرەوە واز لەوە بهێنە دڵنیابە چارەسەر دەبێت. هەستم دەکرد باری دەرونی تەواو نییە گریانێکی زۆر بەکوڵ دەگریا.

ماکوان: ناوت چییە؟

کچەکە: تومینە

ماکوان: ئاخر نابێت من بتکەمەوە ئێستا چی دەڵێیت دوایی بینێین بەسەر مندا؟

تومینە: نا دڵنیابە شتی وا رونادات ئەوان دێنەوە باڵم و دەمم دەکەنەوە ئەوە هەر منیان ترساندوە.

سەرم بەرزکردەوە لەناو بەردی کەنار دەریاکاندا تەماشا دەکەم دووکوڕەکە رووە و لای ئێمە دێن.

ماکوان: راست دەکەیت ئەوە رووە و ئێمە دێن، چی بکەم؟

تومینە: بمکەرەوە با ڕاکەم، چونکە دیسان تەعدام لێدەکەنەوە.

ماکوان: ڕێگام پێ بدە پەیوەندی بکەم بە پۆلیسەوە؟

تومینە: نا پێویست ناکات.

ماکوان: باشە قسە بکە تا ئەوان نزیك نەبونەتەوە با دەنگەکەت و وێنەکەت تۆمار بکەم دوای دەیخمە سەر ئەوان من خۆم دەشارمەوە ئەگەر وایان کردو ئەوان بوون.

تۆ دڵنیابە خوێنی خۆم لێرە ئەڕێژم لەسەرت، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوکات هاوکاریت ناکەم. دڵنیابە خۆم دەشارامەوە ئەو کامێرایە با لە جێگای خۆی بێت وێنەتان بگریت، ئەبێتە دیکۆمێنت بۆ تۆش و بۆ منیش باشە، خەمت نەبێت من چەکم پێیە.

خۆم حەشاردا لە خوارویی ئەوانەوە و لە بن تاشە بەردێکی گەورەدا چاوم لەسەری بوو. دەمیم بەستەوە بەشلی، تەلەفونەکەشم بە ڤیدۆ وێنەی دەگرێت.

دوو کەسەکە هاتنەوە لای و گوێم لێی بوو ناوی تومینە-یان برد ناوەکە راست بوو، پێیان ووت ئێستا جارێکی تر لەگەڵت رادەبوێرین، بەڵام دەنگە دەنگ مەکە دوایی دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

تەماشام کرد هەردووکیان زۆر بە جوانی قسەی لەگەڵ دەکەن، یەکێکیان پی دەڵیت ئازیزەکەم و ئەوی تریشیان پێ دەڵێت گیانەکەم.

خەریك بوومێشکم ئەتەقی، کەچی تومینە پێی ووتن: کەسێك کامێرەی داناوە بۆتان ئاگاتان لەخۆتان بێت. لەبەر تەلەفونەکەم رامکردە دەرەوە بۆیان بە دوو چەقۆوە.

یەکێکیان نیوەی پانتۆڵەکەی داکەنرابوو کە منی بینی بە دوو چەقۆوە رایکرد، هەر نەمزانی چی بەسەر هات. ئەوی تریشیان ئەژنۆی شکا وایان زانی دێو درنج و عیفریتم لەبەردەمم دانیشت و خێرا دەستی کچەکەی کردەوە و ووتی ئێمە هیچی خراپمان نەکردووە. دەستی کردە

ملی كچەكە و زۆر بەئاسـانی ڕۆیشـتن، كچەكەش ماچێكی كرد. خەریك بوو لەداخا دوو چەقۆ لە خۆم بدەم.

حەپەسام بووم ئەو كچە فەقیرە و ئەو دوو هەتیوە پیسە ئەبێت باس و ژیانیان چی بێت. تەلەفونەكەم هەلگرتەوە، خەریك بوو بلێم با سێلفیەك بگرین لەبەر ئەوەی زۆر نامۆن لای من.

ڕۆیشتن دوور كەوتنەوە كچەكە زۆر بە ئاسایی لەگەلیاندا ڕۆیشت.

بەدیار ڕۆشتنی ئەوانەوە حەپەسابووم و بۆم حەل نەدەكرا، هاتبووم كەمێك ئیسراحەت بكەم كەچی ئالۆز تر بوو مێشكم.

هـاوارم دەكـرد راقی، حەزقیـل، حەنانە خۆ ئەمە فیلم نییە ئێـوە لەگەل من دەری بكەن دوای عاجز دەبم.

كەچی نەرویجیەكە لەگەل كچەكە تەماشای كردم و وەستا، ووتی قسە لەگەل ئێمە دەكەیت؟

ووتم: نا لەگەل جنۆكە قسە دەكەم، كەوام ووت هەردووكیان بالیان گرت لەترسان، زۆر خێرا دەرۆشتن.

بیرم لەوە كردەوە بڕۆم بۆ لای سـەیارەكەم نەكو لەداخا شـتێكی لێبكەن، منیش بەدوایاندا ڕۆشتم كەتەماشم كرد وا خەریكن لە تەنیشت سەیارەكەی خۆیاندا جارێكی تر كچە دەبەستنەوە. كچەكـەش خۆی دەسـتی دێنێتە پێشـەوە. كـە منیان بینـی وازیان هێناو جارێكی تر دەسـتی كچەكەیان كردەوە.

چومە لای سەیارەكەی خۆم، سەیارەیەكی سیبای - مۆدیل نوێیان پێ بوو. پشتی سەیارەكەی خـۆم كردەوە، وەك بلێیت بۆ شـتێك دەگەڕێم ئەوان هەر تەماشـای منیـان دەكرد منیش خۆم سـەرقال كردبوو بۆ ئەوەی بڕۆن نەجاتم بێت، شـتێك لەسەیارەكەم نەكەن و بچمەوە قولاپ و مەقەلی شتەكانی ترم كۆكەمەوە كاتژمێر ١٢ای شەو بوو.

ئەوەیان كە دەرپێكەی داكەوتبوو تەماشای منی دەكردو پێدەكەنی،

داخم زۆر لەدلدا بوو ووتم ئەرێ بەڕاسـت ئێوە زۆر سـەیرن، وەرە بزانم بۆ وا پێدەكەنی؟ بۆ وا دەكەن لەو كچە بەستەزمانە؟ باشە ئێوە نازانن هەموو ئەو كارەی كردوتانە لای من تۆمار كراوە؟ ئەم كارە ڤیزەونەی ئێوە چییە بۆ وا دەكەن؟

ئەوەی كە ڕایكرد ووتی: ئاخر كچەكە پێی خۆشە وای لێبكەین!

رووەمكردەوە تومینە پرسیم ڕاست دەكەن؟

تومینە بەڵێ وایە، ئەگەر ئازارم نەدەن ناتوانم سێکس بکەم!
بە کوردی ووتم ئەی ڕۆڵە گو بەڕیشی باوکتان بۆ خۆتان و فیعل و ئەخلاقتان.
دەستیان کرد بە پێکەنین ویستان لێم نزیك ببنەوە، ووتم نزیك نەبنەوە بەجدی ئازارتان پێدەگەیەنم ئەتانێرم بۆ لای شەیتان. دەی لەعنەتان لێبێت بۆ چ حەزو ئارەزوویەکتان هەیە.
تومینە جا خۆ من بەتەما بووم ئەم شەو تێروپڕ بۆ تۆ بگریم، ئەمە تۆ خۆت واتکردووە لە خۆت.
تومینە: سوپاس مەگری.
بەو هەموو فرمێسك و چڵم و خۆڵەوە پێدەکەنێت و دەڵێت: بەڵێ، ئاساییە!
ماکوان: شەرت بێت ئەو وێنەت لە فەیسبوك بڵاو بکەمەوە لەگەڵ ئەم دووکیسە گووەی تردا.
زانیم ئەمانە پیاوی ئەوەنین، گەڕامەوە بۆلای مەقەڵی و چاو خەڵوزو ماسیەکانم.
هەر بەو ڕێگایەدا هاتم تەماشام کرد مارێکی زۆر جوان تۆپیوە لەسەر ڕێگاکەمدا، لام سەیر بوو ووتم چۆن لەوسەر نەمدیوە دوای لەدڵی خۆمدا ووتم بەخوا سەرقاڵ بووم بەو کەسە پیسانەوە بۆیە نەمدیوە. جوانی پێست و لاشەکەی سەرنجی ڕاکێشام، سەری شکڵی ماسی هەبوو لاشەشی هەمووی مار بوو وا هەستم کرد مار ماسی بێت و لە ئاوەکەوە هاتبێتە دەرەوە. گوێم لەدەنگێك بوو لەپشتمەوە ووتی: ماکوان بیشارەوە و کفنی بکە و بیکە بەژێر خۆڵەوە.
کە ئاوڕمداوە هیچ دیار نەبوو!
لەدڵی خۆمدا ووتم ئەمە خەیاڵە بزانە ماندووم مێشکم وام پێدەڵێت، ویستم بڕۆم جێی بهێڵم کەچی دیسان دەنگەکە بەرز تر بوو ووتی: تکایە کفنی بکەو بیشارەوە ئەویش موسوڵمانە و براتە.
ماکوان: کێ کفن بکەم و بەچی کفنی بکەم؟ کێ موسوڵمانە، تۆ کێیت؟
دیسان دەنگەکە هاتەوە، ئەو لاشەیە جنۆکەیە موسوڵمانە مردوە کفنی بکەو بینێژە لە جێگایەکدا.
ماکوان: ئەم مار ماسییە؟
دەنگەکە: بەڵێ، برای موسوڵمانی خۆتە تکایە ئەوکارە ئەنجام بدە.
یەکسەر فەرمودەکەی عومەری کوڕی عەبدول عەزیزم بیر کەوتەوە کە دەڕوات بۆ مەککە لەڕێگادا لە بیابانێکدا دەبینێت مارێك تۆپیوە
عومەریش خوای گەورە دەیخاتە دڵیەوە کە ئەو مارە بشارێتەوەو کفنی بکات.

لەدوایدا دەنگێك دێ بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەڵێت: خوای گەورە پاداشتت بداتەوە کە (سەرق)ت شاردەوە سەرق - یەکێك بووە لە جنۆکەکانی هاوڕێ پێغەمبەری خوا (ﷺ). دەنگەکە دەڵێت: پێغەمبەری خوا بە (سەرق)ی فەرمووە کە یەکێك لە باشترین و ساڵح ترین بەندەکانی ئومەتەکەم کفنت دەکات و دەتشارێتەوە.

ئەو فەرمودەیەم بیرکەوتەوە خێرا کراسەکەم داکەند، فانیلەکەی ژێرەوەم سپی بوو مار ماسییەکەم تێکردو بردم لە جێگایەکدا چاڵێکم بۆ هەڵکەندو لەو چاڵەدا ناشتم بە فانیلەکەی خۆمەوە.

هاتمەوە بۆلای کەرەستەکانم تەماشا دەکەم کەسێك دانیشتووە خەڵوزەکە دەگەشێنیتەوە!

جنۆکە و مرۆڤی مەسیحی و کۆتای دنیا

دوای ئەوەی کە مارماسیەکەم ناشت گەڕامەوە بۆلای ئاگرەکە و کەرەستەی ماسی گرتنەکەم و بینیم کەسێك خەریکی گەشانەوەی ئاگری مەقەڵیەکەمە و منیش وەك موسوڵمان سڵاوم لێکرد ووتم: السلام علیکم.

شێخ بەرقان: وعلیکم السلام مامۆستا ماکوان، خۆشحاڵم کە بەخزمەت شادبووینەوە.

ماکوان: هەروەها منیش جەنابی شێخ زۆر خۆشحاڵم، بەڕاستی لەو رۆژەوە زۆر حەزم دەکرد بە خزمەتی جەنابتان بگەمەوە ڕاستە بەڕێزتان جنۆکەن و منیش مرۆڤ، بەڵام سبحان الله خۆشەویستیەکی زۆر سەیرم هەبوو بۆ جەنابتان. زۆر هەستم بە نزیکی دەکرد لە جەنابت، بەڵام بەداخەوە نە توانیم بەخزمەتت بگەمەوە نە توانیشم بێمە ناو باڵەخانەکەی جەنابتان.

شێخ بەرقان: براکەم ئەو رۆژە تەنها وەك رێزێك و خۆشەویستیەك بۆ بەرێزت وامان ووت، دەنا ئێمە نە باڵەخانەمان هەیەو نە ئەو جۆرە ژیانەی کە ئێوە دەژین. ژیانی ئێمەو ئێوە دوو سیستەمی جیاوازە.

ویستم ئەوەت پێبڵێم هەرگیز بیر لەوە مەکەرەوە کە ژیان و بژێووی ئێمە وەك ئێوە نییە، ئەوەی دەیەوێت لە ئێمە تێبگات دەبێت لە جۆری ئێمە بێت دەنا قورسە ژیانی ئێمە بەراورد بکرێت بە ئێوە.

ماکوان: ئەی شێخ ئەوە چی بوو کە من بینیم؟

شێخ بەرقان: تەنها لەبەر چاوی تۆدا وابوو دەنا ئەوە تەنها گردێك بوو هیچی تر.

ماکوان: ئەی ئەوە نابێت بە سـیحر کردن و جادوو لەمن، ئەویش هەر وەك سـاحیرەکان نییە کە دەکرێت؟

شـێخ بەرقان: ئەگەر لە جیهانی ئێوەدا بکرێت بەڵێ وایە، بەڵام تۆمان بانگکردە جیهانی خۆمـان لەبەر ئەوە تۆ واز لەو باسـە بێنە، چونکـە هەرچیت بۆ باس بکەم لێم تێناگەیت و ناشتوانم تێت بگەیەنم.

ماکوان: بۆ چییە، ئەوەندە هاوکێشەیەکی قورسە؟

شـێخ بەرقان: بەڵێ قورسە، ئەگەر نمونەیەکی خۆتت بۆ بهێنمەوە کە دەڵێیت ئەگەر دوو هەورامی بگەن بەیەك بۆچی بە هەورامی قسە دەکەن؟

ماکوان: کە بوویت بە هەورامی دەزانیت.

شێخ بەرقان: کەواتە تۆش کە بوویت بە جنۆکە و هاتیتە ناو ژیانمان دەیزانیت.

ماکوان: جوانە، ئەی باشە ئێوە لە کوێ دەژین شێخ گیان؟

شێخ بەرقان: جۆرێکمان لە گەڵ ئێوە دەژین، عەرەب ناوی ناوین مەعەمرون واتا ئەوانەی لە ئاوەدانیدا دەژین. جۆرێکی تر لە ئەشـکەوت و کون و کەلەبەرەکانی ئەم جیهانەدا ژیان و خانەوادەیان پێك هێناوە. هەندێکی ترمان لە ئاسـماندا دەژین و هەواین. هەندێکی تریشـمان لە ناو ئاودا دەژین. ئا بەو شێوەیە.

ماکوان: بەڵێ، خوا پاداشــتت بداتەوە خۆشـحاڵم بووم شـێخ بەرقان گیان کە بەخزمەت جەنابتان گەیشمەوە؟

شـێخ بەرقان: خوا پاداشــتی خێری تۆش بداتەوە بۆ ئاشتنی ئەو برایەت و ئەو برایەمان. ماندوومان کردیت پاداشتەکەی لای خوای پەروەردگارە جزاك الله.

ماکوان: یا شیخ ئەو دەنگە جەنابت بوویت کە تۆزێك لەمەو پێش قسەت کرد؟

شێخ بەرقان: نا، ئەوە برایەکی ترە ئەو ناتوانێت خۆی ئاشکرا بکات وەك ئێمەو مانان!

ماکوان: بۆ هەمووتان ئەو توانایەتان نییە؟

شـێخ بەرقان: نەخێر، هەموومان ئەو توانایەمان نییــە، بەڵکو خوای گەورە ئەو ڕێگایەی داوە بەهەندێك لە جنۆکەکان کە توانای خۆ گۆڕینیان هەیە بۆ سەر شێوەی مرۆڤ. هەندێکیش بۆ شێوەی ئاژەڵ هەندێکی تریش لە شێوەی تارمایی دا خۆی نمایش دەکات.

ماکوان: کەواتە هەمووتان ناتوانن دەرکەون وەك ئێستای جەنابتان؟

شـێخ بەرقان: هەموو دەتوانن بەڵام دەبێت خۆیان ئەو توانایە بەدەسـت بهێنن کە خوای

گەورە پێی بەخشـیون و ڕێگای پێدراوە، ئەویش هەر وەك لای ئێوەی مرۆڤە که چۆن دەبنە قیادی و سـەرکردە، لە ناو ئێمەشـدا ئەم قۆناغە بەهۆکاری ئەزموون و هەندێك تایبەتمەندی ترە کە بەدەسـتی دەهێنین. جا ئەم جۆرە دەرکەوتنانە کافرو موسـوڵمانان دەتوانن بەدەستی بهێنن لە ناو ئێمەشدا.

ماکـوان: ئەمـە زانیاری نوێ بوو بۆ من وامزانی هەموو دەتوانن خۆتان ئاشـکرا بکەن بۆ مرۆڤەکان.

شـێخ بەرقان: نا، یەکجار بەو شـێوەیەش نییە خۆ ئێمە ئەوەندە دەسەڵاتمان نییە، جارێ ئەگـەر شـەیتانەکان توانایان هەبوایە هەمـوو خۆیان دەکرد بە مـرۆڤ و دەچوون فیتنەی دنیایان دروسـت دەکـرد بۆ ئیوە، بۆ نمونە دەچونە لای ژنـان لەگەڵیاندا دەخەوتن و خۆیان دەکرد بە هاوسەرەکەی، هەرگیز ناتوانن ئەوە بکەن مەگەر ئەوکاتەی کە هەردوو هاوسەرەکە دەچنــە لای یەکتری و ناوی خـوای پەروەردگار ناهێنن لەوکاتەدا عەورەتی ئافرەتەکە دەبینی و هەندێکیش لە زانایان دەڵێن بەشدار دەبێت لە چێژی سێکسی لەگەڵ ئەو ژنو مێردەدا.

جەنابیشـت دەزانیت مامۆسـتا ماکوان فەرموودەکە لە بوخاریدایە دەفەرموێت: « بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ، وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا.

خوایە گیان بەناوی پیرۆزت، پەروەدگارا بمانپارێزە لە شـەیتان و بەدوورمان بخەرەوە لە شەیتان، لەگەڵ ئەو نەوەیەی پێمان دەبەخشیت

ماکوان: بارك الله فیکم بەڵێ، زۆر ڕاستە.

شـێخ بەرقان: خۆ ئەگەر هەموو بیانتوانیایە خۆیان ئاشـکرا بکردایە ئەوا خۆیان دەکرد بە مرۆڤ و خەڵکیان دەکوشـت لەسـەر شێوەی مرۆڤەکان و فیتنەی زۆریان دروست دەکرد لە نێوانی خەڵکیدا، جنۆکەو شـەیتان واتا ئێمە بەگشـتی ئەو توانایەمان نییە. ئەوەش کەخۆی ئاشـکرا دەکات لە دوو هۆکار بەدەر نییە هۆکاریکی سـیحرە، هۆکاری دووەمیشـی بۆماوەیەکی دیـاری کراوە بۆ گەیاندنی هەندێك زانیاری. یاخود پاراسـتنی برایەکی موسـوڵمانی خۆمانە لەدەسـت شـەیتانەکان کە خۆیانی بۆ ئاشکرا دەکەن بۆ ئەوەی توشـی هەڵدێرو سەر لێشێوای نەکەن کە هەندێك لەمرۆڤەکان بوون بەداخەوە.

ماکوان: وەڵڵا ڕاستە شێخ بەرقانی برام زانیاری باشمان ئەدەیتێ، ئافاقی بیرو هۆشم زۆر فراوان دەکەیت. خوای گەورە پاداشتان بداتەوە

شێخ بەرقان: بەڕاستی ئەو شەوە لەخزمەت جەنابتاندا بووین لەگەڵ کۆمەڵێك برای تردا

لەخزمەت بووین لەماڵتان کە ماڵی کاك سەلاح هاتبوون، باسی سیرەی پێغەمبەری ئازیزت کرد (ﷺ) زۆر خۆشحاڵ بووین بە باسەکە، بەڵام بەداخەوە باسەکە زوو کۆتای هات وویستم هەندیك شتی تر زیادە بەخەمە سەر قسەکانت.

ماکوان: بەڕاست لە لای من بوون؟ ئەی قسەتان بکردایە با زیاتر لەخزمەتاندا بوومایە، بەڵام شێخ بەرقان باشە ئەی من لەماڵی خۆمدا خۆم رووت دەکەمەوە ئەی ئێوە من دەبینن بەو شێوەی کە رووتم؟ ئایا ئەوە جائیزە؟

شێخ بەرقان: ئێمە وەك موسوڵمان ناچینە تایبەتمەندی هیچ کەسێك،جا با کافرو موسوڵمان بێت، چونکە حەرامەوە جائیز نییە و بەدوای ئەوشتانەوە ناگەڕین و بزانین شتی واش ڕوو ئەدات لە چرکەساتدا نامینین لەو جێگایەدا، بەڵام خۆت دەزانیت ئەگەر زیکرەکان بخوێنریت شەیتانەکانیش نامێنن و ماڵ چۆڵ دەبێت و خۆت خاوەن ماڵی.

ئەگەر ماڵێك یان مزگەوتێك زیکری خوای گەورەی تێدابێت ئەوە بۆن و نوری دیارە و ئێمەش زوو بەیەکتری دەگەیەنین و دەچینە ئەو مەجلیسانە. بۆ زانیاریت وابزانم کاتی خۆشی حەزقیل باسی کرد بۆت زۆریك لە برایانی ئێستای ئێمە لەڕێگای ووتارو موحازەراتی ئێوە و مانان موسوڵمانان بوون.

ماکوان: بەڵێ ڕاست دەفەرمووی باسی کرد، خوای گەورە لێمان قوبوڵ بکات ئەوەش فەزڵی خوای پەروەردگارە بەسەرمانەوە لە قیامەتدا بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین سەدان خێرو پاداشت دێتە سەر حسابمان کە بە خۆمان نەزانیوە جنۆکەمان موسوڵمان کردووە، بەڕاستی ئیسلام نیعمەتە.

شێخ بەرقان: راستە، بەڵام لە ڕستیدا خەڵك زۆربەی موسوڵمانانن و ئیسلامیان هەڵبژاردوە، بەڵام راستیت دەوێت ماکوانی برام بانگەواز کردن نیعمەتە کە خەڵکی بەو نیعمەتە گەورەیە نازانێت و تەمەڵی دەکەن.

ماکوان: زۆر راستە، کاتی نوێژی بەیانییە با نوێژەکانمان بکەین شێخ بەرقان گیان.

شێخ بەرقان: بەڵێ بەدڵنیاییەوە فەرموو دەستنوێژت هەیە؟ با نوێژ بگرین.

ماکوان: نەخێر، من دەستنوێژم نییە و بەیارمەتی خۆم دەخەمە ناو ئەو ئاوەو دێمەوە دەرەوە نوێژەکانمان دەکەین.

ویستم بڵێم شێخ بەرقان تۆ پێش کەوە، کەچی شێخ بەرقان ووتی ئێوە خەلیفەن لەسەر زەویدا و دەبێت ئیمامەت لە ئێوەی ئوممەتی محمد (ﷺ) بێت.

لە رووی شەرعیەوە نەم بیستبوو هەرگیز جنۆکە ئیمامەتی کردبێت، بۆیە نوێژی سونەتم کـردو دوای نوێژی بەیانیم دابەسـت بە جەهری خوێندم و دوای تـەواو بوون کە ئاوڕم داوە کەسم نەبینی وویردەکانم خوێند، کەمێکی پێچوو شێخ بەرقان پەیدابوو لە جێگای خۆیدا من پشتم لەو بوو رووم لە قیبلە بوو.

شـێخ بەرقان: خوا قوبوڵی بکات نوێژو جەماعەتێکی خۆش بوو لەڕاسـتیدا ئارام بەخش بوو، خەوت نایە ماکوان؟

ماکـوان: لەخزمـەت جەنابتاندام، خەوی چی؟ ئەزانی چی یا شـێخ تـۆ خۆت دەزانی من دەسـتی نوسـینم هەیە. جا ئەم رووداوانە هەمووی دەنوسـمەوە و دەبێتە مێژوو لەبەر ئەوە هەتاوەکو ئێوە من جێ نەهێڵن من چۆن ئەم هەلانە لە دەست خۆم ئەدەم.

شـێخ بەرقان: بەقسـەی مـن دەکەیت مەینوسـە، چونکە دوای خەڵکی بـڕوات پێ ناکات زەمەنەکە زەمەنی شتی وا نییە، دەنا بۆ ئێمە ئاساییە.

ماکوان: پێ دەچێت لەمەیاندا لە خەڵکی تر جیاوازتر بم، ئەوەی کە خۆم بڕواو قەناعەتم پێ بێت و راست بێت و دادپەروەری خوای لەگەڵدا بێت و تێپەڕ نەکات لە قورئان و سوننەت، بڕوا بکە حسـاب بۆ یەك تاکە بەشـەر ناکەم لەسـەر ئەم گۆی زەویەدا، چونکە بە هاوڕێکانی خۆشـمم ووتـوە نـە بەتەمای ئەوەم پارە بە ئیسـلام پەیدا بکەم نە دەچمـە ناو حیزب و پەرلەمان و وەزارەت نە بەدوای ئەوەشەوەم خەڵکی شوێنم کەوێت.

ئینجـا خۆ من چێشـتخانەم نییـە تا خەڵکی بۆ بانگ بکەم، ئەمەوێت زانسـت فێری ئەو خەڵکە بکەم کە پەیوەندی هەیە بەسەر بیرو باوەڕەوە وەریگرت قانزاجی خۆیەتی وەرینەگرت خۆی بەرپرسە لە دنیاو قیامەت.

شـێخ بەرقـان: دە مادام وایە هەموویت دەسـت دەکەویت و خەڵکیش سـودمەند دەبێت. ئامۆژگاریـت دەکـەم هەوڵمەدە خەڵکی رازی بکەیت هەوڵ بدە خـوا رازی بکە، هەموو جن و ئینست بۆ رازی دەبێت.

ماکوان: ئەرێ بەراسـت ئەوە چی بوو کە ویسـتت زیاتر سـودمان پێبگەیەنیت لە رووی سیرەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ).

شێخ بەرقان: دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم؛ کە جیهانی ئێمە هەرگیز لاواز نەبووە بە گوێرەی ئەو کاتەی کە پێغەمبەری ئیسـلام محمد (ﷺ) هاتووە، زۆر شـتمان لـێ وەرگیراوەتەوە لەو تواناو هێزانەی کە پێشتر هەمان بووە.

بۆ نمونە پێشــتر وەك خۆت فەرمووت کە جنۆکە و شــەیتانەکان دەیانتوانی شــتێك لە غەیب بزانن بە هۆکاری فریشتەکانەوە.

ماکوان: بۆ ئێوە فریشتە دەبینن؟

شــێخ بەرقــان: هەندێك لە شــەیتانەکان دەیبینن بە هۆکاری ئیبلیــس-دوە، خوای گەورە توانایەکی داونەتێ ئیبلیس دەتوانێت فریشتە ببینیت هەندێکی لە شوێنکەوتوانی خۆیان فێری ئەوە کردووە کە چۆن دەبینرێن، ئەویش هەر خوای پەروەردگار ئەو هێز و توانایەی بەخشیوە بە خۆی و دارو دەستەکەی.

ماکوان: شێخەی برام بەڕاست تۆ ئیبلیس-ت دیوە؟

شێخ بەرقان: نەمدیوە تا ئێستا، ئەگەر بیشی بینم ئەو من دەکوژێت و من هیچم بۆناکرێت.

ماکوان: ئەی ناتوانن یەکێك لە ئێوە لەناوی بەرێت؟

شێخ بەرقان: دەستی کرد بە پێکەنین ئەوە وەعدی خوایە شەیتان مرۆڤێك دەیکوژێت کە ئێستا لەسەرەویدا نییە.

ماکوان: تێنەگیشتم کێ شەیتان دەکوژێت؟

شــێخ بەرقــان: ئەبێت مرۆڤێك بیکوژێت، خوای گەورە بەدەســتی ئێــوەی مرۆڤ لە ناوی دەبات.

ماکوان: ئەم شــەیتانەی خۆمان مرۆڤ دەبێت بیکوژێت؟ جا زوو قســەت بکردایە، ئەگەر وایە من دەچم دەیکوژم ئەگەر بە کوشــتنی خۆشــم تەواو بێت با ئەو خەڵکە لەشەڕی شەیتان نەجاتی بێت. بەس ئەمە لەرووی شەرعیەوە جێگای دەبێتەوە؟

شــێخ بەرقان: تۆزێك لە مەوبەر تۆ تەحیاتت دەخوێند لەنوێژی بەیانیدا، گوێم لێبوو لە تەحیاتەکدا دەنگت بەرز کردووە ووتت: وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ.. وابوو؟

واتا پەنا دەگرم لە مەسیحی دەجال، ئەزانی ئەو مەسیحی دەجالە کێییە؟

ماکوان: بەڵێ دەزانم ئەوە دەجالە و بە دەیان فەرموودەم لەسەری خوێندۆتەوە.

شێخ بەرقان: ئاخر ئێوە وادەزانن مرۆڤە، وایە؟

ماکــوان: بەڵــێ وایــە ئــەو مرۆڤــەو لــە خوراســان لــە ئەصفهــان لەنــاو گەڕەکــی جولەکەکانەوە دەردەچێت و حەفتا هەزار جولەکەی لەگەڵدایە لە ئێرانەوە دێن.

شــێخ بەرقان: بەشــێکی زۆر لە قســەکەی بەڕێزت راستە، بەڵام لە ڕاســتیدا ئەو دەجالە شەیتانە، واتا ئیبلیس-ە دەبێت بە دەجال.

ماکوان: بەڵێ گوێم لە شتێکی وابووە کە زانایەکی فەڵەستینی بەناوی (بەسام جەرار) ئەویش دەڵێت: کە گوایە مەسیحی دەجال ئیبلیس-ەو بەدەستی مەسیحێکی تر لەناو دەچێت.

شێخ بەرقان: ئەی بارك الله فیکم، کەواتە مەسیحی دەجال بە مەسیحی عیسای کوڕی مەریەم لەناو دەچێت. بۆیە نە ئێمە و نە ئێوەش ناتوانێت شەیتان لەناو بەرین، بێجگە عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێبیت، چونکە جارێ ئەو ئەرکەکەی تەواو نەبووە لەسەر زەوی دەبێت بگەڕێتەوە لە ئاسمانەوە، کەواتە دەگەڕیتەوە سەر زەوی لە دیمەشق دەیگرێت و بەهەناسەی دەیتوێنێتەوە.

ماکوان: کەواتە ئێوەش ئەو رایەی شیخ بەسام جرار تان قوبوڵە و بەتەواوی دەزانن؟

شێخ بەرقان: بەڵێ، زۆر دەلیل و نەصی تر هەن کە پشتگیری ئەوە دەکەن لە قورئانو لە سوننەت، هیچکام لە نەصەکان ناڵێت مرۆڤەو باس لە مرۆڤ بوونی دەجال ناکات.

ماکوان: مادام وایە من ئەم شەو لە فەیسبوك باسی دەکەم و با ئەو خەڵکە بزانێت.

شێخ بەرقان: خەڵکی بڕوا دەکەن ئەگەر بەڵگەکان بخەیتە روو تەماشای بەسام جەرارو فەرمودەکان بکەرەوە، زۆر باش دەبێت و کاتت درەنگە بۆ تۆ ماڵ و منداڵ چاوەڕێتنو ماندوویت بڕۆ بخەوە.

قسەکەی تەواو کرد خێزانم تەلەفونی کرد ووتی: ماکوان ئەوە خێرە ناهاتیتەوە؟

ماکوان: وا هاتمەوە ئێستا بەرێدەکەوم.

سەسیل و داوایەکی سەیر

شەو لەماڵەوە دەستم کرد بە لایڤەکە خەڵکی زۆری بەلایەوە سەیر بوو، هەموو پرسیاریان دەکرد خوای گەورە دەفەرموێت شەیتان تا رۆژی قیامەت دەمێنیتەوە، دیار بوو زۆرێك لە خەڵکی زۆر بەسادەی لە ئایەتەکان تێگەیشتبوون، وایان دەزانی کاتێك شەیتان دەڵێت بە خوای پەروەردگار بم هێڵەرەوە تا رۆژی زیندوو بوونەوە، بەڵام خوای گەورە بە قسەی ناکات. دەفەرموێت بڕۆ چاوەڕێ بکە تا ئەو رۆژەی کە بۆت دیاری کراوە، چونکە ئەگەر رۆژی زیندووبونەوە بێت ئەو واتا شەیتان بە حسابی خۆی ویستی فێڵ بکات لە خوای پەروەردگار و مردنی خۆی تێپەڕێنێت و بە زیندوی تا رۆژی زیندووبونەوە، یاخود قیامەت

بمێنێتەوە، بەڵام خوای گەورە پێ فەرمووو برۆ بمێنەرەوە تا رۆژی دیاری کراو، نەك قیامەت. هیچ زانایەك لە ناو ئیسلامدا نەی فەرمووە و نە ینوسیوە کە شەیتان تاقیامەت دەمێنێتەوە. خوای پەروەردگاریش لە قورئاندا بەم شێوەیە باسی کردووە و روونە قسەکان.

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ٣٦ الحجر

شەیتان وتی: پەروەردگارا، مۆڵەتم بدە هەتا ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ ٣٧الحجر

خوایــش فەرمووی: دەتۆ لــە مۆڵەتدراوانیت، نەك قیامەت بەڵکــو ئەوەی خوای موتەعال دەیەوێت.

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ ٣٨الحجر

تا ڕۆژی کاتە دیاریکراو و زانراوەکە ئەوەشی دەڵێت لای خوا دیاری کراوە، لەڕاستیدا هەموو رۆژەکان لای خوا دیاری کراوە.

ئەوەندەی کە شـێخ بەسـام جەرار باسـی دەکات دەڵێت: پێ دەچێت شـەیتان دوای بەکار هێنانی وەسوەسە خۆی ئاشکرا بکات و لە شێوەی مرۆڤدا خوای گەورە مۆڵەتی پێداوە لەماوەی ٤٠ رۆژدا بێتە سـەر زەوی لە رۆژی کۆتای ٢٠ رۆژەکەیدا بەدەسـتی عیسای کوڕی مەریم لەناو دەچێت.

لە لایڤەکەمدا خەڵکێکی زۆر دەیانپرسی کاکە خۆ دوای ئەوە خراپە دەست پێدەکاتەوە؟

ئەوەشـم بـەو خەڵکـە بەڕێـزە راگەیاند کە مـرۆڤ بێجگە شـەیتان چەند شـتێکی تر دوژمنییەتـی، یەکێـك لەوانە نەفسـی خۆیەتـی، یەکێکی تر شـەهوەتە،هەروەها شـوبهاتە. خۆ ئەو کاتەشـی کە ئیبلیس-ی شـەیتان لە ناو دەچێت بەدەسـتی عیسـا (علیه السـلام) بە ملیۆنەها شـەیتانی تر لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵیت، پاشـان خەڵکی وامان هەیە لە شـەیتان زۆر خراپترە. جاری وا هەیە شەیتان پێی دەڵێت لەخوابترسە.

پرسیار لەوە کرا لە باسی چیرۆکی جەساسەو ابن صیاد، باسم کرد کە هەردوو فەرمودەکە پشـت راسـتی ئەوە دەکەنەوە کە دەجال شـەیتانە چونکە ماوە و بەردەوام لەژیاندایە. هیچ مرۆڤێك نییە لەسەر زەویدا ئەوەندە بژی تەنها شەیتانە لە جنۆکەیە کە ئەو تەمەنە زۆرەی پێداوە خوای پەروەردگار، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سوێند خواردنەکەی عومەری کوڕی خەتـاب (ڕەزامەنـدی خوای لەسـەر بێت) بێدەنگ بـوو کە فەرمووی دەجـال ابن صیادە، لە جێگایەکی تریشدا بە فەرمودە هاتەوە کە سامری لەسەردەمی موسادا دەجالە، سامریش هەر

شەیتانە.١

قسەکانی شێخ بەرقان لە مێشکی مندا دەهاتو دەڕۆیشت، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە قسەکانی بەرقان و بسام و دەیان زانای تریش تەواوە.

شەیتان رقی لە مرۆڤە خوای پەروەردگاریش بۆ بوغزاندنی شەیتان دەبێت بەدەستی مرۆڤ لەناوی بەرێت، ئەو خۆی زۆر بە لوت بەرزو زل زانی لە ئاستی قسەی پەروەردگاردا کە خۆی زۆر پێ گرنگتر بوو لە مرۆڤ، رقەکەشی ئەوە بوو کە ئاوەدانی زەوی بەخشرا بە مرۆڤەکان و تەنها بەندایەتی کردنی ئازاد بەخشرایە جنۆکەکان.

خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکات بۆمان لە باسی دروستکردنی ئادەم و سەرپێچی شەیتان دا دەفەرموێت: لە سورەتی الحجردا

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ ٢٩

خوای پەروەردگار کاتێك مرۆڤی دروست کردو فەرمووی: جا کاتێك رێك و پێك و تەواوم کرد، لەو رۆحە تایبەتیەی کە من (بەدیهێنەری ئەوم)، پێمبەخشی ئەوە هەمووتان کڕنووشی بۆ بەرن (کڕنووشی رێز بە فەرمانی خوا).

فَسَجَدَ الْمَلآئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ٣٠

ئینجا فریشتەکان (فەرمانی پەروەردگاریان بەجێ هێناو) هەموویان بەگشتی کڕنووشی رێزیان برد.

إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ٣١

جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) سەرپێچی کرد کە لەگەڵ کڕنووش بەراندا بێت.

١- روونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە لەلایەن چەند زانایەکەوە باس کراوە، لە هەموویان بەهێزتر لای من شێخ بسام جرار لە یوتیوبدا هەیە، بە ماوەی ٤ کاتژمێر یاخود بە چوار بەش- بەباشی روونی دەکاتەوە. هەروەها شێخ صالح الموغیمیسی باسی دەکات..هتد

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا لَكَ أَلاَّ تَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ٣٢

ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە بۆ لەگەڵ کڕنووش بەراندا نیت؟!

قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ٣٣

شەیتان لە وەڵامدا وتی: من ئەوەندە (نزم و بچوك) نەبووم کڕنووش بەرم بۆ بەشەرێك کە تۆ پێشتر قورێکی رەشباوو ترشاو بووە؟!

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ٣٤

خوا فەرمووی: (چونکە لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد، دەبێت لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان) کەواتە دەرچۆ لێرە چونکە بەڕاستی تۆ نەفرین لێکراویت.

وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ ٣٥

بەڕاستی نەفرینی خوات بەردەوام لەسەرە هەتا ڕۆژی دوایی.

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ٣٦

شەیتان وتی: پەروەردگارا، مۆڵەتم بدە هەتا ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ ٣٧

خوایش فەرمووی: دەتۆ لە مۆڵەت دراوانیت.

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ ٣٨

تا ڕۆژی کاتە دیاریکراو و زانراوەکە.

قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الأَرْضِ وَلأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ٣٩

ئیبلیس (بە بوغرو کینەو حەسادەتەوە) وتی: پەروەردگارم، مادەم بەهۆی ئەم ئینسانەوە منت سەر لێشێواو کرد، شەرت بێت لە زەویدا هەموو گوناهو لادان و تاوانێکیان لاجوان و شیرین بکەم و هەر هەموویان سەر لێشێواوو سەرگەردان بکەم.

إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ٤٠

بێجگە لە بەندە پوختە و دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چونکە دڵیان بە باوەڕ بە تۆو یادی تۆ ئاوەدانە، هەوڵ و کۆششی من بۆ وێڵ کردنیان ناکامە).

قَالَ هَذَا صِرَاطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ ٤

خوای گەورە فەرمووی: ئا ئەوە ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستە هەر بۆ لای من دێت و هەر من چاودێری دەکەم.

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ٤٢

بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بە تۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەریاندا، جگە لەوانەی کە شوێنت کەوتوون لە سەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ ٤٣

بێگومان دۆزەخیش بەڵێنگای هەر هەموو ئەوانە بەگشتی.

لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ ٤٤

حەوت دەروازەی گەورەی هەیە، هەر دەروازەیەکیشی چەند دەرگاو چەند بەشێکە کە دەستەی دۆزەخیان، بەگوێرەی تاوان و گوناهیان ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناوی.

دیسان دەگەڕێمەوە بۆ لای دەجال ئەو هەموو تواناو هێزە بۆ کەسێك لەناو مرۆڤەکاندا دەست ناکەوێت ئەگەر هێزو توانای جنۆکەکانی تری لەگەڵدا نەبێت، هەموو باش دەزانین کە شەیتان خۆی لە جنۆکەکانە. جامادام لەوانە هاوکاری هەر لەوانیش وەردەگرێت، خوای پەروەردگاریش لە سورەتی کەهف بە ئاشکرا باسی دەکات و دەفەرموێت: وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا ٥٠

ئێمە کاتێك بە فریشتەکانمان وت سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەرهەموو سوژدەیان برد بێجگە لە ئیبلیس نەبێت کە لە دەستەی جنۆکەکان بوو، لە فەرمانی پەروەردگاری یاخی بوو، ئایا (ڕەوایە) کە ئەو و نەوەکەی بکەنە پاڵپشت و یارو یاوەری خۆتان لەجیاتی من، لەحاڵێکدا ئەوانە دوژمنی ئێوەن، ئای کە ستەمکاران شتێکی ناڕەواو ناپەسندیان هەڵبژاردووەو (گوێڕایەڵی دەکەن).

کەواتە دەرئەنجامەکە بەو شێوەیە، جارێ ئەرکی عیسای کوڕی مەریەم تەواو نەبووە، لەبەر ئەوەی لە بەنی ئادەمەو خوای گەورە تۆڵەی ئادەم و نەوەکانی لە شەیتان دەکاتەوە بەدەستی عیسای کوری مەریم، لەبەر ئەوەشە کە مەسیحی عیسای کوڕی مەریەمی هەڵبژاردوە خوای پەروەردگار بۆ ئەو کارە گرنگە، چونکە زۆر لە ئادەم دەچێت و خوای گەورە هەرکات باسی دروستکردنی عیسای کردبێت نمونەی بە ئادەم هێناوەتەوە شکڵ و شێوەیشیان لەیە چووە.

گەڕانەوەی عیسای کوری مەریەم بە پێغەمبەرایەتی نییە بۆ سەر زەوی، بەڵکو بەندەیەکی ئاساییەو لە دوای محمدی مەهدیەوە نوێژ دەکات و دوای مردنی محمدی مەهدی ماوەی ٤٠ساڵ فەرمانڕەوای دەکات کە باشترین و زێڕینترین سەردەمی فەرمانڕەوای سەرزەوییە.

هەموو ئەمانە کەباسم کرد تاڕادەیەك باش بوو بۆ ئەوەی بڕوا بکەم کە بەوەی شەیتان دەجالە، بەڵام هەندێك ووردەکاری لە مێشکی مندا مابوو، دەگەڕام بۆ ئەوەی چۆن دەستم بەکەوێت، لەڕێگای شێخ بەرقان یاخود زانایەکی تریان هەر کتێبێك کە بتوانم ئەو پرسیارانەی لێبکەم یاخود دەستم بکەوێت و بیخوێنمەوە، ئەویش بریتی بوو لەو پرسیارانەی کە ئەی ئەو هەموو چەك و بۆمە ئەتۆمەو نایترۆجینییە چی لێ بەسەر دێت، ئایا عیسای کوڕی مەریم و و دەجال لە هەموو ئەو هێزو چەکە ناوەکی و نایترۆجینیانە بەهێزترن کە ئەو دوو کەسایەتیە

حوکومی ســەر زەوی بخەنە ژێر دەستیان. مێشـکم بەو پرسیارانەوە سەرقاڵ بوو، نەمدەزانی چۆن وەڵامی بۆ دەستە بەر بکەم.

رۆژێـك بــەردەوام لــە کتێبخانەکەی خۆمــدا بــە دوای هەندێك ســەرچاوەدا دەگەڕام لە دوامــەوە دەنگێـك هــات و ووتی: بەس پێـم بڵێ بۆ چی دروسـت بووین، بۆچـی هاتووین؟ دەنگەکــە لە دەنگی سەســیل دەچوو، ئاوڕمداوە کەس دیار نەبوو ناچــار وازم هێنا، بۆ جاری دووەم ووتی کەڕی نابیسی چی دەڵێم؟

ئەمجارەیان دڵنیا بووم لەوەی دەنگەکە سەســیل-ە وویســتم وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە بە هێمنی.

دیســان پرســیارەکەم دووبارە کردەوە بە دەنگی بەرز بۆچی ئێمەی مرۆڤ خوا دروســتی کردوین؟ بۆ پرسمان پێنەکراوە کە هاتین بۆ ئەم ژیانە؟

زۆرێك لە خەڵکی لە سەرەتای ژیانییەوە تاکۆتایی ژیانی بەدوای ئەم پرسیارەوەیە، یان با بڵێین زۆربەی دانشمەندو فەیلەسوف و بیرمەندەکان.. هتد، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا وێڵ بوون و گوزەریان کردووە بەناو مەعریفەدا.

هەر قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی فیکرو فەلسەفە جۆرە وەڵامێکی دەستەبەر کردووە. لــە فەلسـەفەی سروشــتەوە بیگــرە تــا پراگماتیکی و مــاددی و وجودی و میســالی و سوفسطائی.. هتد.

لەڕاستیدا دەرفەتی ساغ کردنەوەی ئەوەم نییە هەموویت لێرەدا بۆساغ بکەمەوە، بەڵام بەردەوام بیت لەگەڵمدا هەموویت بۆ ساغ دەکەمەوە بە دەرس و دەور، زۆر درێژم نەکردەوە، بۆم باسکرد کە لەڕاستیدا فەلســەفەی سروشتی لێدەرچێت کە واتای مرۆڤگەراییە، هەموو بیرو فەلسەفەکانی تر بڕوایان وایە مرۆڤ بێهودەیە. نە ك بەتەنها مرۆڤ بەڵکو جنۆکەکانیش ســەرگەردانن بێ هودە کار دەکەن و ئەخۆن و ئەخۆنەوە وەك ئاژەڵ دەژین.

بەڵام ئاینەکانیش قسەی گەورەیان هەیە لەسەر هاتنی مرۆڤ.

بەتایبەت ئیسلام و یەهودی و مەسیحیەکان.

ئاینەکانی تری وەك زەردەشــتی، لاوتســتۆی، بوزا، کۆنفۆشیۆســی، هیندۆســی، بهرامی و میترای..هتــد لای ئەوانیش لە زوهد و ژیانێکی ناواقعیدایە..مرۆڤ تەنها قســەی جوانەو هیچ ئەرزشی نییە لە کۆتایدا.

جا ئەو کەسەی کە پرسیارت کردووە لێرەدا من باسی ئیسلام دەکەم، چونکە ووتەم لەسەر

مرۆڤی وەرگری ئیسلامە واتا موسوڵمان.

کەواتە موسـوڵمان کاری چیە و بۆچی هاتووە ئایا موخەیەرە یان موسـەیەرە واتا ئەمری پێکراوە یان ئازادە، لەهەمانکاتدا ئەوەی بۆ مرۆڤە بۆ جنۆکەکانیشە چونکە خوای پەروەردگار باسی هەردوولامان بەیەکەوە دەکات بۆ بەندایەتی، بەڵام ئەرکێکی قورس تری داوە بە ئێمە کە ئاوەدان کردنەوەیە. بەداخەوە زۆر جار جنۆکەکان دەچنە لای شـەیتانی ئیبلیس و بۆ ئەوکار دەکەن و دەبنە بێهودە ژیانی دنیاو قیامەتیان دەدۆڕینن ئەوەی مرۆڤ لەسەر شانی فەرزکراوە بۆ ئاوەدانی کەچی ئەوان وێرانی دەکەن.

مـادام هەردووکیـان هەیە ئـازادی و ئەمر پێکـراوە، کەواتە مـرۆڤ و جنۆکە لەهەردوو بەشەکە پێك هاتووە.

بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بڵێ چایی دەخۆیت یان قاوە؟

کەواتە هەردووکیان بوونیان هەیە بۆیە ئیختیارت ئەداتێ.

ئەم نمونەیە باشترین رونکەرەوەی ئەو بابەتەیە کە بەدرێژایی دە ساڵی ڕابوردوو من ئەم پرسیارەم لێکراوە لە ڕێگای مولحیدەکانەوە، هەندیك لە خەڵکی کە ئاقڵ بوون وەریانگرتووە موسـوڵمانێتی خۆیانیان پێ بەهێز کردووە، ئەوەشـی کە بەچوار پێ ڕۆشـتووە ئاژەڵ ئاسـا هەنگاوی ناوە سەر لێشێواو بووە وە ئیبلیس بەردەوام بووە لەسەر ئینکاری خۆی و خەڵکیشی گومڕا کردووە.

بەواتایـی ئـەوەی ئەو ڕەگەزەی کە مرۆڤ و جن پێك دەهێنـی، واتا پێکهاتەی نێرو مێیە خـوای گەورە هەندێك کاری پێبەخشـیوە کـە ئەمر پێکراوە، هەندێك کاری پێبەخشـیوە کە موخەیەرو ئازادە.

- چین ئەوانەی کە موسەیەرە و دەبێت ببێت و مرۆڤ ئازاد نییە تێیدا؟

لێرەدا باسـی ژیانی خۆمان واتە مرۆڤ دەکەم، چونکە شـارەزا نیم لە سیسـتەم و ژیانی جنۆکەکان.

گومانی تێدا نییە زۆرە بەڵام چەند نمونەیەکی باس دەکەم و بەشـەکانی تر لە مێشـکو بیری خۆتدا دوایی دەتوانی بە ئاسـانی تاوتوێـی پێبکەیت، ئیتر لەمەودواو دەزانیت لە چیدا دەسەڵاتت نییە و لەچیشدا ئازادی.

لە کوێدا لە دایك دەبیت، لە کوێدا دەمریت، خەڵکی کوێت ئایا کوردی عەرەبی فارسی یان کوڕی کێیت، نێری یان مێ، ئەمانە هیچی لەدەست و هەڵبژاردنی مرۆڤدا نییە.

برسێتی، تینوێتی، ئازار، حەزی شەهوت بەهەموو جۆرەکانی لە لیکێکەوە تا شەهوەتی و تۆوی، هیچی لەدەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و سیستەمێکی گشتیە گەردونی خوایە بۆی داناوین.

دێمە سەر باسی ئازاد بوون، حیکمەت و فەلەسەفەی پارسەنگی دەردەکەوێت لەناو هەردوو چەمکەکەدا.

کەمادام برسێتی مرۆڤ بەدەست خۆی نییە هەر برسی دەبێت، کەواتە تۆ ئازادی چی دەخۆیت. حەڵاڵ و موباح وەك گۆشتی مریشك و مەڕو..هتد یان حەرام وەك بەراز و مردارەو بووەکان.

کە تینووت بوو لەدەسەڵاتت دا نییە، بەڵام ئازادی چی دەخۆیتەوە ئاو، ماستاو، شەربەت.. هتد ئەوەی کە حەڵاڵە. حەرامەکان ویسکی، جن، عارەق، ڤۆدگا..هتد ئازادی.

شەهوەتی حەز بە ئافرەت دەکەیت یان بە پێچەوانەوە لەدەستتدا نییە ئەم حەزە، حەزێکە چێنراوی خواییە، بەڵام ئازادی بە زیناو کاری خراپە ونێربازی تێری شەهوەت دەکەیت، یان هاوسەرگیری دەکەیت و خێزان پێك دێنیت.

مردن بەدەست تۆ نییە، بەڵام ئازادیت مردنەکەت هەڵبژێریت لە پێناوی کێدا بێت.

ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەیە ئایا خالق پرس بە مەخلوق دەکات بۆ دروستکردنی؟ بە دوو بیردۆزی مەعریفی گریمان وەڵام ئەدەمەوە.. وَلِلّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَىَ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

گریمانی یەکەم - ئەگەر لە ئەدیسۆن بپرسی تۆ کارەبات دروست کردووە کە بۆ پێداویستی مرۆڤە، ئەی پرست بەکارەبا کرد کە دروستی دەکەیت؟

گریمانی دووەم- ئەگەر بە کارەبا بڵێیت جەنابی كاك کارەبا، ئایا ئەدیسۆن دەناسیت؟

بە هەردوو گریمانەکە وەڵامی سێیەممان دەست دەکەوێت بە گریمانو دەیکەینە مەعریفە. ئەدیسۆن پێویستی نییە پرس بەکارەبا بکات، چونکە ئەدیسۆن داهێنەری کارەباییە. پاشان کارەباش بەهیچ شێوەیەك ئەدیسۆن ناناسێت، ئەگەر دەست بداتە سەرد و گەرمی کارەبا دڵنیام کە کارەبا کە بارگاوی دەکات و دەیکوژێت ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت.

کەواتە خالق پرس بە مەخلوق ناکات، پاشان مەخلوق وەك ئەوەی کە پێویستە خالق ناناسێت. ئێ کەواتە ئەو مەخلوقە کە خالقەکەی ناناسێت دەبێت خۆی پێ بناسێنێت.

خوای پەروەردگار ئەو خودایە واتا خودی خۆی هەموو شتێك دەبەخشێت، ناوی خودا لە بەخشینی خۆیەوە هاتووە کە خودی خۆی بەخشندەیەو بەدیهێنەرە، نەك لە کاتی دروستکردنیدا پرس بە مەخلوق بکات، ئەگەر خوای پەروەردگار خۆی بە مەخلوق نەناسێنێت،

هیچ ڕێگایەك نییە تۆ خوا بناسیت.

تێگەیشتی؟

تێگەیشتی؟

وەڵام نییە..

چییە بۆ لاڵ بویت؟

سەسیل: ماکوان ئەگەر پێت بڵێم وەرە بۆ جێگایەك لەگەڵمدا هاوکاریم بکەو لەدوای ئەوەوە من موسوڵمان دەبم، هاوکاریم دەکەیت؟

ماکوان: ئاخر تۆ زۆر درۆزنی لەوەتەی تۆم ناسیوە راستی لە دەمت ناهاتۆتە دەرەوە، ئەگەر راست بکەیت سوێند بەخوای گەورە شەڕت لەسەر دەکەم لەگەڵ ئیبلیس-دا.

سەسیل: پەیمانم بدەرێ هاوکاریم دەکەیت، من موسوڵمان دەبم.

ماکوان: بە مەرجێك راقی، حەزقیل، حەنانە و جەماعەتی خۆمان ئاگادار بن.

سەسیل: نا با تەنها نێوانی خۆمان بێت.

ماکوان: بڕوا ناکەم لەسەرەتاوە وەعد بدەم، بەڵام پێم بڵێ بزانم چییە و دەتوانم یارمەتیت بدەم.

سەسیل دەستی کرد بەگریان و وەك مار لوشکەی دەهات، بەڵام هەر بڕوای پێناکەم دەزانم خۆی مارە و هیچ جێگای متمانە نییە، بەڵام من خەریکم چۆك دا دەدەم بە ووتنی موسوڵمان بوونی داواکەیشی زۆر موهیمە.

کۆتای دوکان و بازاڕەکەی سەسیل

گوێم لە لوشکەی گریانی سەسیل بوو بێ ئەوەی بیبینم، هەستم دەکرد شتی زۆر لە دڵیایەتی و دەیەوێت بیڵێت و نازانێت چۆن دەری بڕێت. کێشە لەوەدایە من راستیم لەم جنۆکەیە نەدیوە، هەموو گیانی درۆ خراپەکاری بووە دەرحەق بە من.

وەعدی زۆر خراپی داوە لەسەرمن و هەمووشی هێناوەتە دی.

هەر لە ترساندنم و فراندنم و ئازاری دەرونی، تەنانەت گرتنم لە لایەن موخابەراتی ئیتالی و نەرویجیەوە، ترساندم بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان..هتد.

ئێستاش وا لە بەردەستمدا زەلیل بووە.

قسەیەکی زۆر سەیری کرد بە گریانەوە.

سەسیل: ماکوان سوێندت بۆ دەخۆم هاوکاریم بکە، ئەوەی لە ژیانتا ناڕەحەتی و ئازارت پێبگەیەنێت وا شێتی دەکەم کە لە پیسایی خۆی بخوات و لە سێبەری خۆشی بترسێت.

خۆ ئەگەر هاوکاریم نەکەیت...

نەمهێشت قسەکەی بکات ووتم: سەسیل هەڕەشەو شتی وا لە من مەکە، من بە هەڕەشە شێت دەبم و هەروەها پیسایی دەرخواردی ئەوە ئەدەم هەڕەشەم لێبکات. جا پیاو بەو یان جنۆکەیەکی مەعقول بە و هەڕەشەو قسەی قۆڕ مەکە. هیچت لەگەڵ من بۆ ناکرێت تۆ و گەورەکەت کە شەیتانە. من گەورە و سەروەر و سەردارم خوای پەروەردگارە، تۆ هەر هیچ نیت، ڕونە؟

سەسیل: من قسەت بۆ دەکەم کەس ناوێرێت قسەت لەگەڵ بکات خێرا هەڵدەچیت.

ماکوان: بەدڵنیاییەوە هەڵدەچم بەس قسەکەت بۆنی هەڕەشەی لێبێت، بە ئەدەبەوە قسە دەکەیت گوێت بۆ دەگرم قسە بە هەڕەشەوە دەکەیت گیانی خۆم دادەنێم یان زەلیلت دەکەم، ڕونە؟ جا تۆ بە ئەدەبەوە و بە ئیحترامەوە قسە بکەو بیشزانە قسە لەگەڵ کێ دەکەیت.

سەسیل: باشە تۆ بڕوا دەکەیت کەوا حەزقیل، راقی و حەنانە جاسوسن بەسەر تۆوە؟ کار بۆ ئێمە دەکەن ئەوەت بۆ دەربخەم. هەموو بەڵگەکان بخەمە بەردەستت ئیتر بڕوا بە من دەکەیت؟

ماکــوان: نەوەڵــڵا ئەگەر ئــەوان وا بن وەك تۆ دەڵێیت ئەی ئیتر بڕوا بە خۆشــم ناکەم، چۆن بڕوا بە تۆ بکەم.

سەسیل: دەبڕوا بکە سوێندت بۆ دەخۆم کە هەموویان دژی تۆن و بەکارت دەهێننەوە لە گەورەترین خزمەتکردن بە ساحیرو جادووبازەکاندا.

ماکوان: باشە بەڵگەیەکم بدەرێ با بڕوات پێبکەم.

سەســیل: لەگەڵ مندا وەرە بۆ جێگایەك بیان بینە کە لەگەڵ جادوبازێکدا قســە دەکەن و تۆش بەقەدەر هەموو دنیا رقت لێیەتی دەشیناسی، باشە؟

ماکوان: تۆ بەرژەوەندیت چییە لەم فیتنەی و سەگ و سەگبابیە؟

کە وایووت زۆر تورە بووم هەســتم بەوە دەکرد کە راســت بێت قســەکانی، لەداخاندا چی لەناودڵمادا بوو بەوەم ڕشت.

سەسیل: ئارام بە بیرتە لەگەڵ شێخ شاهین-دا بووبە شەڕت لە فرێدریکستاد لە قاوەخانەکەدا پۆلیس هاتوو گرتی؟

ماکوان: بەڵێ بیرمە کابرای زلەی تورکمان نالێیت، ئەوەی تۆ هێنابوت؟

سەســیل: با خۆیەتــی بەچی دەڵێیت ســوێندت بۆ دەخۆم هەر هەموویــان لەگەڵ ئەودا کاردەکەین، منیشیان وا داناوە کە سەر لە تۆ تێکبدەین کە گوایە ئەوان هاوکاری تۆ دەکەن.

ماکوان: ئەرێ سەســیل کەس نەماوە لەسەر ئەم زەویەدا خۆتانی پێوە سەرقاڵ بکەن تەنها ماکوان نەبێت، کاکە ئێوە لەکام خاك و خۆڵن؟

سەســیل: ئێمە لە خاك و خۆڵ نین، بەڵکو لە ئاگرو بڵێســەین، بەڵام وەرە با بڕوا بکەیت کە ئەوان بۆ ئەو کار دەکەن.

ماکــوان: ئێ بێم بۆ کوێ شــاهین لە ئەوروپای شــەرقیە بەچی ئەمبەیــت ئینجا راقی و حەنانــە و حەزقیل مــن لەکوێ بیانبینم بەدزیەوە ئەوان خۆیان نیشــانی من ئەدەن خۆ من ئەوان نا بینم بە ئارەزوی خۆم، تۆش هەر ئەم درۆیەت مابوو فڕێی دەی بۆم؟

سەسیل: من دەتوانم تۆ بەرم بۆ لای ئەوان و لاشەو هەموو جەستەت لەجێگایەکی تر بێت.

ماکوان: دەی کێ نالێیت سیحر نییە سەسیل-ە فەنی.

سەسیل: راستە ئەوە سیحرە من بە سیحر ئەت بەم و ئەوان دەبینی کە چی دەکەن.

ماکوان: ئینجا تۆ چەند وەختە وەك ســەگ دوای من کەوتویت بۆ ئەوەی ســیحرو جادوو بکەم، ئێستا ئەتەوێت هەر وا بە ئاسانی بمخەیتە ناو ئەو کارەوە و کافرم بکەیت و لەم دینەی

خۆم دەرمبکەیت؟ کورە برۆ هەی هیچو پوچ با ئایەتەل کورسیەك بخوێنم وەك ڕەشەبا بتبەم بەئاسماندا.

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، ماکوان سوێندت ئەدەم بەوەی بڕوات پێیەتی قسەم زۆر ماوە ڕاوم مەنێ با هەندێك قسەی تر هەیە بکەین.

ماکوان: قسەی چی بکەین ئەوە نییە کافرم دەکەیت هەر کەس سیحر بکات، یاخود بچێت بۆلای ساحیر یان ڕێگای نیشان بدات هەموویان کافر دەبن. دەتەوێت وەك خۆت بێدین بم؟ باشە بی ئەقڵ تۆ کە ئەوەندە لەم قورئانە ئەترسیت و ئەزانیت راستە، ئەی چۆن بڕوای پێناهێنیت؟ ئاخر لای ئێمە هەر شتێك بی ئەقڵ بێت پێ دەڵێن کەر یان چوار پێ یان وڵاغ. بەس ئەم جارە حەقە بڵێن سەسیل، بەداخەوە بێجگە منیش کەس ناتناسێت.

سەسیل: تواناکەت ئەدەمێ پێی دەبێتە (جەمپەر) دەتوانیت لە ماوەیەکی کەمدا ئەوەی ئەتەوێت بەیەکەوە بڕۆین و ببینین ئەگەر ئەمسەراو سەری ئەم وڵاتەش بێت.

ماکوان: ئینجا ئەم ساختە چێتیە چیە؟ حەتمەن ئەویش سیحرە، جەمپەر چییە؟

سەسیل: ووشەیەکی ئینگلیزیە، واتا بازدانی فراوان.

ماکوان: وەڵا موسەقەفیشی بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ دەکەیت، نەوەڵا کاکە من باز نادەم و بڕواشم پێت نییە.

سەسیل: بڕوا بکە زانستە، پەیوەندی نییە بە سیحرو جادوە وە. لە جیهاندا ئەو زانستە دەخوێنرێت و زانکۆ و سەدان کۆمپانیا هەیە کە ئەو کارانە دەکەن.

ماکوان: بەڕاست کامەیە ئەم زانستە، کە من تا ئێستا ئەقڵم پێنەشکاوە. جەنابت ئەوەندە موهیمی دەیزانیت، تۆ بۆ وەڵامی پرسیارەکەم نادەیتەوە دەڵێم کە ئەم قورئانە ئاوا حەقە و لێی دەترسی و وەك پوش و پەڵاش ئەتبا بە ئاسماندا بۆ بڕوای پێناهێنیت و موسوڵمان بیت و نەجاتت بێت لەم دەردی سەریەو خۆت لە دۆزەخی ئەبەدی ڕزگار بکەیت؟

سەسیل: بڕوا بکە موسوڵمان دەبم و بۆ ئەوەش هاتووم بۆ لات، دەمەوێت کۆتای بە هەموو کارێکی نەشیاو بهێنم لە گەڵ تۆ و خۆشمدا، بەنیسبەتی زانستەکەوە کە فێرت دەکەم بۆ ئەوەی بتوانی تواناکانی خۆت بەهێز بکەیت ئەوەیش زانستی (پاراسایکۆلۆژی)یە.

ماکوان: جا ئەمە کام ئەکادیمیا ناوی ناوە زانست و لە کام زانکۆی جیهاندا دەخوێنرێت؟

سەسیل: چۆن لە هەمووزانکۆکانی دنیادا دەخوێنرێت.

ماکوان: درۆ دەکەیت و هیچ وانییە، تا ئێستا لەلایەن زانستەوە دانی پێدانەنراوە کە

زانستەو هەر حسابی فاڵ و قاوەگرتنەوە و بورجەکان و ئێوەی بۆ دەکرێت و هیچی تر نییە، قسەی بێمەعنایە و هیچ پەیوەندیەکی بەزانستەوە نییە و زانست ئیعترافی پێناکات.

سەسیل: بە سەدان دکتۆرا و پرفیسۆر و ئەکادیمیا هەیە لە جیهاندا لەسەر ئەو بوارە کار دەکات. لە ئەمریکا، میسر،عێراق و ئێران، تەنانەت لە ئەوروپا، بەریتانیا، مەجەر و زۆر جێگای تریش.

ماکوان: ئەوەندەی من بزانم ئافرەتێك لە ساڵی ١٩٦٠ بە رەچەڵەك عەرەبە، بەڵام رەگەزنامەی ئەمریکی هەیە و لە ئەمریکاش لە دایك بووە، یەکێك بووە لە رۆژنامە نووسەکان کە دامەزرێنەری کۆمپانیای بەختە لە ئەمریکا، ئەویش سەری نەگرتووە کۆمپنیاکەی فەشەلی هێنا ئافرەتەکە ناوی (هالە حامید)ە.

سەسیل: نا دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ (ڕیمۆند ڤیدیز) دا کۆمپانیایەکیان کردەوە بەناوی (دێڵفی) لە سان فرانسیسکۆ لەماوەی ٣ ساڵدا ١٨ ملیار دۆلاریان قازانج کرد.

ماکوان: تۆش رقت لە درۆیە سەسیل، درۆیەك بکە رێگای تێبچێت. ١٨ ملیار دۆلار لەماوەی ٣ ساڵدا زۆر زۆرە دەزانیت؟ بۆ کۆمپانیایەکی ترۆهات.

سەسیل: بروا بکە برۆ بگەڕێ وسیرچ بکە لە سەرچاوەکانی خۆتاندا، سەدان سەرچاوە هەیە، ئەزانی کۆمپانیای بەختەکە کاری چی بوو ئەمجارە دروستیان کرد ریمۆند و هالە؟

ماکوان: نا نازانم، بەڵام لەوانەیە هەر فاڵ گرتنەوە بوبێت.

سەسیل: نا بەڵکو ئەمجارە ئەندامەکانیان کە خەریکی کاری پاراسایکۆلۆژی بوون یەکەم جار جێگای نەوتیان ئاشکرا دەکرد، هەر جێگایەکیان دەست نیشان بکردایە پڕبوو لە نەوت، پاشان چونە ناو بۆرصەی جیهانی و بە ئاشکرا ناوی خۆیان نا بوو دێڵفی بەخت و ئاشکرایان کرد دوو هەفتە بۆرصە چۆن دەبێت و چەنیك خێر دەکەن، سودێکی خەیاڵیان دەستکەوت و هەمووشی راست دەرچوو.

ماکوان: ئەوە بەڕاستە؟ ئا پەلە مەکە با سێرچێك بکەم وەك تۆ دەڵێیت بزانم راست دەکەیت.

لە گوگل لە یوتیوبدا گەڕام لەهەموو سەرچاوەکاندا بەرنامەی دیکۆمێنتاری و سەدان مەقالەو راپۆرتیان لەسەر کرابوو، تەماشام کرد ناوی کۆمپانیاکە گۆڕاوە بە کۆمپانیای (مۆبەیس) کاری زۆر گەورەیان کردووە، لەوانە گەورەترین ئاسەواری کۆنی جیهانیان دۆزیوەتەوە لە نزیك ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر.

هەروەهــا کۆنترین کەشــتی نغرۆ بووی ژێر دەریایان ئاشــکرا کــردووە، بەبێ ئەوەی پارە ســەرف بکرێت، بەڵکــو یەکێك لە ئەندامەکانیــان بە پاراســایکۆلۆژی دۆزیویەتیەوە کە لەو جێگایەدا کەشتیەکەی تێیدایە زۆر شتی تر لە کەنز و کەرەستەی بە قیمەت.

ئەوەی سەرنجی منی راکێشا ئەوەیە دەزگای پۆلیسی فیدراڵی و موخابەراتی ئەمریکی ئیف بی ئای و ســی ئای ئەی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا مامەڵە دەکات، لێپرســراوی پۆلیســی یەکێك لــە شــارەکانی ویلایەتی نیــۆرك نەیانتوانیوە کچێکی تەمەن منــداڵ بدۆزنەوە کە بۆ ماوەی هەفتەیەك وون بووە، پەیوەندیان کردووە بەو کۆمپانیایەوە ئەوانیش دەست بەجێ ئاشکرایان کردووە کە ئەو منداڵە نەماوە و دووکەس بە پاراسایکۆلۆژی چونەتە خەوی موگناطیسیەوەوە یەکێکیــان دەڵێــت مردوە خنکاندویانە لــەو جێگایەدا فرێدراوە، کەســی دووهەمیش هەمان جێگای ووتوە، بەڵام دەڵێت: کێشــاویانە بەلای ســەریدا، ئەو کەسەشــی کە کوشتویەتی هەموو ناونیشــانەکەیانداوە کە پۆلیس چۆتە ئەو جێگایە دۆزیویانەتەوە کچەکە لەوێدا فرێدراوە و خنکێنراوەو کێشاویشیانە بەسەریدا.

لە بەرنامەیەکی تایبەتدا لە پۆلیسەکە دەپرسن کە د. مستەفا محمود لە کەناڵی تەلەفزیۆنی اقرا باسی دەکات پۆلیسەکە دەڵێت هیچ ڕێگرێك نییە لە ئێمە پەنا بەرین بۆ هەر شتێك کە تاوانمان بۆ ئاشکرا بکات.

دوای گەڕانم بەدوای ســەرچاوەکاندا سەسیلم هەر نەدەبینی، بەڵام بەدەنگ لەگەڵمدا بوو. دوای چەند ساتێك ووتم سەسیل راست دەکەیت وایە ئەمە یەکەم جارتە شتێك بڵێیت راست بێت و دژی من نەبێت.

سەسیل دەستی کردەوە بە قسەو خۆی ئاشکرا کردەوە بە جلوبەرگەکەی خۆیەوە و ووتی: ماکوان منیش ئەت بەم بۆ ئەو جێگایانەی کە خۆت پێت خۆشــە، دوور لە ســیحر و جادوبازی بە تەنوینی موگناطیسی و خەو و پاشان زانستی پاراسایکۆلۆژی، بڕوا بکە زۆر شتت بۆ ئاشکرا دەبێت، با ئەو زانستەش بزانیت چییە.

سەسیل و زانست و سیحر

سەسیل داوا دەکات فێری زانستێکم بکات بەناوی (پاراسایکۆلۆژی) ئەم زانستە وەك ئەو باسی دەکات دوورە لە سیحرو جادوو، هەموو تواناو هێزی مرۆڤە خۆی بەگەڕ دەخات و سود لە ووزە و هێزە گەردونییەکان وەردەگرێت.

سەسیل: ئەگەر بێت و خۆت وەرزش لەسەر ئەو هێزو توانایانە بکەیت، یاخود لە دنیای ئێستادا پێی دەوترێت - یۆگا - هەندێك وەرزشی ترە زۆر بە توانات دەکات لە مێشك و کردارو تەنانەت تەندروستیشدا.

ماکوان: لەڕاستیدا ئەوەی تۆ باسی دەکەیت هەموویم بیستووە، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆم بەدەست نەهێناوە لەسەری، مادام تۆ بە باشە باسی دەکەیت ئەوە دڵنیام پڕیەتی لە خورافیات و خوزەعبەلات و کوفر و سەگ و سەگبابی. خۆشت باش دەزانی سەسیل من بەقەدەر هەموو دنیا رقم لە تۆیە، زۆرت بەسەر هێناوم جا بەهیچ شێوەیەك بڕوات پێناکەم، بەڵام یەك چانسی ترت ئەدەمێ بزانم ئەمەی باسی دەکەیت چییەو چۆنە، پەلەم لێ مەکە تا هەندێك زانیاری بەدەست دەهێنم لەسەری و دوایی قسە دەکەینەوە، ئەگەر زانیم لەگەڵ شەرعی خوای موتەعالدا دەگونجێت ئەوە لێی ناوەستم، ئەگەر نە گونجا ئەوە ناکرێت و سەری تۆش ئەدەم لەبەرد، روونە؟

سەسیل: باشە چیت دەوێت بۆت بکەم،بۆ ئەوەی بڕوا بکەیت.

ماکوان: ناو و سەرچاوەی کتێبم بدەرێ با بیکڕم و بیخوێنمەوە، لەسەر ئەو بابەتانە یان پێویست بەتۆش ناکات خۆم دەگەڕێم و دەیخوێنمەوە، چونکە هیچ متمانەیەکم بە تۆ نییە، بەڵام پێم بڵێ ئەم زانستەی تۆ باسی دەکەیت کە (پاراسایکۆلۆژی) پێدەوترێت کاری چییەو چی دەکات؟

دەمەویست سود لە کات وەرگرم، زۆر پێوستم بە بینینی حەزقیل و راقی و حەنانە هەیە.

سەسیل: ئەم زانستە فێری ئەوەت دەکات کە چۆن دڵخۆش بیت و چۆن توانات هەبێت بە سەر ئازارو نەخۆشیەکانی خۆتدا. تواناو ووزەیەك بە تۆ دەبەخشێت بتوانیت مێشکی بەرانبەر بخوێنیتەوە، یاخود کاریگەری لەسەر مێشك و بیرکردنەوەی خەڵکی دروست بکەیت. توانای شیفات دەبێت بەهۆکاری هێزو ووزەکان.

ماکوان: ئەمەی تۆ باسی دەکەیت هەمووی شیرکە و هاوبەش دانانە. رزق لای خوای پەروەردگارەوەیە و غەیبە، شیفاء هەر خوای پەروەردگارە. خوێندنەوەی مێشک هەر قسەی بێمەعنایە و کەس لە غەیب نازانێت.

سەسیل: نا وانییە، ئەو زانستە توانات پێدەبەخشێت و هێزی کارۆموغناطیسیە دەتوانیت لەرێگای هێزە فیزیاییەکانەوە ئەو کارانە ئەنجام بدەیت. پەلە مەکە لە بڕیارداندا برۆ سەرچاوەی لەسەر بخوێنەرەوە.

ماکوان: راستە من زانیاریم نییە، جارێ با برۆم بیخوێنمەوە ئەوکات قسە دەکەینەوە.

لەگەڵ سەسیل جیابووینەوە ئەو رۆشت و منیش هەر لە ماڵی خۆمان بووم، بەدوای ئەم (علم الباراسيكولوجي و علوم الطاقة) زۆر گەڕام و بەدوای فتوای موسوڵماناندا گەڕام زانایان چییان لەسەر ووتوە، بەزانای سعود و ئەزهەر و زۆرێکی تر لەزانایانی جیهانی ئیسلامی هەموو حەرامیان کرد و هیچ کام لە زاناکانم نەبینی حەلاڵ یان کردبێت، بێجگە هەندێك بانگخواز لەناو هەموویاندا کە زۆر گرنگی پێدابوو عەدنان ئیبراهم نەبێت کە ئەیگونجێنێت لەگەڵ تەصەوف و هەندێك لە صۆفیەکان و ئەشعەری ئەقیدەکان. ئەوانیش بە ئاسایی وەریان گرتوە، لەشێوەی بەشێك لەپاکردنەوەی رۆح و هەندێك شوبهاندی لەگەڵ زانای ئیسلامی ئیمامی غەزالی کە لە سەردەمی خۆیدا باسی کردووە.

هەندێك کتێبم لە ئەنتەرنێت پەیدا کردو خەڵکێکیش کە دەچوون بۆ حەج و وڵاتانی عەرەبی داوای سەرچاوەی ئەو باسەم لێکردن کە بۆم بهێنن و کتێبی باشیان بۆ هێنام و ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە سەرقاڵ بووم بەو باس و خواستانەوە. زیاد لە ١٦ بۆ ٢٢ کتێبم خوێندەوە لە ئەنەتەرنێت و لە بەرجەستەدا، ئەوانەی کە باسیان کردووە هەموویم تاقی کردەوە ئەنجامەکەی سفر بوو.

پرسیارم کرد لە هەندیك مامۆستای زانکۆ لە سلێمانی و هەولێر و تەنانەت لە زانکۆکانی تورکیاو لەندەن و بەگشتی زانکۆکانی جیهان، باسی ئەو ووزە و توانایانەی کە باس دەکرێت لە زانستی (پاراسایکۆلۆژی) پرسیم، هەموو ووتیان هیچ راستیەکی نییە لە فیزیادا ووزەو هێزی شاراوە نییە و ئەوە کە زانست بڕوای پێیەتی شتی شاراوە نییە، بەڵکو هێزی تاقیکراوەو بەرجەستەیە. شتێك نییە لە زانستی فیزیادا بەناوی هێزی شارەوە.

دوای ئەوە بۆم دەرکەوت بە ناوی زانست و زانیاریەوە سەر لە خەڵکی دەشێوێنن و هەموو قسەی بەتاڵەو هیچ بنەمایەکی زانستی نییەو بە دروستکردنی زاراوەی زانستی دەیانەوێت

خەڵکی لە خشتە بەرن.

ئەوەی زانیم لەم (پاراسایکۆلۆژی)یە دا تەنها فەلسەفەی کۆنی هیندۆسی و چینی و ئەو فەلسەفە کۆنە ئیلحادیە بێدینیانەیە، کە پێچراوە بەناوی باق برقی رۆژئاوا کە پێی دەڵێن گەشەپێدانی مرۆیی و یۆگا و چارەسەری سروشتی بە بەرد و جۆرێك لە یاری وەرزشی بەناوی گەشەسەندنی لاشەی و چارەسەری نەخۆشی و لە هەمووی سەیرتر ئەوەی بۆم دەرکەوت کە زانستێکی نوێیە جولەکە دایمەزراندوە بەناوی (البرمجة اللغوية العصبية) کە بە ئینگلیزی پێدەوترێت **Neuro Linguistic Programming** بەکورت کراوەیی NLP.

لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەموو ئەم زانستانەم خوێندەوە کە بەشێك بوو لە پاراسایکۆلۆژی، ئەم بەناو زانستە چۆن پێچراوە و بە پاراسیکۆلۆژیەوە کە ئێستا زۆر بڵاوەو تەنانەت پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت بۆ بڵاو کردنەوەی. کە تەماشای مێژوەکەیم کرد هەمووی نزیکەی ٤٥ساڵە دامەزراوە لە لایەن دوو پزیشکی بەناوبانگی ئەمریکی کە زیاتر بەکار هاتووە بۆ نەخۆشی دەرونی، یەکەمیان ناوی (ریچارد باندلەر) ئەوی تریان ناوی(جۆن جێندەر)ە لەساڵی ۱۹۷۳ دایانمەزراندوە کە بەشێك بێت لە چارەسەری دەروونی.

دوای ئەوە لەلایەن دوو کەسی ترەوە بەناوی (نوعۆم چۆمیسکی)و (ئەلفرێد کوریەزیسکی) بە رەگەز ئەمریکی و پۆڵەندی بوون، بەڵام هەردووکیان جولەکە بوون پەرەیاندا بەم بەناو زانستە.

لەساڵی ۱۹۹۳ کۆنگرەیەکی گەورەیان بۆ گرت لە ئەمریکاو لەساڵی ۲۰۰۳ بە رەسمی لە ئەمریکادا بە زانست ناسێنرا.

ئەم کارە زۆر شتی سەیرو سەمەرەی تێدایە کە باسی رۆح و پەروەردەی رۆح و کاریگەری ووشە دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی بۆم دەرکەوت تەنها مامەڵەکردنی مادیانەی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤدا، ئەگەر زیاتر رۆبچیت لەو باسانەدا ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتخاتە ناو سیحرو کاریگەری جنۆکەو شەیتانەکان.

چونکە ووشەکان هەر پێناسەی مادی باس و بەناو زانستەکە دەکات بەرنامەی ووشەسازی لەناو مێشك و کاریگەری ئەقڵی مرۆڤدا.

بەهەرحاڵ گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە تەنها باسو خواستێکی درۆ و دەلەسەیەو هیچ پەیوەندی بەزانستەوە نییە، پاراسیکۆلۆژی و ئەوانەی کە لەسەر ئەو هەژمار دەکرێن

هەمووی زانستی باطڵە، ئەگەر زانست بێت هەرچەندە تا ئێستا ئیعترافی پێنەکراوە وەك زانست و خۆی لە چوارچێوەی شتی میتافیزیکی و غەیبیاتدا دەبینێتەوە، کە بەناوی ریکی، مایکرۆبایتیك و یۆگا.. هتد.

هەمووی پارە پەیاکردنەو هەڵخڵەتاندنی خەڵکیە بەناوی ڕاهێنەری جیهانی و کە هیچی هیچ پلەیەکی زانستی بڕوا پێکراوی نییە.

پزیشك و ئوستازی بەناوبانگی چینی (دوگیەس چینگ) کە لێکۆڵەرو دانشمەندە لە یەکێك لەزانکۆکانی ویلایەتی میجینگ، پسپۆرو شارەزایە لەبواری زانستی دەروناسی دەڵێت: ئەو کەسانەی کە یۆگا دەکەن یاخود ریکی، ئەوە بەندایەتی و عیبادەت و توقوساتی ئاینی بت پەرستی (طاوی)یە دەیکەن، بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن تەنانەت ووشەی طاو واتا ووزە لە طاقەو هاتووە یان چینییەکان بە ووزە دەڵین (چی) یابانییەکان دەڵێن (کی) هیندیەکان پێیدەڵێن (برانە) فلیپین و ناوچەکانی تری سریلانکا ناویان ناوە بە (مانا/ ماکرۆ) ناوی تری زۆرە کەهەموویان ئاماژەن بۆ هێزێکی موطڵەق لە گەردووندا کە ئەو هێزە بە خوا ناو دەبەن. لە زانستی نوێدا ئەم ووشانە تەرجومە کراوە بۆ پاراسیکۆلۆژی یاخود عەرەب پێدەڵێت زانستی (ماوراء النفس).

هەمووی باس لەوە دەکات کە لەو هێزەوە دڵ خۆش بیت دەوڵەمەند بیت شیفاء وەربگریت وەك خوای موتەعال مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

کەواتە ئەمەش جۆرێکە لە شیرك و هاوبەشدانان، هەندێك لەوانەیە بڵێن خۆ ئێمە وا بیرناکەینەوە بۆ کاری پۆزەتیف بەکاری دەهێنین و کارە نەرێنییەکان بەکار ناهێنن، بەڵام لە کۆتایدا هەموویان سەر بەیەك قوتابخانەی فەلسەفی وەحدەت وجودن.

ئەم فەلسەفەی وەحدەت وجودەش کوفرێکی سەریح و بواحە، پێی وایە مرۆڤ بەشێکە لە خوا و تەنانەت مشکیش هەر بەشێکە لە خواو هەرچی دروستکراوەکانی خوایە بەهەموویانەوە خوا پێك دەهێنن و مرۆڤ لەکۆتایدا دەتوانێت ئاوێتە بێت لەگەڵ خوادا، ئیتر ئەم فەلسەفەیە ناتوانێت خوای پەروەردگار لە دروستکراوەکانی جیا بکاتەوە، کورت و پوخت هەمووی کوفرە و ئاینە هیندۆسی و چینییەکانە و لەگەڵ سیحرو جادودا تێکەڵ کراوە بۆ لەناوبردنی ئینی ئیسلام و سەرگەردانی خەڵکی بەگشتی.

لەکۆتایدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە زیاتر زلهێزەکانی جیهان وەك ڕوسیاو چینو فەرەنساو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاشان ئیسرائیل زۆر گرنگی پێداوە، بەشێکی گەورەو بودجەیەکی فراوانیان

داناوە لەناو موخابراتەکانیاندا بۆئەم کارەو لەناو کاری سیخوڕی و هەوالگریدا زیاتر پەرەی پێئەدرێت لەدوای ئەوەی بەدوای ئەو زانیارانەدا دەگەڕام و سەرقاڵ بووم پێیەوە، ئاواتە خواز بوم یەکێك لە جەماعەت ببینم، بەلام کەس دیار نەبوو.

دەچـووم بـۆ کەناری دەریـا، یاخود بـە تەنها دەچووم بۆ پیاسـە بۆ دارسـتان و چیا و زۆر جێـگای تـر بەڵکـو دەرکەون هەر دەرنەدەکەوتن، گومانی زۆرم بۆ دروسـت بوو لەسـەر قسـەکانی سەسـیل، بەڵام کە ئەنجامی ئەم قسانەشیم زانی هەموو درۆو چەواشەکاریە بەناوی پاراسیکۆلۆژیەوە زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوە.

بە کەشتی سەفرم دەکرد بۆ شارێکی کە تر هەر لەولاتی نەرویج-دا، لەناو کەشتێکەدا شێخ بەرقان م بینی لە چێشـتخانەکە دانیشـت بوو نانی دەخوارد، بەرەو رووی ڕۆشـتم بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم، کەچوومە نزیکی ئەو نەبوو. کابرایەکی نەرویج-ی بوو کە بەو شێوە بەرەو رووی ڕۆشتم ترسا و ووتی بە دوای کەسێکدا دەگەڕێیت؟

ماکوان: بەڵێ، ببورە ئیزعاجم کردی نانیشت دەخوارد لە هاوڕێیەکی من دەچیت.

هەستم کرد شێخ بەرقان ئاگادارم دەکاتەوە کە دەیەوێت بم بینێت، بەڵام لەکەشتی دابەزیم و کارەکـەی خۆمـم تەواو کردو گەڕامەوە شـێخ بەرقـان هەر نەبوو دەرنەکـەوت. ماوەیەکی زۆریشە سەسیل-یش دەرناکەوێت هەموو هەر وونن، لەدڵی خۆمدا دەمووت بڵێی سەسیل راست بکات و زانیبێتیان من زانیومە بۆیە ناوێرن خۆیان دەرخەن. چەند رۆژێکی مابوو بۆ ڕەمەزان خەریکی خۆ ئامادە کردن بووم بۆ مانگی رەمەزان و ووتنەوەی دروس و دەور لەم مانگەدا،

یەکـەم شـەوی رەمەزان دوای ئەوەی کـە ڕاگەیەنرا کە بەیانی رەمەزانە دەسـتم کرد بە نوێژی تەروایح و دوعای مانگی رەمەزانم خوێند: الله أكبـر، اللهـم أهلـه علينـا بالأمـن والإيمـان والسلامة و الإسلام والتوفيـق لما تحب و ترضى، ربنـا وربـك الله.

لـەدوای تـەوا بوونی نوێژی تەراویح لە مزگەوتەوە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە تەماشـا دەکەم حەزقیل لە سەرسوچی کۆلانێکدا وەستاوە، دەڵێت شێخ ماکوان ڕەمەزان موبارەك.

ماکوان: کورە حەزە گیان ڕەمەزان موبارەك، شەوال موبارەك، موحەڕەمت موبارەك هەرچی مانگە موبارەك ئەوە تۆ لە کوێیت؟

حەزقیل: وەڵڵا حەمە ماکوان شێخ بەرقان ووتی مەچن بۆ لای ماکوان تا ڕەمەزان.

ماکوان: بۆ تا ڕەمەزان؟ ئەمە چیە ئەم فەلسەفە؟ ئەڵێی خەڵکی سلێمانی کاریگەری لەسەر تۆش داناوە حەزە گیان وا بە من دەڵێیت حەمە ماکوان.

حەزقیل: سوێند بەخوا بیرم ئەکردی کە ئەمبینیت حەزم دەکرد بێم بۆ لات نەشمدەوێرا قسەی شێخ بەرقان بشکێنم، ئەو ووتی نەچن بۆ لای ماکوان چونکە ئێستا گومانی بۆ دروست بووە لەسەر قسەی سەسیل وادەزانێت کە ئێمە جاسوسین، با ئەوگومانانە بەتەواوەتی نەمێنێت ئەوە منیش لە رەمەزاندا هاتم و سەســیل-یش بەســتراوەتەوە و لە جێگایەکدان تا ئەم مانگە تــەواو نەبێــت بۆی نییە بێتە دەرەوە، بە نێزەك و شــیهاب خوای گەورە دەیانســوتێنێت، جا هەموویــان کــوت و پێوەندی خۆیان دەکەن، تا ئەم مانگە تەواو دەبێت. دوایش جەماعەت دێن بۆ لات، شێخ دەیووت دەرسەکانی بگۆڕێت بۆ ڕەمەزان شتێکی تر باس بکات.

ماکوان: کەی دێن بۆ لام؟ بۆ زانیاریت قسەی سەسیل زۆر کاریگەری نەبوو.

حەزقیل: وەڵلاهی نازانم ئەوە لەدەســت شــێخ بەرقان-دایە. شەو درەنگە بڕۆ ئیسراحەت بکە بەیانی دەچیت بۆ کار، بەڵام قسە هەر کاریگەری هەیە.

ماکوان: بەپێکەنینەوە حەزە گیان خۆشــحاڵم، توخوا خیانەت و شتی وام لێمەکەن، خۆشم دەون رەفیقیــن بــا بەینمــان بمێنێت بــۆ یادگاری خۆشــە، بەڵکو خوای پــەروەردگار لەبەر برایەتمان لە قیامەت لە ژێر عەرشی خۆیدا کۆمان بکاتەوە ٧برا.

حەزقیــل: بــە پێکەنینەوە لەخوا بترســە، اتق الله وەك خۆت دەڵێیــت: دوو ئەوەندەی (موخصار)ی برام و (مونبیل)ی خوشکم لەدڵمادا خۆشەویستی.

ماکوان: وەڵلاهی حەزە گیان ئەمەش نوێ بوو، دوو ناوی خۆشــن موخصارو مونبیل خوا لێت نەنسێنن ئەگەر ماون.

حەزقیــل: ڕۆحی حمە ماکــوان، هەردووکیان ماون مونبیل-ی خوشــکم ئەتناســێت، لەم ڕۆژانــەدا لەگــەڵ حەنانــە گوێیان لە تۆ بوو کە دەفت لێئەداو ســرودت ئەوت بۆ ئانای کچت، موخصاریش هەر دەتناسێت و لەگەڵ خۆمانەو قوتابی شێخ بەرقان-ە.

ماکوان: دەی باشە ٧برا سڵاومان بگەیەنە السلام علیکم.

حەزقیل: وعلیکم السلام.

هێزی ووزەی ئیسلام و کاریگەری بۆ جنۆکەو مرۆڤ

مانگی ڕەمەزان بۆ موسـوڵمان هەمیشە مانگێکی ئارام بەخش و پڕ ووزەو چالاکییە، هەر لە نوێژو ڕۆژووەوە بیگرە تا دەگاتە تەراویح و ویتر و شەونوێژ. ئەو مانگی رەمەزانە زۆر خۆشحاڵ بووین، هەرچەندە هەموو ساڵەکانی مانگی رەمەزان هەر مایەی خۆش حاڵی بووە.

ڕەمەزانی ساڵی ٢٠١٦ بۆ من زۆر خۆش بوو لە هەمووی خۆشتر زانستی نوێ و زانیاری نوێ بوو وەرمگرت لەسەر ئەم ئاینە و ناساندی کەسانی نوێ بوو بۆ من.

لە شەوەکانی لەیلەتول قەدردا تا نوێژی بەیانی دەمامەوە لە مەزگەوت هەرچەندە بەهۆکاری ئـەوەی کـە ڕەمەزان دەکەوێتە هاوینەوە شـەوانی کورت بوو، بەڵام هەر تـام و چێژی تایبەتی هەبوو. زۆر شەو کاتژمێر ٢:٤٥ خولەك کە لە مزگەوت نوێژی بەیانیمان دەکرد بەرەو ماسی گرتن یاخود دەچوومە سـەر دەریا لەوێدا ئەو سـورەت و ئایەتانەی لە بەرم بوو دووبارەم دەکردەوە تا کاتژمێر ٤ بۆ ٥ بەیانی بەتەنها دەگەڕام، یاخود کتێبێکم دەبرد بۆ خوێندنەوە ئینجا دەهاتمەوە بۆماڵەوە تا ماندوو دەبووم.

شـەوی ٢٣ ڕەمەزان بوو لە کەنارێکی دەریا دانیشـتبووم بەدەنگی بەرز قورئانم دەخوێند، دەمەو بەیانییەکی زۆر ئارام و خۆش بوو. لەپڕ کۆمەڵێك خەڵك لەدووره لەپشتمەوە دەرکەوتن و دەنگیـان دەهـات و منیش دەنگـی خۆمم هێواش کردەوە ئەوەندە گوێـم پێنەدان دوور بوون لەمنەوە. ئەگەر بە پێ بهاتنایەتە لای من بەلای کەمەوە ٥ خولەك ڕێگا لە من دوور بوون، بەڵام کە سەرم داخست و بەرزم کردەوە تەماشام کرد شێخ بەرقان و راقی و حەزقیل و کۆمەڵێکی تر لەگەڵ شێخ بەرقان-دا لە پشتمەوە وەستان، سڵاویان کرد و منیش وەڵاممدانەوە. بە پێکەنینەوە ووتم ئەوە کوێڕا گەیشتنە لام ماشاء الله دەڵێی جنۆکەن.

شێخ بەرقان: دەنگوباست لەگەڵ ڕەمەزاندا چۆنە، ماندوو دەبیت؟

ماکوان: ماندوو دەبین، بەڵام کاریگەریەکی ئەتۆی نییە شێخ گیان.

شێخ بەرقان: ئەی ماڵتان ئاوابێت ڕۆژو نابێت لە پێوەری خۆی دەرچێت، ئێوە جاری واهەیە ١٩ بۆ ٢٠ کاتژمێر بە ڕۆژوو دەبن، پێوەری ڕۆژو ئاستەمە لە ١٦ کاتژمێر دەربچێت.

ماکوان: وەڵڵا یا شێخ فتوایەکی وا دراوە کە گوایە لەگەڵ سعودیەدا بشکێنرێت، بەڵام وابزانم ئەو فتوایە دەقیق نییە و لێرە لەلایەن زۆربەی مزگەوتەکان و ڕێکخراوە ئیسـلامیەکانەوە ڕەت

دراوتەوە و بەڵگەیان لاوازە.

شــێخ بەرقان: نا، ئاگام لەوفتوایەش هەیە مەبەســتم ئەوە نییە، ئەوە بە دڵنیاییەوە جائیز نییە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە هەندێك گۆڕانکاری لەکاتەکاندا بکرێت، چونکە ئەو کاتانەی کە خوای گەورە دایناوە مەبەست تەنها پێ پێوەرە. سبحان الله موسوڵمان ئێستا وای لێ هاتووە مانگ و ڕۆژیش دەپەرسـتێت، ئەو قیاســە بۆ ســەردەمی خۆی بووە کە پێوەری کاتژمێریان بۆ دیاری نەکراوە، ئێســتا کاتژمێر هەیە بۆ بەو پێوەرە نایکەن، لەسەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەباســی دەجال لێیدەپرســن ڕۆژی یەکەمی بەســاڵێك دەڕوات، هاوەڵان ڕەزامەندی خوایان لێبیــت، فەرموویــان ئەی نوێژ چــۆن بکەین ئەوکاتە؟ فەرمووی کاتی بــۆ دیاری بکەن. ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە بتوانرێت کات دیاری بکریت لەم وڵاتە ئەسکەندەناڤیانەدا.

ماکوان: ئاخر ئەوە کاری یەك کەس نییە ئەوە ئیشی موفتی و مزگەوتەکانی ئەوروپایە، من تەداخول ناکەم لەو باســانەدا و لەگەڵ لیژنەی فتوای ئەوروپادا دەڕۆم جێگای متمانەی منن، تۆ واز لــەوە بهێنــە پێم بڵێ جیاوازی ئێوەی جنۆکە لەگــەڵ جنۆکەکانی تردا چییە و ئەوان چۆن لەم مانگەدا ئەبســترێنەوە ئێوە ئازادن؟ ئەم باســە بۆ من زۆر گرنگە، هەرچەندە دەچیتە باسی غەیبیاتەوە ئەگەر تاوانبار دەبم ئاساییە باسی نەکەیت؟

شێخ بەرقان: نا تاوانبار نابیت و ئاسایە، چونکە ئەوە زانستە دەتوانم من ئیجتیهادی خۆمت پێ بڵێم ئەوەی بڕوای پێ کرد وەریگریتوە، ئەوەیشی بڕوای پێی نەبوو ئازادە.

ماکوان: بەدڵنیایەوە شــێخە گیان من بە هەند وەریدەگرم و پێدەچیت لە داهاتویشدا بڵاوی بکەمەوە.

شێخ بەرقان: ماڵی تۆ نەشێوێت و ئاوەدان بێت، لە کتێبەکتدا زۆربەی جنۆکەکان هاوکاریت دەکەن ناوت ناوە مەملەکەتی شەیتان، ئەی بۆ ناوی نانێت مەملەکەتی پەریەکان یان جنۆکەکان؟

ماکوان: وەڵلاهی یا شێخ ناوەکەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو هەرچەندە خۆشت دەزانی سەرەتا مــن لەگەڵ شــەیتانەکان کەوتمە قســە، خوای گــەورە ڕەحمی بە من کرد ئێــوە هاتنە ناوە وە، ئــەم نــاوەش زۆر زەرەری لێداوم، تەنانەت لە کوردســتان ڕێگەیان نەئەدا چاپی بکەم دەیانووت مەبەســتت یەکێتی و پارتی یە. ئەوەش دەکەوێتە ناوزڕاندن و قســەی ناشرین و تەشهیر، ووتم بیخوێننەوە ئینجا لیژنەکەتان قسەی لەسەر بکات.

شێخ بەرقان: بۆ نەیانخوێندبوەوە؟

ماکوان: نەوەڵلا هەر لەسەر بنەمای بەرگی کتێبەکە ڕەفزیان دابوومێ، تا چووم قسەم لەگەڵ

كتێبخانەی گشتی كرد لە سلێمانی و لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی كتێبخانەكە ناوی كاك ئالان بوو كوڕێكـی بەڕێز زوو هات بەدەنگمەوە، باش بوو ئـەو موافەقەتەكەی بۆ كردم، دیار بوو ئیحراج بوو بوو لە موەزەفەكانیشی.

شـێخ بەرقـان: كاك ماكـوان بـۆ پرسـیارەكەت دەمەوێـت ڕاسـتیەك هەیـە بیزانیـت قورئـان هێـزو توانـاو ووزەیـە، كـەم لـە موسـوڵمانان ئەقڵیـان بەوە بشـكێت كـە قورئان ووزەیـە. خـوای گەورە كـە تەحەدای بێدیـن و خوانەنـاس و قورەیش و هەموو ڕۆشـنبیریە جیهانییـەكان دەكات بـە قورئـان؛ دەفەرموێـت: سـورەتێك یـان دە سـورەت بهێنـن. خۆ بە تەنها سـورەتی كەوثەر ٣ ئایتە شـاعیر هەبوو لەوسەردەمەشـدا دەیتوانی چەند دێرێك بهێنێت و بڵێ منیش قورئانم نوسـی، یاخود موسـەیلەمەی درۆزن قورئانی دانا لەسـەر وەزن و فەعیلی قورئان، بەڵام ئایا كەس وەك قورئان وەریگرت ووتیان ئەمە هاوشێوەی قورئانە؟

ماكوان: بەدڵنیاییەوە نەخێر.

شـێخ بەرقـان: قورئانیـش وایە وەك نمونەی كەسـێكی پەیكـەر تاش یان شـێوەكار وایە پەیكەرێكی جوانی مرۆڤ دروست بكات، بەڵام دەتوانێت ڕۆح بكات بە بەریدا؟ بەدڵنیایەوە وەك خۆت دەفەرموویت نەخێر.

قورئانیش لەو توخمەیە و كەلامی خوایە و پاشان ووزە و هێزی تایبەتی هەیە، لە قورئانیشدا خـوای پـەروەردگار بە ئاشـكرا بۆی باس كردوویـن كە خاوەنی ڕۆحێكـی تایبەتە هەر پیت و ووشەیەك لەو قورئانەدا ووزە بەخشە، گوێگرەكەی و خوێنەرەكەی بەهێز دەبێت بەو ووزەیە.

خوای گەورە لەسورەتی شورادا دەفەرموێت:

وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاء مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٥٢

ئابەو شـێوەیەی كە دەیزانیت ئەی محمـد (ﷺ) ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە كردیت لەلایەن خۆمانـەوە (كـە ژیانبەخشـە و ووزەی هێزیت هەیە بە ڕۆح و گیـان و عەقڵ)، تۆ نەت دەزانی قورئـان چییـەو ئیمان چییە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمـان كردە ڕووناكی و نورێك كە هیدایەت و ڕێنموونـی هەركـەس كە بمانەوێت لە بەندەكانمانی پێ دەكەین، (ئەوانەی دڵی بۆ دەكەنەوەو بەچاكیی گوێی بۆ دەگرن)، بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنیشاندەریت و ڕێنموونی دەكەی بۆ ڕێگەو ڕیبازێكی ڕاست و دروست.

ماكوان: مەبەست لە ووزە و هێز چییە؟ مەبەستت طاقەی فیزیایی كە ووجودی هەبێت لەم

گەردوون و کەونەی ئێمەدا؟

شێخ بەرقان: بەڵێ - بەڵێ بەدڵنیاییەوە مەبەستم هێزو ووزەیەکی تایبەتە لە ناو قورئاندا کە کاریگەری لەســەر مرۆڤ و لەســەر ئێمەی جنۆکەش هەیە، ئەوەش بزانە ئێمە زووتر هەست بە کاریگەریەکەی دەکەین تا ئێوەی مرۆڤ.

ماکوان: بەزات و ســیفەتی خوا هیچ تێناگەم ئەوەی باسی دەکەیت وەك ئەوە وایە گوێزم بۆ بژمێریت.

شــێخ بەرقان: گوێچکە و دڵ و ســینەی موســوڵمان دەتوانێت وەریبگرێت ئەو هێزو ووزەیە راســتەوخۆ خوای پەروەردگار سەرپەرشــتی دەکات و لە نێوانی ئیمان و بێ ئیمانیدا پەردەیەك دروســت دەبێــت و خوای پەروەردگار خۆی ئەو هێزە دەبەخشــێت و لە ئیمانی کەســێکەوە بۆ کەســێکی تــر جیاوازترە، تا ئیمانت بەهێز بێــت ئەو ووزەیە بەهێز تر دەبێــت لە مرۆڤەکەدا یاخود جنۆکەکەدا.

ماکــوان: چۆن، هیچ تێناگەم ئەمەی باســی دەکەیــت بەڵگەی لەســەرە وەك قورئان یاخود سوننەت؟

شــێخ بەرقان: بەڵێ بەدڵنیاییەوە، بەڵام پێــش ئەوەی بەڵگەکە باس بکەم چەندجار گوێت لێبووە کە باســیان کردووە ووتویانە لە شــێخ ســوفیانی ســەوری دەفەرموێت: بەلامەوە سەیرە موسوڵمان بە بەرد بڵێ ببە بە ئاو نەبێت بە ئاو، ئەوە هێزەی کە سوفیانی سەوری باسی دەکات رەحمەتی خوای لێبێت ئەوە ئەو طاقە و ئیمانەیە، یاخود کەسێکی وەك شوێنکەوتوان وەك ئەبو موسلیم خولانی فڕیاندایە ناو ئاگر خوای گەورە نەیسوتاند، تەنانەت پێغەمبەر(ﷺ) ی نەدیبوو لــە هــاوەڵان هەژمار ناکرێت. ئەوە هێزو ووزەو طاقەی ئیمانییە و پاشــان هەزارەها پیاوچاك و ئیماندار خوای گەورە ئەو هێزەی پێبەخشیوون.

ئایەتەکە وەك بەڵگە خوای پەروەردگار لە سورەتی ئیسرادا دەفەرمویت:

وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ٤٥

هەرکاتێ قورئان دەخوێنی ئێمە بەربەستێکی (نادیارو شاراوە هێزێکی نادیار) دەخەینە نێوان تۆو ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە.. (چونکە سوودی لێ وەرناگرن).

وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْاْ عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا ٤٦

(چونکە مەبەســتیان نیە تێبگەن) ئێمەش پەردە دەنێین بەسەر دڵیاندا تا هەر تێی نەگەن،

وە گوێشیان سەنگین دەکەین، جا کاتێ کە لە قورئاندا تەنها ناوی پەروەردگارت دەبەیت (وە باسی بت و بەرنامەیان ناکەیت) پشت هەڵدەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و بێزاریی دەردەبڕن و دەڕۆن. کەواتە خوای گەورە ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە قیامەتو خوا و ڕۆژی زیندووبونەوە نییە، خوای پەروەردگار ناهێڵێت سود وەربگرن لەم ووزەو هێزە.

ماکوان: باشە بەڵگەکان راستە، بەڵام چۆن هەست بە بەرجەستە بوونی بکەم، یاخود ئەگەر لای ئێوەی جن وایە بۆ جنەکان خێرا ئیمان ناهێنن؟

شێخ بەرقان: خوای پەروەردگار لەسورەتی ئەعرافدا دەفەرموێت:

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ ١٧٥

ئەی محمد(ﷺ) هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەرەوە کە فەرمانەکانی خۆمانمان پێبەخشی بوو، کەچی ئەویش خۆی لێ داماڵی و خۆی لێ دوورە پەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دایەپێش و چووە ڕیزی سەر لێشێواوانەوە. ئەزانی ئەو داماڵین و نەسخە چیە؟

ماکوان: ئەوە مەبەست ئیمانە؟

شێخ بەرقان: نا ئیمان جیاوازە خوای پەروەردگار باسی ئیمان بە ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەوهێزو توانایە کە لێی دادەماڵێت دەتوانین ناوی بنێین هێزو طاقەی هیدایەتی ئیسلامی، چونکە ئەگەر لەو هێزو توانایە دانەبڕایە شوێن شەیتان نەدەکەوت، تێگەیشتی؟

ماکوان: باشە ئەو هێزە چۆن هەستی پێبکەم، ئەتوانم؟

شێخ بەرقان: ئەی چۆن ناتوانیت، هەمووکات دەتوانیت و باش هەستی پێدەکەیت، ئەوەی هەستی پێ ناکات ئەوکەسانەن دوورن لە دین، تا نزیك تر بیت لە ئیمان ئەوەندە زیاتر هەست بەو هێزو توانایە دەکەیت.

هەروەك پێشتر ووتم لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگوڕێت لە جنۆکەیەکەوە بۆ جنۆکەیەکی تریش دەگوڕێت، ئەوە تەنها پەیوەندی بە تەقواو زیادو کەمی ئیمانەوە هەیە، دڵنیام تۆ زۆر باش هەستی پێدەکەیت بەڵام تا ئێستا لە زانستەکەت نەکۆڵیوەتەوە، ئەوکەسەش تەنها لە کاتی خوێندی قورئاندا ئە وهێزەی دەست دەکەوێت و دەبێت ستونیش وەستابێت وەك نوێژ ڕووەو قیبلە دەوەستی هێزەکە لە تەوقی سەرتەوە دەچێتە ناو گیان تا ئەوکاتەی کە لە ستونی چەمیتەوە بەرەو رکوع و سجود لەوکاتەدا ئیتر قورئان خوێندن نامێنێت هێزەکەش نامێنێت، چونکە ووزەکە لە تەوقی سەرەوە دەچیتە ناو لاشەی مرۆڤ.

ئەگەر جوانتر بۆت شـیبکەمەوە تەوقی سەری مرۆڤ وەك پۆپنەی کەڵەشێر خاوەنی رادارە وەریدەگرێت ئەو هێزە کە چەمیەوە رادارەکە وەریناگرێت.

ئەگەر تەماشـای ئەو ئایەتە بکەیت کە پێشـتر باسـم کرد لە سـورەتی ئەعرافدا بەجوانی دەردەکەوێت کە ئەو ووزەو طاقەیە نەما وەك سەگ هەڵدەلەرزێت هەناسە برکێی پێدەکەویت و هیچ ئەرزشی نییە با ئایەتەکە وەك خۆی بڵێین کە دەفەرموێت:

وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ١٧٦

خـۆ ئەگەر بمانویسـتایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمـان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و (دەستی کرد بەدنیا پەرستی و) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی (زمان دەردەکێشـێت)، یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر هەناسـە بڕکێیەتی، ئـەوە نموونەی ئەو کەسـانەیە کە ئایەتەکانـی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایـان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی (دابچڵەکێن و) بیربکەنەوە.

ماکوان: بەڵێ تا رادەیەك بڕوام هەیە، بەڵام راو بۆچونەکانت سەیرن و قابیلی وەرگرتنیشن.

شێخ بەرقان: ماکوان گیان دەزانی بۆچی قورئان بەشەودا دابەزیوە؟

ماکوان: نەوەڵڵا، جا بەشەو دابەزیوە؟

شـێخ بەرقان: ئەی چۆن خوای پەروەدگار دەفەرموێت لە شـەوی قەدر دامان بەزاندوە، یان لە سورەتی دوخان دا:

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ٣

ئێمە لە شـەوێکی بەفەڕو پیرۆزدا (کە شـەوی قەدرە) ناردومانەتە خوارەوە، بەڕاستی ئێمە بێدارکەرەوەین) خەڵکی بەئاگا دەهێنین و هۆشیاریان دەکەینەوە.

ماکوان: راستە ببورە، بیرم نەمابوو.

شێخ بەرقان: خۆ من دەزانم دەیزانیت، بەڵام تۆ کە ئێمە دەبینیت زۆر شتت بیر دەچێتەوە، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە خۆتەوە ماکوان زۆر بەدوای زانسـتەوەیت ئەوەندەت لە مێشـکدایە وەك شـەپۆلی دەریا مل ئەیات، وا مەکە فریای دەکەویت بە پشـتیوانی خوا. چونکە زۆر گەڕان بەدوای شتێکدا و ئەگەر خۆت کۆنەکەیتەوە لەگەڵیدا لەناوت دەبات، ئێمە تازە لەگەڵتاین و برا و کەس و پشتیوانین بە ئیزنی خوا، مەگەر رۆژی خۆت تەواو بوبێت دەنا هەرگیز بەپشتیوانی

خوا ناهێڵێن هیچ کام لە شەیتانی ئینس و جن زەفەرت پێبەرن وەك ووتم مەگەر قەدەری خوای گەورە قەدەرتی تەواو کردبێت.

ماکـوان: خـوای گەورە پاداشـتی خێرتان بداتـەوە، ئەوە لە چاکەی خۆتانـە خوای گەورە هەمووڵایەك مەحفوز بکات، بەس حیکمەت چیە کە قورئان بە شەودا هاتۆتە خوارەوە؟

شـێخ بەرقان: لەبەر ئەوەی ئەو مادەی هێز و توانایە لە قورئاندا بۆ مرۆڤ بەشـەودا زیاتر کاریگەری دەبێت و کار دەکات.

ماکوان: باشە ئەو هێزە بۆ خۆی چییە و چاکەی چیە و سودی چییە؟

شێخ بەرقان: ئاسودەییە، ئارامیە هەتا ئەو طاقەیە زیاد بێت فریشتەی زیاتر لەگەڵدا دەبێت، وەك عەرزمکردی ئەو هێزە بەشەودا زیاتر کار دەکات، ئەگەر بڵێم بەڕۆژدا کاریگەریەکی ئەتۆی نییە تەماشای سورەتی قەدر بکە شەوێکمان هەیە ناوی شەوی قەدرە، بەڵام ڕۆژی قەدرمان نییە، ئەم شـەوەیش شەوی ئاسایش و ئاشتی و هێمنییە کە فریشتەکان دادەبەزن لەگەڵ ئەوەشدا کە خەتی ڕۆشنای بەرەبەیان دەردەکەویت ئەو فریشتانە وورده وورده دەگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان، چونکە خودی شەویش بۆ خۆی مادەیە و مادەیەکی زۆر گرنگە پێداویستیە بۆ لاشەی مرۆڤ!

ئایەتەکـەش دەفەرموێـت: تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ٤ لەو شـەوەدا فریشتەکان کە جوبرەئیل-یشـیان لەگەڵدایە، دادەبەزن لەسەر ڕوخسەت و مۆڵەتی پەروەردگاریان، بە جۆرەها فرمان و کار (بە تایبەت بۆ سـەردانی خوا پەرسـتان، بۆ سـەردانی مزگەوتەکان، بۆ گوێگرتن لە قورئان و ...هتد).

سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ٥

ئەو شـەوە سـەلام و ئاسـودەیی و ئاشـتی و ئاسـایش و ڕەحمەت و میهرەبانە، هەتا کاتی بەرەبەیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (من قام ليلة القدر إيمانا واحتسـابا باغفر له ما تقدم من ذنبه)، واتە: ئەوەی (ليلة القدر) بە خواپەرستی و یادی خوا بباتە سەر بە ئیمان و باوەڕی دامەزراوو بە تەمابوونی پاداشـت و ڕەحمەت، خوای گەورە لە هەموو گوناهانی ڕابردووی خۆش دەبێت، (بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان کردووە.

کاك ماکـوان شـتێکت فێردەکـەم کە لـە ژیانتا سـودی زۆر لێوەربگریت، خەڵکیش سـودی لێوەربگرێت.

شاراوەیەك ئاشکرا دەبێت

دانیشتەنەکەمان لەگەڵ جەنابی شێخ بەرقان بەردەوام بوو تا هاتە سەر باسی ئەوەی ووتی دەمەوێت شتێکت فێر بکەم زۆر سودی لێدەبینیت.

ماکوان: ئەو شتە چییە شێخە گیان؟

شێخ بەرقان: ئەو هێزەی پێ زیاد دەکەیت لە ژیانی خۆتدا ئەگەر زۆر بیڵێیتەوە، ئەویش زیکری.. (لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم).

ئەو هێزەت پێدەبەخشێت کە پێشتر لەخزمەتاندا باسم کرد، وا نەزانیت ئەو هێزە تەنها مەبەست پێی شتێکی سادەیە خوای پەروەردگار لە سورەتی کەهفدا بە ئاشکرا باسی دەکات کە خۆی خاوەنی ئەو هێزەیە دەیبەخشێت و وەریشی دەگرێتەوە لە کز بوونی ئیماندا یاخود کوفرکردندا لەباسی چیرۆکی دووهاوڕێکەی کە یەکێکیان خاوەنی باخ و باخاتو دەوڵەمەندە دەفەرموێت: وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ إِن تُرَنِ أَنَا أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا٣٩

دەبوا کاتێك چوویتە ناو باخەکەوە بتوتایە ماشاءالله (ئەم هەموو نازو نیعمەتە بەخشی خوایە، بڕوا ناکەم کە هیچ هێزو پشتیوانی و هێزی ئەو خوایە، (بەتایبەت) کاتێك کە من دەبینی ماڵ و سامان و نەوەم لە تۆ کەمترە.

ماکوان: راستە دەفەرموویت، بەڵام شێخ گیان لەوە تێناگەم کە شەیتانەکان دەزانن قورئان ئەو کاریگەریەی هەیە باشە ئەی بۆ شەیتانن؟ بەکورتی مەبەستم ئەوەیە ئەو جنۆکانەی تر هەر لە جنسی ئێوەن کەچی ئەوان رادەکان ئێوە دەست لە قورئان ئەدەن لەبەرتانەو دەچنە ناو مزگەوتیش، سەرم لەمە دەرناچێت و حیکمەتەکەی نازانم.

شێخ بەرقان: سیستەمی ژیانی ئێمە و ئێوە و ئێمە لە یەکەوە نزیکە لەبواری کوفرو ئیماندا، ئەگەر بپرسم بۆچی کەسێکی بێ دین ئیمان ناهێنێت سەرەڕای ئەو هەموو ئیعجازی قورئان و باسی زانست و روداوانەی لە مێژوودا ڕوویداوە و لە قورئان و ئیسلامدا باس کراوە.

ماکوان: ئاخر ئەوانەی ئێمە کە بێدین دەبن هەریەکە هەنجەتێکی هەیە، بۆ نمونە یەکێك دەڵێت: ئێوە تەفسیری خۆتانی بۆ دەکەن، کەسێکی تر دەڵێت پێش محمد باس کراوە، کەسێکی تر دەڵێت محمد لە شارستانیتەکانی ترەوە وەریگرتوە، هەندێکی تر دەڵێن قورئان هیچی راست نییە.

شێخ بەرقان: کامیان راستە؟

ماکوان: هیچیان، هەمووی لە جاهیلی و بێ مێشکی خۆیانە قسە وەرناگرن، بەڵام کاریگەری شتێکی وایـان لەسـەر نییـە کە وەك ئـەوەی رەمەزان نەتوانـن بێن بەلای موسـوڵماندا و ببەسترێنەوە، مەبەستەکەی من ئەوەیە ئەو جنۆکانە کەدەزانن قورئان ئاوا کاریگەری لەسەریان هەیە بۆچی موسوڵمان نابن؟

شێخ بەرقان: ئەگەر تەماشایەکی هەردوولا بکەیت هەر وەك یەکە. ئەوانەی ئێوە هەنجەتی زۆر بێمانـا دەهێننـەوە، ئەوانەی ئێمە جاهیلیەتیان هەیە و جاهیلیەتەکەشـیان گەیشـتۆتە ئەوپەڕی. دڵی ئێمەی جنۆکە وەك ئێوەی مرۆڤ نییە کە نییەتی تێدابێت یاخود خوێن بەرێت و خوێن بهێنێت، دڵی ئێمە ووزەیەکی بارگاوی دەهێنێت و دەبات تا ئەم لاشە ناسکو شەفافەمان زیاتر کاربکات بۆ کوێ بمانەویت لە کەمترین کاتدا بڕۆین، تەنها مێشکی بیرکردنەوەمان هەیە. بیرکردنـەوەش لای ئێمـە زۆر لاوازە، ئـەو جنۆکانەی کە دەگەنە ئاسـتی بیرکردنەوەی باش راسـتەوخۆ موسوڵمان دەبن یان بەداخەوە ئاینەکانی تر هەڵدەبژێرن و دژی موسوڵمانەکانیش دەوەسـتنەوە، زۆرترین جنۆکە ئێستا جولەکەن واتا سەر بە ئاینی یەهودیەکانن ئەوەش هەر کاری شـەیتانە، هەنجەتەکانی شـەیتان بۆ ئەوانەی کە مەسیح و جولەکەن بریتیە لەوەی کە موسوڵمانەکان زۆر پیسن خۆتانی لێ بەدوور بگرن لەو مانگەدا تەنانەت خۆتان ببەستنەوە بۆ ئەوەی پیسای ئەوانتان بەرنەکەوێت. یان دەڵێن ئەوە گەورەیی عەرشی ئیبلیس یاخود عەزازیلە بەسەریانەوە کە دووریان دەخاتەوە لە موسوڵمانان بۆ ئەوەی لەو مانگەدا توشی ناڕەحەتی نەبن وە زۆر هەڵەخڵەتاندی تر، یان پێیان دەڵێن لەو مانگەدا بۆیە درودەخرینەوە ئەوە بەندایەتی کردنە بۆ ئیبلیس خۆ کۆمەڵەکەی ئیبلیس بەوە زیاتر بڕوایان بە جنۆکەکانی خۆیان هێناوە دەڵێن بڕۆن بۆلای خەڵکی تر ئاسایە بەس تەنهابەرانبەر بە موسومانان بەگشتی بەستراونەتەوە، ئـاگادار بـە ماکوان زۆرێکیش لە زانایان دەڵێن تەنها مەبەسـت لە جـۆری عیفریتەکانە دەنا هەمـوو شـەیتانەکان ناگرێتەوە، هەندێکی تر لەزانایان دەڵێن تەنهـا خودی ئیبلیس-ە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەمانگی رەمەزاندا کە موسوڵمانان بەگشتی بەرۆژون پارێزراون لە جنۆکەی بیدین. هەندێکی تریان باش دەزانن خوای پەروەردگار حەقە و راستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوندیەکی موخلیسی ئیبلیس-ن

ماکوان: چۆن شـتی وادەبێت، دەزانن خوای پەروەدگار راسـتەو هەیەو بڕواشی پێناکەن لە کاتێکدا دەزانن دەچنەوە بەردەستی ئەو زاتە پیرۆزە؟

شێخ بەرقان: دەتوانم بڵێم هەندێکیان بەتەواوەتی دەیزانن، بەڵام سروشتی خودی ئیبلیس-یان وەرگرتوە.

ماکوان: چۆن؟ ئەگەر بتوانی بۆم شیبکەیتەوە.

شێخ بەرقان: پێم وابێت ئەو چیرۆکە لای ئێمە و ئێوەش تاڕادەیەك زانراوە لە بەشی یەکەمی مەملەکەتی شەیتاندا باست کردووە.

ماکوان: نازانم باسی چی دەکەیت.

شێخ بەرقان: پێش ئێوەی مرۆڤ لەسەر زەوی ئێمەی جنۆکە بوونمان هەبووە. هەموو چاوەڕێ بووین کە ئاوەدانی زەوی و خیلافەتەکەی بکەوێتە دەست ئێمەی جنۆکە.

پێشمان وابوو لە هەموو دروستکراوەکان باشترین، واشمان پەی دەبرد کە مادام ئیبلیس بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی فریشتە ئەوا پێدەچیت جنۆکە بگاتە پلەی ئەوان و بەرز تریش، بەڵام کە خوای گەورە خیلافەتەکەی دایە ئادەم و کتێبی بۆ ناردو پێغەمبەری ئێمەش هەر لە ئێوە بوو هەندێك لە لووت بەرزە شەیتانەکان ئەو ڕەوشەیان پێقوبوڵ نەکرا.

بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا ئیبلیس کار بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤایەتی لە ناو بەرێت و خۆی لە جێگایدا حوکوم بکات و دەوری خوا دەبینێت لەسەر زەوی، ئاواتی ئەوەیە مرۆڤ لەناو بەرێت و کافر وبێدینیان بکات. مەرج نییە بەدوای مردنیاندا بەگەڕێت، بۆ ئەو تەنها ئەوە بەسە کە خوانەپەرستن و شیرك دروست بکەن، هەموو شتێك بکەن تەنها خەڵکی ئیسلام نەبێت.

ماکوان: واتا ئەو جنۆکانەش هەموو دەزانن کەوایە؟

شێخ بەرقان: بەڵێ، بەداخەوە زۆربەیان دەزانن و زۆرێکیشیان هەڵخەڵتێنراوان، بۆ نمونە ئیبلیس ئەوانیشی سەرگردان کردووە بەوە کە لە کۆتایدا تەوبە دەکات و خوا لێی خۆش دەبێت، بەڵکو دەڵێت ئەوەی کە موسوڵمانان و ئیسلام دەیڵێن ڕاست نییە ئەوە هێزو قودرەتی خوایە دراوە بە من زۆر هەنجەت و شوبهات و شتی تر بڵاو دەکاتەوە.

ماکوان: ئەی باشە هەر ئاوا دەمێننەوە؟

شێخ بەرقان: بەدڵنیایەوە نەخێر وا نامێنێننەوە زۆریان موسوڵمان دەبن، بەڵام هەندێك لەوانە شەیتان بە خوا دەزانن، هەست دەکەن ئەو خوای ئەم گەردوونەیە. شەیتان لاسایی خوا دەکاتەوە پەنا دەگرم بە زاتی پەروەردگاری حەق.

ماکوان: چۆن لاسایی دەکاتەوە؟

شێخ بەرقان: ئەزانی شەیتان داوای چی کرد لە خوا؟

ماکوان: بەڵی بێگومان مانەوە تا رۆژێ قیامەت.

شێخ بەرقان: بەڵام خوا بە قسەی نەکرد هێشتییەوە تا ڕۆژی نادیار، هەندێك داوای تریشی لێکرد ئەوانیشی بە قسە نەکرد، لەبەرانبەریدا خوای گەورە شتی زۆری پێبەخشی.

ماکوان: وەك چی؟

شێخ بەرقان: ئەو داوایانە بریتی بوون لە:

یەکەم: کە بەشدار بێت لە سەروت وسامان و ماڵومنداڵی مرۆڤدا.

خوای گەورە پێیبەخشی.

ماکوان: چۆن شتی وادەبێت!

شێخ بەرقان: زووشتت لە بیر دەچیتەوە مامۆستا ماکوان، با چیرۆکەکەت بۆ باسکەمەوە لەسورەتی ئیسرا چەند ئایەتێکە ئەوەی کە من دەیڵێم بەڵگەی قورئانە.

ماکوان: ئادەی ڕەحمەتی خوات لێبیت بەڵگەکە باس بکە.

شێخ بەرقان: خوای پەروەردگار لە سورەتی ئیسرادا دەفەرموێت:

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلآئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إَلاَّ إِبْلِيسَ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ٦١

(بیریان بێنەرەوە) کاتێك بە فریشتەکانمان وت: ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەموو سوژدەیان برد جگە لە (ئیبلیس)، کە وتی: ئایا سوژدە بەرم بۆ ئەو کەسەی کە لە گڵ و خاك دروستت کردووە؟!

قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إَلاَّ قَلِيلاً ٦٢

(شەیتان بێ شەرمانە) وتی: ئا ئەمەیە کە لەمن ڕێزداترە؟! خۆ ئەگەر بمهێڵی تا ڕۆژی قیامەت شەرت بێ هەموو نەوەکانی گومڕاو سەرگەردان بکەم جگە لە کەمێکیان (کە دەسەڵاتم بەسەریاندا نیە).

قَالَ اذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَاء مَّوْفُورًا ٦٣

(خوای گەورە) فەرمووی: بڕۆ ئەوەی شوێنی تۆ بکەویت ئەوە دۆزەخ پاداشتی هەموانتانە، بێگومان پاداشتێکی مسۆگەرەو (جێگەی هەمووتانی تیا دەبێتەوە).

وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا ٦٤

(خوای گەورە فەرمووی): بڕۆ (چیت لەدەست دێ دریغی مەکە) هەرکەس کە توانیت (لەو

بەدبەختانــە) بــە بانگکردن و هاندانیــان بۆ (تاوانکاریی پاڵیان پێوە بنێ)، بەهۆی لەشــکری ســوارەو پیادەی خۆتەوە هێرشــیان بۆ بەرە، وە هاوبەشــییان بکە لە ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەیاندا، ئەوەندە بەڵێن و ئومێدیان بدەرێ و ســەریان لێ بشــێوێنە، بەڵام بەڵێن و هاندانی شەیتان جگە لە فریودان و فێڵکردن و ساختە شتێکی تر نیە.

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ وَكَفَى بِرَبِّكَ وَكِيلًا ٦٥

بەڕاســتی بەندەکانی من (ئەی شــەیتانی نەفرین لێکراو) هیچ دەســەڵاتی تۆیان لەســەرە نابێــت و هەوڵ و کۆششــی تۆ کاریان تێناکات، وە پەروەردگاری تۆ (ئەی ئیماندار) بەســە بۆ پارێزگاریی و پاراستنت.

ماکوان: وایە، ئەی دووەم چییە؟

شێخ بەرقان: دووم داوای کرد لەناو ماڵی موسوڵمانانندا بژی، خوای گەورە فەرمووی تەنها لــە حەمــام و تەوالێتەکانیاندا دەتوانی ژیان بەریتە ســەر، پێغەمبەریش (ﷺ) فێری کردین لەکاتی چونە تەوالێت و حەمام دا بڵێن: (اللهم انی اعوز بك من الخبث والخبائث) وە لە کاتی هاتنە ودەروەماندا بڵێین: (غفرانــــــك).

ماکوان: سێیەم چی بوو؟

شێج بەرقان: داوای کرد کە ببێتە خاوەنی مزگەوت، یاخود جێگای بەندایەتی وەك ئەوەی خوا دەیبەخشــێتە موســوڵمانان، پەروەردگاریش بازاڕی کردە جێگای بەندایەتی شەیتانەکان، هەر بۆیە خوا دەفەرمویت باشترین جێگا مزگەوتە لەسەر زەویداو خراپترینیش بازاڕە لەسەر زەویدا.

ماکوان: ئەی چوارەم؟

شێخ بەرقان: داوای کرد لە خوای گەورە قورئانێکی بداتێ واتا ببیتە خاوەنی کتێب، خوای گەورە شیعرو هۆنراوەی داوەتێ

ماکوان: جاخۆ منیش شیعر دەنوسم واتا شەیتانم؟

شێخ بەرقان: نا، مەبەستەکە ئەوکەسانەن کە شیعر بە خراپ بەکار دەهێننەوە بۆ مەرامی سەرلێشێواندن.

خوای گەورە لە قورئاندا باســی دەکات بۆمان لە سورەتی شوعەرائدا: هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَى مَن تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ ٢٢١

ئایا پێتان بڵێم کە شەیتانەکان دادەبەزنە سەر کێ؟

تَنَزَّلُ عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ٢٢٢

دادەبەزنە سەر کەسانێکی بوختانچی و تاوانبارو گوناهکار.

يُلْقُونَ السَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَاذِبُونَ ٢٢٣

(جادووگەران) گوێ بۆ شەیتانەکان دەگرن و زۆربەشیان درۆزنن.

وَالشُّعَرَاء يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ٢٢٤

سەرگەردان و سەرلێشێواوەکانیش شوێنی شاعیران دەکەون.

أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ٢٢٥

ئایا نابینی کە ئەوانە لە هەموو دۆڵێکدا سەرهەڵدەدەن و لەهەموو شتێك دەدوێن.

وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ٢٢٦

ئەوانە شتێك دەڵێن و بەکردەوە نایکەن (کردارو گوفتاریان دوورە لە یەکەوە).

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ٢٢٧

جگە لەوانەیان کە باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاك ئەنجام دەدەن و یادی خوا زۆر دەکەن، (وە بەو توانایەی کە هەیانە) پشتیوانی لە ئیمانداران دەکەن کاتێك کە ستەمێکیان لێبکرێت، سەرئەنجام ئەوانەی ستەمکارن دەزانن کە چۆن ژێرەو ژوور دەبن‌و تیادەچن.

ماکوان: تێگەیشتم ئەوە روونە، ئەی خاڵی پێنجەمی هەیە؟

شێخ بەرقان: بەڵێ، زیاتریشی هەیە. ئیبلیس داوای کرد کە خوای گەورە بانگی پێببەخشێت، خوای گەورەش مۆسیقای پێبەخشی.

شەشەم: داوای ئارامی بە زیکری کرد ئیبلیس-ی مەلعون، خوای گەورە سەرخۆشی پێبەخشی.

حەوتەم: داوای هاوکاری کرد لە خەڵکی، خوای گەورەش هەرچی فاسق‌و فاجرو نەگبەتە کردیە هاوکاری ئەو.

هەشتەم: داوای برای کرد لە خوای پەروەدگار، خوای گەورەش ئەوانەی کردە برای کە دەست پێوەناگرن و گوێنادەنە هیچ بە مەبذیر ناسراون لە قورئاندا.

نۆیەم: داوای کرد لە خوای گەورە کە ئەو ئێوە ببینێت، بەڵام ئێوەی مرۆڤ ئەو نەبینن. خوای گەورە داواکەی جێبەجێ کرد خوای گەورەش لە سورەتی ئەعرافدا باسی کردووە بۆمان و دەفەرموێت:

يَـا بَنِـي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ

ئەی نەوەی ئادەم: شـــەیتان ئێوەش لە خشـــتە نەبات، هەروەك باوك و دایكتانی لە خشتە بردو لە بەهەشـــتدا بـــە دەركردنی دان، لەكاتێكدا دەســـتی كرد بەداماڵینی پۆشـــاكەكانیان تا عەورەتیان پیشـــانی یەكتربدات، بێگومان شـــەیتان و دارو دەستەی ئێوە دەبینن، لە شوێنێكدا كە (دنیایە) ئێوە ئەوان نابینن، جا دڵنیابن كە ئێمە شـــەیتانەكانمان كردووە بە یارو یاوەری ئەوانەی باوەڕ ناهێنن.

دەیەم: داوای كرد كە بەناو خوێن و دەمارو لاشەو كون و كەلەبەری مرۆڤدا بڕواتو بگەڕێت، خوای پەروەردگار هەمووی پێبەخشی لە فەرمودەیەكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ان الشيطان يجرى من ابن آدم مجرى الدم فى العروق فضيقوا مسالكه بالجوع.

ئەمـــە ئەو خاڵانـــە بوو كە ئیبلیس داوای كـــرد و دەیەوێت بەمانـــە دەوری خوا ببینێت، عەرشی خۆشی لەسەر ئاو داناوە.

ماكوان: راستە یا شێخ بارك الله فیكم، ئەزانی من ماندووم ئەوە خۆر بەسەرمەوە گەرمەو دەبێت بڕۆم ئیسراحەت بكەم و كاری ترم زۆرە.

شـــێخ بەرقان: پێدەچێت دوای جەژن سەســـیل بێتەوە بۆ لات، بەڵام هەوڵ بدە لێی توڕە مەبە، لەوانەیە لەسەر دەستی تۆ خوا هیدایەتی بدات.

ماكوان: هیچت بیستوە یا شێخ؟

شێخ بەرقان: هەست دەكەم كاریگەری تۆی زۆر لەسەرە، بەس دەترسێت پێشمان ووتوە كە دەیپارێزین بە ئیزنی خوای موتەعال. بیرم چوو پێت بڵێم دیاریەكم بۆ داناویت بڕۆ بیهێنە، بەڵام تا رۆژی جەژن نەچیت بۆ ئەو جێگایە یەكەم رۆژی جەژن مافی خۆتە.

ماكوان: باشە یا شێخ گیان بارك الله فیكم، ناوی جێگاو شوێنەكەی پێ ووتم سەرم دانەواند بۆ كاتژمێرەكەی دەستم سەرم بەرزكردووە كەس نەمابوو

دیاریەکەی شێخ بەرقان

لـە دوای ئـەوەی هەموولایـەك ڕۆشـتن و بەتەنهـا مامـەوە زۆر ماندوبووم لـە کەناری دەریاکـە هەسـتم بە ماندوبوون دەکـرد بۆیە گەڕامەماڵەوە خەوتم تـا کاتی نوێژی نیوەڕۆ، بـەڵام مەراقـم بوو بزانم ئەوە دیاریە چییە شـێخ بەرقان بۆی بەجێهیشـتووم، پەیمانیشـی لێوەرگرتـم کـە بەهیچ شـێوەیەك نەچم بەلایدا تـا ڕۆژی جەژن، چەژنیـش زۆری نەماوە.

تا ڕۆژی جەژن نەڕۆشتم بەلایدا، بەڵام دوای نوێژی جەژن بەرەو ئەو جێگایە چووم کە شیخ بەرقان بۆی باس کردبووم.

جێگاکەش ئەو شـوێنە بوو کە کاتی خۆی لەگەڵ سەسـیل-دا یەکترمان ناسـی، بەلامەوە سەیر بوو!

بیرم لەوە دەکردەوە بۆ ئەو جێگایە.

چوومە تەنیشت ١٣یەمین دار لە ڕێگاکەوە کە بژاردم ئەو ناونیشانەی کە دابووی، لەتەنیشت دارەکـەوە چەنـد بەردێك دانرابوو لە ژێر بەردەکاندا نوسـینێك دانرابوو بەزمانی عەرەبی و بەشێوەی خەتی کوفی نوسرابوو، خوێندمەوە هیچ مانایەکی نەدا!

بەو ڕێگایەیدا کە هاتووبم گەڕامەوە کە بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە لەڕێگا سەسـیل پەیدا بوو. بە پێکەنینەوە ووتم چییە ناشـێت موسـوڵمان بووبیت وا ئاگات لە نهێنییەکانی شـێخ بەرقان-ە.

سەسیل: نا بەس ئەوەی کە بەرقان نوسیویەتی بانگ کردنی ئێمەیە بۆ لای تۆ.

هەر کات بتەوێت بانگمان دەکەیت!

ماکوان: وەڵاهی نەمزانیبوو لەجیاتی قۆریەکەی عەلادین، ئێسـتا بووە بە نوسـین دیوەکە بانگ بکەم بۆلای خۆم.

سەسیل: ئەوە باسی چی دەکەیت، لێو تێناگەم؟

ماکـوان: ئەڵێم هـەر ئەم درۆیە مابوو بیکەیـت، ئەوە پێت ڕائەبوێرم ئەزانم قسـەکانت هەمووی درۆیە پێش ئەوەی وا هەسـت بکەیت کە من بڕوات پێدەکەم ئەمەویت قەشـمەریت پێبکەم، هەی قەشمەر سەسیل. باشە ناتوانیت لەژیانتا یەك کاتژمێر ڕاستگۆ بیت، تەنها یەك

کاتژمێر؟

سەسیل: بۆ چیم کردووە؟

ماکوان: جا چی ماوە نەیکەیت؟

سەسیل: ماکوان کاری من تەواو بوو لەگەڵ تۆ بەداخەوە هیچم بۆ نەکرا، بەلام ئاگاداری خۆت بە جنێکی ترت بۆ ئامادە کراوە زۆر بێڕەحمە ئامادەی تێدایە بۆ سەرکەوتنی مەرامی خۆی لە گروپی ئێمەدا هەرچی شتە دەیکات؟

ماکوان: هەروەك تۆ خراپەکاری پێدەکرێت، من

خوام هەیە ئێوەش ئیبلیس جا با بزانین کی بەهێزە.

سەسیل: راستە زۆر ماندووم کردوویت، بەلام من دەستم نەبردوە بە هەندێك شت وە تۆش چاك منت ماندوو و ڕیسوا کردووە. قەرینی هەر کەس بووبم ئەوەی ویستومە وام لێکردووە ڕێکم خستووە بۆ ناو گروپ و کارەکانی خۆمان.

ماکوان: ئەی بۆ نالێیت بۆ خوانەناسی و سیحرو جادوو؟ ئەی باشە تۆ لە قیامەت ناترسی؟ لە خوای پەروەردگار ناترسی؟ تۆ کار بۆ کێ دەکەیت؟ ئەوەتا کە سەرکەتوو نەبوویت رسوات دەکات، بەلام خوای پەروەردگار هەرگیز داوای ئەنجام لە ئێمەی ئیمانداری مرۆڤ و جنۆکە ناکات، بەڵکو داوای کردارمان لێدەکات. تۆ ئەو هەموو کردارەت کرد، گەورەو ئاغاکانت داوای ئەنجامت لێدەکەن، ئەوەتا ئەنجامت نەداوە رسوات دەکەن هەی رسوا. تۆ دەزانی خواکەی من دروستکەری تۆ و ئیبلیس و گەورەکانی تۆشە، بۆ خۆت دەخەیتە ئاگرێکەوە بە هەتا هەتایی نە سالێکەو نە دە سالەو نە ملیۆنێك ساڵ، بەڵکو ئەبدی و هەتا هاتاییە.

سەسیل: مەم ترسێنە، ئەو خوایە هیچ دەسەلاتی بەسەر ئێمەدا نییە!

ماکوان: دەی ئەگەر راست دەکەیت بڕۆ بۆ ئاسمان وەك پیش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەواڵی مەلائیکەتاکان بهێنە بزانە خواکەی من چۆن بە شیهاب و نێزەك لەناوت دەبات لە یەك چرکە ساتدا، ئەوە بەڵگە نییە بەسەرتانەوە؟

ئەی ئەوە بەڵگە نییە بەسەرتەوە کە قورئانی خوای پەروەردگار دەخوێنم خێرا زیڕە دەکەیت و دەڕۆیت؟ دەبوو ئێوەی جنۆکە بە زووترین کات بڕواتان بهێنایە.

بەڵگەیەکی تر دەبوو بتانزانیایە ئەو هەموو هەوڵەی کە داوتە لەگەڵ مندا هیچت پێنەکرا. ئەی ناپرسی کێ هاوکارو یارمەتی دەری من بووە، خواکەی من خواکانی تۆی سوك و ڕسوا کردووە ئەوەتا تۆش لەگەڵیانیا ڕسوا بوویت.

سەسیل: چۆن دەیسەلمێنی خواکەی تۆ لە خواکەی من دەسەڵاتدارترە؟ ئەوەتا هەزاران خەڵکی وەك ئێوە لەبەردەستی ئێمەدا کار دەکەن، کار بۆ پاشای گەورەی ئێمە دەکەن، بەندایەتی بۆدەکەن.

ماکوان: زۆر بەسادەی وەڵامەکەی ئەوەیە کە وەك تۆ وان، تۆ ئەگەر ئاقڵ بیت چۆن شتێك دەپەرستی لە جنسی خۆتە هەر وەك خۆتە پێداویستی هەیە. کاری بۆ ناکەیت سوك و ڕسوات دەکات، پاشان لەگەڵ تۆدا لە ژیانە. سەسیل یەك چارەك بیربکەرەوە لەو ژیان و ڕەوشەی تۆی تێدای، بڕۆ بۆلای شێخ بەرقان بزانە هاوکاریت بکات.

سەسیل: زۆر بێزار بووم لە خۆم ولە تۆ و لەم ژیانەش.

ماکوان: جا من بڵێم چی تۆ شەڕ بە من دەفرۆشی، ئەگەر موسوڵمان بوویت پەیمان ئەدەم گەردنت ئازادەکەم، بەڵام یەك کارت پێ دەسپرم بۆم بکە.

سەسیل: چییە؟

ماکوان: تۆ جارێ موسوڵمان بە، ئەوکات پێت دەڵێم.

سەسیل: با بیرێکی لێبکەمەوە، بەڵام دڵنیابە ئەو نوسینەی شێخ بەرقان مانای ئەوەیە هەرکات وویستت قسە لەگە جنۆکە بکەیت ئێمە بانگ دەکەیت.

سەسیلم لی وون بوو ڕۆیشت، گەڕامەوە بەرەو ماڵ نوسینەکەم پێمابوو ووتم تۆ بڵێی سەسیل ڕاست بکات؟

هاتمەوە دەرەوە جارێکی تر خوێندمەوە، سەسیل هاتەوە بۆ لام.

سەسیل: چیت دەوێت ماکوان؟

ماکوان: وەڵڵا سەسیل ئەمە ڕێك لە دێوەکە و عەلادین دەچێت ئەو فلیمەت نەدیوە تۆ؟

سەسیل: نا باسەکە چییە؟

ماکوان: کەسێکە بەناوی عەلادین، قۆریەکی شکاو ئەدۆزێتەوە دەستی لێ ئەدات و دوای دێوێك دێتە دەرەوە بە قەدەر تۆ ناشرینە هەرچی بڵێت بۆی دەکات، ئەڵێم ئەم قەشمرییەی تۆش لەوە دەچێت ئەوە من دەبینیت و دەزانیت کە بەرقان ئەمەی داوە بۆ من بۆیە تۆش دەردەکەویت.

سەسیل: لەوانییە ئەوە کرابیت بە چیرۆکێکی ئەفسانەی و باس کرا بێت، بەڵام لەوانەیە کەسێکی تر وەك تۆ ئەو توانایەی هەبێت و کەسانی وەك شێخ بەرقان هاوکاری کردبێتن و هەروەك تۆش نوسەر بووبێتن ئەو چیرۆکەیان نوسیبێتەوە.

ماکـوان: راسـتە چیرۆکە دەڵێن خەیاڵیە لـە بەغداد یان لە دەوروبەری سـوریا و حەڵب روویداوە، گێڕاویانەتەوە دوایی موستەشریقێکی فەرەنسی کردویتە چیرۆك و لە کتێبی ئەلف لیلەو وەلێلە دا نوسیوەیەتیەوە بەناوی (ئەنطۆنی جالان).

ئەشـێت شتێکی ناو خەڵکی بیستبێت و ئەویش نوسیویەتیەوە، باشە من دەتوانم بەس تۆ بانگ بکەم یان جنۆکەی تریش؟

سەسیل: نا دەتوانیت هەرکەست بویێت بانگی بکەیت لە جنەکان، بەس ناوی بڵێ.

ماکوان: ئی خۆ ناوی تۆم نەوتووە تۆ چۆن هاتی؟

سەسیل: با شیخ بەرقان ناوی منی نوسیوە بە نمونە کە بانگم دەکەیت یەکسەر دیمەلات.

ماکوان: دەی باشە ناوی تۆ لەم نوسینەدا کامەیە؟ من سەسیل نابینم.

سەسیل: ئەو ناوەی کە نوسراوە (ززارمان) ئەوە ناوی منە.

ماکوان: ئەمە نوێ بوو، باشە ئێستا ئەمە بخوێنم و لە جیاتی ناوی ززارمان ناوی راقی یان حەزقیل یان بەرقان بهێنم دین بۆ لام؟

سەسیل: بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

ماکوان: نەڕۆیت بزانم راستدەکەیت کاکە حەزقیل-ی برام بانگ دەکەم.

سەسیل: بانگی کە.

ئەمجارەیان کە خوێندمەوە لەجیاتی ناوی ئەو ووتم حەزقیل، چەند هەنسـایەکی نەبرد پەیدا بوو.

حەزقیل: شێخ ماکوان السلام علیکم!

ماکوان: وعلیکم السـلام ورحمـة الله برکاتە، وەڵڵاهی حەزەی برام یەکەم جارە سەسـیل قسەیکی راست بکات، بەڕاستی شێخ بەرقان دیاریەکی نازاداری داوە بە من.

حەزقیـل: رووی کردە سەسـیل بەزمانێك قسـەیانکرد خوا ئاگادارە لـە زمانی زەردەواڵە دەچـوو، هەمـووی ز و ب بوو هەر گیزەیان دەهات، ئەونـدە زمانەکە ناخۆش بوو. ووتم کاکە بیکەن بەخاتری خوا هیچ تێناگەم ئەم بزو بزو بزوەتان لەچییە؟

حەزقیل: وەڵڵا پێم ووت ببە موسوڵمان ئیتر بەسە خراپەکاری تۆ هەمووشتێکت بۆ روون بۆتەوە، بۆ زانیاریت سەسـیل بەهۆکاری ئەوەی نەیتوانیوە سـەرکەتوو بێت دەربەدەر کراوەو بۆی نییە بڕواتە زیدو جێگاو مەڵبەندی خۆی.

ماکـوان: بۆی باس کردم، منیش عەرزم کرد عەبدوڕەحمان حەزقیل-ی برام، بەڵام نازانم

لەچی دەترسێت؟

حەزقیل: لە ویستانە دەترسێت.

ماکوان: ویستانە کێیە حەزەی برام؟

سەسیل: خۆشەویست و هەموو کەسی منە هەر لەبەر ئەویشە دەربەدر بووم بۆ ئەوەی ئەوم بدەنێ، هەرچیان بویێت بۆیان دەکەم، بەڵام تۆیان دایە دەستم لەرێگای ساحیرێکەوە کە تۆ تەنزیم بکەم، بەڵام خۆم ڕسوا بووم دەرکرام و ویستانە-شم لە دەست دەرچوو.

ماکوان: ئەویش تۆی خۆش دەوێت؟

سەسیل: بەڵێ زۆر

ماکوان: دەی بیفرێنە و بیبە بۆ لای حەزقیل و شێخ بەرقان و جەماعەتەکەی.

حەزقیل: ئاخر ئەو کچی شاهی ئەوانە باوکی ناوی شا (ڕەوخ)ە کار بۆ گروپی ساحیرانی دژی ئیسلامەتی دەکەن ئەوەی خواناس و موسوڵمان و دیندار بێت کاریان لەسەر دەکەن بۆ شێواندنی خۆیان و دینەکەشیان.

ماکوان: جا ئەگەر کچێك بەم شێوەیە بێت و باوکیشی بەو شێوەیە بێت ئیتر بۆچییەتی، بیرم چوو سەسیل-ی خۆی هەر لەوانە. ووتم ئاخۆ عاشقی چ شیرین و لەیل-ێك بووە.

حەزقیل: مارەیی لای ئێمە کارکردنە، بەڵکو پەلەبەندی زانست و کارکردن و ئازایەتیە. جوانی روخسار لەناو ئێمەی جندا نییە، لای ئێمە جنۆکە عاشق بوونی هۆکارە نەك روخسار.

ماکوان: وەڵاهی حەزەی برام لای ئێوە زۆر موهیمترە، بەداخەوە لای ئێمە تەنها ڕوخسارە.

حەزقیل و سەسیل دەستیان کرد بە قسە کردن، ووتم با شێخ بەرقان بانگ بکەم بزانم دێت، بەڵکو قسەیەکی خێر بکات.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی خەت و ختوتەکە و ئەوەندەم زانی شێخ بەرقان هات لەدڵی خۆمدا ووتم قۆریەکەی عەلائەدینی ناگاتێ.

بەرقان، سەسیل و ویستانە

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو باسەی کە شێخ بەرقان بە دیاری دابوویمێ لەشێوەی نوسینی زمانی قەرەج دەچوو، دەمخوێند و یەك یەك سەسیل و حەزقیل و شێخ بەرقان ئامادە بوون.

شێخ بەرقان: ماکوان ئەوە خێرە وا بانگمان دەکەیت.

ماکوان: شێخەی برام ئەم نوسینەی جەنابت بۆ من زۆر گرنگە کە دەیخوێنمەوە ئێوە دێن، بۆ من زۆر خۆشە. بۆیە حەزم کرد تەشریف بهێنیت ئەوە سەسیل-یشی لێیە، بەڵکو تۆزێك قسەی لەگەڵ بکەین.

شێخ بەرقان: جا پێش ئەوەی تۆ بانگمان بکەیت هەمووممان بەیەکەوە بووین ئەوە هاتینە لای تۆ.

ماکوان: بەڕاست! ئەی چییە بۆ من تێناگەیەنن؟

شێخ بەرقان: چیت تێ بگەیەنین، تۆ میحوەرێکی لە میحورە گرنگەکانی ژیانی سەسیل.

ماکوان: من تێناگەم باسی چی دەکەن، من چی بکەم محوەری من چییە؟

سەسیل و حەزقیل نزیك بوونەوە لە من، شێخ بەرقان بە سەسیل-ی ووت هەوڵبدە لەدنیای سیحرو جادو شەیتانەکان وەرە دەرەوە، لەگەڵ خۆماندا بەو ماکوان-یش دوعای خێرت بۆ دەکات.

ماکوان: جا وەك ئەوەی کە دەفەرموون ئەگەر بێت و سەسیل موسوڵمان بێت ئیتر برامانەو چی بوێت و ئەوەی لە توانای مندا بێت بۆی دەکەم.

سەسیل: ئەتوانیت بەیەکەوە تەمسیلیەك بکەین و سیناریۆیەك دابڕێژن بۆ ئەوەی نەجاتم بێت لەو کۆمەڵە خراپەکارە و ڕزگار بم و لەبیر بکرێم و کۆتای بە نارەحەتی ژیانم بێت ئەوەی تۆ بەسەرت هێناوم کەس بەسەر منی نەهێناوە ماکوان.

ماکوان: ئەگەر موسوڵمان بیت هاوکاری تەواوەتیت دەکەم، بەڵام بە مەرجێك شێخ بەرقان ڕێنمایمان بکات، ئەگەر ناخۆشی توشی خەڵکی بکەیت دڵنیابە خوای گەورە توشت دەکاتەوە، خوای پەروەردگار لە سورەتی ئال عمران دا دەفەرموێت:

إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ١٤٠

ئەگەر زام و سـەختی و ناخۆشـیەك دا توشـی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵکەش تووشی هەمان زام و سـەختی و ناخۆشـی هاتوون، ئێمـە ئەو ڕۆژە دەگێڕین بەناو خەڵکیـدا (تا لە جیهانی واقیعش دا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات، وە هەندێك قوربانی و شەهیدیشـیان لێ وەرگرێ، بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

سەسیل: دەستی کرد بە گریان کە ئایەتەکەم خوێند هەستم دەکرد دەلەرزی ووتی باشە من موسوڵمان دەبم و موسوڵمانش بووم لەسەر دەستی شێخ بەرقان، با ماکوانیش بزانێت ووتی:

أَشْهَدُ أَنّ لَا إِلَهَ إِلّا الله و أَشْهَدُ ان محمد رسول الله.

کە ئەو شایەتومانی هێنا خەریك بوو باوەشی پێدا بکەم، شێخ بەرقان ووتی نەکەیت ئەوە لە ئێمەیە نەك ئێوە ئەگەر باوەشی پێدا بکەیت ئەیکوژیت.

ماکوان: لە خۆشیدا ئەو سرودەم دەووت کە دەڵێت:

نحن الذين بايعوا محمدا

على الجهاد ما بقينا أبدا

نحن الذين بايعوه على الهدى

نحن دعاة الله أبطال الفدا...

هۆنراوەکە دوور درێژە بیلال و عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە و هاوەڵاکان ڕەزامەندی خوایان لێبێت بۆ پێغەمبەر (ﷺ)یان ووتوە.

حەزقیـل دەگریـا و ئەوەندەم زانـی حەنانە و ڕاقی ئامادە بوون. ڕاقی دەیووت بە شـێخ بەرقان هەر بۆیە ناومان ناوە ماکوان.

دوای چۆنـی و چاکـی لەگـەڵ حەنانـە و ڕاقـی ووتـم چیتـان ناونـاوە ماکـوان؟

ڕاقی: منداڵێکمان بووە ناومان ناوە ماکوان.

ماکـوان: ئەوەندەی تر پێکەنینم دەهات، واتا لە ناو جنۆکەشـدا ماکوان ناو دروسـت بوو هەیە؟

ڕاقی: بەڵێ، منداڵەکەی خۆمم بە ناوی تۆ ناو ناوە!

ماکوان: تەمەن درێژ بێت و خوای گەورە ساغ و سلامەتی بکات ۷برا ڕاقی.

سەسیل: ماکوان هاوکاریم دەکەیت؟

ماکوان: کورە لە خزمەتام سەلە گیان، نەك هاوکاری خۆم فیدای موسوڵمانان و دینەکەیان دەکەم، چیت دەوێت بیکەین؟

شێخ بەرقان: پێش ئەوەی هەرچیەك دەکەن هەوڵبدەن موبارەك بن.

ماکوان: چی بین؟

شێخ بەرقان: موبارەك.

ماکوان: واتای چییە موبارەك بوون؟

شێخ بەرقان: خوای گەورە لە قورئاندا موبارەکی ناوبردوە بە واتای خزمەتکردن و هاوکاری کردنی یەکتر، ووشەی موبارەك ئەگەر بەهەر کەسەوە نرا پێویستە خزمەتی خەڵکی و چوار دەوری بکات. داوا کردنی موبارەکیش تەنها بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جائیزە کە وەك دوعا بکرێت و تەنها پێغەمبەری خوا (ﷺ) پلەو پایەی پێبەرز دەبێتەوە، باقی موبارەك بوون بەدەست مرۆڤ خۆیەتی هەرچی هاوکاری خەڵکی بکات موبارەك دەبیت.

ماکوان: جا ئەم قسەی جەنابت یا شێخ لەسەر چ بنەماو بەڵگەیەك دادەمەزرێت؟

شێخ بەرقان: بەبەڵگەی ئایەت خوای پەروەردگار دەفەرموێت، بەرانبەر عیسای کوڕی مەریم سەلامی خوای لێبێت:

وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ٣١ مريم

وە منی موبارەك و پیرۆز کردووە لەهەرکوێدا بم لێرەدا بەواتای سودی بەخەڵکی دەگەیەنم بەوەی کە فێریان دەکەم لە بەندایەتی، وە ئامۆژگاری کردووم کە نوێژەکانم ئەنجام بدەم و لە زەکاتدانیش دریغی نەکەم هەتا لە ژیاندا هەم. هەموو ئەمانەی باسمان کرد فێرکاریە و پێغەمبەران بۆیە موبارەکن، چونکە هاوکارو سود بە خەڵکی دەگەیەنن.

خوای گەورە بە کەعبەش دەفەرموێت پیرۆزو موبارەکە..!

بۆ؟

إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ ٩٦ال عمران

بەڕاستی یەکەم خانەو ماڵ ومەنزلگایەك کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی (بۆ خوا پەرستی) ئەوەیە کە لە مەککەدایە کە هیدایەت و ڕێنمویی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

کەواتە لە کەعبەشدا سود هەیە کە تاوان و هەڵەی مرۆڤ پاك دەبێتەوە مرۆڤ کە دەچێتە حەج و عومرە سودە کە بە مرۆڤ دەگات.

هەر لەبەر ئەوەیە ئەگەر بێتو هاوکاری هەر کەس بکەیت ئیتر موبارەکیت و خوای گەورە هاوکاریت دەکات و سەسیل-یش پێوسیتی بە تۆیە، لە ئێستادا.

ماکوان: باشە خۆشحاڵیەوە لە خزمەتیاین چی دەوێت و چی بۆ بکەم، چیم پێدەکرێت؟

سەسیل: ئەوەی من دەمەوێت تەنها ئەوەندەیە کە دەڵێم ماکوان-م هێناوتە ناو گروپەکەی خۆمانـــەوە، جا ئەوکاتە دوو ئامانج دەپێکین، یەکەمیان ئەوەیە کە نەجاتت دەبێت لەشــەڕی، (ویرســـان) کە برای (ویســـتانە) من خۆشـــم دەوێت، ئەو زۆر بێدین و توانایەکی باشـــی هەیە لە ئازاردانی خەڵکیدا. نامەوێت بەهیچ شـێوەیەك لێـت نزیك ببێتەوە، دووەمیش ئەوەیە کە پەیوەندی بکەیتەوە بە شـێخ شـاهین- ەوە داوای لێبوردنی لێبکەیت و یەکتر ببینەوە و بۆ ئەوەی بچیتە ژێر رکێفی ئەو.

ماکوان: ئەی ڕێگا چارەی تر نییە بێجگە ئەم ڕێگا چارەیە؟

سەسیل: ئەوە لای من هەیە، ئەگەر تۆ فیکرەیەکی باشتر لایە بیڵێ.

ماکوان: ئەگەر دەزانن ئەو ویرسان ئەوەندە نالەبارو ئازاری خەڵکی ئەدات بیکوژن و لەناوی بەرن، ئەوە فیتنەیە با خەڵکیش لەشــەڕی پارێزراو بێت، شـێخ شـاهین-یش دابنێین بۆ خۆم، ئاقڵی دەکەم بۆ حەوت پشتی.

شـێخ بەرقان: ئاخر کوشـــتنی ویرســـان هەروا ئاســـان نییە، پێدەچێت هەوڵـــدرا بێت بۆ کوشتنی، بەڵام سەکەوتو نەبووە ئەویش توانای هەیە.

ماکوان: واتا هیچ چارەیەکی تر نییە بێجگە لەوە؟ من ئەوسەریم لا دیار نییە نازانم چی لێدێت؟

سەسیل: ئەوسەری ئاسانە، دوای ئەوەی کە تۆ هاتیتە ناوەوە و ئەوە بڵاو کرایەوە، خۆشت ناســاند بە شاهین ئەوە دڵنیابە چاوت لەســـەر نامێنێت و منیش رایدەگەیەنم کە بەردەوامی لە کاری سیحرو جادوو.

ماکوان: ئەی کە دوای زانیان من وانیم دیســانەوە ئازاردانی من دەســت پێدەکاتەوە، ئەوەی ئێوە باســی دەکەن شـــتێکی کاتیە. کێ ناڵێت هەر لە ئێســتا ئێمە ئاشکرا نەبووین لای ئەوان. بۆیە من دەڵێم بیر لە ڕێگا چارەیەکی تر بکەینەوە، ئاخر خۆ من ناتوانم ســیحر بکەم، خۆم ناتوانم کاری حەرام بکەم، ئەوە کوفرە چۆن بە گاڵتەشـــەوە بیکەم هەر جائیز نییە جالەبەر ئەوە پێم باشــە شـــتەکان بە ئاشکرا بێت و من وەك خۆمم و سەسیل-یش ئیسلام بونی خۆی ڕاگەنێت، ئیتر ئاگری جەرگ هەڵینەگرێت و ژنێکی تری بۆ بێنن.

راقی: مامۆستا ماکوان ڕاست دەکات، ئەوە چارەسەر نییەو ترسناکیشە.

شـێخ بەرقان: لەڕاستیدا لەسەرەتاوە منیش بڕوام بە پلانەکەی نەبووە، بەڵام ئەوەی منی رازی کردووە ســـووربوونی سەســـیل خۆیەتی و عاشق بوونییەتی، دەنا من ناترسم لە ویرسان،

هەرچی بکات ئێمەش ئاگامان لە ماکوان دەبێت، بەڵام دەمەوێت سەسیل-م لەدەست دەرنەچێت و قەناعەت بکات.

لەم قسانەدا بووین سەسیل نەما، سەیرێکی حەزقیل-م کرد ووتم ئەوە کوا سەسیل-ی برامان، بۆ وا بێدەنگی؟

حەزقیل: وەڵلا ی بڵێم چی برام گوێم بۆ ئێوە گرتوە، ئەوە تورە بوو بەجێی هیشتین. کێشەکە لەوەدایە سیستەمی ژیانەکان جیاوازە بەزەیم بە سەسیل-دا دێتەوە و تۆش مافی خۆتە بترسیت.

ماکوان: ئەزانن چی برایان و حەنانەی خوشکم، هەرچی سەیری ژیانی ئێوە دەکەم رێك وەك ژیانی بەنی ئیسرائیل دێتە بەرچاوم لە قورئاندا کەباسکراوە، ئێوە ژیان و هەڵسوکەوتان زۆر لە جولەکەو بەنی ئیسرائیلی سەردەمی موسا دەچیت، زۆریك لە کەسە باشەکانتان گیریان خواردوە بەدەست خراپەکانتانەوە.

شێخ بەرقان: راستەکەیت، وایە ئەگەر ئیجازەمان بدەیت ئێمە دەڕۆین بەڵام ئەو نوسینەی بۆم نوسیت ئیتر ناتوانیت بانگمان بکەیت، ئەوە تەنها بۆ ماوەیەك ئەو کودەمان دایتێ. ببورە ئەمجارە ناتوانی بانگمان بکەیت بە ئارەزوی خۆت.

ماکوان: ئەوە بەس کاتی بوو؟

شێخ بەرقان: بەڵێ تەنها بۆ ئەم ماوە بوو کە تەنها تا سەسیل موسوڵمان دەبێت ئێمە ناتوانین بە ئارەزوی دڵی تۆ بانگمان بکەیت و بینە لات.

ماکوان: وەڵلا بەداخەوە نەمزانی ئەم نوسینەش ئێکسپایەر دەبێت و ماوەکەی بەسەر دەچێت.

لەم قسانەدابووین سەسیل گەڕایەوە ووتی: فریا کەون پێدەچێت هەرچیمان کردووە و ووتوە زانیبێتیان، هەمووشتەکانمان ئاشکرا بووبێت بەڵام دڵنیانیم بەتەواوی، چونکە ویرسان ووتی: ئاگاداری هەموو شتەکانی نێوان تۆ ماکوان و هاوڕێکانی ماکوان-م. پێدەچیت لەم ماوەیەدا خۆی بۆ ماکوان ئاشکرا بکات چۆن خۆی ئاشکرا دەکات نازانم.

لەپڕ کەسیان لە لامدا نەمان و هەر خۆم مامەوە، هەرچی هاوارم کرد شێخ بەرقان، حەزقیل، سەسیل، راقی هیچ وەڵام نەبوو، بۆیەکەم جار لە ژیانمدا لەوکاتەدا بوو کە ترسم لێ نیشت لەخۆوە ترسێك چووە دڵم.

بەڵام خۆم تێك نەدا و هەر لەدەوروبەری ماڵی خۆمان بووم، خێزانم تەلەفونی بۆ کردم

ووتی: ئەوە چی دەکەیت لەوێدا وەستاویت، لەگەڵ خۆتدا قسە دەکەیت.

ماکوان: ئەوە خەریکی ئامادەکردنی موحازەرەیەکم بۆ ئەم شەو لە فەیسبوك باسی بکەم.

هاتمەوەماڵەوە دەستنوێژم گرتو دوورکات نوێژی ترسم کرد، لە دڵی خۆمدا دەموت داخۆ ئەم هیچوپوچەی تر کێیە بەناوی ویرسان چی لەژێر سەردا بێت؟

کۆتایی سەرەتایەکی نوێ لەنێوانی ماکوان و ویرسان دا

سەســیل موسوڵمان بوو ئەوەندەی ئاگاداربووم شێخ بەرقان بردبویە لای خۆیان و ئاگاداری و چاودێری دەکرد، لەهەمانکاتدا وانەی شەرعی پێدەووت، هەرچۆن بوو دەیوسیت بیپارێزێ لە دەستی گروپی ساحیرانی شەیتان و شەیتان بازەکان.

لەڕاســتیدا ترســێك لەدڵمادا پەیدا بوبوو لەوەی کەناوی ویرسان یان هێنابوو، چاوەڕوانــم دەکــرد لە پڕ دەرکەوێت، دەترســام لە ئاوخواردنم لــە نان خواردنم، تەنانەت نەمدەوێرا بەبێ دەستنوێژیش بچمە دەرەوە.

ژیانێکــی ناخۆش لەناو ناخ و دڵ و دەرونمدا دروســت بوبوو، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی نادیار بوو وە ماوەیەکی پێچوو هیچ رووی نەدا، ئاسایی بوومەوە بەڵام هەر ترسی ئەوەم هەبوو کە شتێکی نەخوازراو ڕووبدات.

رۆژێك سێرڤیســی ســاڵانەی ســەیارەکەم داگیراســابوو و بەدوای شەریکەیەکدا دەگەڕام کە بەهەرزان بۆم سێرڤیس بکەن.

زۆر گەڕام لە نەرویج دەســتم نەکەوت برایەك ووتی: خاڵە ماکوان بۆ ناچیت بــۆ ئەڵمانیا لەوی هەرزانترە و بــەلای کەمەوە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ دۆلار جیاوازیان هەیەو لەوێش ئیشت هەیە، تۆ هەر دەڕۆیت.

قســەکەی لام مەعقــول بوو، بڕیارم دا بڕۆم بۆ ئەڵمانیــا هەر خۆم بوو کەس نەبــوو لەگەڵمدا بێت، خێزانم کاری دەکــرد و منداڵانیش لە قوتابخانەو باخچەی ساوایان بوون، بە تەنها کەوتمە ڕێ چوومە سوید لەوێوە بۆ دانمارك. ماندوبووم لە

دانمارك لامدایە بەنزینخانەیەك و قاوەیەکم خوارد ســـەیارەم پڕکرد لە گاز بەرەو ســـەیارەکەم ڕۆیشـــتم کوڕێکی زۆر بەڕێز لەتەمەنی خۆمدا، حاجی ماکوان ســـڵاوی خواتان لێبێت.

ماکوان: علیکم السلام ٧برا.

کوڕەکە: من ناوم سورکێوە خەڵکی سلێمانیم زۆر موتابعەی جەنابت دەکەم زۆر خۆشەویستی لامان.

ماکوان: بەڕێزی کاك ســـورکێو گیان خوای گەورە خۆشـــی بوێیت و هەردووکمان لە ژێر عەرشی خۆیدا کۆبکاتەوە، بڵێ ئامین.

ســـورکێو: ئامیـــن، کاك ماکوان باتری ســـەیارەکەمان مـــردوە دابەزیبووم لایتی ســـەیارەکەم کاری دەکرد بیرم چووبوو بیکوژێنمەوە باتریەکەی مراندوە، ئەتوانین بە سەیارەکەی جەنابت شەحنی بکەینەوە؟

ماکوان: بەس من لێی نازانم خۆت دەیزانی؟

سورکێو: بەڵێ کیشەم نییە.

ماکـــوان: خوا شـــاهیدە بۆنیتی ســـەیارەم هەڵدایەوە بەدوای باتری ســـەیارەکەم دەگـــەڕام هـــەر نەمزدەزانی لەکوێدایە! لەدڵی خۆمدا ووتـــم تۆ بڵێی باتری نەبێت، چووم بۆلای سورکێو ووتم کاکە بەخوا نایدۆزمەوە سەیارەکەی من بڕواناکەم باتری هەبێت.

سورکێو: بە پێکەنینەوە رادەبوێری پێمان کاك ماکوان سەیارە هەیە باتری تێدا نەبێت؟

ماکوان: دە ئەگەر راست دەکەیت وەرە بیدۆزەرەوە.

سورکێو: تەماشای کرد، لەدوای سەیارەکەتدایە دواکەی کردەوە هەر نەبوو باتری نەدۆزیەوە بەخوایە نازانم لەکوێدایە.

ماکـــوان: پەلە مەکە با تەلەفونێك بەکەم بۆ کوڕێکی هاوڕێم فیتەرە، تەلەفونم بۆ کرد، ووتی لە لای چەپی کورسی دواوەیە.

ســـورکێو: بەخوا ئەمە ناکرێت ئەگەر زمانەکەت باشـــە بـــا تەکلیف بکەین لەو سەیارەی ئاودیە، بەڵکو هاوکاریمان بکات.

ماکوان: چووم بۆلایان بە زمانی نەرویجی قسـەم کرد لەگەڵ خاوەنی سەیارەکە وامزانـی دانمارك-یـە، چونکە هـەردوو زمانەکە نزیکـن لەیەکەوە،بەڵام دیار بوو ئەڵمانی بوو، هەرچۆن بو وبە ئینگلیزیە شەق و شڕەکەی خۆم تێمگەیاند و ئەویش رازی بوو لەماوەیەکی کەمدا سـەیارەکەی سورکێو-ی شەحن کردەوە، بە سورکێو-م ووت ئەگەر ئیشت نییە من دەڕۆم دەبێت بچمە ئەڵمانیا.

سورکێو: منیش بۆ ئەوێ دەچم.

ماکوان: دە دوام کەوە، با بڕۆین.

سورکێو: باشە.

کەوتینە ڕێ لە ڕێگادا من زۆر بە خێرای دەڕۆشتم سەیارەکەی ئەویش ڤۆگزڤاگن بوو زۆر هێواش دەڕۆیشـت، خۆم لێ نزیك کردەوە پرسـیم تەلەفونت پێیە؟ هەر تێنەدەگەیشت چوومە تەنیشتیەوە جامەکەم کردەوە ووتم مۆبایلت پێیە؟

سورکێو: پێمە شەحنی تێدا نەماوە.

ماکوان: سـورکێو زۆر خـاو دەڕۆیت من ناتوانم وا بـڕۆم تۆزێك پێی لێنی برا وانابێت تا دوو رۆژی تر ناگەین.

سورکێو: جا خۆ من لەبەر تۆ خێرا ناڕۆم.

ماکوان: نا بەقوربانت بم لەبەر من لێخوڕە.

دەستمان پێکرد کیلۆمەتر نەمهێشت لە ٢٠٠بێتە خوارەوە، ٢٠٠ بۆ ٢٢٠ دەڕۆشتم، بەڕاستی ئەویش باش هات، مونافەسەی دەکردم.

من لە پێشـیەوە دەڕۆیشـتم لە پڕ سـەیارەی ئەو دووکەڵی چوو بە ئاسماندا و سەیارەکەشی چوو بە ئاسماندا.

منیش بە پەلە هێواشـم کردەوە هاتمەوە سـایدی خۆم، بەڵام یەك سەیارەی تر نەوەستا بەتەنها من بووم. هەمووی هۆرینی بۆ لێئەدام و جنێوی ئەدا گوێم بەوان نەداو هاوارم دەکرد خوایە بیپارێزە، سەیارەکەی هەلا هەلا بوو.

لەدڵـی خۆمـدا دەمووت بە خوا هیچو پوچی من بوو وامکرد لەو کەسـە لەبەر حەزی خۆم ماڵ و گیانیم لەناو برد، زۆر بێتاقەت بووم سـەیارەکەی کەوتە لاپاڵی جادەکـەو منیش خێرا لامدایە سـەرجادەکە. دانمـارك زەویەکەی هەمووی تەختە

لاپاڵەکان زۆر نەبوو، بەڵام ویران بوو ئاگام لی بوو گڕی تێچوو بوو ســەیارەکەی. هەرچۆن بوو سەیارەکەم وەستاندا بە پەلە بەڕاکردن چوو مەلای سەیارەکە تەماشا دەکەم ســورکێو بەدیار ســەیارەکەیەوە دانیشــتتوە، بەڵام لام ســەیر بوو هیچ کام لەســەیارەیەکان لایان نەدا بەلاماندا هاوکاریمان بکات و بە سورکێو-م ووت لە کوێ نیشتە جێیت؟

سورکێو: سوید.

ماکــوان: هەوڵبــدە پەیوەندی بکە بە ئــەو کۆمپانیایەی کە ســەیارەکەت بیمە کردووە لایان.

سورکێو: سەیارەکەم لای کەس و هیچ شەریکەیەك بیمە نەکردووە.

ماکوان: ئەی کاکە ئەوە زۆر خەتەرە ئێستا پۆلیس بێت ئەتگرێت.

سورکێو: ئەی ئاساییە لەگەڵت سەرکەوم تا ئەڵمانیا؟

ماکوان: لە خزمەتام، بەڵام براکەم ئەو سەیارە بەناوی تۆیە هەر ئەدۆزرێتەوە.

ســورکێو: ژمارەکــەی بەناوی منــەوە نییە، بەنــاوی دایکمەوەیــە. ئەویش لە کوردستانە، نایەتەوە بۆ ئەوروپا.

ماکوان: باشــە ئەی خۆ خوا ئاگای لێیە، بەهەرحاڵ ئەوە کێشــەی خۆتە، بەڵام ئازارت نییە، ئەی نەتبەم بۆ خەستەخانە؟

سورکێو: نا پێویست ناکات تەنها پشتم ئازاری پێگەیشتوە.

ماکــوان: بەخــوا دەترســم گەرماوگەرم بیت، نەکو شــوێنت شــکابێت ئادەی با تەماشــای پشــتو ســەرو قاچت بکەم بزانم خوێنی پێوە نییە، تەماشام کرد هەموو ساغ بوو. برۆ سەرکەوە با بڕۆین، چونکە ناشکرێت لێرە بە جێت بهێڵم، کارەکەشت زۆر نا تەندروستە زوو سەرکەوە بابڕۆین.

وورده وورده رۆیشــتین بەرەو ســەیارەکە دەستیم خستبوە سەرملم، لەدوورەوە بینیم سەســیل هاوار دەکات، درۆ دەکات ئەوە ویرســتان-ە، فێڵە لێت دەکات وریای خۆت بە ماکوان.

کە سەسیل-م بینی لای سەیارەکەی خۆمەوە دەستی سورکێو لەسەر شانم نەما، ئاوڕمداوە بۆلای سەیارەکەی نە سەیارە ماوە نە دوکەڵ نە هیچ ئاسەوارێك، هەموو ئەو

سەیارانەی کە دەڕۆن لەسەر ئەو جادە تەماشای من دەکەن. حەپەسام نەمدەزانی چی بکەم بەرەو لای سەسیل چووم تاگەیشتمە لای سەیارەکەی خۆم سەسیل-یش دیار نەما. ئەوەندەم نەزانی دوو سەیارەی پۆلیس بە گەیشتنە سەرم لێیان پرسیم کێشەت چیە لەسەر جادەی خێرا (ئاوتۆبان) وەستاویت؟

ماکوان: واهەستم کردووە کەسێك لەبن جادەکەدا کەوتووە ویستم بچم هاوکاری بکەم، بەڵام دیارە هەڵە بووم.

پۆلیس: خۆ سەرخۆش نیت و نەتخواردۆتەوە؟

ماکوان: نەخێر، مەشروب ناخۆمەوە.

پۆلیس: ئەتوانین فەحسی کحولت بۆ بکەین؟

ماکوان: بەڵێ، بەخۆشحاڵیەوە بفەرموون.

یەکێکیان چوو جیهازێکی هێنا دەبوو فوی پێدا بکەم بزانن ڕێژەی کحول لە لەشەمدا چەندەیە، دوای ئەوەی کە فوم پێدا کرد دەرچوو کەسێکی ئاساییم ووتیان ئەی کێشە و نەخۆشی و چاوت نییە؟

ماکوان: بە پێکەنینەوە، جارێ شێت نەبووم دڵنیابن هەر هەڵەی چاوم بووە، ئەشێت ماندووبم لە ڕێگادا لە بەنزینخانەیەك لائەدەم هەندێك پشو ئەدەم.

هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و یەکترمان بە جێهیشت و پۆلیسەکان ووتیان ئەگەر هاوکاریت پێویست بوو ژمارەیەکیان دامێ کە پەیوەندیان پێوە بکەم، زۆر سوپاسم کردن داوای لێبوردنم کرد کە بەهۆکاری منەوە ماندبوون.

سواری سەیارەکەم بووم وورده وورده کەوتمە ڕێ، هەرچی قورئان لەناو سەیارەکەمدا بوو خستەمە سەری و دڵم بە پەلە پەل لێی ئەدا و ناچار جارێکی تر لامدایەوە لە بەنزینخانەیەك و دەستم کرد بە دۆندرمە خواردن دنیاش ساردە،هەواڵی جێگای خەوم پرسی ناونیشانی موتێلێکیان٢ دامێ و چوومە ئەوێ بۆ پشوودان، جارێ هەر لەناو خاکی دانیمارك-دام کاتژمێرێکم ماوە بچمە خاکی ئەڵمانیا، بەڵام ناچار بووم لابدەم.

کاتژمێر شەشی ئێوارەیە چوومە ناو موتێلەکەوە داوای ژوورێکم کرد خێرا دەستنوێژم گرت و نوێژی شێوان و عیشام کرد بە قەسرو جەمع و لێی خەوتم.

ئەوەندە ماندبووم کاتژمێر شەشــی بەیانی خەبــەرم بوویەوە و چاوەڕوانی نوێژی بەیانی بووم تەماشــای کاتی نوێژەکانم کرد لە دانیمارك هێشــتا کاتی مابوو، ناچار خۆم شــۆرد و مامەوە تا چارەك بۆ ٧ی بەیانی نوێژم کردو هاتمە خوارەوە بۆ نان و چای بەیانی بخۆم ووتیان چیشــتخانە کاتژمێر هەشت دەکرێتەوە، چاوەڕێم کرد لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتبووم.

٢ مۆتێل، ئەو جێگایەیە کەلە هوتێل گەورەترە، لە ئەروپا زیاتر لەســەر جادە گشتیەکان هەیە بۆ ئیستراحەتی گەشتیاران.

کچێکی ناسك و جوان هاتە لام ووتی قاوە دەخۆیت بۆت بهێنم؟

لەدڵــی خۆمدا، ئەمیــش لەجەماعەتی ویرســان نەبێت؟ لە ترســاندا، نەخێر، چاوەڕێــی نــان و چــای بەیانیانم تا نــان نەخۆم قــاوە ناخۆم، لە راســتیدا ڕێك پێچەوانەکــەی راســتە، چونکە تا قاوەیەك نەخۆم نانوچــای بەیانیم بۆ ناخورێت. ناچار تا کاتژمێر هەشت چاوەڕوان بووم.

چوومە ناو چێشتخانەکە و دەستمکرد بە نان خواردن، هەستم کرد مێشکم سافە هەستام بکەومە ڕێ بۆ ئەڵمانیا لەدەرەوە لای سەیارەکەم سەسیل چاوەڕێی دەکردم.

کە ئەوم بینی ئاوڕمداوە بەملاولای خۆمدا، نەکو کەسێك بڵێت شێت بووە قسە لەگەڵ کێ دەکات، چونکە دڵنیابووم لەوەی کە تەنها من دەیانبینم.

زۆر توڕە بووم؛ نەمدەزانی داخی دڵی خۆم بەکێ بڕێژم سەســیل-یش وەســتاوە هاوارم کرد ئەرێ سەگ بابینە بۆ وادەکەن بە من.

سەســیل: خۆت بی ئەقــڵ مەکە؛ ئەگەر من نەبوومایە لەوانەیە شــتی خراپت بەسەردا بهاتایە.

ماکوان: ئەی بۆ ڕۆشتی، لەوکاتەدا بۆ نەمایتەوە راتکرد و منت جێهیشت؟

سەســیل: ئەزانی چ شــەڕێکمان توش بــوو لەوێدا لەگەڵ جەماعەتی ویرســان، ئەزانــی چەندمان لەیــەك بریندار کردو یەکێکیش لەوان تۆ خۆش. ئەزانی شــێخ بەرقان بریندارە لەگەڵ حەزقیل، خۆی هاتە شەڕەکەوە شێخ بەرقان، خۆ تۆ ئاگات لەهیچ نییە.

ماکــوان: نەوەڵڵا ئاگام لــە هیچ نییە، خۆ جنۆکە نیم کاکە، چی بووە بۆم باس

كە؟

سەسیل: ئەی ناچیت بۆ ئەڵمانیا؟

ماكــوان: با بــڕۆ ســەركەوە، دەرگا نەكرایەوە تــا من چوومە ناوەوە سەســیل دانیشتبوو. ئەوە چۆن هاتیتە ناوەوە؟

سەسیل: لەكونی ئەو جامەوە كراوەتەوە تۆزێكی.

ماكوان: بۆم باس بكە چی روویداوە؟

سەسیل: ویرسان دەویەوێت دوو شت بكات تۆڵە لە شێخ بەرقان و من بكاتەوە، ئەویــش بە هۆكاری منــەوە، دوایش تۆ بەرێتە ریزی خۆیان و ئیســپاتی بكات بۆ گروپەكــە كە ئەو بەتوانایــە و من نەمتوانی، بەڵام ئەو لە ئێســتادا هیچ ئازارێك بە تۆ ناگەیەنێت دەزانێت تۆ لەو جۆرە كەســانەی هەتا رقە بەرایەتت بكات تۆش رەقتر دەبیت، بەڵام ئەو دەیەوێت بە نەرمی لەگەڵتا بڕوات و نایەوێت توڕەت بكات.

ماكوان: جا تۆ ئەمە چوزانیت؟

سەسیل: لە ڕێگای ویستانەوە پێمدەگاتەوە.

ماكــوان: بــە پێكەنینەوە ئێ ئێ عیشــقیش باشــە بەس نییە ئــەو عونصورە جاسوسەشت هەیە.

سەسیل: ئێ خۆ هەموو بۆ یارمەتی دانی تۆ كار دەكەین.

ماكوان: یارمەتی دانی چی، قوڕتان كردووە بەسەرما بەتایبەتی تۆ سەسیل ئەمە هەموو پەنی تۆیە پێمانەوە ئەزانیت.

سەســیل: ئەو دەتوانێت یەك كار بكات، لە راســتیدا دوو شتت لێ بكات، بیزانە. قەرزارت دەكات و پاشان لە خێزانت جیات دەكاتەوە.

ماكوان: حەدی چییە! قابیلە منیش ئەوەندە دەست و پێسوتاو نیم.

سەســیل: نەم ووتــوە كردویەتی، دەڵێم هەوڵی بۆ ئــەدات. بۆ ئەوەی پلانەكەی بزانیت.

ماكوان: ئەی حەزەی برام وەزعی چۆنە شێخ بەرقان باشە؟

سەسیل: نەوەڵڵا حەزقیل باش نییە، بەڵام شێخ باشترە.

ماكوان: چۆن بڕۆم سەردانی بكەم؟

سەسیل: ئێ خۆ ئەمە کوردستان نییە، شەربەتی نادری بۆ بەریت بۆ خەستەخانە. تۆ دەزانیت شوێنی پشوی ئێمە لە قاڕەیەکی ترە.

ماکوان: باشە! تۆش فێر بوویت رابوێریت، شەربەتی نادر.

سەسیل: بڕوا بکە ماکوان کێشەی تۆ و خەڵکی تریش ئەوەیە کە وەك خۆتان تەماشای ئێمە دەکەن، کاکە ئێمە زۆر جیاوازین.

ماکوان: دەزانم قابیلە نەزانم ئێوە جنۆکەن و منیش مرۆڤم، بەس پرسیارێك سەسیل چۆن بێمە ناو ئەو شەڕەوە بەشدار بم؟ بەڵکو یەك دوانێك لە شەیتانەکان بکوژم و خێرەکەی ئەکەین بە دووکەرتەوە.

سەسیل: بەشێخ بەرقان بڵێ ئەو دەتوانێت بتخاتە ناو ژیان و کایەی ململانێی ئێمەوە.

ماکوان: سەسیل چیتان لەمن دەوێت؟

سەسیل: هەشت ساڵە نازانیت؟

ماکوان: با دەزانم دەتان ویست و دەتانەوێت بمکەنە شەریکی شەیتان، منیش حەز بە کارکردن دەکەم لەگەڵ ڕەحمان، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ ماکوان بەتەنها؟ ناکرێت بچن بۆ لای کەسێکی تر؟

سەسیل: چەندجار ئەو پرسیارەی تۆم دەگەیاند، بەڵام شتێك لە تۆدا هەیە ئەوان ئەوەیان لامەبەستە کە لەزۆربەی خەڵکی تردا نییە. منیش نازانم ئەو شتە چیە.

ماکوان: لەوانەیە خوێنەکەم بێت ئۆ جنۆکەیە. قسەیەك بکە کە جێگای باوەڕ بێت.

سەسیل: باشە بۆ نایەیت بڕۆین بۆ کەناری دەریایی (دیتە) لەوەێ زۆر شت دەبینیت و لێی تێدەگەیت.

ماکوان: ئەمە لەکوێیە؟

سەسیل: نزیك هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان-ە.

ماکوان: هەر زۆر کەریت، من هیچ ناکەم دێم بۆ ئەوێ.

سەسیل: جاکەیفی خۆتە من بۆ خۆت دەڵێم، من دەبێت بڕۆم ئەوە کۆنترۆڵی

ئەڵمانیایە. ئێستا داوای پاسپۆرتت لێدەکەن.

ماکوان: ئەی تۆ پێت نییە، خوای بکردایە بیانگرتیتایە باش بوو.

سەسیل: ئێ من ئێستا براتم، بۆ پێت خۆشە نارەحەتم بکەن و بگیرێم ئەزانی چەندە شەرمکرد لەسەر تۆ؟

ماکوان: موسوڵمان سەر سەرو سەرچاوم، بەڵام سجن جێگای پیاوچاکانە دەمەوێت بگیرێیت بۆ ئەوەی ببیتە پیاوچاك.

سەسیل: رادەبوێریت دەزانم، بەڵام ئاگاداری خۆت بە. شێخ بەرقان ناردمی بۆلات دەیووت ئەوەی کە پێم دابوو بیخوێنێت بەپشتیوانی خوا یەکسەر دەگەینەوە لای.

ماکوان: وەرە نەڕۆیت، لام نەماوە لەکوێ بیهێنم لە نەرویجە.

سەسیل: ئەوە کێشەی خۆتە برۆ خواتان لەگەڵ.

لە دوای ترسێکی زۆر بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکەوتم، نەمدەزانی چیتر روو ئەدات، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە تەنها بووم، دوای ئەوەی کۆنترۆڵی ئەڵمانیا دەرچووم هەرچۆن بوو بەپەلە لەناو خاکی ئەڵمانیا ووردە ووردە کەوتمە رێ بەرەو کۆڵن، نزیك مزگەوتێك بومەوە لەوێ پشووبدەم دوای ٧ کاتژمێر لێخوڕینی سەیارە. پاشان چووم بۆ شاری نۆیس لەوێ هوتێلم گرتبوو، نزیك کاتژمێر دەی شەو گەیشتمە هوتێلکە ئەو ژوورەی کە بۆ من دابین کرابوو، دوای خۆشۆردن هاتمە دەرەوە تەماشام کرد شێخ برقان دانیشتبوو لە ژوورەکەدا.

شێخ برقان: ماکوان السلام علیکم

ماکوان: وعلیکم السلام دەنگوباستان؟ حاڵو گوزەرانی تۆو حەزقیل-ی برام چۆنە گوایە لەشەڕدا بوون بە گوێرەی قسەی سەسیل بێت، نەمزانی بڕوای پێبکەم یان نا.

شێخ برقان: راستی کردووە لەگەڵت من ناردم بۆ لات زۆر ماندوو بووین ئەم چەند رۆژە ئاگاداری خۆت بەو بەتایبەت ویرسان زۆر خەتەرە، ئەو جنە لە جنسێکی زۆر ترسناکە و ماند بوون لەناویاندا زۆر درەنگ دەست پێدەکات.

ماکوان: جا شێخە گیان ئەی من چی بکەم، خۆی کردبوو بە سورکێو ناوێك و سەیارەکەی هەلاهەلا بوو کەچی خۆی بریندار دیار بوو، کە سەسیل-م بینی

نەمــاو نەمزانی چی روویــداوە، ئینجا من چۆن خۆم لە هیچوپوچە بپارێزم کە ئێوە دەڵێن تەنانەت خوێندنی قورئانیش کاری لێناکات.

شێخ برقان: ماکوان لە مردن دەترسی؟

ماکــوان: ئــەی هەر ئەو رۆحمە هەیە کە مــن خاوەنیم هیچی ترم نییە لێی بترســم، ئەویش لەبەر خۆم لێی ناترســم لەبەر ئەوەی دوومنداڵم هەیە، هەست دەکەم ئێستا پێیوستیان بە منە. دەنا لەڕاستیدا مردن لای من تەنها دەرگایەکە لە ئەم ژیانەوە بۆ ژیانێکی دیکە.

شێخ برقان: زۆر باشە سەرەتا فێر بە کە مردن دیاردەیەکی تەندروستیە بۆ ئێمەی جنۆکەو بۆ ئێوەی مرۆڤیش.

ماکوان: من دەمرم، دیاردەی تەندروستی چی؟

شــێخ برقان: راســتە دەمریت، ئەوە دیاردە تەندروستیە گەڕاندنەوەی هێزو توانــای لاشــەیی بۆ تۆ لە ژیانێکی ئاســایی بــۆ ژیانێکی خلود بــێ کۆتایی، واتا ســەرلەنوێ پرۆگرامی نــوێ لە تۆدا بەرجەســتە دەبێتەوە واتا بەزمانی زانســتی ئەبدەیت ژیانێکی نوێ لە لاشەتدا دەست پێدەکاتەوە.

لە ئێســتادا ژیانێکی دنیایی دەژین، نەك ژیانێکی بەردەوامی بەڵکو ژیانێك کە دەســت پێکی هەیە و ناوەندی هەیە و کۆتیشی دەبێت. ئەوە ژیانی ئەم دونایيە کەدەژین!

ژیانــی دونیــا کە خوای پەروەردگار ناوی لێناوە لە قورئانەکەیدا بریتیە لە ڕابــردوو ئێســتا و هەروەهــا هەوڵدانە بۆ داهاتوو، ئەمە زۆر بەســادەیی ژیانی ئەم دوونیایە کە تێیدا دەژین. ئەم ژیانە سیستەمی وایە ناتوانرێت بەگەڕێیتەوە سەری و ئەڕوات و لەسەر کەس ناوەستێت!

بەڵام کە مردن دەســت پێدەکات تەواوی ئەو ژیانە کە تێیدا دەژین کۆتای دێــت بــۆ ژیانی دنیایی کۆتایی دێت بۆ زیندووی هەمیشــەی یاخود خلود ژیانی دونیــا لەگــەڵ زینــدووی جیهانی قیامــەت یاخود لە بەهەشــت دوو ژیانی زۆر جیاوازە، ئەو دیاردە تەندروستیە بۆ ئەوەی دەست پێدەکات.

ماکــوان: ئــەی خۆ هەموو کەس ناچێتە بەهەشــت، ئەی بــۆ ئەوانەی دەچنە

جەهەنم ژیانیان چۆنە؟

شێخ برقان: تۆ جاری واز لە دۆزەخەکە بهێنە بگەڕێوە بۆ بەهەشت بۆ ئەوەی جیاوازیەکەت بۆ دەربکەوێت، ژیانی بەهەشت وەك ژیانی دوونیا نییە، نە داهاتووی هەیە نە رابردوو وە نە ئێستا، بەڵکو خلودی هەیە واتا ژیان هەمیشەییە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا

ئەگەر جوان تەماشای ئایەتەکە بکەیت لەگەڵ ژیانی خلودا باسی بێ پایانیش دەکات کەواتە مردن بۆ ئەوکەسانەی دەچنە بەهەشت دیاردەیەکی تەندروستی‌٪١٠٠، بەلام لە جەهەنمدا ژیان هەروەك ژیانی ئاسایی دنیایە خەفەت دەخۆیت خواردن دەخۆیت، خەوت دێت، تینوت دەبێت وە هەروەها وەك ژیانی دنیا وایە. تەنانەت خوای گەورە دوو ووشەی جیاوازی بەکار هێناوە، لەبەرانبەر ژیانی بەهەشت و جەهەنەم و دنیادا بۆ ژیانی دونیا و جەهەنم (اعیش) بەکارهێناوە، بەلام بۆ بەهەشت (یحیا) بەکار هێناوە، ئەگەر بتوانم بۆت وەرگێرمە سەر زمانی کوردی واتا ژیانی دونایای و زیندوو بوونەوەی هەتاهەتایی.

ماکوان: وەڵلا شێخە گیان وات لێکردم مەرگ بە پارە بکڕم.

شێخ برقان: نا، مەبەستم تەنها ئەوە بوو، کە بزانیت مردن ترسناك نییە وەك ئەوەی کە هەندێك موسوڵمان لێی دەترسێت، چونکە مردن پێویستە موسوڵمان بۆی بژی، ئامۆژگاری پێغەمبەری ئازیزمانە (ﷺ)

ماکوان: باشە شێخە گیان، من چی بکەم لەم حاڵو گوزەرانەی کە ئێستا تێیدا دەژیم؟

شێخ برقان: هەوڵبدە چەند شتێکت فێر دەکەم ئیتر دەڕۆم، کە هەرگیز ناتوانێت بێ بەلاتدا، بڕوا ناکەم بەزووی بم بینیتەوە یان بۆ ئەبەدی نامبینیتەوە.

ماکوان: بۆ شێخە گیان بۆ وا بێ هیوام دەکەیت، حەز دەکەم هەمیشە لەخزمەتاندا بم بەخوا.

شێخ برقان: جوان گوێبگرە ماکوان گیان، کاتی موجامەلەی زۆرمان نییە، لەم حاڵەتەدا پێویستە نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بێت و دەستنوێژی جوانی بۆ هەڵبگریت.

ماکـوان: جـا شـێخە گیان، ئەوە تۆ بڵێیـت و نەیڵێیت هــەر دەیکەین نوێژو دەستنوێژ فەرزە، ئەمە گرنگیەکەی لە چیدایە.

شێخ برقان: پەلە مەکە بزانە چی دەڵێم.

ماکوان: ببورە یاشـێخ بەسـادە هاتە بەرچاوم چارەســەرەکە کە خۆم رۆژانە بیکەم.

شـێخ برقان: ماکوان گیان سـادە نییە زۆربەی موسـوڵمان نایکات و تۆش لەو موسوڵمانانەی کە نایکەیت.

نوێــژە فەرزەکانم مەبەسـتمە بەتایبەتی کە لەکاتی خۆیـدا بکرێت، چونکە هەمــوو نوێژەکان لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی تیشـکی خۆرەوە دەسـت پێدەکات تا کۆتایی تیشك، کە هیچ شەیتان و جنۆکەیەك کاریگەری نامنێت، ئەگەر دەستنوێژو نوێژەکانت لە کاتی خۆیدا کرد بە جەماعەت، یاخود بە تەنهاش بێت گرنگە لە کاتی خۆیدا بێت زۆر نەڕوات بەسەریدا، چونکە مرۆڤ لەو کاتەدا بارگاوی دەبێت بــە بارگەیەکی شـێوە کەرەبایی، کە هیچ جۆرە جنۆکەو شــەیتانێك ناتوانێت لێ نزیك بێتەوە. ئەو پێنج فەرزە نوێژە و لەگەڵ شۆردنی ئەو پێنج جێگاییەی لە کۆتایی لاشەی مرۆڤدایە، ئاگادار بە مەبەستم تەزووی کەرەبای ئێوەی مرۆڤ نییە، بەڵکو هاوشــێوەی تەزویەکی کارەباییە، کە هیچ جۆرە شــەیتان و تەنانەت جنۆکە سادەکانیش ناتوانن نزیکتان بکەونەوە مەگەر ئەو کەسەی کە خۆی نوێژ دەکات لە جنەکان ئەو بارگە کارەباییە لە ســەر لاشــەی ئەویش پێچەوانە دەبێتەوە توانای دەبێت بێتە لاتان و قسەتان لەگەڵ بکات.

ماکوان: ئەمە زانیاریەکی نوێ بوو بۆ من شێخ برقان-ی بەڕێز.

شـێخ برقــان: بۆ ئەوەی بزانیت لــەوە گرنگتر، ئەو ووزەیەی کە دێتە لاشــەی ئێوەی مرۆڤ لە ڕێگای نوێژو دەستنوێژەوەیە، ساڵانەش ووزەیەکی بەهێزتر دێتە لاشەتان بە هۆکاری ڕەمەزان، کە لە شەوی لەیەلەتو قەدردا زیاتر لاشەی مرۆڤەکان پــڕدەکات. مــرۆڤ کە دەچێتە حــەج زیاتر لەو ووزەیە لەلاشــەیدا جێگر دەبێت،

هەروەها بەخشـینی سـەروەت و سـامانیش زیاد دەکات، جا تکا دەکەم بەردەوام ئـەوەی پێـم ووتی بیکەو بە پشـتیوانی خوا بـەدوور دەبێت لـە هەموو بەڵاو موصیبەتێکی شەیتان، بەردەوام بە لەسەر خوێندنی زیکرو قورئان خوێندنەکانت. دڵنیابە خوای گەورە پشتو پەنای هەموانە و گەورەترە لە هەرچی ئەم بوونە هەیە و خۆی خالقە تۆ تەرەفی خوای بیرتە ئەم قسەت بۆ هەموومان دەکرد، تۆ تەرەفی خوایت وە ئەوەی دوژمنتە تەرەفی شەیتانە، تەوەکولت بەو بێت.

ماکوان: بارك الله فیکم شێخە گیان خوای گەورە لە منتان نەسێنێت.

شێخ برقان: براکەم جارێ خوات لەگەڵ من دەڕۆم لێرەوە ماڵ ناوای دەکەم لـە جیاتی هەموو هاوڕێکانمان لە جیهانی ئێمەی جنۆکە و سـڵاوی منیش بەو خەلکە دڵسۆزە بگەیەنە کە وەك تۆ ئێمەیان خۆش دەوێت و پێیان بڵێ ئێمە براو پشتیانین لەئێمە نەترسن، بەڵکو لە شەیتان و جنۆکە بەد نەخلاقەکان بترسن کە خۆیان دەیانکەنە هاوڕێی خۆیان خوات لەگەڵ.

ماکوان: کە تەماشای خۆمم کرد لەو کاتەوە بە خاولی حەمامە وە قسەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام ناچار ووتم خواتان لەگەڵ سەربەرزی دنیاو قیامەت بن، کە سەرم بەرز کردووە نەمابوو.

کۆتایی کتێبی دووەم

چاوەڕوانـی سـەرەتایەکی نـوێ بن لـە کتێبی سـێیەم دا، بەپشـتیوانی خوای پەروەردگار

پێڕست

بەکۆتا گەیشت کتێب، بەڵام ڕووداوەکان بەردەوامن

مەلەکەتی شەیتان

کتێبی دووەم

نوسینی: ماکوان کەریم

چاپی یەکەم: ٢٠١٨